شێوازی دەنگی و وشەیی لە (مەولودنامەی مەلا عبدالله جەلی)دا

ئومێد محمد عزیز[١]، مزگین عبدالرحمن احمد[٢]
[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: mizgin.abdurahman@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازی دەنگی و وشەیی مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی) مەبەستەیەتی کاریگەری گرنگی شێوازی دەنگی و وشەیی مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی لەلای زماناناس و ئەدیبەکانەوە بخاتەروو. توێژینەوەکە هەوڵدەدات کۆمەڵێک لایەنی گرنگ دەربخات وەک (دەنگ و مۆسیقای دەق ئەدەبی) هەروەها شێوازی بەکارهێنانی(دەنگ و ئاوازە و ئاهەنگ)و یەکەی وشەیی (مۆرفیم بە هەموو جۆرەکانییەوە) و پایە و پێگەی زمانی نووسەر لە تێکستەکانی دەردەخات. توێژەرەکان گریمانەی ئەوەیان کردووە هەرچەندە مەولودنامەی (مەلا عبداللە جەلی) بە شێوازێکی حوجرەیی و کلاسیکی نووسراوە، بەڵام خاوەنی ریتم و مۆسیقایەکی دڵگیر و کاریگەرە. لەم توێژینەوەیەدا توخمەکانی دەنگی و وشەیی مەولودنامەکە و ئەندازەی پێکەوە گونجان، دیاردەکانی توخمە دەنگی و وشەییەکان دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە، جگە لە مۆسیقایەکی سەرنجراکێش، توانای لێکدانەوەی ماناو چەمکی تێکستەکە و ئاسانی لەبەرکردن و تۆمارکردنی لە هزری خوازیارانەوە دەستەبەر دەکات. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕۆنانی وشەکان، کە تیایدا شێوازێکی وا پەیڕەوکراوە لەگەڵ واتا تێکەڵدەبن و شێوازێکی تایبەت بە مەولودنامەکە دەدەن.

وشە کلیلییەکان: دەنگ، سەروا، پەخشان

الملخص

تهدف هذه الدراسة التي تحمل عنوان (الأسلوب الصوتي واللفظي في المنقبة النبوية لملا عبدالله جلي) ، إلى اظهار أهمية المنقبة النبوية من قبل اللغويين والأدباء. تحاول الدراسة ابراز عدد من الجوانب المهمة في منقبته النبوية، بما في ذلك الموسيقى الصوتية والنصية الأدبية وكذلك طريقة استخدام الصوت واللحن و وحدة الصوت ومستوى لغة ملا عبدالله جلي. افترض الباحثون أنه على الرغم من كتابة منقبة ملا عبد الله كتبت بأسلوب الحجرة و الكلاسكية، إلا أنها تتمتع بجودة إيقاعية وموسيقية و نوعية خاصة. اضافة الى ذلك ، فإن عناصر صوت وكلمة المنقبة متوافقة مع بعضها البعض ، وظواهر الصوت وعناصر الكلمة في الدراسة سيتم البحث فيها ، والموسيقى الشيقة ، والقدرة على تشغيل معنى النص وأيضا كونها سهلة للحفظ في ذهن محبيه و يسجل في ذاكرتهم. أحد الاستنتاجات التي توصل إليها الباحثون هو أن هيكل و تكوين المنقبة قد صنع واتبع بطريقة يمكن مزجها بسلاسة مع معناها وإعطاء قيمة خاصة ومثيرة للإعجاب.

الكلمة المفتاحية: صوت، قافية، نثر

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٧ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٤ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	mizgin.abdurahman@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاو کردنەوە	©٢٠٢١ ئومید محمد عزیز، پ.ی.د. مزگین عبدالرحمن احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract

The study, titled The Voice and Word Style in Mawloodnama by Mala Abdullah Jali, aims to depict its significance by linguists and litterateurs. The study reveals some important aspects, including voice, literary text music, the way of using voice, rhyme, unit of morpheme and the litterateur's language level. The researchers hypothesized although Mala Abdullah Jali›s Mawloodnama was written in a class style, it has charming rhythmic, musical and special quality. Further, the elements of the voice and word of the Mawloodnama compatible with each other, the phenomena of the voice and word elements of the study would be investigated, and interesting music, the capability to play the text meaning and also being easy to memorize. One of the conclusions the study arrived is that the structure of the mawloodnama was followed in a way can be smoothly mixed with its meaning and gave a special value to the Mawloodnama.

Key Words: voice, rhyme, prose

پێشەکی:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (شێوازی دەنگی و وشەیی مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی)، توێژینەوەیەکی کارەکییە لەم مەولودنامەیەدا لەسەر شێوازی دەنگەکان ئەنجامدراوە، نموونەکان لە ناو مەولودنامەکەدا دەرهێندراون و تیشکیان خراوەتەسەر، هەولێکە بۆ دەرخستنی شێوازی دەنگ و وشەکان لەم مەولودنامەیەدا.

کەرەستەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەم مەولودنامەیە دایە، نموونەکان لە مەولودنامەکە وەرگیراون و شرۆڤەکراون، کە مەولودنامەکە بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە، توێژینەوەکەش هەر بەم دیالێکتەیە، کە بۆتە زمانی نووسین لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە باشووری کوردستان.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە شێوازی دەنگەکانی مەولودنامەکە لە ڕووی ڕێکخستنی ڕیتم و ئاهەنگەوە تام و چێژێکی تایبەتی بە مەولودنامەکە بەخشیوە، ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی جوانیی و سەرنجڕاکێشانی گوێگر و خوێنەرە.

ئەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم ئەم تەوەرانەی لەخۆگرتووە کە بریتین لە: پێناسەی شێواز، شێوازی دەنگی، قاڵبی بڕگەکانی زمانی کوردی، وشەکان بەپێی ژمارەی بڕگەکان،

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بەم تەوەرانە کراوە کە بریتین لە: ئاستی دەنگسازی لە مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی، دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن و نەبزوێن، تیاچوونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، بڕگە لە مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم:

پێناسەی شێواز:

شێواز ڕێبازێکی دیاریکراوی دەربڕینە چ لە پەخشان یان شیعر، واتە نوسەرێکی دیاریکراو چۆن شتەکانی خۆی ڕادەگەیێنێت و بڵاوی دەکاتەوە چۆن زاراوەکانی دەردەبڕێت، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی نوسەرێك لە نوسەرێکیتر جیایە لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکانی جگە لە کەرستەکانی جوانکاری و ڕەوانبێژی، بۆ وێنە خوازە و لێکچوون یان شێوەی دارشتنی ڕستەکان ئاخۆ جوان و تۆکمە و ناسکن یان فش و بێ ڕۆحن، جگە لە شێوازی پەرەگرافەکان لە ڕاستیدا هەموو دیاردە و دەستەواژەیەکی بەرجەستەی زمان دەگرێتەوە کە نوسەر بەکاری دەهێنێت. (حوسین، ٢٠٠٩، ل٢٧) واتا هەرچی لەناخی نوسەردا هەیە لە ڕێگەی شێوازەوە دەریان دەبڕێت و بە خوێنەریان دەگەیێنێت، جا بەشێوەی زاری بێت یان بەشێوەی نووسین بێت یان لەهەر ڕێگایەکی ترەوە بێت شێوازێك بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. هەڵبژاردنی وشەو جۆری دارشتنی نوسەرێك لە نوسەرێکی تر جیایە و بەجۆری هەڵبژاردن و بنیاتی دەقەکە نووسەرەکەی پێ دەناسرێتەوە و دەبێتە شێوازی ئەو نوسەرە.

شێواز هەڵبژاردنی وشەیە لە نێوان وشەکاندا، ئەم هەڵبژاردنەش ئاخێوەر، یان نوسەر ئەنجامی دەدات. هەروەك زۆربەی شێوازگەرە نوێیەکان وای بۆ دەچن، هەموو هەڵبژاردنەکانی زمان شێوازن و هەریەکەیان ئەرکێك یان زیاتری هەیە، بۆیە دەتوانرێت پێناسەی شێواز لە دیدی چەند نووسەرێکەوە بەم جۆرە بخرێتە ڕوو: ((شێواز کۆمەڵێك ئەرکی شێوەی زمانی هەڵبژێردراوە، لە کۆگای ڕێزمانی و فەرهەنگی و دەنگی و شێوەیی)) (دزەیی، ٢٠١٣، ل٢١) کاتێك نوسەر وشەیەك یان دەربڕینێك یان شێوازێك لەنێو چەندین وشەو دەربڕین و شێوازی تر هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو شوێنەی بەرهەمەکەی تێدا پێشکەش دەکات جوانتر و گونجاو تر و کاریگەرترە، چونکە هەر دیدو بۆچونێکی نوێ پێویستی بە هەڵبژاردنی وشەو کەرەستەی نوێ هەیە بۆ گەیاندنی بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش. (مستەفا، ٢٠١٠، ل٩)

هەندێك لەشێواز ناسانیش پێیان وایە شێواز لایەنی ناوەوەی دەقیش دەگرێتەوە و دەڵێن: شێواز کراسێك نیە بەبەری دەقێکدا بکەین، بەڵکو بەشێکی ناوەوەی دەقە، لەگەڵ چینی دەقەکە تێکەڵ بووە، پێیەوە لکاوە تێکهەڵکێش بووە و ناتوانرێت بەئاسانی لەیەکتر جیا بکرێنەوە، چونکە ڕۆچۆتە نێو دەقەکە و بە بنەماکانییەوە لکاوە. (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل٢٤) کەواتە شێواز چەمکێکی فراوانە لە بواری ئەدەبی و زمانەوانی بەکاردێت و سودی لێ وەردەگیرێت، مەودایەکی زۆری هەیە و بۆ چەندین بواری تری هونەریش بەکاردێت، دەتوانین بڵێن شێواز هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کەوا مرۆڤ دەیەوێت بیگەیێنێتە بەرامبەر بە شێوەی جیاواز و تایبەت.

شێوازی دەنگی:

یەکێك لە گرنکترین بابەتەکانی زمانەوانی؛ شێوازی زمانییە،(Language Style) لەکۆمەڵێکی زمانیدا تاکەکان لەسەر بنەڕەتی ئەندازەی فەرمی بوونی پێگەی قسەکردن، ئەندازەی دۆستایەتی و خزمایەتی خۆیان لەگەڵ قسەکەر و لە سەر ئەندازەی مەودای پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان شێوازێك لە زمان بە کاردەهێنن، کە بە شێوازی زمانی ناسراوە.

لایەنی دەنگی زمان یەکێکە لە لایەنە گرنگ و بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوەی زمانی، چەمکی ڕاستەقینەی بەرجەستە بوون بە گوێرەی ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەنگن. (فەرهادی، ٢٠١٣، ل١١)، لە هەر بەرهەمێکی نووسراو بە ڕەچاوکردنی تایبەتییەکانی شێوازی پەیوەست بە نووسەر خۆی لە بەرهەمی تر یان لە نووسینی تر جیا دەکاتەوە، یەکێك لە بابەتەکانی شێواز لێکدانەوە و ڕاڤەی سنوری دەنگەکانی زمانی ناو دەقە، یان بە واتایەکی تر شێوازی دەنگی سەنگ و بەهاو شێوەی بەکارهێنانی دەنگەکان و کاریگەری ئەم دەنگانە لەسەر جوانکردنی دەق و ئەو مۆسیقاو ڕیتمەیە کە دەنگەکان بە دەق دەدەن، هەروەها مەولودنامە لە دەقە ئاینییەکانە کە ئەم لایەنە زمانییەی زۆر تێدا بەرجەستە دەبێت، لەبەر ئەوەی یەکێ لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی شێوازی مەولودنامە بەهرەمەندە بەئارایشتی لەفزی و مۆسیقی دەنگ و وشە. کەم وشە و ڕستە هەیە کە تێکەڵ بە مۆسیقای دەنگی نەبێت. هەر ئەمەش وایکردووە کە بە ئاسانی بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی

دواتر و لەبەرکردن و پاراستنی لە سینگی کەسەکان ئاسان بێت، ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی نێوان شێوازی نووسینی جۆراوجۆر، ئاستی دەنگ یان دەنگسازییە و ئەوەش ڕاستەوخۆ بە مۆسیقاوە بەندە و دەبێتە هۆی جوانی و کاریگەری بەسەر نووسیندا. شرۆڤەکردنی شێوازی دەنگی تێکستەکان دەبنە هۆی تێگەیشتن لە سروشتی تێکستەکان و لە بەدەرخستنی جوانییەکانی یارمەتی دەرە، ئەمەش ڕوونە کە دەنگ دەرخەری هەستەکانی دەروونییە و ئەم دڵچوونە لە سروشتی خۆیدا هۆکاری جۆراوجۆری دەنگ و پیتەکان دەبێت، کەرەستەکانی کە لەم ئاستەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە و دەبنە هۆی پەیدابوونی شێواز لە پێکهاتەی تێکستدا بریتییە لە: مۆسیقای دەرەوەی لایەنەکان لە لێکۆڵینەوەی وەزن و قافییە و ڕیتم کە لە شیعر و پەخشاندا ڕووندەبنەوە و مۆسیقای دەروون یان ناوخۆیی کە بە هۆی ڕەوانبێژی وەکو سەجع (متوازی، متوازن، مطرف) جۆرەکانی جناس ڕەگەزدۆزی ئەنواعی دووپاتی و مۆسیقای دەروون بە هۆی دژیەك و بەرانبەری دەکەونە بەر لێکۆڵینەوە.

قاڵبی برگەکانی زمانی کوردی:

برگە یەکەیەکی ئاستی دەنگسازییە کە لە بزوێنێك و نەبزوێنێك پێکدێت، برگە بەبێ بزوێن نابێت، کەواتە لە وشەیەکدا چەند بزوێن هەبێت دەبێتە ئەوەندە برگەیە، برگە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە وەك: ((یەکەیەکە کە ڤاوڵێك لە خۆ دەگرێت یان بە تەنها یان لە گەڵ کۆنسنانتەکان بە ژمارەیەکی دیاریکراو بە یاسایەکی دیاریکراو)). (عمر، ٢٠٠٤، ل٢٨٦)، برگە وەك دوا دانەی ڕوونی ئاستی فۆنۆلۆجی دیاردەیەکی باوی زمانەکانی جیهانە، هەر وەك منداڵ لە تەمەنی پێش کۆتایی ساڵی یەکەمی، یەکەم جار لەو مۆرفیمانەوە دەست پێدەکات کە برگەیەك دەنوێنێت، کاتێك کە دەنگێکی بزوێن و نەبزوێن بە دوای یەکدا ڕیز دەکات وەك: (دا، با) لە جیاتی دایە و بابە، بەمەش دەردەکەوێت کە برگە کۆنترین دانەی زمانە. (ئیسماعیل، ٢٠١٣، ل٥١) دوو جۆر برگە هەیە، یەکێکیان گشتییەو بۆ زمانێك نییە بە تەنها، بەڵکو بۆ گشت زمانەکانە کە پەیوەندی بە فسیۆلۆجییەتی هەناسە و کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە، کە بە برگەی فۆنەتیکی ناسراوە، بەڵام برگەی فۆنۆلۆجی تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو، برگەکان بە پێی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان دەبن بە چوار جۆر: برگەی(کورت، درێژ، کراوە داخراو)، برگەی کورت بزوێنەکەی کورتە، برگەی درێژ بزوێنەکەی درێژە، برگەی کراوە دەنگی کۆتایی بزوێنە، برگەی داخراو دەنگی کۆتایی نەبزوێنە. لەم مەولودنامەیەدا کە بە زمانی کوردی شێوازی کرمانجی ناوەڕاست نوسراوە، برگەکانی دەبێتە برگەی فۆنۆلۆجی چونکە لە زمانێکی دیاریکراوە. بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا شەش جۆرە برگەمان هەیە کە بریتین لەم جۆرانە:

١-قاڵبی (cv) باوترین قاڵبی برگەیە، کە لە کۆنسنانتێك و ڤاوڵێك، واتا نەبزوێن و بزوێنێك پێکدێت، بۆ وێنە: (دە، بۆ، با).

٢-قاڵبی (cvc) قاڵبێکی باو و گرنگی برگەیە، لە زمانی کوردیدا لە کۆنسنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێك و کۆنسنانتێکی کۆتایی پێکدێت، وەك: (شار، کەو، بیر).

٣-قاڵبی (cvcc) ئەم قاڵبە لە کۆنسنانتێکی پێشەوە و ڤاوڵێك و دوو کۆنسنانتی کۆتایی پێکدێت، وەك: (هەشت، هاتن، دەست).

٤-قاڵبی (ccv) ئەم قاڵبە لە دوو کۆنسنانتی پێشەوە و ڤاوڵێك پیکدێت، وەك: (کری، خوا، چیا).

٥-قاڵبی (ccvc) لەم قاڵبەدا هێشوە کۆنسنانتێکی پێشوو و ڤاوڵێك و کۆنسنانتێکی کۆتایی لەخۆدەگرێت، وەك: (برین، چوار، سنوور).

٦-قاڵبی (ccvcc) گەورترین قاڵبی برگەیە لە زمانی کوردیدا، کە لە هێشوە کۆنسنانتێکی پێشوو و ڤاوڵێك و هێشوە کۆنسنانتێکی کۆتایی پێکدێت، وەك: (خواد، توانج، خواست).

کەواتە یاسای داڕشتنی برگە لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە شەش قاڵبی جیاوازی برگە دەدات، کە دەتوانرێت لە یاسایەکی گشتی دا کۆبکرێتەوە، بەم شێوەیە: c(c(v(c(c) (حەمید، ٢٠١٥، ٥٧)

وشەکان بەپێی ژمارەی بڕگەکان:

((وشە_ ئەو زنجیرە دەنگەیە ئاماژە بە کەرەسەیەکی بەرجەستە یان دەرجەستە دەکا، کە لە مێشکدا بونی هەیە)). (ڕەسوڵ، ٢٠١٩، ل١٢)، کەرەستەی بەرجەستە وەك: گوڵ، خواردن، بەرد، ئاسن، .... کەرەستەی دەرجەستە وەك: ئازایەتی، زیرەکی، خۆشەویی، فریشتە، .... هتد. وشەسازی ئەو بابەتەیە کە لە ڕوخسار و ناوەڕۆك و پێکهاتەی وشەکان دەکۆڵێتەوە، وشەکانیش دابەشی یەکەی بچوکتر دەبن کە ئەوانیش مۆرفیمەکانن، بەم پێیە وشەسازی لەو کەرەستە دەنگیانەی زمان دەکۆڵێتەوە کە هەڵگری بچوکترین واتان، کەرەستە سەرەکییەکانی وشەسازی وشەو پێکهاتەکانی وشەن کە مۆرفیمەکان دەگرێتەوە، بۆیە ئەرکی وشەسازی ئەوەیە کە وشە و مۆرفیمەکان پۆلێنبکات لە ڕووی فۆڕم و واتاوە. (ڕەسوڵ، ٢٠١٩، ل١٢)، وشەکان بۆ یەکەی بچوکتر لە خۆیان دابەش دەبن کە ئەوانیش بڕگەکانن، بۆچوونی جیاواز لەسەر قاڵبی بڕگەکانی زمانی کوردی هەیە، بۆچوونێکیان بە نۆ قاڵبی دادەنێت، بۆچوونێکی تر بەشەش قاڵبی بڕگەی دادەنێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت:

-وشەی یەك بڕگەیی وەك: (بەرد).

-وشەی دووبڕگەیی وەك: (مامز).

-وشەی سێ بڕگەیی وەك: (هەورامان).

-وشەی چوار بڕگەیی وەك: (مامەیارە).

-وشەی پێنج بڕگەیی وەك: (گوڵاڵە سوورە).

-وشەی شەش بڕگەیی وەك: (تێهەڵکێشانەوە).

بەشی دووەم:

ئاستی دەنگسازی لە مەولودنامەی (مەلا عبداللە جەلی)دا:

دەنگسازی دەبێتە دوو بەش فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی،((فۆنەتیك ئەو زانستەیە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگە دەربڕاوەکانی زمان دەدات، لەگەڵ شیکردنەوە و پۆلێنکردن و شێوازی دەربرین و گواستنەوە و تێگەیشتن لە زمانەکە))(حسام الدین، ١٩٩٥،ل١٠٣). ((فۆنۆلۆجی تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو لە دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانانەی کە بە سەر فۆنیمەکاندا دێن لە کاتی لێکدانیان)).(الغامدي, ٢٠٠٠، ل٩) وەك: تێچوونی دەنگ، زیادبوونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ. زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە هەموو بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، خەڵکی چەندین بۆنەی ئاینی و خێزانی و کۆمەڵایەتی کۆیاندەکاتەوە، لە هەموو ئەمانەدا ئاین ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، هەر بۆنەیەك پێویستی بە شێوازە دەربڕینێکی جیاواز هەیە، پەیوەندی نێوان ئاین و زمان پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرایە، بزوتنەوە ئاینیەکان دەنگ و وشە و زاراوەی نوێ دەخەنە ناو زمانەوە و بەکارهێنانی نەك هەر لە بۆنە ئاینییەکاندا بەڵکو لە ئاخاوتنی ئاسایشدا خەڵك ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت.(حەمەد، ٢٠١٤، ل٧) مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی، دووەم مەولودنامەیە کە بە پەخشان نووسرابێت لە شێوەزاری کرمانجی خواروو، کە مێژووەکەی بە ساڵ دیار نییە، بەڵام نووسەرەکەی لە ساڵی(١٩٠٨) کۆچی دوایی کردووە، کەواتە دەبێت پێشی ئەم ڕێکەوتە ئەم مەلودنامەیە نووسرابێت، کە چەند بابەتێکی لە خۆ گرتووە و چاپی دووەمی لە(٦٦) لاپەرە پێکهاتووە. ئەم مەولودنامەیە بەشێوەی پەخشان نووسراوە، پەخشانەکەی لە جۆری(سەجع)ە، سەجع بە واتای سەروا دێت، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، سەروا ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی دەقدا دەگێڕێ، چەمکی سەروا پەیوەندی بە هێزی بە زمانەوە هەیە کە شیعر یان پەخشانەکەی پێ دەردەبڕێت، سەروا لە شیعر و پەخشان و هۆنراوەشدا بەدیدەکرێت، پەخشانی سەروادار و بێ سەروا لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، سەروا لە لایەن هەندێك ڕەخنەگر و توێژەری ئەدەبییەوە بە تەواوکەری کێش و بە مەرجی شیعر دادەنرێ و لە لای هەندێکی تریش تەنیا ئەرکی جوانی دەبینێت، لای لێکۆڵەرانی نوێش بە کۆت و پەیوەندی شیعر دادەنرێ و وەکو شتێکی زیاد بۆتە بارگرانی و

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕێگە لە شاعیر دەگرێ تاكو بیرو هەستەكانی وەكو ئەوەی دەیەوێت دەریببڕێت. سەروا بریتییە لە: ((دەنگێ یان زیاتری دووبارە كراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستەكە و بە گشتی دەكەونە كۆتایی دوا پێی ئەو دانە ئاوازەیی یانەی كە هەڵبەستەكەی لێ پێكدێت، وەك دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی، ئەركیشیان پێكهێنانی نەغمەیەكی دڵكێشە و بەشێك لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەكە بەدی دەهێنن)). (ڕەفیق، ٢٠١٤، ل٢٦٤)، سێ جۆر سەروا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

أ_- سەروای هاوڕوو، (التسجیع متوازی) ئەو جۆرە سەروادارەیە كە وشە كۆتاییەكانی ڕستە، یان لەتەدێر هاوكێش و هاوسەروابن، واتە هاوڕوو ئەوەیە: وشە كۆتاییەكانی ڕستە یان لەتەدێر پیتەكانیان بەقەد یەك بن، با زۆربەشیان یان هەندێكیان لێك جیاوازبن، بەڵام لە سەر یەك كێش بن و یەك سەرواشیان هەبێت. بۆ وێنە:

لە خەو ڕاپەڕی صلاواتی دا لە پێغەمبەری لە پاشان نوستەوە دووبارە پێغەمبەری لە خەودا دیتەوە ئەوكلیمەیەی لە لێوی مبارەكی بیستەوە. (جەلی، ١٩٦٦، ل١٠)

لەم پارچە پەخشانەدا لە وشەكانی(نوستەوە) و (بیستەوە)، سەروای هاوڕوو دروست بووە، بەوەی كە ئەم دوو وشەیە هاوكێش و هاوسەروان.

لە پاشان عددی قطرەی باران گەڵای داران ڕملی ڕووباران. (جەلی, ١٩٦٦, ل١٩)

وشەكانی (باران) و (داران) لەسەر یەك كێشن و یەك سەروان، ئەوەش سەروادارى هاوڕوو(متوازی) دروستكردووە.

ب_- سەروای هاوسەر، (المطرف)، بریتییە لەو سەروایەی كە وشە كۆتاییەكانی ڕستە یان لەتەدێر، هاوكێش نەبن بەڵام هاوسەروابن. بۆ وێنە:

خودا فەرمووی ئافەرین ئەی نووری خاص چاكت ناسیم عبادەتم بكە بە اخلاص . (جەلی, ١٩٦٦, ل١٧)

وشەكانی(خاص) و (اخلاص) لەم پارچە پەخشانەدا سەروای هاوسەریان دروستكردووە، كە هەردووكیان بە پیتەكانی(اص) كۆتاییان هاتووە، كە ئەم وشانە هاوكێش نینە بەڵام هاوسەروانە.

من ئەوەم دەویست لە تۆ كە حضرەتی رسول موختار ئەو نەوازشانەی دیت بەیەكجار سەت و بیست و چوار هەزار قطرە نووری بەئەژمار چك چك لێی چكاوە خوار هەریەكەی بووە أصلی پێغەمبەرێكی نازدار. (جەلی, ١٩٦٦, ل١٨)

لەم پارچە پەخشانەدا چەند وشەیەك سەروادارى هەوسەریان دروستكردووە، كە بریتین لە وشەكانی(موختار، یەكجار، ئەژمار، خوار، نازدار)، ئەم وشان كە بە پیتەكانی(ار) كۆتاییان هاتووە، كە پیتی (ر) ڕەوییە و (ا) پێش ڕەوییە بوونی پێویستەیە، ئەم وشانە هاوسەروان بەڵام هاوكێش نین.

ج_- سەروای هاوكێش، (التسجیع المتوازن) جۆرێكی سەروادارە، لەسەر ئەوە دادەمەزرێ، كە دوو وشەكانی كۆتایی لەتەدێرەكان هاوشێوەبن و تەنیا لە پیتی كۆتاییان لێك جیاوازبن، دیارە مەبەست لە هاوشێوەیی، ئەوەیە ئەو وشانە لەڕووی مۆسیقییەوە وەكیەك بەرگوێ بكەون، بۆیە پێناسەكەی قەزوینی ئەمە ڕوونتر دەكاتەوە، كە دەڵێت: بریتییە لەوەی دوو وشەكانی كۆتایی لەتەدێر، هاوكێش بن بەڵام هاوسەروا نەبن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، كەواتە هاوكێش بریتییە لە یەكسانی دوو وشەكانی كۆتایی لەتەدێر بێ ئەوەی لە سەرواشدا یەكسان بن. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل٨١) جوانی هاوكێشیش لەمەدایە، وەكو جۆرەكانی تری سەروادار، دەبنە هۆی ئەوەی خوێندنەوەی ئاسان بێت، بەمەش شێوەیەكی جوانی وشەكان دروست دەبێت. بۆ وێنە:

پشت بە پشت ڕەحم بە ڕەحم ئەو نوورە هاتە خوارێ بە پاكی هەتا گەیشتە پشتی عبداللهی بابی وە ڕەحمی آمینە خاتوونی داكی. (جەلی, ١٩٦٦, ل٣٣)

لەم پارچە پەخشاندا لە وشەكانی (پاكی، بابی)، جۆری سەروای هاوكێش دروست بووە، بەوەی كە ئەم دوو وشەیە هاوكێشن، بەڵام لە

سەرروادا لێکجیاوازن، سەروای یەکەمیان(ك) و سەروای دووەمیان(ب)، کۆتایی هەردووکیان بە پیتی(ی) هاتووە کە دواسەروایە، ئەمەش سەروای هاوکێشی دروستکردووە.

هەر کەسێ ببێتە باعثی خوێندنی مەولوودی حضرەتی رەسولی ملیکی واهب ضفر بە ایمان دەبا بەهەشت بۆوی دەبێ طالب و راغب . (جەلی, ١٩٦٦, ل٧)

لەم بەشەی پەخشانەدا وشەکانی (واهب، راغب) سەروای هاوکێشیان دروستکردووە، هەردوو وشەکە لە ڕووی کێشەوە یەکسانن، بەڵام لە ڕووی سەرواوە جیاوازن، وشەی یەکەمیان سەرواکەی بریتییە لە پیتی(هـ)، بەڵام وشەی دووەمیان سەرواکەی بریتییە لە(غ)، دوا سەروای هەردوو وشەکەش بریتییە لە (ب) کە پیتی دواسەروایە. کەواتە هەرسێ جۆرەکەی سەروا بەم شێوازەن: سەروای هاورووو: لە کێش و لە سەرروادا هاوبەشن، کێش و سەروایان یەکسانە. سەروای هاوسەرو: لە سەرروادا هاوبەشن، بەڵام لە کێشدا جیاوازن. سەروای هاوکێش: لە کێشدا هاوبەشن، بەڵام لە سەرروادا جیاوازن.

دەنگ و برگە دەکەونە سنوری دەنگسازییەوە، هەوڵدەدەین باس لە دەنگ و برگە بکەین لەم مەولودنامەیەدا، هەموو فۆنیمێك دەنگە بەڵام هەموو دەنگێك فۆنیمی کەرتی نییە، چونکە دووجۆر فۆنیم هەیە فۆنیمی کەرتی و ناکەرتی، فۆنیمی کەرتی هەموو ئەو فۆنیمانەن، کەوا لەنووسیندا وێنەیان هەیە و لە بزوێن و نەبزوێن پێکهاتوون، وەك: (ا/ب/چ/ك/م/ ... هتد)، فۆنیمە نەبزوێنەکانیش بەپێی سیفەتەکانیان دابەشی چەند جۆرێکی تر دەبن لە وانە: گڕی، کپی، .... هتد. فۆنیمی ناکەرتی بریتییە لە: (هێز، ئاواز، وەستان، تۆن)، بەڵام تۆن لە زمانی کوردیدا نییە، شوێنی کارکردنی هێز لەناو ئاستی وشەسازیدایە، شوێنی کارکردنی ئاواز و وەستان لەناو ئاستی ڕستەسازییدایە.

دووبارکردنەوەی دەنگی بزوێن:

دەنگی بزوێن ئەو دەنگەیە کە لە کاتی گۆکردنیدا بە ئاسانی لە دەم دەردەچێت و هیچ کۆسپ و بەربەستێکی نایەتە پێش. دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن، بریتیە لە ((دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێکی بزوێن بۆ زیاتر لە چەند جارێك لە دێرە شیعر یان لە پەخشاندا، ئەم بزوێنانە هەر لەکۆتایی بەکارنایە بەڵکو لە زۆر شوێنی تردا بەکاردێت، دەوری لە خێراکردن یان هێور کردنەوەی ئەم کۆپلەدا هەیە))،(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل٨٣) گرنگ ئەوەیە دەنگە دووبارەبووەکان لە تەکیەك بێت یان نزیك لە یەکتربن بۆ دەستەبەرکردنی کاریگەری مۆسیقی و دەنگی تایبەتی، جا بەرز و نزمی ئاوازەکەش بە پێی دەنگە بزوێنەکان دەگۆڕێت، واتە بزوێنە درێژەکانی وەك: (ا/وو/ۆ/ی/ێ) ئەگەر زۆر دووبارە بوونەوە جۆرە هێدی بوونەوەیەکی مۆسیقی یان خاوبوونەوەیەك بە برگەکان دەدەن. بەڵام بزوێنی کورت وەك: (هـ/و) دووبارەکردنەوەیان ئیقاعی شیعر توند دەکەنەوە، چونکە گۆکردنیان کەم دەخایەنێت و هەر زوو دەگوازرێنەوە بۆ برگەی داهاتوو، لەچاو بزوێنی درێژ چونکە کاتی زیاتری دەوێت لە بزوێنی کورت، ئەم زیاتر کات خەرجکردنەش خێرایی دوا دەخات.(گەردی، ٢٠١٤، ل١٢٧)، کەواتە دەنگی بزوێن کاریگەری لەسەر خێراکردن یان هێورکردنەوەی شیعر یان پەخشان دەبێت، جۆرە ئاواز و مۆسیقایەکی تایبەتی پێدەبەخشێت، وەك لەم مەولودنامەیەدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت بۆ وێنە:

لەپاشان عدی قطرەی باران، گەڵای داران، ڕەملی ڕووباران، دانەوێڵە و سەوزەوات. (جەلی, ١٩٦٦, ل١٩)

دەنگی (ا) لێرەدا زۆر بەکارهاتووە، لە وشەکانی (پاشان، باران، داران) ئەم دەنگە بۆمان دەردەخات کە نووسەر لەگەڵ ئەو سروشتەی کە تێیدا وێنایکردووە، لە بارێکی دەروونی زۆر ئارام و دڵگیردایە، بە جوانی هاتنەکایەی ژیانێکی نوێ ڕیتم و مۆسیقای ئەم دەنگە سروشتییە، گۆڕانکاری لابردنی ناخۆشی و هاتنە ئارای ڕوناکی و خۆشی لە ناخی خۆیدا بەدەردەخات، لەم پارچە پەخشانەدا ئەگەر دابەشی دووبەشی بکەین، بەشی یەکەم (١٣) دەنگی بزوێنی تێدا بەکارهاتووە، دەنگە دووبارەبووەکان بەم شێوەیەن: دەنگی (هـ) چوار جار دووبارە بۆتەوە، دەنگی (ا) شەش جار دووبارە بۆتەوە، (ی) سێ جار دووبارە بۆتەوە. لەبەشی دووەمدا (١٢) جار دەنگی بزوێنی تێدا بەکارهاتووە، ئەو دەنگانەی کە دووبارە بوونەتەوە ئەمانەن: دەنگی (ا) چوار جار دووبارە بۆتەوە، بەهەمان شێوە دەنگی (هـ) پێنج جار دووبارە کراوەتەوە، دەنگی (و) سێ جار

دووبارە کراوەتەوە، وەکو ئاماژەمان پێدا دەنگی (و/ی) ئەگەر بزوێنیان لە پاڵ هات ئەوە دەبنە نەبزوێن، لەبەر ئەوە لەبەشی دووەم دەنگی (و) زۆرتر بەکارهاتووە، بەڵام تەنیا سێ دانەیان وەکو بزوێن بەدەرکەوتوون، بە دووبارەبوونەوەی ئەم دەنگە بزوێنانەش بەرزی و نزمیەکی جوانی بەدەقەکە داوە و مۆسیقای ناوەوەی دروستکردووە، بەمەش شێوازێکی جوان دروست بووە.

دووبارە بوونەوەی دەنگی نەبزوێن:

ئەم دووبارەکردنەوەیە بە یارمەتی دەنگی بزوێن و نەبزوێن دروست دەبێت، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن، جا لە پێش دەنگی بزوێن بێت یان لە پاش بزوێن بێت جیاوازی نییە، واتە لەنێوان ئەو دوو وشەی کە لە دوای یەکتردا دێن، مەرج نییە هەردوولای بزوێنەکە نەبزوێنی وەکویەك بن یەکیان هاوبەش بێت بەسە، بۆ وێنە لە وشەکانی (چێشت) و (بەهەشت) دوو دەنگی نەبزوێن تێیدا هاوبەشن و ئەوانیش دەنگی (ش/ت)، بەڵام بزوێنی پێشی جیاوازە، یەکیان بزوێنی (ێ) یە و ئەوەیتر بزوێنی (ە)، کەواتە گرنگ دووبارەبوونەوەی دەنگە نەبزوێنەکانە، بۆ وێنە:

رەحمەتتان لێ بێ گوێ بگرنە باسی وەلادەت، گوڵی گوڵستانی نبووەت، سەروی بوستانی فتووەت. (جەلی, ١٩٦٦, ل٦)

لەم پارچە پەخشانەدا (٤١) دەنگی نەبزوێنی تێدا بەکارهاتووە، ئەم دەنگە نەبزوێنانەی کەوا دووبارە بوونەتەوە بەم شێوەیەن:

دەنگی (ت) (٨) جار دووبارەبووەتەوە، دەنگەکانی تریش

دەنگی (ل) ٤ جار

دەنگی (س) ٤ جار

دەنگی (ب) ٤ جار

دەنگی (ن) ٥ جار

دەنگی(ر) ٣ جار

دەنگی (گ) ٤ جار دووبارە کراوەتەوە، ...... هتد.

بەم جۆرە لەم پارچە پەخشانەدا ئەم دەنگە نەبزوێنانەی دووبارە بونەتەوە، بەمەش ترپەیەکی خۆشی پێبەخشیوە و مۆسیقای ناوەوەی پێکهێناوە و شێوازێکی جوانی دروستکردووە.

تیاچوونی دەنگ:

بریتییە لە سوانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێك، بەمەبەستی ئاسانی لە دەربڕیندا، ئەم جۆرە گۆڕانەش بەسەر وشە یان مۆرفیمەکاندا دێت لە ئەنجامی دەرکەوتنیان لە شوێنی جیاوازدا، کە لە هەندێك حاڵەتدا شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن، بێ ئەوەی لە ئەرك و واتایان کەم بێتەوە. (عەلی، ٢٠١٥، ل١١٧) لەکاتی بەیەکگەیشتنی دوو دەنگ زۆر جار یەکێکیان لەناو دەچێت، واتا دیاردەی تیاچوونی دەنگ دیاردەیەکە تیایدا دەنگێك یان چەند دەنگێك لە زنجیرەی ئاخاوتندا تیا دەچێت، هۆکاری ئەم تیاچوونەش کەم ماندووکردن و ئاسانکارییە لە کردەی ئاخاوتندا.

لەهەندێ وشەدا لابردنی فۆنیم نابێتە هۆی تیاچوونی واتا، کاتێك لە وشەی (میللەت)دا ئەگەر دەنگی (ل) لە وشەکە لابدەین هیچ گۆڕانکارییەك لە واتای وشەکەدا ڕوونادات و دەبێتە (میلەت)، بەڵام ئەمە بۆهەموو وشەیەك نابێت، چونکە هەندێك جار لابردنی دەنگێك دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە، لەوشەی (ڕێککردن) کاتێك دەنگی (ك) لادەدەین، وشەی (ڕێکردن) مان دەستدەکەوێت، ئەمەش واتای زۆر جیاواز دەبێتەوە لە یەکتر، کەواتە ناتوانین هەمیشە دەنگ لە وشەدا لابدەین. (حەمید، ٢٠١٥، ل٢٢) تیاچوونی دەنگێك یان چەند دەنگێك کە لە وشە کەمدەکرێتەوە ئەمەش چ لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یان بۆ مەبەستی کورتی و چڕی، بێگومان

ئەم کرداری کرتاندنانە پەیوەندی بە چەند شتێکەوە هەیە وەك سوککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لە سەر زمان، کە مەبەستمان هێنانەوەی کاریگەری زیاترە لەسەر خوێنەر. هەڵبەتە شوێنی فۆنیمەکرتێندراوەکەش دیاریکراو نییە! دەکرێ لەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکەوە بێت. (محەمەد، ٢٠١٥، ل١١٣)، کەواتە کەمکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك لەسەر وشەیەك لەلای شاعیرەوە بە قرتاندن یان تیاچوون ناودەبرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا تیاچوونی دەنگی دواوە دیاردەیەکی تەواو بڵاوە، بە تایبەتی لە زاری سلێمانیدا زیاتر بەدەردەکەوێت، ئەم تیاچوونە تەنها لەلای شاعیر ڕوونادات، بەڵکو هەندێ جار خەڵکی ئاسایش پەیڕەویان دەکات، شاعیر لەبەر هاوسەنگی کێشی شیعرەکەی پەنا دەباتە بەر قرتاندنی دەنگێك یان چەند دەنگێك، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت. (عثمان، ٢٠١٦، ل١٠١)، کەواتە تیاچوونی دەنگ لە زماندا دیاردەیەکی ئاساییە کە ڕوو دەدات، بۆچەند مەبەستێك یەکێك لەوانە بۆ ئاسانی دەربڕینە لەلای خەڵکی ئاسایی بەڵام بۆ ڕێکخستنی کێش و سەروایە لەلای شاعیر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ لای شیعرەکەی یان پەخشانەکەی، بۆ وێنە لەم مەولودنامەیەدا ئەم دیاردە زمانییە بەم شێوازانە بەرچاو دەکەوێت:

ئەبو بەکرصدیق فەموویەتی: هەرکەسێ خەج بکا درهەمێکی لە خویندنی مەولودی ئەفزەلی مەخلوقات. (جەلی, ١٩٦٦, ل٦)

لەم پەخشانەدا لە وشەکانی (کەسێ، بکا) دوو دەنگی تێدا قرتێندراوە و نەماوە، ئەوانیش دەنگەکانی (ك، ت) دەبوو وشەکان بەم شێوەیە گۆ کرابووان، (کەسێك، بکات) بەڵام بۆ ئاسانی دەربڕین و ڕێکخستنی سەروای پەخشانەکە ئەم دەنگانەی تێدا نەماوە، بەم شێوازەش سەرنجی خوێنەری زیاتر بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

دەخوێنێ مەولودی پێغەمبەری ئینس و جان کە مرد لەبەر خراپییان، فرێیان دایە سەر گوفکان. (جەلی, ١٩٦٦, ل٩)

لێرەدا دەنگی بزوێنی (ە) قرتێندراوە و نەماوە، لە وشەی (گوفکان)، دەبوو ئەم وشەیە بەم شێوە بوایە (گوفەکان).

گۆڕانی دەنگ:

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە سنوری وشەدا بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی سازگەیان دراوسێن یان لەیەکترەوە نزیکن، کەواتە گۆڕانی دەنگ لە وشەیەکدا دەنگێك دەگۆڕێت و ئەوانی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە بە هەمان واتاوە، واتە لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو فۆرمی جیاوازی وشەیەك دەبینەوە، کە ڕەنگە هەردوو فۆرمەکە لە زمانەکە یان زارەکەدا وەکو خۆیان بەکاربهێنرێن بەبێ ئەوەی واتاکەی جیاواز بێت، ئەمەش ئەو حاڵەتە دەگەیێنێت کە لە وشەیەکدا دوو دەنگی جیاواز بەیەك بگۆڕێنەوە و کارنەکەنە سەر واتای وشەکە.(حەمید، ٢٠١٥، ل٢٣)، کەواتە گۆڕانی دەنگ واتای وشەکە ناگۆڕێت، کاریگەری لەسەر واتاکەی دروست ناکات، تەنها فۆرمەکەی دەگۆڕێت لە دەنگێك یان زیاتردا ڕوودەدات، لەم مەولودنامەیەدا ئەم دیاردەیەش بەم شێوازە بەرچاو دەکەوێت، بۆ وێنە:

خۆش بەیان نوکتەدان چاو ڕەشی ئەبرۆ کەوان، ددان دوری لێو مەرجان، کوڵمە گوڵی پەرچەم رەیحان. (جەلی, ١٩٦٦, ل١٣)

لەم پارچە پەخشانەدا لە وشەی(ئەبرۆ)، گۆڕانی دەنگی بەرچاو دەکەوێت، یەکێك لە یاساکانی دەنگسازی فۆنۆلۆجی ئەوەیە کاتێك دوو دەنگی (ە، و) بە یەکتر بگەن دەبێتە دەنگی (ۆ) ئەمەش لەم وشەیەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ خۆی وشەکە دەبێ بەم شێوازە بێت(ئەبرەو)، بەڵام بەگەیشتنی ئەم دوو دەنگە بەیەکتر گۆڕاوە بۆ(ئەبرۆ)، بەمەش بۆ دەربڕین ئاسانتر دەبێت.

نەیان بردە سەر قەبران، ندا هات لە ئاسمان، ئەی ئەهلی بصرە حازربن لەسەر جەنازەی فلانکە جووان. (جەلی, ١٩٦٦, ل٩)

لێرەدا لە وشەی (حازر) گۆڕانی دەنگی بەرچاو دەکەوێت، ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی، یاسا و دەستوری زمانی کوردی بەسەردا سەپێنراوە، وشەکە بەم شێوەیە لە زمانی عەرەبیدا (حاضر) واتا (ئامادە) بەڵام دەنگی (ض) لە زمانی کوردیدا نییە و دەنگێکی عەرەبییە، لەبەرئەوە دەنگێکی زمانی کوردی هاتووە کە لەو دەنگە نزیکە لە شوێنی دانراو، بەمەش هەمان واتا دەگەیەنێت، بەڵام گۆڕانی دەنگی دروستکردووە.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

حکایت کراوە لە زەمانی هارون الرشید، لە شاری بصرە پیاوێك هەبوو پیس و پەلید لە فاسقی دا شاگردی وی بوو یەزید. (جەلی, ١٩٦٦,ل٩)

لێرەدا لە وشەی (پیاوێك) گۆڕانی دەنگی بەرچاو دەکەوێت، یەکێك لە یاساکانی دەنگسازی کاتێك دوو دەنگی (ە/ی) دەگەن بەیەکتر گۆڕانی دەنگی دروستدەکەن دەبن بە دەنگی (ێ)، لەبەر ئەوە وشەکە بۆخۆی بەم شێوازە بووە (پیاویەك)، ئەم دوو دەنگە کەوتوونەتە پاڵ یەکتر دەنگێکی تریان پێکهێناوە، بەم جۆرە گۆڕانی دەنگی دروست بووە.

پەیدابوونی دەنگ:

بەو یاسایە دەگوترێت کە دەنگێك لە پێکهاتەی وشەدا پەیدا دەبێت، ئەویش کاتێك دەنگەکانی زمان دەچنە پاڵ یەکتری، بۆ ئەوەی دانەی گەورەتر دروستبکەن، لەم حاڵەتەدا دەنگێك پەیدا دەبێت، ئەم پەیدا بوونی دەنگەش چەند هۆکارێکی جیاوازی هەیە، لەوانە، زۆرجار دوو بزوێن دەکەونە پاڵ یەکتری، ئەوە لەم حاڵەتەدا نەبزوێنێك دێتە نێوانیان، چونکە لە زمانی کوردیدا ناکرێت دوو بزوێن بە دوای یەکتردا بێن. هۆکارێکی تر ئەوەیە لەزماندا زار و شێوەزار هەیە، چونکە هەندێك دیاردە هەیە تەنیا لە شێوەزارێك بەدی دەکرێت، بەو واتایەی مەرج نیە لە شێوەزاری تردا هەبێت. (خۆشناو، ٢٠١٤, ل٩١) بەم یاسایە دەنگی نوێ و تازە لەناو وشە یان مۆرفیمدا پەیدادەبێت، هەندێ جار لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێکی نوێ دێتەکایەوە بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان، پەیدابوونی دەنگ کردارێکە پێچەوانەی لابردنی دەنگە، کە تێیدا دەنگێك زیاد دەکرێت، ئەم کردارەش دەبێتە هۆی تێکدانی سنور و پێکهاتەی بڕگەی زمانی. (حەمەد، ٢٠١٦، ل١٥) کەواتە پەیدا بوونی دەنگ لە زمانی کوردیدا نەگونجانی دەنگەکانە لەگەڵ یەکتر، بە تایبەتی لە نێوان دوو بزوێندا کاتێك نەبزوێنێك دێتە نێوانیان، بۆ ئەوەی لە یەکتریان جیابکاتەوە، لەم مەولودنامەیەشدا چەندین دیاردەی زمانی لەم شێوازەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ وێنە:

هەرکەسێکی دروست بکا چێشت و نان بانگ بکا موسڵمانان، چرایەکێ هەڵبکا، لیباسی چاك لەبەر بکا. (جەلی, ١٩٦٦, ل٧)

لێرەدا لە وشەی (چرایەك) پەیدابوونی دەنگ بەرچاو دەکەوێت، بەهۆکاری ئەوەی کە دوو بزوێن کەوتونەتە پاڵ یەکتر، نەبزوێنێك کەوتووەتە نێوانیان، (چرا+ەك) مۆرفیمی (ەك) نیشانەی ناسراوییە، بەڵام دەنگی (ی) زیاد بووە و بووەتە ناوبڕ دوو بزوێنی لە یەکتر جیاکردووەتەوە.

مەولودی شاهی لەولاك، ئەگەربخوێندرێ لە ئاوی پاك، هەرکەسێ بیخواتەوە دەبێتە پیاوی چاك. (جەلی, ١٩٦٦, ل٨)

لە وشەی (بیخواتەوە) دەنگی (ت) زیادی کردووە، بە هۆکاری هاتنی دوو بزوێنی کورت و درێژ لە پاڵ یەکتر، بۆخۆی بەم شێوەیە (بیخوا+ەوە) بەڵام بۆ جیاکردنەوەیان ناوبڕی (ت) کەوتووەتە نێوانیان، مۆرفیمی (ەوە) بۆ بەردەوامییە.

گوێ خودایە، حەزدەکەم بزانم بۆچیە ئەم ئەشیایە. (جەلی, ١٩٦٦, ل٢٥)

کاتێك ئاوەڵناوی نیشانە دەچێتە سەر وشەیەك کە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت، ئەوە دەنگی (ی) نەبزوێن پەیدا دەبێت وەك: (ئەم........ە) ئەشیا=ئەم ئەشیایە. کەواتە لەم مەولودنامەیەدا یاساکانی دەنگسازی تێدا بەدی دەکرێت، بەمەش سەرنجی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێت و بەئاسانتر دەخوێندرێتەوە، شێوازێکی جوان دروستدەکات.

برگە لە مەولودنامەی مەلا عبداللە جەلی:

برگە بریتییە لە دوو دەنگ یان زیاتر کە بەبێ بڕینی هەناسە لە دەم دێتە دەرەوە، ئەو دوو دەنگە بزوێنێك و نەبزوێنێکن، نەبزوێن لە زمانی کوردیدا برگە دروست ناکات بەڵکو پڕۆژەی بزوێنەکانن، بەو هۆیەوە هەر یەك لە سەرەتای برگەو کۆتایی برگە ڕێگە بە دوو بزوێن زیاتر نادەن، هەربۆیە دەنگی بزوێن بە ناوکی برگە دادەنرێت.(خۆشناو، ٢٠١٤، ل٤٦)، لەم مەولودنامەیەدا کە بە زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نوسراوە، برگەکانی دەبێتە برگەی فۆنۆلۆجی چونکە لە زمانێکی دیاریکراوە، برگەکانی ئەم مەولودنامەیە بەم شێوازەن، بۆ وێنە:

حضرەتی رسول اللەیە، خۆشەویستی خودایە، دونیاو قیامەت لە بەر ئەوی ڕۆنایە، شەفیعی ڕۆژی جەزایە. (جەلی, ١٩٦٦, ل٦)

cv _cv   cv _cv _cv   cvc _ cv _ cv

حض/رە/تی/   /رە/سو/لو/   اللە/یە   ٣+٣+٢

cv _ cv _ cv   cv _cv _cvc _cv

خۆ/شە/ویس/ تی/   /خو/دا/یە   ٤+٣

cv _ cv _cv   cv _ cvc _ cv _ cv   cvc _ cvc _ cv _ cv _cv _ cv

دون/یاو/قی/یا/مەت/   /لە/بەر/ئە/وی/   /ڕۆ/نا/یە   ٥+٤+٣

cv _cv _cv   cv _ cv   cv _cv _cv

شە/فی/عی/   /ڕۆ/ژی/   /جە/زا/یە   ٣+٢+٣

ئەمە هۆنراوەیەکی تێکەڵە لەڕووی برگەییەوە، برگەکانی لە بزوێن ونەبزوێن پێکهاتووە، ئەم (cvبۆتە هۆی ئەوەی هۆنراوەکە جۆرە لەحنێکی تایبەت وەربگرێت و ئاوازەکەی لەگەڵ شێوازەکەی ڕێککەوتووە، هەروەها جۆرە تام و چێژێکی تایبەت لە ڕێگەی پێکهاتەی زمانی بە دەروونی خوێنەر دەبەخشێت.

مەحفوز دەبێ لە شەڕی شەیتانی بەد فەڕ، لە مەیدانی مەحشەرێ هیچ کۆسپەی نایەتە بەر، لە سەر پردی سیراتێ نابینێ خەوف و خەتەر. (جەلی, ١٩٦٦, ل٧)

لەم پارچە پەخشانەدا شێوە و قاڵبی برگەکان بەم شێوازەن:

cvc _ cvc   cvc _ cv _ cv   _ cv _ cv _ cv   cvc _ cvc _ cv _ cv

مەح/فوز/دە/بێ/   /لە/شە/ڕی/   /شەی/تا/نی/   /بەد/فەڕ   ٤+٣+٣+٢

cv _ cv _ cv _ cvc   cvc _ cvc _cvc   cvc _ cv _cv   cv _ cvc _ cv _cv

لە/مەی/دا/نی/   /مەح/شە/رێ/   /هیچ/کۆس/پەی/   /نا/یە/تە/بەر   ٤+٣+٣+٤

cvc _ cv _ cv _ cv   cv _ cv _ cv   cv _cv _ cv   cv _ cvc _ cv_ cv

لە/سەر/پر/دی/   /سی/ڕا/تێ/   /نا/بی/نێ/   /خەو/فو/خە/تەر   ٤+٣+٣+٤

ئەم برگانە لە نەبزوێن و بزوێن یان نەبزوێن و بزوێن و نەبزوێن پێکهاتوون، کە بەشی یەکەمی (١٢) برگەییە، بەشی دووەم و سێیەمی (١٤) برگەییە، وەبێگومان هەر چوار جۆری برگەی تێدایە کە بریتین لە: برگەی (کورت، درێژ، کراوە، داخراو)، بەمەش هۆنراوەکە جۆرە ئاواز و شێوازێکی تایبەتی وەرگرتووە و خوێنەر چێژی لێوەردەگرێت.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، کە لە سێ خاڵدا ڕونیان دەکەینەوە:

١_ لەم مەولوودنامەیەدا کە پێنج لاپەرە بەنموونە وەرگیراوە، (٢٣) جار تیاچوونی دەنگ لە کۆتایی وشە دووبارە کراوەتەوە، هەروەها (٣) گۆڕانی دەنگی و (٥) زیادبوونی دەنگ بەرچاو دەکەوێت. تیاچوونی دەنگ لەم مەولودنامەیەدا زۆرترین ڕێژەی تێدا بەدیکراوە.

٢- لە تێکستێکی حەفت دێریدا کە بە نموونە وەرگیراوە، جۆری برگەکان بەم شێوەیە بوون: برگەی کورت (٤٩)، برگەی درێژ (٥٤)، برگەی داخراو (٣٩)، برگەی کراوە زۆرترین ڕێژەی هەیە، کە دەبێتە (١٠٣) برگە، چونکە برگەی کورت و درێژ هەردووکیان لە جۆری برگەی کراوەن.

٣_ لە ڕۆنانی وشەکان ستایلێکی وا پەیڕەوکراوە، کە لەگەڵ واتا تێکەڵ دەبن شێوازێکی تایبەت بە مەولودنامەکە دەدەن، ئەوەش ئەمە دەگەیەنێت کە نووسەرەکەی بەشێوازێکی جوان دایڕشتووە و بە توانا بووە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کتێب بەزمانی کوردی

١_-ئەمین، وریا حەمە،(د) (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس _ هەولێر.

٢_ ئیسماعیل، هەژار قادر، (٢٠١٣)، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنوری برگە لە شێوەزاری باڵەکیاندا، چاپخانەی حاجی هاشم _ هەولێر.

٣_-خۆشناو، نەریمان عەبەبدوڵلا، (٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپخانەی هێڤی _ هەولێر، چاپی دووەم.

٤_- جەلی, حاجی مەلا عبداللە, (١٩٦٦), مەولودنامەی کوردی, چاپخانەی کوردستان, چاپی دووەم, هەولێر.

٥_دزەیی، عەبدولواحید موشید، (٢٠١٣)، شێوازوپراکماتیك، چاپخانەی بەدرخان-دهۆك، چاپی یەکەم.

٦_ دزەیی، عەبدلواحید موشیر، (د)(٢٠١٥)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپخانە هێڤی – هەولێر، چاپی دووەم.

٧_ ڕەسوڵ، عەبدواڵلا حوسێن، (د)(٢٠١٩)، وشەسازی، چاپی یەکەم _ هەولێر.

٨_ڕەفیق، ئاشنا جەلال، (٢٠١٤)، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداٍ، چاپخانەی حاجی هاشم _ هەولێر.

٩_-عەبدوڵلا، ئیدریس، (٢٠١٢)، شێواز، چاپخانەی حاجی هاشم _ هەولێر، چاپی یەکەم.

١٠_عەلی، طالیب حوسێن، (د)(٢٠١٥)، دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات _ هەولێر، چاپی دووەم.

١١_-فەرهادی، عاتف عەبدوڵلا، (د)(٢٠١٣)، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەنی لەسەر بنچینەی (praat)، چاپخانەی حاجی هاشم _ هەولێر.

١٢_مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا، (٢٠١٠)، شێواز و شێوازگەری،چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، چاپی یەکەم.

دووەم: کتێب بەزمانی عرەبی

١٣_الغامدي,منصور محمد, (٢٠٠٠), الصوتيات العربية, جامعة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية, الرياض.

١٤_-حسام الدين, سامی عياد حنا وکريم زکی، (١٩٩٥)، معجم اللسانيات الحديثة, مكتبة لبنان ناشرون, لبنان.

١٥_-عمر, احمد مختار, (٢٠٠٤), دراسات الصوتية اللغوی, جامعة القاهيرة.

سێیەم: نامەی ئەکادیمی ماستەر

١٦_-ئەحمەد، صافیا محەمەد،(٢٠٠٩)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ محموود، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین _ هەولێر.

١٧_حەمەد، دەریا سابیر ، (٢٠١٦)، کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لەنێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی ڕاپەڕین.

١٨_ حەمید، هێرش کەریم، (٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر _ زانکۆی سلێمانی.

١٩_-حمەد، سروە خدر، (٢٠١٤)، سێبەری واتای لەزمانی شیعردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.

٢٠_-خضر, ڕێبین خالد، (٢٠١٥)، ئەرکی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە ئاستی سیمانتیك و پراکماتیکدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.

٢١_ عثمان, علی حەمەد، (٢٠١٦), ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر _ زانکۆی سۆران.

٢٢_-گەردی، ژوان عەبدولسەلام عزیز، (٢٠١٤)، شێواز لەشیعرەکانی کامەران موکری لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی فیلۆلۆجی لیوشپیتزەردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین _ هەولێر.

٢٣_-محەمەد، عزالدین صابر، (٢٠١٥)، شێواز لە هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح، نامەی ماستەر _ زانکۆی سلێمانی.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەسێتی لە ڕۆمانە مێژووییەکانی جان دۆست دا، بە نمونەی ڕۆمانی (میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک)

گزنگ حەسەن ڕەسوڵ[١]، محمد دلێر ئەمین[٢]

[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: gzng.rasul@univsul.edu.iq

پوختە:

مێژووی ڕۆمان بە زنجیرەیەك لە گۆڕانكاریی و ئاوێزانبوونی لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب تێپەڕییوە،ئەمەش بووە بەهۆی پەیدابوون و ئاشنابوونی خوێنەر بە چەند جۆرێکی نوێی ڕۆمان ،ئەوەش بەهۆی زیندوێتی و کاریگەری ئەم ژانرەوەیە لەسەر ژانرەکانی دیکەی ئەدەب ،کە تەنانەت هەندێك جار سنوری ژانر ئەدەبییەکانیشی بڕیوە ،ئاوێتەی بەشێکی دیکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە،لەوانەیش زانستی مێژوو. لێرەوە خوێنەری ڕۆمان بە جۆرێکی نوێی ڕۆمان ئاشنا دەبێت،کە ئەویش (ڕۆمانی مێژووی)یە،کە بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووی یاخود باسکردن لە کەسایەتییەکی مێژووی لە بۆتەی ژانرێکی ئەدەبی وەك ڕۆماندا،واتە هاوشان لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوویەکە ڕۆماننووس تەکنیك و ڕەگەزە هونەریەکانی نووسینی ڕۆمان فەرامۆش ناکات،بەڵکو دەیەوێت لەگەڵ گێڕانەوەی ئەومێژووەدا ،چێژێ تایبەت بە خوێنەر ببەخشێت،کە خوێنەر هەست بەوە بکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە مێژووەیەکی پەتی نییە بەڵکو گێڕانەوەیەکی مێژووییە بەڵام لەڕێگەی تەکنیك وڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمانەوە گێڕدراوەتەوە،نمونەی ئەم جۆرە لە ڕۆمانی مێژوویی لە نێو ئەدەبی کوردیدا تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی پێنەدراوە،بەڵام هەوڵی هەندێك لە ڕۆمانووسان لەم بوارەدا جێگەی سەرنجە وشایەنی لێکۆڵینەوەیە،لەو ڕۆماننووسانەش (جان دۆست),کە چەند ڕۆمانێکی مێژووی نووسیوە ،کەئێمە لێرەا لێکۆڵینەوەمانکردووە لەسەر هەر دوو ڕۆمانی (میرنامە کە باسی کەسێتی مێژووی گەلی کورد(ئەحمەدی خانی)دەکات،هەروەها ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەك)کە باس دووایین شەوی ژیانی (شێخ سەعیدی پیران)دەکات،وەك کەسێتییەکی مێژووی ،لە ڕێگەی فلاشیباکەوە دەگەڕێتەوە بۆ باسکردی سێ قۆناغی ژیانی،کەئەوانیش (منداڵ و هەرزەکاری(ئاشقبوون) پاشان قۆناغی هەڵگیرسان و شکستهێنانی شۆڕشەکەیە)کە ئەم سێ قۆناغە هاوشانی سێ هەنگاوی بەردەم سێدارەکە.

کلیلی وشەکان: کەسێتی ،ڕۆمانی مێژوویی ،ئەحمەدی خانی،شێخ سەعیدی پیران

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٢٨ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/١٩ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	gzng.rasul@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاو کردنەوە	©٢٠٢١ گزنگ حەسەن ڕەسوڵ، پ. د. محمد دلێر ئەمین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

الملخص :

تاريخ الرواية قد مر بسلسلة من تغييرات ومعانقة مع الانواع الادبية الاخرى. وهذا ادى الى ظهور عدة انواع جديدة من الرواية ودراية القراء بها، بسبب حيوية وتاثير هذا النوع الادبي على الانواع الادبية الاخرى، فقد كانت تتخطى حدود الانواع الادبية الاخرى في بعض الاحيان، وتندمج مع مجالات أخرى من العلوم الانسانية، مثل علم التاريخ. من هنا يتعرَّف قراء الرواية على نوع جديد من الرواية، وهي (الرواية التاريخية)، وهي عبارة عن سرد حدث تاريخي أو ذِكر شخصية تاريخية في بوتقة نوع ادبي مثل الرواية، أي بموازات قيام الروائي بسرد الحدث التاريخي فانه لا يتجاهل تقنيات (طرائق) كتابة الرواية وعناصرها الفنية، بل مع سرد هذا التاريـخ فان الروائي يبتغي تقديم مذاق خاص للقارئ لكي يشعر القارئ بان ما يقرأ ليس تاريخا بحتا بل انه سرد تاريخي ولكن تم عرضه من خلال تقنيات الرواية وعناصرها الفنية. إن امثلة هذا النوع من الرواية التاريخية في الادب الكوردي لم يتم الاعتناء بها بشكل ملحوظ، ولكن محاولات بعض الروائيين في هذا المجال هي محل تمحص وجديرة بالدراسة، ومنها الروائي (جان دوست) الذي كتب عدد من الروايات التاريخية، حيث درسنا الروايتين (ميرنامة) و (ثلاث خطوات ومشنقة). إن رواية (ميرنامة) تتطرق الى الشخصية التاريخية الكوردية (أحمد خاني)، وكفاحه في سبيل توعية شعبه، حيث حاول توحيد الامراء الاكراد في سبيل الاستقلال والحصول على حقوق شعبه، وقد حاول التعايش وتقبل الاديان والقوميات المختلفة. و رواية (ثلاث خطوات ومشنقة) تتطرق الى آخر ليلة من حياة (الشيخ سعيد بيران) كشخصية تاريخية، حيث ترجع الرواية عن طريق فلاشباك الى ذكر ثلاث مراحل من حياته، وهي (الطفولة، والمراهقة (العاشقية)، ومن ثم مرحلة اندلاع وفشل الثورة).

ABSTRACT:

the history of the novel has undergone a series of changes and embraced other literary genres. This led to the emergence of several new types of novel and the readers' familiarity with it, due to the vitality and impact of this literary genre on other literary genres, as it sometimes crosses the boundaries of other literary genres, and merges with other fields of the human sciences, such as history. Hence, the novel's readers get acquainted with a new type of novel, which is (the historical novel), i.e. a narration of a historical event or the mention of a historical figure in a literary melting pot such as a novel, that is, in parallel with the novelist narrating the historical event, he does not ignore the techniques (methods) of writing novel and its technical elements. Rather, while narrating this history, the novelist seeks to present a special taste to the reader in order for the reader to feel that what he is reading is not a pure history, but rather a historical narrative, presented through novel's techniques and its artistic elements. The examples of this type of historical novel in Kurdish literature have not been noticeably taken care of, but the attempts of some novelists in this field are subject to examination and worthy of study, including the novelist (Jan Dost), who wrote a number of historical novels, where we studied the two novels (Meernama) and (Three Steps and a Gallows). Meernamah›s novel deals with the Kurdish historical figure (Ahmad Khani), and his struggle to educate his people, as he tried to unify the Kurdish princes for the sake of independence and obtain the rights of his people, striving for coexistence and accepting different religions and nationalities. The novel (Three Steps and a Gallows) deals with the last night in the life of (Sheikh Saeed Piran) as a historical figure, as the novel returns via flashback to the three stages of his life.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هۆكاری هەڵبژاردنی ناونیشانەكە:

گرنگیدان بە جۆرێكی نوێ لە ڕۆمان،كە ئەویش (ڕۆمانی مێژووی)یە،دەرخستنی ڕۆڵی كەسێتی سەرەكی وەك كەسێتییەكی مێژووی لە نێورۆمانە مێژووییەكاندا.

میتۆدی لێكۆڵینەوەكە :

ئەم لێكۆڵینەوە بەپێی میتۆدی (وەسفیی شیكاری)ئەنجامدراوە،كە لەبەشی یەكەم دا بەشێوەی تیۆری باس لە (جۆرەكانی ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی و كەسێتی مێژووی)كراوە،بۆ بەشی دووەمیش بە شێوەیەكی پراكتیكی كار لەسەر هەردوو ڕۆمانی (میرنامە ، سێ هەنگاو و سێدارەیەك) كراوە ،كەسێتی سەرەكی وەك كەسێتی مێژووی دەستنیشان كراوە.

سنوری لێكۆڵینەوە:

سنوری لێكۆڵینەوەكەمان،بریتییە لە لە هەردوو ڕۆمانی (میرنامە ، سێ هەنگاو و سێدارەیەك) كە لەنووسینی (جان دۆست)ە.

گرنگی و ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:

١- ڕۆمانی مێژووی جۆرێكی نوێیە لە ڕۆمان لە نێو ئەدەبی كوردیدا،شایەنی گرنگی پێدان و لێكۆڵینەوەیە.

٢- ڕۆمانەكانی (جان دۆست)تا ئێستا وەك پێویست لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی ،كە بە ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێن،لەوانەش ڕۆمانی (میرنامە ، سێ هەنگاو و سێدارەیەك).

٣- كەسێتی مێژوویی بە بنەمای سەرەكی ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت.كە مەرجی سەرەكی ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە كە پشت بە ڕووداوێكی مێژوویی یان كەسێتییەكی مێژوویی دەبینێت.

٤- لەبەر ئەوەی ئەو دوو ڕۆمانەدا باس لە دوو كەسایەتی گرنگی مێژووی گەلی كورد دەكات، ئەوە لێكۆڵینەوەلێیان جێگای بایەخە(میرنامە) بە شێوازێكی هونەری ژیاننامەی (شێخ ئەحمەدی خانی)خراوەتەڕوو،هەروەها لە ڕۆمانی (سێ هەنگاو و سێدارەیەك) دا، ڕۆماننوو بەشێوەیەكی ئەدەبی سەركەوتوو ژیاننامەی كەسایەتی مێژووی گەلی كورد (شێخ سەعیدی پیران) دەخاتە ڕوو.

گرفتی لێكۆڵینەوەكە :

كەمی لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی دەربارەی كەسێتی مێژوویی و ڕۆمانی مێژوویی بە شێوەیەكی گستی و ڕۆماننووس (جان دۆست) بەتایبەتی .

بەشی یەكەم : كەسێتی مێژوویی و ڕۆمانی مێژوویی لە ئەدەبی كوردیدا:

تەوەری یەكەم / جۆرەكانی ڕۆمان :

بێگومان لە پاش سەرهەڵدانی ڕۆمان بەهۆی جیاوازی لە حەز وخولیای خوێنەران و پێداویستی سەردەمەكان، بوو بەهۆی هاتنە ناوەوەی جۆری جیاوازی ڕۆمان .هەر وەك چۆن لە پاش سەرهەڵدانی شیعر چەندین جۆری وەك شیعری (داستانی و گۆرانی و فێركاری ... هتد)هاتنە ئاراوە، بە هەمان شێوەیش چەندین جۆر ڕۆمان لە لایەن ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەبییەوە ،هاتونەتە دەستنیشانكردن .كە جیاوازی و دەستنیشانكردنی هەر جۆرێك لە جۆرێكی دیكە،دەكەوێتە سەر ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە ،یاخود سەردەمی نووسنی ڕۆمانەكە (كۆن و نوێ) یان هەندێك جار لەسەر بنەمای تەكنیك و شێوازی نووسینەوەی ڕۆمانەكە ،بەراورد و جیاوازی دەكرێت لە نێوان جۆرەكاندا. كە بەشێوەیەكی گشتی خۆی لەم چەند جۆرە دابەشكردنەوەدا دەبینێتەوە،وەك ڕۆمانی((ڕاستەقینە ، سەركێشی ، مێژوویی ، پەیامی ، پەروەردەی، تۆقێنەری ، ژیاننامە، گاڵتەئامێزی ، هێمایی ، هەرێمی ، پۆلیسی ، ڕۆشنبیری ،دەروونی دڵداری ، ڕووداو، كەسایەتی ، زانستی خەیاڵی ، كالتوری ، فەنتازی ، سروشتی ، نهێنی ، مناڵان ، هەستیاری ، ڕۆمانی نوێ))(Kuiper,٢٠١٢.p٢٣-٢٤) بەڵام هەندێكی دیكە لە توێژەران بەپێی ناوەڕۆك ،پۆلێنبەندی بۆ ڕۆمان دەكەن، ئەم چەند جۆرەی لێ دەستنیشان دەكەن ،وەك ((كۆمەڵایەتی ،پۆلیسی ،سۆزداری ، مێژوویی ، ئەزموونی ، پەروەردەی ، ڕووداو ،دەروونی ، شەپۆلی هۆش ،گوندیانە یان شوانی ،سیاسی ، كەسایەتی ،دژە ڕۆمان ،پڕ ڕووداو

، تۆقێنەر و ترسناك ، بەڵگەیی و نامەكاریی))(برادبری، ٢٠٠٨، ل١٥-١٦)هەندێكی دیكە لە توێژەران ،بەپێی گرنگی و بایەخی جۆرەكانی ڕۆمان ڕیزبەندی دەكەن ، یان دەتوانین بڵێین بەپێ گرنگی پێدانی خوێنەران بەو جۆرە ڕۆمانە ،چەند جۆرێك ڕۆمانیان دەستنیشان كردووە، لەوانەیش ((پۆلیس ، سایكۆلۆژی ، كۆمەڵایەتی ، خەیاڵی زانستی ، بایۆگرافی ، فێركاری ، مێژوویی ، فەلسەفی، نوێ ، سۆزداری و ئەڤینی))(ئەسوەد ، ٢٠١١، ل ٢٣١-٢٣٢)وەك دەبینن لە نێوان هەمووجۆرە دەستنیشانكراوەكاندا لەلایەن توێژەرانەوە، چەند جۆرێك دووبارە بوونەتەوە و كە ئەمەش بۆ گرنگی و بەهێزی ئەم جۆرانە دەگەڕێتەوە ، بەڵام چەند جۆرێك هەیەكە تەنها لای چەند نووسەرێك ئاماژەی پێكراوە و لای چەند نوسەرێكی دیكە ئاماژەی پێنەكراوە،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بێهێزی یانی كەمی جۆری ئەو ڕۆمانە یاخود تازەی ئەو جۆرە ڕۆمانە .جۆرێكی دیكەی ڕۆمان،كە (ڕۆمانی مێژوویی)ە،لە زۆربەی پۆلێنبەندیكاندا ئاماژەی پێكراوە،ئەم جۆرە ڕۆمانە بەرهەمی قۆناغێكی نوێی ئەدەبییە،كەدەگەڕێتەوە بۆ ویستی خوێنەران لە هەمبەر جۆرێكی نوێی ڕۆمان ،كە هەم چێژبەخشبێت و هەم بتوانێت زانیاری دەربارەی ڕووداوێكی مێژوویی یان كەسێتییەكی مێژوویی وەربگرن.نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانە لەنێو ئەدەبی كوردیدا ،مێژوویەكی دوورودرێژی نییە،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سانسۆر و چاودێری لەسەر بەرهەمە چاپكراوەكان یاخود بوونی مەترسی لەسەر ژیانی نووسەران ،جگە لەوەش نووسینی ڕۆمانی مێژوویی كارێكی سادە و ساكار نییە،نووسینی ڕۆمانی مێژوویی بەراورد بەجۆرەكانی دیكەی ڕۆمان كارێكی قورستر و پر ئاریشەترە ،چونكە ڕماننووس دەبێت لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوێكی مێژوویی دەبێت خەیاڵ وئەندێشەیەكی هونەری خۆی ئاوێزانی بابەتە مێژوویەكە بكات.هەروەها نابێت ڕۆماننووس بەهۆی خەیاڵ و فەنتازیای داهێنەرانەی خۆیەوە ، ڕاستی ڕووداوەكە بەلاڕێدا ببات.((نووسەری ڕۆمانی مێژوویی دەبێت وێنەیەكی واقیعی لەو سەردەمە بخاتە ڕوو كە باسی دەكات، هەروها ڕۆمانی مێژوویی بەزۆر هەموو هەوڵ و كۆششی خۆی ڕووبەڕووی بارودۆخ و مەرجە تایبەتیەكانی كۆمەڵ دەكاتەوە)) (برادبری ، ٢٠٠٨،ل٢٦) لە نمونەی ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ئەدەبی كوردیدا،دەتوانین ئاماژە بۆ ڕۆمانی (پاشایان كوشت)ی (خوسرەو جاف)ە،كە ڕۆماننوس خۆی باكگراوندێكی نووسینی مێژووی هەیە،هەروەها چەند ڕۆمانێكی دیكەیش هەیە،ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا باشێوەیەكی گشتی باس لە دۆخ و ڕۆڵی مێژووی(هۆزی جاف) دەكات.هەروەها باس لە میرنشینە كوردیەكان و ململانێی نێوانیان هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەڕۆڵی هۆزی جاف و سەركردەكانی ئەو هۆزە دەكات لە پەیوەندیان بە ڕووداوەكانی ئەو سەردەمە بەگشتی و لایەنگریان بۆ پاڵپشتی بابانیەكان دژی میرنشینی ئەردەڵان ،هەروەها دواتر باس لەتێكچونی پەیوەندی نێوان بابەنیەكان و هۆزی جاف دەكات.واتا بە شێوەی سەرتاسەری دەتوانرێت ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێكی مێژوویی دابنرێت.چونكە باس لە كۆمەڵێك ڕووداولەگەڵ چەند كارەكتەر و میرنشینێك دەكات كەپێشتر هەبوون لە مێژووی كورددا،هەروەها ڕۆماننووس ئەوەیشی لە یاد نەكردووە كە مەودایەكی فراوان بۆ خەیاڵ وئەندێشە و فەنتازیای هونەری تەرخان كردووە،ئەمەش وا دەكات خوێنەر ڕۆمانەكە وەك هەر ڕۆمانێكی دیكەی مێژووی هاوشانی خوێندنەوەی بەشێك لە مێژوو ،چێژ و چەشەیەكی ئەدەبی تایبەتی خۆی هەیە .

سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی :

بێگومان سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەورووپاوە بووە،ئەوەش بۆ ئەو خواست و حەزە زۆرەی ئەوروپییەكان دەگەڕێتەوە، لە هەمبەر ئاوڕدانەوە و خوێندەوەی مێژوی كۆنی خۆیان و سود وەرگرتن لە ڕووداو بەسەرهاتەكانی نێو ئەو مێژووە بە تایبەتی مێژووی (یۆنانیەكان – گریك) و (ڕۆمانیەكان)،كە ئەوە بووە بەسەرچاوە و ئیلهام بۆ گۆڕینی هزر و هێنانەكایەی بیر و فیكری نوێ لە بەرامبەر ڕووداو پێشهاتە هەنووكییەكانی ئەو سەردەمە.كە سەردەمی گۆڕانكارییە خێراكان و قۆناغی پاش شۆڕشی پیشەسازی بووكە ئیدی وردە وردە دەسەڵاتی كلێسا و پیاوانی ئاینی بەرەو كزبوون و لاوازی دەڕۆیشت .بۆیە دەكرێت بڵێین دۆزینەوەی ڕۆمانێك یان ساڵێك بۆ دەستنیشانكردنی وەك یەكەم ڕۆمان یان یەكەم نووسەری ڕۆمانی مێژووی كارێكی سادەنییە ، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لێكۆڵەرەوانی ئەدەبی ئاماژە بە سەدەی نۆزدەهەم دەدەن و دەڵێن ((سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە سەردەمی ڕوخانی ناپلیۆن دا ،هەرچەندە دەكرێ چەند ڕۆمانێك بدۆزیتەوە كە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بابەتی مێژوویان لە خۆ گرتووە لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا یان پێشتر))(لوکاش،١٩٨٦،ص٤٦)کەواتە دەتوانرێت ڕەگ وریشەی ڕۆمانی مێژوویی لە پێش سەدەی نۆزدەهەمەوە بدۆزرێتەوە،چونکە ئەدیبان دەیانوویست لەڕێگەی ئەم جۆرە ڕۆمانەوە ئاگاداربن لە چۆنێتی جۆری ژیان میللەتەکانیان لەسەدەکانی پێشوودا،هەروەها دەیانویست لەو ڕێگەیەوە ڕێگە بۆ چوونە نێو دنیای شارستانیەت و پێشکەوتنی خۆیان دابنێن،چونکە ((ئەو کلتورەی هەوڵی خۆ نوێکردنەوە نەدات ،هێدی هێدی توانای ژیان و مانەوەی لەدەست دەدات وپێی ناکرێت بەگژ ئەو کلتورەدا بچێتەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندان))(حەسەن ، ٢٠١٠،ل١٣٨) واتە میللەتان لە ڕێگەی ئەدەبەوە،دەیانەوێت مێژوویان بهێننەوە بەرچاوی نەوەی نوێ ،هەم بۆ زیندوو هێشتنەوە و ڕێزگرتن لە مێژووی میللەتەکەیان و هەم بەمەبەستی پەرەپێدانی بواری ئەدەبی ،بەڵام نووسەران ورۆماننووسان لە ئاستەنگی ئەوەی کە دەبێت ڕاستی مێژووی فەرامۆش نەکەن و لە لایەکی دیکەیشەوە ڕۆمانەکەیان جگە لە گێڕانەوەی واقیع ،تژی بێت لە خەیاڵ و ئەندێشەی هونەری،چونکە لەڕۆمانی مێژوویدا ،لایەنی کەم ڕۆماننووس ئاماژە بۆ کەسایەتییەکی مێژووی یان کاتێکی دیاریکراو یان ڕووداوێکی مێژوویی دەکات .((ڕۆمانی مێژوویی لەشوێنێکی ڕاستەقینەدا بەرهەم دێت لەماوە و کاتێکی کلتوری گونجاودا ،کە تیایدا وردەکاری وکردارەکانی ناو ڕۆمانەکە دەتوانرێت تێکەڵ بکرێت لە ڕووداوی ڕاستەقینە و ئەو ڕووداوانەی کە لەخەیاڵی نووسەر خۆیدا هەن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان)) (p٨٧,٢٠٠٨,Fletcher) ئەم پرۆسەی ئاوێتەکردنەی ڕۆمانی مێژوویی لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویدا،چەندین خاڵی هاوبەش وچەند خاڵێکی جیاواز هەیە لە نێوانیاندا، کە لەسەر ڕۆماننووس پێویستە زۆر بە وردی کاری لەسەر بکات،چونکە گێڕانەوەیەی ڕووتی مێژوو و باسکردنی سەرجەم بەش و بابەتەکانی نێو ژیانی کارەکتەرێك یان باسکردن لە هەموو ڕووەکانی ڕووداوێك ،دەچێتە خانەی بیرەوەری یان لێکۆڵینەوەی مێژوویی نەك بەرهەمی ئەدەبی ،هەروەها گێڕانەوەی پڕ خەیاڵی و دورستکردنی دونیایەکی فەنتازی نابێتە جێگرەوەی شوێنی واقیعی لەناو ڕۆمانی مێژوویی،کەواتە ڕۆماننووس پێویستە ((لەڕۆمانەکەدا ڕاستگۆبێت لەگەڵ مێژوودا ،لەگەڵ ئەوەی پاڵەوانەکە داهێنراوبێت و چنینەکەی خەیاڵاوی بێت ،نابێت هونەرمەند (ڕۆماننوس) لە پێناو داهێنانی هونەریدا ڕاستە ڕێی مێژوو لاربکاتەوە،ئەوکاتە دەبێتە ساختەکاری لە مێژوودا))(علی، ٢٠١٩،ص٦) واتە ڕۆماننووسی ئەم جۆرە لەڕۆمان پێویستە لەسەری لە ڕووداوێکی واقیعی و باسکردن لە کارەکتەرێکی واقعی ،دونیایەکی ئەندێشە ئامێز و چێژبەخش درووست بکات .لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیدا ناوی (والتەر سکۆت) وەك پێشەنگ و سەرمەشقی ئەم جۆرە لە ڕۆمان دادەنرێت،کە لە نێوان ساڵانی (١٧٧١-١٨٣٢) ژیاوە،چونکە سکۆت جگە لە ڕۆماننووسی توانایەکی باشی نووسینی شیعری هەبووە و لەهەمان کاتیشدا مێژوونووس بووە،کە بێگومان هەر ئەوەش هاوکاریکردووە لە نووسینی ڕۆمانی مێژوویدا،کە توانایەکی باشی هەبووە لەئاوێزانکردنی (مێژوو ،ئەدەب)لە پێناسەیەکی دیکەدا ،کە بۆ ڕۆمانی مێژوویی کراوە دەوترێت ((ڕۆمانی مێژوویی ڕابردوو بە وێنەیەکی خەیاڵی لەخۆ دەگرێت،ڕۆماننووس توانای فراوانی هەیە کە ئەتوانێ سنووری مێژوو ببڕێت ،بەڵام بەو مەرجەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژوودا نەمێنێتەوەوتەنیا ئەوکاتەی خەیاڵ بەشێکبێت لەو پێکهاتەیەی کە مێژووی تێدایە))(الشمالی، ٢٠٠٦،ص١١٢-١١٣) .هەرچەندە (برادێلی) پێی وایە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە،لەوانەش ((یاسایەکی باش ئەوەیە کە ئەوکاتە ڕابردووی نووسەر بۆی دەگەڕێتەوە،باشترە کەمتر نەبێت لە پەنجا ساڵ،مەبەست لەم کارەش دوورخستنەوەی خوێنەرە لە ڕووداوەکانی ژیانی ئێستای ،کە زۆربەی خوێنەرانی ڕۆمان پێیان وایە ،کە ڕۆمانی مێژووی باشترین هەڵبژاردەیە بۆ ئەوەی بە ناو کاتدا سەفەر بکەیت))(Bradley,2010m).واتە ئیدی لەسەر خواست و ویستی خوێنەر ڕۆماننووسان پەنایان بۆ نووسینی جۆرێکی دیکە لە ڕۆمان برد ئەوەیش ڕۆمانی مێژوویی بوو. چونکە توانی ببێتە وەڵامدەرەوەی حەز و خولیای خوێنەران لەو قۆناغەدا،پاشان گەشەیسەند و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی ،وردەوردە لە نێو ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەدا سەریهەڵدا، لەم چوارچێوەیشدا ڕۆماننووسانی کورد کەوتنە سەر کەڵکەڵەی نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانە.هێنایەنە نێو ئەدەبی کوردییەوە.

تەوەری دووەم / كەسێتی مێژوویی :

مێژووی هیچ نەتەوەیەك نانووسرێتەوە بەبێ ئاماژەدان بە كەسایەتیە مێژوویەكان یاخود بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی كەسایەتیە مێژوویەكان شتێك نامێنێتەوە بەناوی مێژووی نەتەوەوە،ڕۆڵی كەسایەتییە مێژوویەكان هەریەكە و لەبواری خۆیدا ئاماژەی پێدەدرێت واتا شاعیرێك بە جیا لە سەركردەیەكی سەربازی یان كەسایەتییەكی هونەری ،واتە ئەوەی لێكۆلینەوە لە ڕۆڵی شاعیرێك دەكات لێكۆڵەرەوانی ئەدەبین،وە ئەوەی توێژینەوە لە ڕۆڵی سەركردەیەك دەكات لێكۆڵەرەوانی بواری سیاسی و مێژووین .

قسەكردن لەسەر كەسایەتی مێژووی لە ڕۆماندا یان هەر ژانرێكی دیكە لە ئەدەبدا ،یەكسان نییە بەقسەكردن لەسەر كەسایەتیەكی مێژووی لە بابەتێكی دیكەی وەك مێژوو یان لێكۆلینەوەی مێژوویی یان لێكۆڵینەوەی سیاسیی،لەبەر ئەوەش خودی ئەدەب ورۆمانیش لەچوارچێوەی ئەدەبدا زادەی خەیاڵە،وەك (ئەی ،ئێم فۆرستەر) دەڵێت : ((مێژوونووس مێژوو دەنووسێتەوە،لەسەر ڕۆماننووسیش پێویستە ئافراندن بكات)) (فۆرستەر،١٩٩٤،ص٣٨) بەم شێوەیە (فۆرستەر) جیاوازی نێوان مێژوونووس ورۆماننووس دەخاتە ڕوو،مێژوونووس پشت بە ڕاڤەو لێكدانەوەی زانستی دەبەستێت بۆ تۆماری ڕووداوە مێژوویەكان ،بەڵام ڕۆماننووس پشت بەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی دەبەستێت ،لەبونیاتنانی بەرهەمەكەیدا،هەربۆیە نووسەر لە نووسینەوەی ڕۆماندا سەربەست و ئازادە لەبەكارهێنانی خەیاڵی خۆی ،بەڵام كاتێك ڕۆمانێك ، بە ڕۆمانێكی مێژوویی ناودەبرێت نووسەر ئازاد نییە لە شێواندنی سەرتاپای ڕووداوەكان یاخود پێچەوانەكردنەوەی ڕووداوەكان ، ئەمەش بۆ كەسایەتیش ڕاستە چۆن بۆ ڕووداو ڕاستە ،لەبەر ئەوە نووسەر ناتوانێت كەسایەتیەكی مێژوویی شۆڕشگێربە كەسیەتییەكی خائین و خاك فرۆش و خۆفرۆش لەقەڵەم بدات و باسی بكات .ئەوكاتە ئەو هەستەی بۆ دروستدەبێت كە مێژوو بە پارێزراوی و ڕاستگۆییەوە بەچی هونەرێكەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر ئەدەب و نەمرییەكی جوانی بەو ئەدەبە بەخشییەوە،هەر بۆیە ((لەنیشانەكانی ڕۆمانی واقیعی بەكارهێنانی ڕووداوە مێژوویەكانە وەك باكگراوند بۆ ڕِۆمان كەتیایدا كەرۆماننوس پاڵەوانەكانی خۆی تێیادا بەشداری پێدەكات .))(قاسم ،١٩٨٤ ،ص٤٨) ئەمەش لەكاتێكدا ڕۆماننووس چەند كارەكتەرێكی خەیاڵی بۆ ڕۆمانەكەی دروستكردووەو بەشداری پێكردوە لە ڕۆڵگێڕان لە نێوو ڕووداوەكاندا ، تەنها كارەكتەری سەرەكی نەبێت ،كە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ڕووداوەكانەوە ،بۆ نموونە كە مێژوویە ئەوانی دیكە بەرهەمی خەیاڵی نووسەرن ،كەواتە ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییەیە كە ڕووداوە ڕاستەقینەكان یاخود واقیعیەكان ڕەگەزی كارتیاكردنیەتی ئەگەر لە لوتكەی فەنتازیاشدابێت،هەرچەندە مێژوو لە ڕوانگەی بوون و ئامادەیی كەسەكانەوە لە ڕووداوەكان دەدوێت ،واتا ڕاستەوخۆ .بەڵام ڕۆمان لە ژیانی شاراوەی كەسەكان دەدوێت ،بەواتای ئەوەی كارەكتەر هەر لەسەرەتاوە تا كۆتایی پاڵنەر و خولقێنەری ڕووداوەكانە.

ڕۆمانی مێژوویی لە ئەدەبی كوردیدا :

لەو ڕوانگەیەوە،كە ڕۆمانی مێژوویی جگە لە چێژە ئەدەبییەكەی، هەڵگری چەمكی گێڕانەوەی مێژوویشە و لە خەمی زیندوو هێشتنەوەی مێژوودایە،ئەوا بێگومان ئەم فۆرمە لە ڕۆمان بووە بە دەرچەیەكی باش بۆ نووسەران و ئەدیبانی كورد ،كە لەم ڕێگەیەوە بە یەكجار دوو ئامانجیان بە دیهێناوە ، كە لە لایەك گێڕانەوەی مێژوویی پڕ لە مەینەتی و دەردی سەری گەلی كورد و لە لایەكی دیكەیشەوە برەودان بە ژانرێكی نوێ لە ئەدەبیاتی كوردیدا ،كە ئەویش ڕۆمانە.هەر بۆیە دەبینین ئەگەر بە مەبەستیش نەبووبێت لەلایەن نووسەرەكانیانەوە،بەڵام چەند ڕۆمانێكی كوردی هەیە ،كە لە هەوڵە بەراییەكانی نووسینی ڕۆمانن دەتوانرێت لە خانەی ڕۆمانی مێژوویی هەژماربكرێت.لەوانەش ڕۆمانی (پێشمەرگە) ی (د. ڕەحیمی قازی)یە، كە باس لە باروذۆخ و گۆڕانكارییەكانی سەردەمی دروستبوونی كۆماری مەهاباده لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان.،كە خودی ڕۆماننووس خۆی بەشداری كارای هەبووە لە جموجوڵ و گۆڕانكایەكانی ئەو سەردەمەدا ، جگە لەوەش ناوی چەند كەسایەتیەكی واقیعی ئەوسەردەمەدەهێنێت لە ڕۆمانەكەدا ،لەوانش هەریەكە لە (قازی محەمەد و مامۆستا هێمن ی شاعیر)،كە ئەوە یەكێكە لە بنەماكانی ڕۆمانی مێژووی.هەروەها ڕۆمانی (قەڵای دمدم) ی (عەرەبی شەمۆ)، بەهەمان شێوە دەكرێت بەرۆمانی مێژووی دابنرێت،چونكەئەوەش باس لە ڕووداوێكی حەقیقی دەكات ،كە ڕووداوی قەڵای دمدمە.((تاكە كەسێك كە زۆر بەشێوەیەكی ئەدەبیانە ڕۆمانی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەدەبی نووسیێ ، ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی (عەرەبی شەمۆ)یە، هەروەها (ڕەحیمی قازی) لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا، زۆر بە جوانی باسی خەباتی گەلی کورد دەکات.)) (محمود جاف،٢٠٠٤،ل٢٩)،واتا ڕۆمانی (پێشمەرگە) بەهۆی بابەت و کەسایەتیەکانییەوە لە نێو لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کوردیدا زۆرجار وەك یەکەمین ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت(د.کەمال مەزهەر) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((پێموایە (پێشمەرگە) بەیەکەم ڕۆمانی مێژوویی کوردی دابنرێت ، لەم ڕۆمانەدا زۆر بەجوانی ڕەحیمی قازی وێنەی ژیانی سەخت و خەیاڵی ڕەوای چەوساوانی کوردستانمان بۆ دەکێشێت))(مەزهەر ،١٩٨٣،ل٢١٥) ،بەم جۆرە ڕۆمانی مێژوویی بوو بە خاوەن پێگەی تایبەتی خۆی لە نێو ئەدەبی کوردیدا ،لە زۆر بەرهەمی دیکەیشدا ،ئەگەر ڕۆمانەکە بە تەواوی نەچێتەخانەی ڕۆمانی مێژوویەوە ئەوە بێگومان بەشێك لە مێژووی گێڕاوەتەوە وئاماژەی پێداوە،لەوانەش ((ئەژدیها ، تۆڵە ،سەگوڕ، هەرەس ی محەمەدی موکری)) (محمود جاف،٢٠٠٤،ل٢٩)بەڵام جگە لەوەش بۆچوونی جیاواز هەیە لەمەڕ دیاریکردنی بنەماکانی ڕۆمانی مێژوویی .لەم بارەیەوە (د.هاشم ئەحمەد زادە) هەیە،کەپێی وایە کورد خاوەنی ڕۆمانی مێژووی نییە ،بەڵکو ئەو ڕۆمانانەی بە ڕۆمانی مێژووی دا ئەنرێن و خراونەتە ئەو قاڵبەوە،ئەوا ڕۆمانی مێژووی نین بەڵکو تەنها ڕۆمانی سیاسین هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ((نەبوونی کەسایەتییە مێژوویەکان لە ڕۆمانی کوردیدا و ئافراندنەوەی مێژووی کۆن هاوئاهەنگیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و لێڵبونی ئاسۆکانی))(ئەحمەد زادە،٢٠١٢،ل٣٢٦) لێرەوە تێدەگەین کە لە سەر جیاوازی لە بنەماکانی ڕۆمانی مێژووی لای توێژەران ئەوا جیاوازی دەکەوێتە نێوان ئەو ڕۆمانانەیش کە بە ڕۆمانی مێژوویی دیاری دەکرێن.چونکە هەندێکجار ڕۆماننووس بە تەنها باسکرد لە کەسایەتییەکی مێژووی یان ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە لە جوڵانەوەیەکی سیاسی یان ڕۆشنبیری یان کۆمەڵایەتی دەکات، یان هەندێکجار ڕۆماننوسی مێژووی لەبری کەسایەتی مێژووی باس لەڕووداوێکی مێژووی دەکات بە بێ باسکردن لەڕۆڵی کەسایەتیەکی دیاری کراو بکات لەو ڕووداوەدا. بۆنمونە ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا، کە باس لە کارەساتی تراژیدی ئەنفال دەکات،بە شێوەیکی هونەری و ئەدەبی بەرز باس لەو کارەساتە مێژوویە دەکات کە بە ڕووداوێکی لە بیرنەکراوی مێژووی گەلی کورد دا دەنرێت.((شاری مۆسیقارە سپییەکان لە دوای نیشتنەوەی تۆز و خۆڵی جێ پێی کەسایەتیە خایەڵییەکانی نووسەرەوە ڕووخساری مێژووی دەناسرێتەوە تاشەبەردی قورسی ئەنفال ،فلوتی منالێکی زامدار بەناوەندی ڕۆماندا تلۆر دەکاتەوە)) (سەعید ،٢٠٠٨،ل٧٣) ئەم ڕۆمانە بە دورودرێژی باس لە پرۆسەیەکی مێژووی دەکات بە بێ ئەوی ناوی کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەو ڕووداوەبهێنێت ،بەڵکو لە لایەن نووسەرەوە لە ڕێگەی کەسایەتیە خەیاڵیەکانەوە باس لە ڕووداوەکان دەکات .((ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان فەزای ڕەی ساڵانی ئەنفال بەجوانی وێنا دەکات، دیسانیش نە جەلادەتی کۆتر نە عەلی شەرەفیار و نە دالیا هیچیان کەسایەتی مێژووی نین)) (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢،ل٣٢٥)واتە ڕۆمانی کوردی گێڕەرەوەی مێژووی گەلەکەیەتی ،ئەگەرچی بەشێوەی ڕاستەوخۆش ناوی کەسایەتیەکانی نێو ئەو مێژووەی نەهێنابێت،بەڵام هەر هەڵگری توخم و ئەدگارەکانی ڕۆمانی مێژوویی بووە،چونکە هەمیشە ویستویەتی لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانانەوە هەم مێژوو بگێڕێتەوە ،هەم بیکات بە وانە و ئامۆژگاری بۆ ئێستا و داهاتویش ،کە ئەوەش خۆی لە ئامانجەکانی ڕۆمانی مێژوویدا دەبینێتەوە.

بەشی دووەم : کەسێتی مێژوویی لە ڕۆمانی (میرنامە) و (سێ هەنگاو و سێدارەیەک)دا :

تەوەری یەکەم / ڕۆمانی (میرنامە) وەك ڕۆمانێکی مێژوویی :

ڕۆمانی (میرنامە)کە بە ڕۆمانێکی مێژوویی دائەنرێت ،باس لەکەسایەتی (ئەحمەدی خانی) ئەکات،کاتی ڕووداوەکان لە نێوان ساڵانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧ ز)کە هاوکاتە لەگەڵ کاتی لەدایکبوون تا مردنی خانی .بەڵام ڕۆمانەکە لەکاتی مردنی خانییەوە دەست پێدەکات ،کەبەشێوەیەکی گشتی پانۆرامای ڕووداوەکان لەسەر (٢٣) حەڵقە دارێژراوە ،ئەمەش وادەکات کەخوێنەر بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە،لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆمانەکە بە شێوازێکی هونەری جوان و سەرنجراکێش نووسراوە هەروەها زمانێکی سادەو ڕەوانی تێدا بەکارهاتووە،چونکە نووسەر ڕۆمانەکە(جان دۆست) خۆی شاعیرە ،بەهۆی ئەو پاشخانە هونەری و ئەدەبییە دەوڵەمەندەی کەهەیەتی توانیویەتی چەندین وێنەی هونەر جوان بخولقێنێت ،کە چێژێکی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشیووە.

لەڕووی ناوەڕۆك وپەیامەوە ،ڕۆمانەکە لەچەندین بابەت دوواوە ،هاوشێوەی کۆشکێکە کە هەر پەنجەرەیەکی بەسەر دیمەنێکدا بڕوانێت ،بۆ نموونە بابەتەکانی وەك (سۆفی و سۆفیگەی) واتا پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخودا،یان بابەتی (ئاین) کە خانی نایەوێت بەهۆی ئاینەوە میللەتەکی بەژێردەستەی بژی و سوڵتانەکانی عوسمانی وەك نوێنەری خودا قبوڵ نییە،دەیەوێت خەڵك لەوبارەیەوە هۆشیار بکاتەوە.یاخود بابەتی ناکۆکی نێوان (میر و میرنشینە کوردیەکان) کە وەك نەخۆشییەکی درێژخایەن لە نێو جەستەی گەلی کورددا بڵاوبووەتەوە ،هەمیشە هۆکاری سەرەکی بە هیلاکداچوون و نا ئاسوودەی گەلی کورد بووە.واتا بەگشتی ناوەڕۆکەکەی هەڵگری خەمی نەتەوەیی کوردە هەوڵدانە بۆ یەکریزی و شۆڕشکردنە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆی ،نەوەك قبوڵکردنی دەسەڵاتی والی و سوڵتانە عوسمانییەکان بەناوی دین و دەوڵەتەوە .کەواتە خانی وەك مەلایەکی ئاینی و وەك ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر و کەسێکی نەتەوەپەروەر وەك چۆن لە ژیانی واقیعدا هەبووە لەم ڕۆمانەدا باسکراوە،کەبێگومان هاوشان بووە لەگەڵ تێکەڵکردنی لەگەڵ فەنتازیا و خەیاڵێکی بەرزی ئەدەبی .ڕۆماننووس هەوڵیداوە کە لەچوارچێوەی ڕۆمانێکی مێژوویدا ،تەوزیفی کەسایەتی (ئەحمەدی خانی) بکات.

ڕۆڵی کەسێتی مێژوویی (ئەحمەدی خانی)

ئەم کەسێتییە کە هاوبەشە لەنێوان کەسایەتیەکی نەتەوەیی و ئەدەبیدا ،کە دەتوانرێت لە چەندین ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت وەك کەسایەتیەکی مێژووی،یەکێك لەولایەنانە ،لایەنی (نەتەوەییە) کە(ئەحمەدی خانی) تەنها بەبیرە نەتەوەییەکەی توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز لە نێوو مێژووی ئەدەبی کوردیدا بۆخۆی دابین بکات.جگە لەوەش هەوڵوتێکۆشانەکانی بۆ نووسینەوەی ئەدەبی کوردی وە گۆڕینی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و سەرزاریی خەڵکەوە بۆ ئەدەبی نووسراو،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین بەرهەمی ناوازە لەدوای خۆی جێبهێڵێت،لەوانەش دیارترینیان (مەم و زین)ە واتا بەشێوەیەکی گشتی باسکردن لە (ئەحمەدی خانی) یەکسانە ،بە باسکردن لە نیشتیمانپەروەری و بیری نەتەوەیی ،چونکە ئەحمەدی خانی توانیویەتی لە داستانە شیعری (مەم و زین)دا ،لەژێر پەردەی باسکردنی ئەشقی نێوان مەم و زیندا باسی چەندین بابەتی دیکەی وەك نەتەوەپەروەری و یەکگرتنی گەلی کورد و سوودوەرگرتن لەئاین بۆ خزمەتی نەتەوە ... هتد.لەم ڕۆمانەدا(میرنامە)(جان دۆست)ی ڕۆماننووس لەڕێگەی گێڕەرەوەکانەوە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە (ئەحمەدی خانی) دەخاتە ڕوو،دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکە بەجۆرێك دەستپێدەکات کە خوێنەر تامەزرۆی زووتر تێپەڕبوونی ڕووپەڕەکان دەکات بۆ زانینی زانیاری زیاتر لەهەمبەر ڕووداوەکانی دوای ئەوە یان هەر خودی ئەو ڕووداوەی کە لە لاپەڕەکانی سەرەتادا ڕوو دەدات وەك (مردنی خانی ،سوکی تەرمەکی ، بارانی ڕەش یان مەرەکەب،تەڕنەبوونی کفنەکە ...هتد) ئەم نهێنیانە هەمووی دەبێت بە گرێ لای خوێنەر دەیەوێت بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت کە کەسێتیەکانی ناو ئەو ڕۆمانە هەیانە.سەرەڕای ئەوەیش باس لە بەهێزی کەسێتی خانی دەکات کە چۆن لەلایەن میر و دەسەڵاتدارانی ئەوسەردەمەوە ،بەڵام ئەم خۆی لێ بەدوورگرتوون تەنها داوای مافی نەتەوەکەی لێکردوون ،بڕیاری داوە تا جێبەجێکردنی داواکارییەکانی نەچێتە دیوەخان و بارەگاکانیان .واتە لەم ڕۆمانەدا زۆربەی تایبەتمەندنیەکانی کەسێتی مێژوویی لە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەسێتی خانیدا بەدی دەکرێت،بەجۆرێك کەم ڕۆماننووسی کورد هەیە بتوانێت بەوجۆرە مێژووی شاعیر یان سەرکردە و ناودارانی کورد لە چوارچێوەی ژانرێکی ئەدەبی وەك ڕۆماندا جێگەبکاتەوە.

کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی میرنامە دا :

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا (ئەحمەدی خانی) پاڵەوانی ڕۆمانی (میرنامە)یە و ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی دەگێڕێت ،بەڵام پاڵەوانێك کەزیاتر لەلایەن چەندگێڕەرەوەیەکی جیاوازەوە وەسف دەکرێت و بەشی زۆری ژیانی دێتە گێڕانەوە،ئیدی هەر گێڕەرەوەیەك و بە پێی ئەو بوارەی کە بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ خانیدا و هەریەکەو لەڕوانگەیەکەوە باسی دەکات ،بەڵام بەگشتی و باسەکە لای سەرجەم گێڕەرەوەکان باسی گەورەیی ونەفس بەرزی خانی و ڕۆشنبیری و خەمخۆری بۆ گەل و یەکڕیزیی کوردانە یاخود باس لە ئەو دیدە عاریفانەی خانی دەکەن ،کە لەمەڕ بابەتی عەشق و خۆشەویستی هەیبووە،بەم جۆرە بە نزیکەیی سەرتاپای ژیانی خانی وەك کەسێتییەکی سەرەکی خراوەتە ڕوو هەر لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا دەگاتە ڕۆژی مردن و کاتی ناشتنەکەی ،کە لەسەر زاری (سەڵاحەدینی سەحاف) بەم جۆە باسی کاتی لە دایکبوونەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵیت ((مەلا ئەلیاس کوڕەکەی خۆی لە ئامێز گرتووە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە بارانەکە و گوتی : لە قورئاندا باران مانای خێردێت هەروەها بە مانا بەدیۆمیش دێت ،لەبەر ئەوە ئەم کوڕەی من یان دەبێتە کەسێکی مەزن ،یانیش بەڵا و چورتمێکی گەورەی بەسەردا دێت. ئەوە بوو ناوی ئەحمەدی لێ نا .))(دۆست ،٢٠١٧،ل ١٧٠)هەرچەندە لێرەدا ئاماژە بە کاتی لە دایکبوونەکەی نەکراوە بەڵام ڕۆماننووس زۆر لێهاتوانە ئەم سەرەتای لە دایکبوونەی بەچەند هۆکارێك دەبەستێتەوە بە کۆتای ژیانی خانی و سەرەتای دەستپێکی ڕۆمانەکە ،کە ئەویش ((سوبحانەڵلا !ئەو ڕۆژەی خانیی کوڕی گوڵینگاری کچی قەرەخان بەگی پسیانی هاتە دنیاوە ،بە هەمان شێوە باران بوو ،باوکی ڕەحمەتیم بەم ئاواییە دەیگێڕایەوە و دەیگوت : دەمێ لەکەتانی سپیان پێچا و قوماتیان کرد هەڵیانگرت و بۆ حوجرەکەی باوکیان برد تاکو مزگێنی بدەنێ ،ئەویش بچرپێنێتە گوێی کوڕەکەیە و ناوی لێ بنێ،کەچی قوماتەکە تەڕ نەبوو بوو ،هەموو ئەوانەی لەوێ بوون سەراسیمە بوون ،ئەوەی بینیان بۆ باوکی خانیان گێڕایەوە)) (دۆست ،٢٠١٧،ل ١٧٠) تەڕنەبوونی ئەو پارچە پەڕۆیەی کە خانی لێپێچراوە هاوشێوەی کفنەکەی تەڕنابێت ،هەروەها لە هەردوو کاتەکەیشدا بارانی بە خوڕ دەبارێت ،کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتووی ڕۆماننوس لە بواری گرنگیدانی بە پلۆت لە ڕۆمانەکەدا،کە ڕێگە بە هیچ ڕووداوێك نادات ،کە بەبێ هۆ ڕووبدات. پاشان ڕۆماننوس باس لە قۆناغێکی دیکەی ئەم کەسێتیە سەرەکییە دەکات ،کە ئەویش قۆناغی هەرزەکاری و سەرەتای عاشقبوون و ئاشنابوونە بەو جیهانە جیاوازەی کەلە کۆتایدا خانی کرد با عاریفێك و هەمووشتێکی لە پێناو ئەم خۆشەویستیەدا کردە قوربانی ،کە ئەویش خۆشەویستی (شەنگێ)بوو.کە بەجۆرێك سەرتاپا بیر و هۆشی خانی داگیرکردبوو ،دەنگوباسی خۆشەویستیەکەیان بەجۆرێك بڵاوبوویەوە کە هەمووکەس لە بایەزید دەیزانی کە سەرچاوە و ئیلهامی شیعرەکانی (خانی) دەگەڕێتەوەی بۆ عەشق و خۆشەویستی ئەو کیژەی ناوی (شەنگێ)یەلە ڕۆمانەکەدا باسکردن لەم خۆشەویستیە ئاوێزانە بە باسکرن لە کێشەی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا ،کەئەویش لەبەرچاو نەگرتنی خواستی کچەکە بووە ،بەڵکو ئەوە باوکی کچەکە بووە بڕیاری دەربووە نەك خودی کچەکە هەر بۆیە (شەنگێ) شوو بە پیاوێکی بەتەمەن دەکات ،بەزۆرلێکردنی باوکی ،تەنها لەبەر ئەوەی خانی لەخێزانێکی دەوڵمەند نەبووە ،باوکی شەنگێ ڕێی پێنەداوە کە شووی پێ بکات.بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی کەخانی بەتەواوی گۆشەگیر و بێچارە بکات، ((ئەوینی ڕاستەقینە ئەوەیە تۆ لە ناو کڵپەی ئاگری خۆشەویستیدابیت ،بێ ئەوەی ئاە بکەیت و دەنگت لێوەبێت ،بە ئارامی بمێنیتەوە،نەك وەك عەشقە شێتەکان ئاهوزارت بێت و بکورژێیتەوە))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٣٩)واتە خانی ئەم ئەوینەی وەك هۆکارێك بۆ بەردوامی ژیان و وزەی مانەوەی خۆی سەیرکردووە نەك هۆکارێك بۆ لاوازی و بێهێز دەرکەوتن،بەڵام سەرەڕای ئەوەش خانی وەك پاڵەوانێکی مەیدانی عیشق و ئەڤینداری ناوی خۆی بە بەرزی دەهێڵێتەوە ،خۆی وەك ئەو پەپولە دێتە بەرچاو،کە لە پێناو گەشتن بە تیشکی مۆم ئامادەی گیان بەخشینە((کابەی ئەوینی پەروانە مۆمە،سەماکردنەکەیشی تەوافە ،تاوەکو گیانیش دەبەخشێت بەدەوریدا دەخولێتەوە...بۆ سی ساڵ دەچێت پەروانەی دڵی من لە کوانوی ئەوینیدا دەسوتێ و لەژەنگی دنیا پاك دەبێتەوە))(دۆست،٢٠١٧،ل١٣٩)

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین (شەنگ) وەك كارەكتەرێكی لاوەكی كاریگەری زۆری هەیە بەسەر كارەكتەری سەرەكییەوە،بەشێكی زۆری بیركردنەوە ڕەفتارەكانی پاڵەوانی ڕۆمانەكەدەگۆڕێت .

لایەنێكی دیكە كەسێتی سەرەكی وەك كەسێتییەكی مێژوویی ،لایەنی عیرفانی وبەهێزی پەیوەندیەتی لەگەڵ خودادا ،خۆی لە دونیای فانی بە دورگرتووە،و باوەشی بە دونیا نەكردووە بەڵكو هەمیشە هەوڵیداوە پەرە بەو عیشقە بدات كە بەرامبەر خودا هەیەتی ((شوشتنی دڵان بە فرمێسك دەبێت ئەوی نەگریت لە دڵیدا ئەستورتر دەبێت ،ئەو دڵەی نوێژی پاقژ دەخوازێت ،دەبێت بەئاوی چاوان دەستنوێژ هەڵگرێت نەك بە ئاوی جۆگەلە))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٣٩)هەر بۆیە كەسێتی سەرەكی لەم ڕۆمانەدا هێندەی گرنگی بەلایەنی ناخ و دەروون و ناوەوەی مرۆڤ دەدات ،هێندە روكەش وڕووخساری مرۆڤ و شتەكانی دەوروبەری جێگەی بایەخی نەبووە.لەبەر ئەوە پێیوایە خوداپەرستی تەنها بە رووكەشنابێت ،بەڵكو دەبێت لە ناوەوە و لە ناخەوەهەست بەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و خودا بكات .دەبێت بە فرمێسك دەستنوێژبگرێت نەك ئاوی جۆگەلە.كە ئەوەش دوا پلەی عیرفانیەتە.

سەبارەت بەمامەڵەی كارەكتەری سەرەكی لەگەڵ كارەكتەرەكانی چواردەوری ،دەردەكەوێت كە خانی وەك كارەكتەری سەرەكییە مامەڵەی وەك كەسێكی ڕۆشنبیر و پیاوچاكێكی تێگەیشتوو لە دین و دنیا لەگەڵ چواردەورەكەی كردووە.بۆ نمونە كەسێتیەكی وەك (تەیموری فاسق)كە ،وەك ڕەهەندی كەسێتی ،كەسێتییەكی مەشروب خۆر و نەویستراوە لە نێو كۆمەڵگەدا،بەڵام خانی وەك كەسێكی ئاسای وخۆشەویستی خۆی ئامادەیە گوێی لێبگرێت ، وەك حەكیمێك وەڵامی ئەو كەسانەیش دەداتەوە كە پێیان وایە خانی كارێكی خراپ دەكات ،كە ئەو لەو پێگەیەدایەو بەوجۆرە ڕێگە بەسەردانیكردنی (تەیموری فاسق)دەدات بۆلای و دەڵێت ((ئەگەر یەكێكتان ویستی پێڵاوەكانی چاكبكاتەوە نایباتە لای پینە دۆز ؟ ئەگەر یەكێكتان نەخۆش كەت ناچێتە لای لوقمان ؟ ئەمەش حاڵی تەیموورە.ئەگەر نەیەتە جقاتی من و گوێ لەئامۆژگارییەكان نەگرێت ،كێ لەئێوەدەچێتە لای بۆ مەیخانە ،تاكو ڕێگەی ڕاستی پێنیشان بدات ؟))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٤٠) واتە خانی نەیویستووە وەك بەشێك لە مەلاكانی ئەوسەردەمە تەنها ئەو فەقێیانە بێنە كۆڕەكەیەوە ،كە بە بێدەنگی و بەئەدەبەوە لەبەردەمی دادەنیشتن ،بەڵكوئەم وەك كەسێكی زۆر خاكی و سادە خۆی زۆرجار داوای لە تەیمور دەكرد قسەی بۆ بكات .بێگومان ئەم خۆبەكەم زانینەی (خانی) تەنها بەرامبەر خەڵكی ئاسایی و هەژاربوو،ئەگینا بە پێچەوانە بەرامبەر دەسەڵاتداران و میرەكان خۆی لە زۆر لە ئەوان پێ گەورەتربووە ،تەنانەت ڕەخنەی لە لە مەلای جەزیری گرتووە،كە لە دیوانی میرەكاندا بووە و ستایشی كردون ((ئەز مەلای جەزیری سووچدار دەبینم كە مەتح و ستایشی دەكات ،داوای مردن بۆ نەیارانی دەكات ! زانا و شاعیر نابنە لایەنگیری ستەمكار ، ئەو ئەگەر نزیكیان بووەوە دەبێت ئامۆژگاریان بكات .نەك ببێتە كۆیلەی بەردەرگایان و لەكۆشكەكانیاندا غوڵامیان بۆ بكات،یا ببێتە مەیتەری ئەسپەكانیان))(دۆست ،٢٠١٧،ل ١٥٩) كارەكتەری سەرەكی لەم ڕۆمانەدا وەك كەسێكی مێژووی ڕەخنە لە كارەكتەرێكی دیكەی مێژووی دەگرێت ،كە ئەویش (مەلای جزیری) یە، ئەم دووكەسێتیە مێژوویە هەردوو خاوەن پێگە و سەنگی تایبەتن لە نێو مێژووی ئەدەبی و كوردیدا ،بەڵام خانی زۆر بە جوانی ڕەخنەكەی گرتووە و پێی وایە (مەلای جزیری) وەك مامۆستای ئەوە،دەڵێت ((- وای جزیری !ئەو چرای شەوی كوردستان و زەیتی قەندیلۆكەی ئاشقانە ،هەرگیز لێی زویر نابم.گلەیی وگازندەم لێ هەبوو ،بریا ئەو ستایشانەی نەكردایە،لەمەی بترازێ من هیچ ڕەخنەیەكم لێی نییە.ئەو مامۆستای هونەر و پێشەنگی ئاڵا هەڵگرانیەتی ،بە هۆنراوەكانی شان لە شانی حافزی شیرازی دەدا،من كێم هەتا لێی زویربم ؟))(دۆست،٢٠١٧،ل١٦١) ئەم ڕەخنە و لە خۆبردوویەی خانی زۆر كارێكی گەورە و جێگەی بایەخە ،چونكە وەك دیارە ڕەخنەكەی لە خودی خۆی نەبووە بەڵكو لەچەند بەرهەمێكی شیعری بووە،واتە ڕەخنەكەی دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی بابەتییەوە نەك ڕەخنەی خودی و كەسییەوە. خانی خۆی لە دیوانی میرەكاندا ژیاوە و ڕاوێژكاریان بووە،بەڵام هەرگیز نەیهێشتووە ئەمەببێتە هۆی ئەوەی كەبەكەم سەیربكرێت یاخود لە چەوتی و خواریەكانیان بێدەنگبێت ،ئەوەیشی وەك ڕێزێك بۆ كەسێتی و پێگەی خۆی سەیركردووە ((كاركردنم لە دیوان مانای پشتگیریكردن نییە لێیان ،ئەگەر زوڵم بكەن لێیان بێدەنگ نابم ،من ڕاوێژكاریانم نەك كۆیلەی بەر دەرگایان ، تائێستا هۆزانێكم بۆستایش وپیاهەڵدانی هیچ یەكێك لەوان نەنووسیووە،لەپێناو كورددا چیم لەدەستبێت دەیكەم...من بێدەنگ نامێنم ئەركی زانایانە ئەگەر سەریشیان

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تێدا بچێت ڕاستی بڵێن و بە ڕووی میراندا بوەستنەوە))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٦٢) واتە خانی وەك كەسێتییەكی سەرەكی بەهێز دەردەكەوێت لە ڕۆمانەكەدا،ئەم بەهێزیەیشی دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابەخۆبوونی لەسەر داوا ڕەواكانی ،چونكە دواكارییەكانی شەخسی نەبوون بەڵكو بۆ خزمەتی گەلی كورد و خودی میرەفەرمان ڕەواكانی ئەو سەردەمەیش بووە. واتە دەكرێت ڕۆڵی ئەم كەسێتیە جگە لەوەی وەك شاعیرێك یان مەلایەكی دینی و عاریفێك،دەكرێت وەك كەسێتیەكی نیشتیمانی و ڕێنمایكەرێكی میرە فەرمانڕەواكانی ئەوسەردەمە سەیربكرێت ،هەروەها هەوڵی دەرخستن و گەشەپێدانی زمانی كوردی داوە،هەرچەندە لەو سەردەمەدا نووسین بەزمانی كوردی قەدەغەبووە،بەڵام خانی زانیویەتی كە خۆشەویستی و گەشەسەندنی زمانی كوردی دەبێتە هۆی زیاتر گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی.هەروەها هەمیشە ئامۆژگاری میرە كوردەكانی كردووە،كەیەكبگرن ودژی داگیركەر بجەنگن ،نەك سیقە ومتمانە بە توركان بكەن ((چەند جارم بە میر گوت باوەڕ بەتوركان مەكە،چەندجارم پێ گوت لەسەر ڕێگەی میر محەمەدی میری سەرحەدان بڕۆ ،دەست لێ ناو دەستی ،بەگوێی نەكردم ئەوەتا بەچاوی خۆتان بینیتان چی بەسەر هات !!!))(دۆست ،٢٠١٧،ل ١٦٣)ئەم ئامۆژگاریانەی خانی ڕۆڵ و پێگەی ئەو دەدەخەن ،كە لەو سەردەمەدا توانیویەتی زۆر ڕاشكاوانە بۆچوونەكانی بە میرەكان بڵێت .كەئەوەش نیشانەی بەهێزی كەسێتی خانی دەردەخات .بەڵام خانی كاتێك دەزانێت ئیدی ڕاوێژەكانی نابنە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی میرەكان بڕیاری دوركەوتنەوەیان لێدەدات و ئیدی دوای چەندین داواكاری میر ،ناگەڕێتەوە بۆ دیوانی میر بەڵام پێیان دەڵێت ،ئەنجامی ئەم یەك نەگرتنەتان لە ناوچوونی خۆتانە ((ئاگر گەیشتە جێی میراتیش.ئێوەش ئەی میرەكان پەند وەرناگرن و دەبنە براكوشتەی یەكدی .ئاسودەیی خەڵكتان بەلاوە گرنگ نییە ،بەڵكو ئەوە گرنگە هەر یەكەتان بە پشتیوانی توركان چەقۆ لە ملی یەكتر بسوون،مزگێنیتان دەدەمێ بەم زوانە خۆری دەوڵەتتان بەرەو ئاوابوون دەچێت.))(دۆست ، ٢٠١٧،ل١٦٤) واتە خانی وەك ڕاوێژكارێك و خەمخۆرێكی نەتەوەكەی كاریكردووە نەك تەنها،قسەی خۆی بكات و گوێ بە دەرئەنجامی ڕوایژەكانی نەكات ، چونكە ئەمیش خۆی لەئاستی بەرپرسیارێتیەكی گەورەدا دەبینێتەوە ،خۆی هیچ پێ كەمتر نییە ،لە میر و دەسەڵاتدارنی ناو كۆشكەكەكان،بگرە خۆی پێ زیاتریشە لەئەوان .((ئەو فەرمان ڕەوایە ،بەڵێ: منیش زانام ،من دەنگی ئەو خەڵكەم،ئەگەر میر گوێ لەو دەنگە نەگرێت ئەوا دەبێتە فیرعەونێكی نوێ،ئەو زانایەنی خودای خۆیان دەناسن ،سڵ لە میران ناكەنەوە))(دۆست،٢٠١٧،ل١٦٥)خان وەك كەسێتییەكی سەرەكی لەم ڕۆمانەدا،كاریگەری لەسەر زۆرینەی كارەكتەرەكانی دیكە هەیە،چ لە هەڵسوكەوتی ڕۆژانەدابێت یان شێوازی بیركردنەوە تێگەیشتنیانبێت دەربارەی شتەكانی دەوروبەر ،چونكە ئەوسەرەمی خانی تێدا ژیاوە ڕرماننووس لە ڕێگەی یەكێك لەكارەكتەرەكانەوە ئەوەدەگێڕێتەوە كە لەو سەردەمدا كە ژیانی كەسێكی نالْبەند ،لە ژیانی شاعیرێك یان نووسەرێك باشترە.ئەمەش بووە بە جێگەی داخ وپەژارە لای خانی ((وڵاتێك نالْی كەری لەكتێب زیاتر تێدا بفرۆشرێت،ئەوەشارێكە تووك ونەفرەتی خوا لێی داوە،دەبێت خەڵكەكەی ناڵ بكرێ، نەك سمی گوێدرێژەكان))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٧٧) واتە ڕەخنەی خانی تەنها لە دەسەڵاتداران نەبووە،بەڵكو ڕووی دەمی لە خەڵكی بووە بەشێوەیەكی گشتی ،كە خەڵكی ئەو سەردەمە بایەخێكی ئەوتۆیان نەداوە بە بواری ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندنەوە،بەڵام سەرەڕأی ئەوەیش كاریگەری كەسێی خانی و كتێبەكەی (مەم و زین) سنوری ناوچەكەی خۆی و ناو كوردانی بڕیبوو بە جۆرێك لەلایەن سوڵتانی عوسمانی وپاشای سەفەویەكانەوە داوای بێدەنگ كردنی خانی و لەناوبردنی كتێبەكەیان دەكرد((دانەیەك لە كتێبەكەی كەوتبووە دەست پاشای وان و خانی تەورێزیش زانیاری لەسەر هەبووە.هەردووكیان هەڕەشەیان لە میری دانامان دەكر و چاویان لێ سوردەكردەوە،هەردووكیان پەیكی خۆیان بۆلای ناردو گوتیان :ئەم شێخەی ناوی خانییە ،پیاوێكی مەترسیدارە ، كتێبەكەیشی ڕەشمارێكە و لەناو خەڵكیدا ئەم دەست و ئەو دەست دەكات ، بۆ پاراستنی تەناهی و ئارامی دەوڵەتی عوسمانی و مەملەكەتی سەفەوی ، دەبێت چارەیەكی بكرێت))(دۆست ،٢٠١٧،ل ٩٢) ئەوەش نیشانەی بەهێزی و كاریگەری خانی و نووسینەكانی بووە بەتایبەتی (مەم و زین)كە سوڵتانی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی سەفەوی لەو پەیام و مەبەستە تێگەیشتن كە خانی هەیەتی و ترسیان لەوە هەبوو ئەگەر ڕۆژێك خەڵكی بەدلیس لەم پەیامە تێبگات و ئەگەر دەسەڵاتدار و میرە كوردەكان لە گرنگی و گەورەی مەبەست و ئامانجی خانی تێگەیشتن ،ئەوكاتە چی سەرئێشەیەك بۆ ئەوان درووست دەبێت ،ئەوكاتە چۆن هەموان پێكەوە داوای ئازادی و سەربەخۆیی ومافی نەتەوەیی خۆیان دەكەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەمەنی خانی بەپایان گەیشت ئەومەترسیەی

ئەوان وەڕاست نەگەڕا،واتاهەرگیز نەخەڵکی و نە میرەکان تێنەگەشت خانی شینی چی دەکات،لەبەر ئەوە خانی لە کۆتای تەمەنیدا وەك پاڵەوانێك بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ،وەك کەسێتییەك کە هەستبکات ئەوەی ئەرکی سەرشانی بووە ،بەجێیهێناوە و ئەوەی ماوەتەوە جێبەجێکردنیەتی لەلایەن میر و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە،گوتی ((من قسەی خۆم کرد ،ئیدی لەسەر کورد و میرانیەتی لێم بگەن ،من تەمەنێکیتر لە پەروەردگار ناخوازم ،لێ ئەگەر جارێکیتر بێمەوە سەر ئەم دنیایە،هەمان ئاخاوتنی خۆم دووبارەدەکەمەوە ،تاکو دووبەرەکی و براکوژی لەنێوان کورداندا بمێنێ ،هەتا شەڕ و بێخاوەنی و ستەم و ژێردەستەیی بمێنێت، من هەمان ئەو قسانە دەکەمەوە))(دۆست ،٢٠١٧،ل١٨٠) واتە خانی وەك ئەو مەلا ئاینیەی کە ڕێنماییە ئاینییەکان دەگەیەنێتە گوێگران و پەیڕەوکەرانی بەڵام مەسولیەتی جێبەجێکردنی ناگرێتە ئەستۆ ،بەڵام بێگومان هەموو ڕێنماییەکانی لەبەرژەوەندی خەڵك و دەسەڵاتداران و نەتەوەکەی بووە،بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانیی خانی بووە ،کە ئامۆژگاریەکانی بە فیڕۆچوون ،بۆیە لەسەرەمەرگدا خانی بەوپەڕی ئاە و حەسرەتەوە دەڵێت ((نە میر ونە ڕەشە خەڵکەکەی بایەزید و دەوروبەریشی گوێیان بۆ ئامۆژگاریەکانەم ڕادێرا))(دۆست ، ٢٠١٧،ل١٨٠)واتە خانی وەك کەسێتییەکی مێژووی ئاوات و ئامانجی تەنها پێشخستنی دەسەڵاتداران و میرەکان نەبووە ،بەڵکو ڕووی دەمی لە خەڵکی ئاسایی بووە بە شێوەیەکی گشتی .کەواتە کەسێتی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا تەنها پەیوەست نەبووە بەو ڕووداوانەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی کەسی خۆی هەبووە ،بەڵکو هەوڵی باشکردن و بەرەوپێشبردنی ژیانی هەموو خەڵکی ناوچەکەو کوردان بووە بەگشتی ،کە ئەوەش تایبەتمەندی ئەو کەسێتیانەیە ،کە بەکەسێتی مێژووی دادەنرێن .

تەوەری دووەم / کەسێتی مێژوویی لە ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەك دا :

ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەك دەربارەی شەوی لە سێدارەدانی (شێخ سەعیدی پیران)ە،کە نووسەری ڕۆمانەکە هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە ،خوێنەر تووشی تێڕامانێك دەکات وخوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا دەکرێت ڕۆمانێك بنووسرێت تەنها لە سەر ڕۆشتنی سێهەنگا و تا دەگات بە سێدارەیەك؟؟ بەڵام پاش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی یەکەمین لاپەڕەدا تێدەگات جگە لە سێ هەنگا و ئەم ڕۆمانە چەندین باس و ڕووداوی دیکەی لە خۆ گرتووە،وەك بابەتی خۆشەویستیەکی پاکی گەنجانە بۆ کچە شۆخێك بە ناوی (پەریخان) و خۆشەویستیەکی عاریفانە بۆ خودا ،کە تا خانکاندنیشی شێخ ڕووی نەهات سەر بەرزبکاتەوە و پرسیارەکەی لە خودا بکات،هەروەها خوێنەر تێدەگات ،کەئەم سێهەنگاوە هاوتایە لەگەڵ سێ قۆناغ لە ژیانی شێخ سەعیدی پیراندا ،واتە بە گشتی فەزای ڕۆمانەکە باس لە ڕابردوو دەکات ،کە ڕۆماننووس لە ژێرناوی سێ هەنگاودا بە وردی ئاوڕ لە سێ قۆناغی ژیانی شێخ سەعید داوەتەوە،کە شێخ سەعید خۆی هەم کەسێتی سەرەکی و پاڵەوان و گێڕەرەوەی هەمووشتزانی نێو ڕۆمانەکەیە،کە سەرەتاکانی قۆناغەکان بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

هەنگاوی یەکەم گوزارشتە لە قۆناغی یەکەم یان قۆناغی سەرەتای ژیانی شێخ هەر لە منداڵی و شێوازی خوێندن و هاوڕێیەتی فەقێکانی هاوڕێی تا دەگاتە ئەوەی کە وردە وردە دەبێتەگەنجێکی تازە هەڵچوو،ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کچێك دەبینێت لە ماڵی خۆیاندا ،زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت و ئاشقی دەبێت،کە ناوی (پەریخانە) کچی هاوڕێیەکی باوکییەتی ،بەئاوارەی هاتووەتە ماڵی شێخ سەعید،بەڵام ئەشق و خۆشەویستیەکەیان درێژە ناکێشێت و پاش ئەوەی شێخ ڕۆژێك دەگەڕێتەوە داوای جامێك ئاو لە پەریخان دەکات،پەریخان دەکەوێتە ناو بیرەکەوە و دەخنکێت،شێخ بەو هۆیەوە تا لە سێدارەدانی ئەم دیمەنەی لەبەرچاو لانەچوو ،تینوێتی بەردەم پەتی سێدارەی بۆ ئەوکاتەدەگەڕاندەوە. هەنگاوی دووەم،وەك قۆناغی دووەمی ژیانی دێتە باسکردن ،لەم هەنگاوەدا شێخ دەکەوێتە یادی ئەو سەردەمەی کە هەوڵی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی بەرفراون لەگەڵ شێخ و مەلا و کەسایەتیە کوردەکان دەدا ، بە کۆمەڵێك خەون و خولیاو ئامانجی گەرەوە دەستی پێکرد ،دژی دەسەڵاتی داگیرکەری تورك ،کە شێخ ئامانجی دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بوو بۆ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان ،بەڵام بەداخەوە ئەم هەنگاوەیشی وەك هەنگاوی یەکەم

به دڵشکاوی و نامورادی کۆتایی هات

هەنگاوی سێیەم ،کە ئاوڕدانەوەیە لە کاتی دەستگیرکردن و کۆتای پێهێنانی شۆڕشکەی ، کە هاوشێوەی کۆتا هەنگاویەتی بۆ بەر پەتی سێدارە و دەزانێت ،ئیدی تەواو لە دنیای ڕۆشن ژیان بۆ ئەو کۆتای هاتووە،دەزانێت چیدی گەشتن بە خەون وئامانجەکانی تەنها خولیا و خەیالێکە .بەڵام لێرەدا هەست بەسەربەرزی و شکۆمەندی خۆی دەکات ، کە تەنانەت دوای مردنیشی نەوەکانی دووای خۆی ناوی ئەو بە ڕێزەوە دەهێنن و ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەو بۆ هەمیشە بە بەرزیی دەنرخێنن .

ئەم ڕۆمانە لەلایەنی هونەرییەوە ،دەتوانرێت بە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو لە خانەی ڕۆمانە مێژووییەکاندا دابنرێت.هەروەها دەتوانرێت بە ئەزمونێکی نوێ لە ڕۆمانی کوردیدا دابنرێت،چونکە لەم ڕۆمانەدا جگە لەگێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مێژووی وباسی چەند کارەکتەرێکی مێژووی ،لەهەمان کاتدا لایەنی تەکنیکی و هونەری فەرامۆشنەکراوە،خوێنەر هەست بەبوونی چەندین وێنەی هونەری نایاب دەکات بە درێژای ڕۆمانەکە،کە ئەوەش وا لە خوێنەر دەکات کە هەستبکات دیمەنەکان بەچاوی خۆی دەبینێت،یان وەك ئەوەی سەیری فیلمێکی سینەمای بکات وایە،کە هەر لەسەرەتاوە (شێخ سەعید)تەرمی هاورێکانی بەهەڵواسراوی بەپەتی سێدارەوە،بە هێشووە ترێ دەچوێنێت،و بۆنی گوریسی چەورکراو بە بۆنی دارچناری تازەپاککراو دادەنێت.هەروەها دەیان وبگرە سەدان وێنەی دیکەی هونەری تێدایە،جگە لەوەش بە زمانێکی زۆر ڕوون و ڕەوان نووسراوە ،خوێنەر هەست بە هیچ گرێ و نارەحەتییەك ناکات ،بەڵکو بەوپەڕی چێژەوە وەك ئەوەی پارچە پەخشانێك بخوێنێتەوە،هێندە سادە و ڕەوانە.ئەم ڕۆمانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە،مەبەست و پەیامێکی گەورە و گرنگی لە خۆیدا هەڵگرتووە.کە ئەویش هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی سەرکردە و شۆڕشگێڕ و شەهیدی نەتەوەیی (شێخ سەعیدی پیران)ە.نەك تەنها بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەی یادی ئەو سەرکردە مەزنە بەڵکو بۆ سوود وەرگرتن لەئەزموون و مامەڵەی ئەو لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەی میللەتی کورد خۆی.

بێگومان لەم ڕۆمانەدا سەرجەم تەکنیك وبنەماکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بەدی دەکرێت،وەك (کەسایەتی ،ڕووداو ،کات ، شوێن، تێم ،پلۆت ، دایلۆگ ،مەنەلۆگ ،فلاشباك، وەسف ،گێڕەرەوە...هتد)هەریەکە لەم بنەما و تەکنیکانە بەشێوەی هونەری بەرز و بەشێوەیەکی شیاو لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتووە.بەڵام وەك ئاشکرایە سەرجەم ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە زاری پاڵەوانەوە و لە شێوەی فلاشباکەوە دەگێڕدرێتەوە،کە پاڵەوانەکەلە دۆخێکی نۆستالۆژیادایە ،بەدەم بڕینی سێ هەنگاوەوە بۆ سەر تەختەی ژێر پەتی سێدارەکە،ئەم ڕووداوانەی دێتەوە بەرچاوبەشێوەیەکی ئەندێشەئامێز دەیگێڕێتەوە،جار جاریش لەباسی(ئەو دوو پۆلیسەی کە هەردوو قۆڵیان گرتبوو یاخود ئەو دەنکە زیخەی لەنێو پێلاوەکانیدایە،یان ئەو تینوێتییەی کە قورگی وشك کردوە) خوێنەر بەئاگا دێنێتەوە کەئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕابردووە ،چونکە بە هۆی پلۆتی ڕۆمانەکەوە خوێنەر لە نێو ڕووداوەکاندا ڕۆدەچێت،کە ئاگای لە کاتی ڕووداوەکان نامێنێت،ئەوەش بەهۆی بەتوانای ڕۆماننووسەوە لە سوود وەرگرتن لەتەکنیکی کات.کەئەوەش یەکێکە لە بنەماکانی ڕۆمانی مێژووی سەرکەوتوو لەگەڵ ناوهێنانی کارەکتەری مێژووی وەك (شێخ مەحمودی نەمر) هەروەها ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە دەستگیرکردن و چۆنێتی کۆتاییپێهێنانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود تا دەگاتە لەسێدارەدانەکەی بە شێوەیەك گێڕدراوەتەوە ،کە تەواو ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕوواوەکەی تێدا بەدی دەکرێت،بەڵام ڕۆمانەکە بە جۆرێك بە خەیاڵ وئەندێشەی هونەری ئاوێزان کراوە،کە زۆر کاریگەری دەکاتە سەر هەست وسۆزی خوێنەر.بێگومان لەڕۆمانەکەدا جگەلەکەسایەتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە(شێخ سەعیدی پیران) باس لەچەندین کەسایەتی مێژوویی دیکە دەکرێت ،لەوانەش (بەدرخان پاشا، شێخ مەحمودی نەمر ،نووبار پاشای ئەرمەنی،شەریف پاشای کوردی،سمکۆ ئاغای شکاك ،سەید ڕەزا) کە بە پێی بارودۆخی ئەوسەردەمە و شوێنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە باس لە ڕۆڵ و پەیوەندی هەریەکە لەمانە دەکرێت لەگەڵ کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە،بۆیە دەکرێت بەهەموو پێوەرێك ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی مێژوویی دابنرێت.

ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی سێ هەنگا وسێ دارەیەك :

کەسێتی سەرەکی کۆڵەکەی سەرەکی پێکهێنەری کەسێتیەکانی ناو ڕۆمانە بەگشتی ،کاریگەری ئەم کەسێتیەهێندە فراوانە لەسەربونیادی گشتی دەقەکە،کە زۆرجار دەبینین ڕۆمانەکە بە ناوی ئەم کەسێتیەوەیە،لەم ڕۆمانەیشدا(سێ هەنگاو و سێدارەیەك) هەر لە ناونیشانەکەیەوە ئاماژە بۆ جوڵەی کەسێتییەك دەکات ،کە ئەویش (شێخ سەعیدی پیران)ە،کە کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.و پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و لە هەمانکاتیشدا خۆی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە.هەرچەندە لەم ڕۆمانەیشدا وەك هەر ڕۆمانێکی دیکە،خەیاڵ تێیدا باڵادەستە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا وەك بنەمایەکی سەرەکی ڕۆمانی مێژوویی باسکردن لەواقیع بەتەواوی ڕەچاوکراوە،کە سەرتاپای ڕۆمانەکە باسکردنە لە ژیانی پڕ ناڕەحەتی و ناخۆشی ژیانی پاڵەوانەکە کە خوودی خۆیەتی دەکات.گێڕەرەوە بەشێوەی فلاش باك لەماوەی بڕینی سێ هەنگاوەکەدا ،دەست بە گێڕانەوەی ژیانی دەکات هەر لە منداڵی و مێرمنداڵی و گەنجی و سەردەمی شۆڕش ،تا دەگاتە دەستبەسەرکردن وتەنانەت ئەوکاتەی کە سێ هەنگاوەکە دەنێت بۆمان دەگێڕێتەوە.

باسکردن لە ڕووداوەکانی ژیانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە ،دەستپێدەکات هەر لە پرۆسە (کۆستەك قرتاندن)ەوە،کە کارێکی فۆلکلۆری کوردییە لەتەمەنی پێنج بۆ شەش ساڵی بۆ منداڵ دەکرێت،کە خۆی دەڵێت ((ئەمرۆ پەت لە گەردنم دەکرێ نەك لاقم،ئەمرۆ کۆستەکی میللەتێ دەقرتێت))(دۆست،٢٠١٦،ل٢٦) واتە لەگەڵ هەستکردنی بە بەستنی قاچەکانی دەکەوێتەوە یادەوەری ئەوکاتەی کەمنداڵ بووە و دایك و باوکی بۆ یاریکردن لەگەڵی بەپەتێك قاچیان دەبەست،بەڵام شەپۆلی بیرەوەریەکانی هێندە بەتەوژمە پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەڵێ نازانێت لەکوێوە دەست بە گێڕانەوە بکات.((بیرەوەریەکانی ژیانی منداڵی وەك شارە زەرگەتە وروژابوو ،شارە هەنگە ژاڵەیەکی بێدەنگ کە منداڵێك بەهەڵکەوت بەدارێکی ئاگرینەوە هێرش بکاتەسەری وئیدی فریای هیچ شتێك نەکەوێت)) (دۆست،٢٠١٦،ل٢٧) دواتر شێخ سەعید دەنێردرێتە مووش بۆ دەستکردن بە خوێندن ،ئەم خوێندنە جگە لە خوێندنی ئاینی لە چەندین لای دیکەوە سوودی بە کەسێتی سەرەکی گەیاندووە،بووە بەهۆی زیاتر بەهێزکردنی کەسایەتی شێخ سەعید .پاش چەندین ساڵ مانەوە لەمووش کاتێك شێخ دەگەڕێتەوە .ڕووداوێکی دیکە لە ژیانی کەسایەتی سەرەکی ڕوودەدات ئەوەش یەکەمین دەرکەوتنی هەستی ئاشق بوونە .باس لە یەکەم نیگا و هەستی خۆی دەکات،کاتی لە زستانێکی سارددا لە موش گەڕاوەتەوە ماڵەوە،لە دەرگا دەدا و دەرگا دەکرێتەوە دەڵێت ((تۆکێی ؟! ئەویش لێی دەپرسێ .

-ئەی تۆ کێی ؟!

- من پەریخانم ،قەرەداشی ئەم ماڵەم ،هەنگێ ئەو ساردیی و ڕێگە سەرما و باهۆزە و بەفری سەرلەش ئەمی بە جارێك تواندەوە)) (دۆست،٢٠١٦،ل٧٦)بەڵام ئەم ئەشق و خۆشەویستەیش بە هەمان شێوەی شۆڕشەکەی بێ ئەنجام وناکام مایەوە. پاشان قۆناغی دوای هەرزەکای و حەزی گەنجانەی پاڵەوان دەستپێدەکات،کە ئەویش خۆی لە پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا دەبینێتەوە،کە ئەوەش هاوشانی هەنگاوی سێهەمیەتی بۆ بەر پەتی سێدارە،لەم قۆناغەدا وێنەیەکی لێکچوو دەبینین لە نێوان ژیانی کەسێتی سەرەکی وهەنگاوەکەیدا،چونکە کەسێتی سەرەکی هەر وەك چۆن شانازی بەو قۆناغی ژیانییەوە دەکات بەهەمان شێوە دەیەوێت کەمێك زیاتر خۆی ڕێك بخات بۆ ئەوەی لەکاتی لە سێدارەدانیدا زیاتر بەهێزتر و شکۆدارتر دەربکەوێت.چونکە خۆی بەسەربەرز دەزانێت کە لەپێناو گەلەکەیدا چووەتە بەردەم پەتی سێدارە،لەکاتی چوونی بۆبەر پەتی سێدارە شێخ سەعید بۆ دواجار لەژێر لێوەوە چەند بەیتێکی لە دیوانی (مەم و زین) ی (خانی) وتەوە، چونکە ئەو هەمیشە سەرسام بووە بە بیری نەتەوەیی خانی و کتێبەکەی بەکتێبێکی پیرۆز داناوە،هەمیشە لەژوور سەری خۆی داناوە،((بە دەنگێکی خەمگین چەند بەیتێکی لە دیباجەی بۆخوێندەوە و خەمێکی قوڵی هەڵکێشا و دواتر تا هێز لە سیەکانیدا هەبوونەفەسی بەردایەوە))(دۆست،٢٠١٦،ل١٣٣)ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە شێخ سەعید تەنها کەسێکی شۆڕشگێڕ نەبووە بەڵکو سەرکردەیەکی ڕۆشنبیر بووە،قەدری خوێندن و زانین و شاعیران ونووسەرانی کوردی زانیوە، چونکە زانویەتی تەنها چارەسەری دەردی کورد یەکگرتن و یەکریزییە,بەڵام بەداخەوە هەمیشە کورد بەدەست ئەم دەردەوەناڵدویەتی ((هەرکەس ڕاخەری لەژێر ئەوی دی ڕادەکێشا و جێی خۆی خۆش دەکرد ،دژایەتی نێوان ئەوان و نوێنەری دەوڵەتانیش مات و حەیرانی کردبوو،ئەوان ئیدی نەیاندەزانی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەگەڵ کێ پەیوەندی دروست بکەن و کێ خاوەن دۆزە،هەموو دەیانگوت کە ئەوان خاوەنداری لەم گەلە دەکەن گەل خۆی بێ خاوەن بوو))(دۆست،٢٠١٦،ل١٣٣)واتە چۆن هاوکاری نەکردنی ولاَتان و گەلانی جیهان هۆکارێك بوو بۆ کەوتنی شۆرشەکە،بەهەمان شێوە هاوکاری نەکردن و بەدەمەوە نەهاتنی هەندێك لە ناودارانی کورد لە سەرۆك خێڵ و سەرۆك عەشیرەت و دەسترۆیشتوی ناوچە کوردیەکان هۆکارێکی دیکەی شکستهێنانی شۆرشەکە بوو.جگە لەوەش کەسێتی سەرەکی کە پاڵەوانی رۆمانەکەیە،باس لە رۆڵی چەند کەسایەتییەك دەکات ،کە رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە سەرپێ خستنی شۆرِشەکە ،لەوانەشە ((خالید بەگی جبری کە خوێندکاری مەکتەبی عەشیرەیە لە ئەستەنبوڵ،کوڕی مەحمود بەگی سەرۆکی ئێلی جبرانیەکان و هەروەها یوسف زیابەگ کوڕی حاجی فوئاد نوێنەری پێشوی بەدلیس لە مەجلیس ئەننقەرە و ئەندامی جەمیعەتی تەعالی کوردستان شاعیر و رۆژنامەی رۆژی کورد و ژین بوو))(دۆست،٢٠١٦،ل١٣٧-١٤٤) بەلاَم ئەم هەموو هەوڵ و رەنجە بێ ئەنجام مایەوە،رۆماننووس لە رێگەی پاڵەوانی رۆمانەکەوە،دەردی سەرنەکەوتنی شۆرشەکەی وەك یاریەکی فۆلکلۆری کوردەواری پێناسە دەکات و دەڵێت ((دیسان کوردان گوێزی خۆیان هەڵدایە سەرگومەزی خەوی ئازادی ئەو گوێزەش بەرو خوار تلۆر بووەوە و شکا))(دۆست،٢٠١٦،ل١٣٨) بەلاَم ئەوەی روویدا تەنها پەیوەندی بە شەنس و بەختەوە نەبوو ،بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە شێوازی رێکاری خۆ ئامادەکردنی شێخ و پیاوەکانیەوە هەبوو ،کە هەندێك بە هەڵە لەو کۆدە تێگەیشتبوون کە وەك رەمزی نهێنی رۆژی دەستپێکردنی شۆرِشەکە دانرابوو،چونکە شێخ ((تەلەگرافێکی شفرەکراوی بۆ ئەفسەرە کوردەکانی هەکاری ناردبوو تێیدا نووسیبووی ، با بێریڤان بچنە بێری بەرخەکان بەردەن بۆ شیر، شفرە بە هەڵە فامکردن و ئەفسەران رووبانکردە سەر چیاکان وەك بڵێی بەهار هاتبێت)) (دۆست ،٢١٠٦،ل١٥٣) ئەم هەڵە تێگەیشتنەبوو بەهۆی ئەوەی ئاگری شۆرِش پێش وادەی خۆی هەڵبگیرسێت،بەلاَم بەداخەوە لە هەمان کاتدا بوو بەهۆی ئەوەی کە شۆرشەکە لەبار بچێت و سەرکردەکان وکەسە دیارەکانی هەڵگیرسێنەری شۆرش دەستگیربکرێن لەوانەش ((ئامر هێز خالید بەگ لە ئەرزرۆم و یوسف زیا بەگ لە بەدلیس هەردووکیان گیران و درانە مەجلیسی حەربی بەدلیس))(دۆست،٢٠١٦،ل١٥٣) ئیدی شێخ وەك سەرکردەیەکی مێژوویی هەستا بەرۆڵ گێرانی خۆی و بریاریدا دەست بەشۆرِشەکەی بکات وئەو پەرۆ سەوزەی کە خۆرێك لە ناوەراستەکەیدا بوو،کە لە پەریخانی خۆشەویستیەوە بۆی بەجێمابوو بیکاتە ئالاَی شۆرِشەکەی و بریاریدا تا دووا هەناسە لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەیدا بجەنگێت و بانگەوازی شۆرشیدا لە نێو خەڵکیدا و شۆرشی وەك بە جێهێنانی ئەرکێکی دینی ناساند، لەپێشدا بەڵێنی بەخۆیدا و گوتی ((سوێند بەزاتی خواوەندی تەعالا دەبێ ئەم مێزەرە لەسەرم دانەگرم تاوەك و یان لەرێگەی دین و میللەتدا شەهید دەبم ،یان ئیستیقلال لەناو چنگی گورگی شین و فیرقەی خەڵق بەزۆر دەربێنم)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٥٦) پاشان رووی لەخەڵکی ئامادەبوو کرد،داوای لێکردن کە تێکۆشان لە پێناو گەل و ولاتدا بەهەمان شێوە خێر و چاکەیە((گەلی و شێخان ،گەلی و مەلایان،خودا شاهید و ئێوەش شاهیدن ئەوا من تەسبیحم فرێ دا و تفەنگم هەڵگرت زیکری خودا بە تفەنگ خۆشترە دەبێ گەلی موسڵمانان)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٨٣) واتە (شێخ سەعید) تەنها دینداری و موسڵمانی بوونی لە چوارچێوەی نوێژکردن و تەسبیحات و هاتوچۆی مزگەوتدا تەسك نەکربووە، بەڵکو وەك موسڵمانێکی نەتەوەپەروەر دەیوست خەڵك لەوەش ئاگادار بکاتەوە ،کە بەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادیش بەجێهێنانی ئەرکی ئاینییە .پاشان پاڵەوانی رۆمانەکە بە وردی باسی بەڵێن شکێنی ولاتانی زلهێز دەکات لەهەمبەر ئەوە بەڵێنانەی کە لە هەردوو پەیمانی (سیڤەر و لۆزان) بە گەلی کورد درابوو،کە ئەوەش وایکرد لە سەرپێخستنی شۆرِشکەیدا نەتوانێت پەنا بباتە بەرهیچ کام لەو ولاتەنە و داوای هاوکارییان لێبکات،بەلاَم ئەوەی زیاتر جێگەی داخ بوو لای شێخ سەعید ئەوەبوو نەك هەر هاوکاری نەکرا بەڵکو دژایەتی کراو هاوکاری دوژمنەکەیشی کراهەر بۆیە شێخ ((بەدەنگێکی شکاوەوە»فەرەنسا خاتون مەگەر درۆی سیڤەر بەس نەبوو»)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٨٣) پاشان شێخ وەك کەسێتیەکی سەرەکی ناو رووداوەکان باش لەوە تێگەشت کە هەوڵەکەیان بێ ئەنجامە و گوتی((مێژوو لە ئەنقەرەوە دێتە نووسین نەك ئاماد)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٨٦). پاشان بەهۆی (قاسم بەگ) کە رۆڵی کەسێتیەکی سیخوڕ و خیانەتکاری گێراوە،شێخ سەعید دەستگیر دەکرێت و (قاسم بەگ) شێخ سەعید بانگ دەکات و دەڵێت ((مەگەر بەس نیيە ئیدی شێخ سەعید ؟! ئیدی گەرەکتە بۆ کوێ بچی ؟! وەرە وەرە خۆرادەستی عەدالەتی دەوڵەت بکە)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٩٥)ئیدی سەرکردەی شۆرش وپاڵەوانی نێو رووداوەکان لە حەسرەت ئەو رووداوە

دەوەستێت و وتە مێژوویەکی خۆی بە قاسم بەگ دەڵێت و دەیکات بە وانە و پەند و ئامۆژگاریەك بۆ هەموو کوردفرۆشان وخۆفرۆشان و دەڵێت ((قاسمی سلێمان ! من دەمی خۆم پرکرد لە تف بیکەم بەسەرو چاوتدا،لێ بزانە تۆ شایەنی تفلێکردنیش نیت ... _ هەزار زێڕی بەهای سەر وەربگری،خەرج دەبن قاسم بەگ !خەرج دەبن ،لێ لەحنەتی نەوەکان کەنگی کۆتای دێت)) (دۆست،٢٠١٦،ل١٩٥-١٩٦)

ئیدی شێخ دەستگیرکراو ،مەحکەمەیەکی روکەش کرا هەر لەوێدا بڕیاردار بە لە سێدارەدانی ،بەڵام ئەو بەمە تێك نەچوو بەڵکو وەك پلەیەك لە تەسەوەف ئەوەی بینی واتە پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە وەك چۆن لە نێو ژیانی واقیعدا کەسێکی پرشکۆ و سەربەرزبووە و هەمیشە بەوپەڕی هەیبەت و شکۆوە دەرکەوتووە ،لە نێو ڕۆمانەکەیشدا کەسێتی سەرەکی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە،دەیەوێت بەو شکۆ و ویقارەوە دەرکەوێت و روخساری هیچ ترس و پەشۆکانێکی پێوە دیار نەبێت ،هەروەها پاڵەوانی ڕۆمانەکە دیەوێت دواقسەی بۆ کەسانی چواردەوری ،پەند و ئامۆژگارییێت بۆ ئەم مەبەستەیش ئەو دوو دێڕە شیعرە دەڵێت،چونکە دەزانێت شیعرەکە زیاتر لە بیر وزهنی ئامادەبوواندا دەمێنێتەوە ،بە دەنگی بەرز پێیان دەڵێت کە ئەو بێدەربەستە لە مردنێك کە لەپێناو خاك و خەڵکی گەلەکەیدا بێت ،ئەوبەجۆرێك باوەش بۆ ئەو مردنەدەکاتەوە و پێشوازی لێدەکات ،کە لە پێناو خودادا دەمرێت.واتە بەشێوەیەکی گەشتی ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا وەك هەر ڕۆمانێکی دیکەی مێژوویی باسکردنە لە ژیانی کەسێتییەکی واقیع و خستنەڕووی ڕۆڵ وپێگەی لە کات و ڕووداوێکی دیاری کراودا،هەروەها باسکردنی لە چەند روویەکەوە ،وەك لایەنی ئاینی و لایەنی سیاسی و لایەنی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی ... هتد.

ئەنجام :

یەکەم : گرنگی ڕۆمانی مێژوویی لەوەدایە کە کەسایەتییە نەتەوەییەکان لە مێژوو وەردەگرێت لە ڕێگای فەنتازیا و خەیاڵی داهێنەرانەوە بەرگی ئەدەبی بەبەردا دەکات و زیندوویان دەکاتەوە .

دووەم: ڕۆماننووس لەڕێگەی ڕۆمانی مێژوویەوە سەرباری گێڕانەوی ژیانی و بەسەرهاتی کەسێتییە مێژوویەکان ،بەڵام چێژی ئەدەبی و لایەنی هونەری و ئیستاتیکی دەقەکەی وەك دەقێکی ئەدەبی نەك مێژوویی لە بیرنەکردووە،ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر چێژبەخشین بە دەقەکە و زیاتر مانەوەی پەیامی ڕۆماننووس لە خەیاڵ و هزری خوێنەردا.

سێیەم : هەوڵەکانی ڕۆماننووسی کورد (جان دۆست) لە بواری گەشەپێدانی ڕۆمانی مێژوویی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە.ئەم ڕۆمانە مێژووییانە دەبنە هۆکارێك بۆ زیندووهێشتنەوەی ناوی ئەو کەسایەتییە مێژووییانە و هەوڵ و تێکۆشان و خەباتیان لە پێناو گەلی کورددا

چوارەم : ژیان و بەرهەم (ئەحمەدی خانی) ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لەشیعری و ئەدەبیاتی کوردیدا،بەڵام ڕۆمانی(میرنامە) ی (جان دۆست) هەوڵێکی نوێ و سەرکەوتووە،لە بواری نووسینی ڕۆمانی مێژووی،کە لە ڕێگەیەوە بە شێکی زۆری ژیان و نهێنی (خانی) خراوەتەڕوو.

پێنجەم : ڕۆمانی (سێ هەنگاو وسێدارەیەك) ڕۆمانێکی مێژووییە،(جان دۆست) ی ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هونەری جوان،لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە ،لە مەودای سێ هەنگاوی تاگەشتن بە پەتی سێدارەیەك ،کە هاوشان و هاو وتای سێ قۆناغی ژیانی کەسێتی مێژوویی گەلی کورد (شێخ سەعیدی پیران)ە،گێڕاوەتەوە.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لیستی سەرچاوەکان :

١- ئەحمەدزادە. هاشم.(٢٠١٢).زمان ئەدەب و ناسنامە.چاپی یەکەم. هەولێر.چاپخانەی ئاراس.

٢- ئەسوەد.نەوزاد ئەحمەد.(٢٠١١).فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی. سلێمانی.چاپخانەی بینایی.

٣- ئەحمەد.کەمال مەزهەر.(١٩٨٣).مێژوو. بغداد.دارالافاق العربیە.

٤- برادبری.ئیبزامر مالکام.(٢٠٠٨).ڕۆمان چییە؟.وەرگێڕانی جەواد مستەفا.چاپی یەکەم. دهۆک.چاپخانەی حانی.

٥- حەسەن ، حەمەسەعید.(٢٠١٠).لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم.چاپی یەکەم. هەولێر.بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٦- دۆست.جان،(٢٠١٦)،سێ هەنگاو و سێدارەیەک-شەوی کۆتایی ژیانی شێخ سەعیدی پیران،داڕشتنەوەی سۆرانی : وریا غەفووری ،چاپی یەکەم،چاپخانە تاران.ناوەندی غەزەلنووس –بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٧- دۆست.جان .(٢٠١٧)،وەرگێڕانی :سەباح ئیسماعیل،چاپی سێیەم ، چاپخانە تاران.ناوەندی غەزەلنووس –بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٨- سەعید.دانا علی.(٢٠٠٨).هەژان.بروسکە گەڕانێکە بە ناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی.چاپی یەکەم. سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

نامە ئەکادیمییەکان کوردییەکان :

٩- مەحمودجاف.ئیبراهیم عبدولرەحمان.(٢٠٠٤).ڕەنگدانەوەی ڕوداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا.بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا. زانکۆی بەغداد.

نامە ئەکادیمییەکان عەرەبییەکان :

١٠- علي.كةشة عبدالله(٢٠١٩). روايات على المجارم التاريخية دراسة دلالية.اطروحة دكتوراه. كلية اللغات . قسم الغة العربية.جامعة السليمانية.

پەرتوکە عەرەبیەکان:

١١- - فورستر.ا.م.(١٩٩٤).اركان الرواية.ترجمة موسى العاصي. الطبعة الاولى. لبنان.دار جروس برس.

١٢- الشمالي.نضال.(٢٠٠٦).الرواية و التاريخ – بحث في مستويات الخطاب في الرواية التاريخية العربية عالم الكتب الحديث. الطبعة الاولى ،الاردن.

١٣- قاسم.سيزا احمد.(١٩٨٤). بناء الرواية (دراسة مقارنة الثلاثية نجيب محفوظ). القاهرة.الهيئة المصرية العامة الكتاب.

١٤ - لوكاش.جورج.(١٩٨٦).الرواية التاريخية.ترجمة صالح جواد الكاظم.الطبعة الثانيية. العراق – بغداد. دار الشؤون الثقافة العامة.

پەرتوکە ئینگلیزیەکان :

15-Bradley, James.)2010(. Email to author, October 9.Curthoys Ann, and John Docker. 2010. Is history fiction? 2nd ed. Sydney: UNSWPress

16- Kuiper .B)2012(. pilgrims progress! : how a novel can affect an entire cultures communication . paper presented at fifth and communication . conference Camp loell university. North caroling.

17. Fletcher, Lisa.) 2008)Historical romance fiction: Heterosexuality and performativity.Aldershot, Hampshire: Ashgate.

لیریک لە هۆنراوەکانی «عەبدوڵڵا گۆران» دا
الشعر الغنائي في قصائد عبدالله گوران

کانیاو بەکر عەبدوڵا [1]
[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(لیریک لەهۆنراوەکانی «عەبدوڵا گۆراندا»)دا،سەرنجێکی نوێیە دەربارەی دوولایەن «لیریک،هۆنراوەکانی گۆران» تیایدا هەوڵدراوە لیریک بەسەرجەمی وردەکاریی وئەدگارەکانییەوە بخرێتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی تایبەتێتیە لیریکییەکان هۆنراوەلیریکییەکانی»گۆران»ی پێ دیاریبکرێت.لەبەرئەوەی لیریک پەیوەندی بەچەندین لایەنەوەهەیە وەک»موزیک وگۆرانی»بۆیە لێرەداهەوڵدراوە ئەولایەنانەی ڕاستەوخۆپەیوەندییان بەلیریکەوە هەیەو کاریگەریی وکاردانەوە لەسەریەک دروستدەکەن، ڕونبکرێتەوە. هەربۆیە»موزیک وگۆرانی» بەشێک دەبێت لەم توێژینەوەیە. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی(وەسفیی_شیکاریی)ئەنجامدراوە،کەلیریک وپەیوەندییەکانی بە موزیک وگۆرانییەوە ڕووندەکاتەوەوئەولایەن وهۆکارانەی ڕۆڵیاندەبێت لەدروستبوونی وێنەی شیعریی و شیعرییەت لەشیعرە لیریکییەکانی شاعیردا شرۆڤەدەکات.ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیی ودووبەش وئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتیی دەربارەی لیریک

پاری یەکەم: چەمک، زاراوە، ناساندنی لیریک

پاری دووەم: لیریک لە ڕوانگەی ئەدەبناسان، لێکۆڵەر و بیرمەندانەوە

پاری سێیەم : پەیوەندی لیریک بە موزیک و گۆرانییەوە

بەشی دووەم: لیریک لە هۆنراوەکانی عەبدوڵا گۆراندا

پاری یەکەم: وێنەی شیعریی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا

پاری دووەم:لادانی دەنگیی، واتایی و ڕێزمانیی لە هۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا

وشە کلیلییەکان: (لیریک، موزیک، گۆرانی، وێنەی شیعریی، لادان)

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٥/١٧ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	kanyaw.abdulla@uoh.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢١ م.کانیاو بەکر عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

الملخص

هذا البحث بعنوان (الشعر الغنائي في قصائد عبدالله كوران) اطلاع جديد حول الجانبين(الشعر الغنائي ، قصائد كوران) و فيه تم المحاولة إلى عرض الشعر الغنائي بكافة تفاصيله و خصائصه من جهة و تحديد القصائد الغنائية لكوران حسب مميزات الشعر الغنائي من جهة أخرى .وذلك لأن الشعر الغنائي له علاقة بجوانب عدة كـ(الغناء و الموسيقى) لذا تم المحاولة إلى توضيح الجوانب التي لها علاقة مباشرة بالشعر الغنائي و التي تؤدي إلى حدوث التأثر و التأثير على بعضهما البعض ، لذا يكون (الغناء و الموسيقى) قسما من هذا البحث .تم إجراء الدراسة حسب المنهج الوصفي-التحليلي و تبين الشعر الغنائي و علاقاته بالموسيقى و الغناء و تلك الجوانب و العوامل التي تؤدي الدور في تشكيل الصورة الشعرية و تحلل أنواع الخروج عن القصائد الغنائية للشاعر، يحتوي البحث على المقدمة و فصلين و النتيجة و قائمة المصادر:

الفصل الأول : رؤية عامة حول الشعر الغنائي .

المبحث الأول : المفهوم ، الإصطلاح ، تعريف الشعر الغنائي .

المبحث الثاني : الشعر الغنائي في رؤية مختصى الأدب و الباحثين و المفكرين .

المبحث الثالث : علاقة الشعر الغنائي بالموسيقى و الغناء .

الفصل الثاني : الشعر الغنائي في قصائد عبدالله گوران.

المبحث الأول : الصورة الشعرية في القصائد الغنائية للشاعر .

المبحث الثاني : الخرووج الصوتي، المعنوي و القواعدي في القصائد الغنائية للشاعر .

مفتاح الكلمات: (الليريك(الشعر الغنائي) ، الموسيقى ، الغناء ، الصورة الشعرية ، الخروج)

Abstract

This research entitled “Lyric in Abdullah Goran’s Poems” is a new glimpse on two aspects: one is lyric, and the other is about Goran’s poems. The research tries to deal with lyric in depth and details. And in the other hand, it endeavors to identify Goran’s lyric according to lyric’s traits and specialties. In view of the fact that lyric has connections with different genres such as music and singing, this research tries to explain those aspects that directly connect with it. That’s why the research will cover music and singing as its main subject of this study.

This research has been done according to Analytical- Descriptive method, which illustrates the lyric and its connection with music or singing, and those factors that take part in creating poetic (poetical) image, poetics and sorts of deviation from lyric poems of the poet.

The research consists of two sections, conclusion and list of sources: first section: the general perspective about lyric. First subsection: concept, term and introducing lyric. Second subsection: lyric in authors, thinkers and researchers point of views. Third subsection: the connection between lyric and music or singing. Second section: lyric in Abdullah Goran’s poems. First subsection: poetical (poetic) image by Goran. Second subsection: phonetic deviation, semantic and grammatical in the lyric poetry of the poet.

Key Words: Lyric, Music, Singing, Poetical Image, Deviation

پێشەکی:

«لیریک لەهۆنراوەکانی عەبدوڵلا گۆران» دا، توێژینەوەیەکە تیایداهەوڵدراوە، زاراوەو چەمکی لیریک وپەیوەندییەکانی لیریک وموزیک وگۆرانی بخرێتەڕوو، ئەمەش بەپشتبەستن بەهۆنراوەکانی شاعیر ئەنجامدراوە وشیعرە لیریکییەکانی شاعیربەنمونە هێنراونەتەوەو وێنەشیعرییەکان ولادانەدەنگیی وڕێزمانیی و واتاییەکان لەهۆنراوەکانی شاعیردا دەستنیشانکراون. «گۆران» شاعیرێکی بەتوانای نێو ئەدەبی کوردییەو لەئاستی زمانی شیعریی وجیهانبینیی شیعردا جیاوازە لەدەنگی هاوڕێکانی، کەخاوەنی زمانێکی باڵای تایبەت بەخۆی بووە.

بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتیی دەربارەی لیریک

پاری یەکەم: چەمک، زاراوە و ناساندن:

ا- چەمک و زاراوە:

کاتێک بمانەوێت ئاشنایەتییمان بۆ هەر باسێکی ئەدەبیی، یان زانستیی و پرسە جیاوازەکانی دیکەی نێو دنیای زانست، ئەدەب و ئایین و ...تاد بۆ درووست بێ ئەوە سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەمک و زاراوەی ئەو باسەی قسەی لەسەر دەکەین. تا ناساندنی سەرەتاییمان نەبێت، ناتوانین بگەینە هەرەمەکانی دیکەیەوە.

((زاراوەی لیریک لە وشەی یۆنانیی (Lyra)وە هاتووە. (Lyra)یش ئامێرێکی مۆسیقا بووە، شیعری بە گۆرانییەوە پێ وتراوە)). (هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٣٦) وەک لامان ڕوونە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان بنچینە و بنەوانی دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی یۆنانی مەزن، لیریکیش بە هەمان شێوە بنەوانی بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لە بنەوانی ئەم ژانرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەندیی و پێوەستیی بە موزیکەوە هەیە، بۆیە لەنێو ئەدەبیاتی کوردییدا زیاتر ناساندنی بە (شیعری گۆرانیی) هاتووە. (شیعری خودیی) و (شیعری ویژدانیی)شی پێ دەگوترێت.

لە ڕیشە ناساندنی ئەم ژانرەوە بۆکوردیی دەگەین بە سێ واتای پێوەست بە یەکەوە، بەڵام بۆ وردەکاریی زیاتر، وردتر شیکردنەوەمان بۆ هەر یەکێکیان دەبێت. کاتێک پێی دەڵێین (شیعری گۆرانیی) کەواتە بە شیعرێک دێتە بەرچاومان ئاوازدار بێت، هەستمان بجوڵێنێت.((لە پێناسەی لیریکدا بەردەوام ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبەرچاو گیراوە)).(عەبدوڵا،٢٠٠٨:ل١١٧) لەبەرئەمە هەرکات باسی لیریکمان کرد دەبێ ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبیر نەکەین، ئیتر چی ئاوازی ناوەوەی شیعر بێت یان ئاواز و ڕیتمی دەرەوەی شیعر. هەروەها زمانی لیریکیش جیاوازە لە زمانی جۆرەکانی تری شیعر((زمانی لیریک تایبەتمەندیی فۆنەتیکیی مۆسیقایی هەیە)).(هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٣٨) ئەم جۆرە لە زمانی شیعر کەشێکی ئاهەنگدار بە دەقەکە دەبەخشێت. هەست و دەروونی خوێنەر تێیدا جۆش دەدات. هەر ئەمەشە وای کردووە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی لیریک زۆرتر بکرێن بە گۆرانیی.

لیریک وەک (شیعری ویژدانیی)یش ناس کراوە.((بەو شیعرانە گوتراوە کە لەنێوان هەرسێ ڕەگەزی (هزر، خەیاڵ، هەست)دایە،ڕەگەزی هەست بنەڕەتیترینیانە،شاعیربەچاوێکی سۆزدارییەوەلەجیهان دەڕوانێت)).(انوشە،١٣٨٠:ل٢٩٣) ڕەگەزی هەست وەک دەروونێکی واڵای مرۆڤ کە پێوەستە بە ویژدانی کەسییەوە لەنێو ژانری لیریکدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر ئەمەشە وا لەخوێنەر دەکات زیاتر بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە لە شیعر ئاسوودە ببێت. شاعیر دەروونی خۆی واڵا دەکات، دەروون واڵا کردن کەشێکی ڕۆحیی درووستدەکات، ئەم کەشە ڕۆحییە سەر بۆ هەست و سۆز دەکێشێ، بۆیە شاعیری لیریک هەمیشە جیاواز لە شاعیرانی دی سۆز و هەست بەسەریدا زاڵ بووە و لەنێو دەقەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

لیریک وەک (شیعری خودیی)یش ناس کراوە((شاعیر لە شیعری لیریکدا بە جێناوی (من) قسە دەکات. هەست و نەستە پەنگخواردووەکانی دەردەبڕێت. خوددییەتی شاعیریش بریتی نییە لە نەرگسیەت و خۆشەویستیی شاعیر بەڵکو هەڵچوونێکی ڕاستەوخۆی ویژدانی شاعیرە کە لە کلاوڕۆژنەی وشەکانەوە کۆمەڵ و تاکێتییەکەی دەتوێتەوە، ون دەبێت و دەبێتە بەشێک لە گشت)).(ڕەسوڵ،١٩٨٩:ل٢٨) لە شیعری لیریکییدا زۆرترین جێناو بەکاربێت، جێناوی (من)ە، بەڵام منێک نا بە واتای کەسێکی خۆپەرست، منێک بەو واتایەی هەست و نەستەکانم

والا دەکەم. منێک وەک سەنتەر، بەڵام کام سەنتەر؟ ئەو سەنتەرەی کە دەتوێمەوە بۆ گشت، دەتوێمەوە بۆ خوێنەر و گوێگر، هەر لەبەر ئەمەیە کاتێک دەقێکی لیریکی دەخوێنیتەوە دواتر دەڵێیت «ئەڵێی بۆ من نووسراوە!» بەو شۆڕبوونەوەیە لە دەروونی شاعیرەوە بۆ منی خوێنەر، ئەو هەستەمان لا درووست دەکات.لێرەوە دەگەینە ئەوەی کاتێک واتا بە زاراوە و بنەوانی لیریک بۆ کوردیی دەبەخشین، کۆی ئەو سێ واتایەی پێی ناسکراوە پێوەندییەکی تەواویان چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێکەوە هەیە. هەر ئەمەشە وای کردووە ناوی جیاوازی لە ئەدەبیاتی کوردییدا بۆ بەکاربێت. ئەم جیاوازییەش جێی نەنگیی نییە، بەپێچەوانەوە ئەمە دەوڵەمەندیی زمانی کوردیی دەردەخات.

ب- پێناسە:

لەڕاستیدا نەک بۆ ئەم باسە بۆ زۆربەی باسەکانی تر لە کۆی هەموو ئەدەبیات و زانستەکاندا کاتێک دێینە سەر باسی پێناسە، وەستانێک ڕوو دەدات. ئەم وەستانە سەر بۆ ئاڵۆزیی و ناجێگیریی دەکێشێت. ئاڵۆزیی بۆ ئەوەی سەرنجی جیاوازی لە سەرە و ناجێگیرییش بۆ ئەوەی ناگەین بە ئەنجامێک و هەمیشە لە جووڵە و نوێبوونەوە دایە. ئەمەش بۆ خۆی سرووشتی هەموو باسێکە، کەواتە ئەم ئاڵۆزیی و ناجێگیرییە پرسێکی ئاساییە و هەمیشە هەبووە.ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کاتێک (پێناسەی لیریک) دەکەین ئەوە هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر بۆچوونی ئەدەبناسان چونکە ئەوەی هەبووە تا ئێستا پێناسەیەکی جێگیری نییە، بۆیە لەکۆتاییدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسی لیریک بکەین.

«دۆبرۆلیۆبۆف»بەم شێوەیە پێناسی لیریک دەکات((بریتییە لەو ساتەوەختی گوزارشتکردنەی کە ڕەنگدانەوەی ناوەکیی شاعیرە لەسەر هەستەکانی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ)). (ئەبوبەکر،٢٠٠٧:ل٥٣) لێرەدا ئەم ئەدەبناسە لە ڕوانگەی (ویژدانییەوە/هەستەوە) ئەم پێناسەیەی گەڵاڵە کردووە و لیریکی پێ ناساندووە. ئەم پێناسەیە بەشی خۆی گرینگیی تێ دایە و لە هەمان کاتیشدا کەموکوڕیی تێ دایە. گرینگیی تێدایە چونکە ئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی لە ژانری لیریک بنۆڕێت؛ دەبێ باس لە دەروون و هەست وەک دوو ڕەگەزی گرینگی ئەم ژانرە بکات. کەموکوڕیشی تێدایە چونکە بەشێوەیەکی گشتگیر باسی لێوە نەکردووە و ئاواز و ڕیتمی لە پێناسەکەیدا وەلاوە ناوە.

«لارش ئیلیستروم» لە کتێبی (شیکاریی لیریکدا) دەڵێت:((لیریک و موزیک بە زۆر شێوە لێکدەچن. دەتوانین پێناسەی مۆسیقا بەوە بکەین کە ئاوازێکی ڕێکخراو/سازکراوە ئەم پێناسەیەش زۆرجار نەک هەمیشە، دەتوانین بۆ لیریکیش بکەین)).(هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٤٥)لێرەدا ئەم ئەدەبناسە لە ڕوانگەی ڕیتم، ئاواز و موزیکەوە پێناسەی ژانری لیریکی کردووە و پێی ناساندووین. سەرەتا هەستاوە بە پێناسەی موزیک، لە کۆتاییشدا دەڵێت، بۆ پێناسی لیریکیش گونجاوە. پێی وایە لیریک و موزیک بە زۆر شێوە لێک دەچن. وەک چۆن موزیک دەنگی سازکراو و ڕێکخراوە، بە هەمان شێوە لیریکیش دەنگی سازکراو و ڕێکخراوە. ئەمە تا ئەو شوێنە گرینگە کە پێمان وایە لیریک شیعری گۆرانییە و لە ڕوانگەیەکی تەسکەوە لێی بنواڕین، بەڵام کاتێک فراوانتری دەکەین کەموکوڕی تێدایە و بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسی بۆ نەکردووین. درووستە کە شیعر پێوەستە بە موزیک، گۆرانیی، ئاواز و ڕیتمەوە بەڵام ناکرێت لایەنی (ویژدانیی و خوددێتیی) ئەم جۆرە لە شیعر لە پێناسەیدا باس نەکرێت.

هەرچی «لامارتین و دۆمۆسێ»یە لە ڕوانگەی خوددێتییەوە پێناسەی لیریک دەکەن و دەڵێن:((شیعری لیریکی ئەو شیعرەیە کە شاعیر خوددێتی خۆی تێدا بەیان دەکات.)).(مەولود ونازم،٢٠١٨:ل١٣٣) پێیان وایە شیعری لیریک کەسییە و تایبەتە بە خود، تایبەتە بە هەستەکانی شاعیرەوە، تایبەتە بەو جیهانەی کە شاعیر لەنێوی دایە. ئەمە بۆ خۆی دوو ڕووگەی هەیە: ڕووگەیەک ئەوەیە، بەڵێ درووست وایە ئەم جۆرە لە شیعر پێوەستە بە هەستە دەروونییەکانی خودی شاعیرەوە (خوددێتییە)، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ئەم هەستە والا دەکرێت و ورد دەبێتەوە بۆ گشت، بۆ خوێنەر، بۆیە لەم کاتەدا لە موڵکێتیی خودەوە شێوەی گشتیی وەردەگرێت. ڕاستە هەرکەسە و موعاناتی تایبەتیی خۆی هەیە بەڵام پێکڕا هەمووشمان موعاناتی گشتییشمان هەیە. وەک چۆن شاعیر هەستی خودێتیی ڕەشبینیی بەیان دەکات، بە هەمان شێوە من وتۆی خوێنەریش ئەو هەستە ڕەشبینییەمان هەیە. وەک چۆن شاعیر هەستی گەشبینانەی هەیە، من و تۆی خوێنەریش هەمانە. نائومێد دەبێ، نائومێد دەبین. خۆشیی دەردەبڕێ، خۆشیی دەردەبڕین و ...تاد، کەواتە ناکرێت تەنها ئەم جۆرە شیعرە لە

ڕووگەی خودی شاعیرەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو پرژی دەهاوێ بۆ گشت، بۆ من وتۆی خوێنەر و گوێگریش. ڕووگەیەکی دیکەشیان ئەوەیە، بەڵێ درووستە ئەم جۆرە لە شیعر پێوەستە بە هەستە دەروونییەکانی خودی شاعیرەوە (خوددێتییە)، لێرەدا هەست و سۆز وەک لایەنێکی ویژدانییش بەلاوە نەنراوە، بەڵام ناکرێت بە پێناسەیەکی گشتگیری دابنێین چونکە لایەنی ڕیتم و ئاوازی بەلاوە ناوە و باسی لێوە نەکردووە. لێرەدا لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی ژانری لیریکمان خستەڕوو،بەشێکی زۆر لە تەواوی و ناتەواوییمان دەستنیشان کرد. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە پێناسەیەکی گشتگیرە.ژانری لیریک: (ئەو جۆرەیە لە شیعری سازکراو کە دەربڕی دەروونی ناوەوەی شاعیرە و واڵا دەبێ بۆ گشت، ئەمەش هەم خوددێتی شاعیر بەیان دەکات و هەم ڕەنگدانەوەشی لە دەروونی خوێنەردا دەبێت).

پاری دووەم: لیریک لە ڕوانگەی ئەدەبناسان، لێکۆڵەر و بیرمەندانەوە

هەموو ژانر و بابەتێک سەرنجی جیاوازی ئەدەبناس و بیرمەندانی لەسەر هەبووە. هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی ئەو ڕێباز و میتۆدەی هەیانبووە یان بڕوایان پێی هەبووە و لەسەری ڕۆشتوون سەرنجی خۆیان لەسەر داوە. ئەمەش بۆ خۆی پرۆسەیەکی تەواو ئاساییە و بگرە هەر بابەتێک زیاتر قسەی لەسەر بکرێت و ڕەئی جیاوازی لەسەر بدرێت ئەوە دەوڵەمەندیی و کاریگەریی ئەو بابەتە دەر دەخات. لیریکیش وەک جۆرێک لە شیعر و ژانری ئەدەبیی هەمیشە لەلایەن ئەدەبناس و بیرمەندانەوە سەرنجی جیاوازی لەسەر دراوە و کەوتووەتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و میتۆدەکانیانەوە.لێرەدا بەپێویستی دەزانین دابەشکارییەک بۆ ئەم تێڕوانینە جیاوازانە بکەین. ئەم دابەشکارییەش خۆی لە چەند ڕوانگەیەکەوە دەبینێتەوە: ١- لە ڕوانگەی خوددێتییەوە ٢- لە ڕوانگەی ویژدانییەوە - هەست و دەروون ٣- لە ڕوانگەی شیعری گۆرانیی - ئاواز و موزیک ٤- لە ڕوانگەی هاوبەشەوە

١- لە ڕوانگەی خوددێتییەوە

بەشێک لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە خود و تاکە کەسەوە، پێوەستە بە ناخی شاعیرەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ منی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی چەند بیرمەند و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

وەک هەمیشە بۆ سەرەتای هەر باسێک دەگەڕێینەوە بۆ یۆنان، ئەرستۆ دەربارەی لیریک دەڵێت((شاعیر لەگەڵ دەربڕینی هونەریی خۆی دەمێنێتەوە و هەرگیز ڕووخساری خۆی ناگۆڕێت)).(هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٣٦) لەم بۆچوونەی ئەرستۆوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیری لیریک پێوەستە بە خوددێتی خۆیەوە و ئەو دەربڕینە هونەرییەی کە بەیانی دەکات لەگەڵ خودی شاعیر دایە و هەرگیز ڕووخساری خۆیشی لەو دەقەدا ناگۆڕێت. بەو واتایەی خۆی بەشێکە لە دەقەکە و دەقەکەش بەشێکە لەئەو. هەر ئەمەشە وای کردووە بەشێک لە ئەدەبناسان شاعیری لیریک بە خۆپەرست ناو ببەن، هەروەها لەم بارەیەوە هیگڵیش دەڵێت:((ئەو (واتە شاعیری لیریکی) دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێ و بەدوای ڕاچەنین و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا بگەڕێ. چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشە و دڵ و گیانی ببەستێ. لێرەدا مرۆڤ (شاعیر) لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە، لەکاتێکدا شاعیری ئێپیک خزمەتی ناوەڕۆکێک دەکات کە پەیوەندیی بە خۆیەوە نییە بەڵکو بە پاڵەوانەکەیەوەیەتی)).(هاڵبێرگ،٢٠١٠:ل٤٤)، «هیگڵ» پێی وایە کە شاعیری لیریک بۆ ئەوەی دەقێک بەرهەم بهێنێت دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆبچێ. لەجیات ئەوەی پشت بە ئەم و ئەو ببەستێت، با چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشە و دڵ و گیانی خۆی ببەستێت. هیگڵ زۆر بە ڕوونیی کەوتووەتە ئەو بەرەیەوە کە پێی وایە لیریک لە خودێتی بوونی شاعیرەوە سەر دەردەکات، هەر بۆیە دەڵێت «شاعیر لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا، خۆی دەبێتە بەرهەمەکە» کەواتە ژیانی ناوەوەی شاعیر بۆ خۆی بەرهەمەکەیە، شاعیری لیریک هەوڵنادات لە بری من و تۆ بیر بکاتەوە و باس لە ئازار و خۆشییەکانمان بکات بەڵکو بەنێو ناخ و خوددێتی خۆیدا دەگەڕێت. ئەوە من و تۆی خوێنەرین خۆمانی تێدا دەبینینەوە یان نا، بەڵام هەموو دەربڕینێک کە چووە سەر کاغەز و ڕووپەلەوە تایبەتمەندی ئەوەی بۆ درووست دەبێ کە لە خوددێتییەوە پەرش ببێ بۆ گشت، هەر لەبەر ئەمەیە ناکرێت بڵێین شاعیری لیریک تەنها موڵکی خۆیەتی! ڕاستە لە خوددێتی خۆیەوە دەنووسێت بەڵام سەرئەنجام بۆ گشتە و بڵاو دەبێتەوە، من و تۆیش وەک شاعیر مرۆڤین و دەکرێت خۆمانی تێدا ببینینەوە!

لە کتێبی (چەشنە ئەدەبییەکان)دا هاتووە، باس لە سەرنجی ئەدەبناس «ف.ل. سکفۆزنیکوف» دەکات و دەڵێت:((لەم جۆرەدا شاعیر

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چەند گرنگیی بە لایەنی بابەتیی بدات و تیایدا بڵاو ببێتەوە، هێشتا هەر بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەناو موعاناتی کەسیی و لە چوارچێوەی تێڕوانینێک لە تێڕوانینەکانی ناوەوەی شاعیردا دەمێنێتەوە)).(ئەبوبەکر،٢٠٠٧:ل٥٣)لە سەرەتای ئەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژانری لیریک و شاعیری لیریک خاڵیی نییە لە لایەنی (بابەتییبوونەوە) ئەمانیش بەشێکن لە کۆمەڵ، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە شاعیری لیریک بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەناو موعاناتی خودی خۆیدا بمێنێتەوە و لە تێڕوانینەکانی خۆیدا دەرنەچێت. خود سەنتەرە، دەبێت کۆمەڵگەش لای گرینگ بێت. گەر بە تەنها خوددێتی خۆی لا مەبەست بێت و گرینگیی بە کۆمەڵ نەدات ئەوە ئەوکات ئەو پێوەندییە گیانییەی لەنێوان شاعیری لیریک و کۆمەڵدا هەیە، لاواز دەبێت.

یەکێکی تر لەو ئەدەبناس و بیرمەندانە (شیلینگ)ە، کە لە وانەکانیدا سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر لە ساڵی (١٨٠٣)دا دەڵێت:((شیعری لیریکی بە باڵادەستیی خودی شاعیر جیا دەکرێتەوە، زۆرترین تایبەتمەندیی و تاکایەتیی لە ژانرەکانی دیکە تێدایە، بەڵام لە شیعری داستانیدا شاعیر بۆ بابەتێتی بەرز دەبێتەوە، لە کاتێکدا شیعری درامی ئاوێتەیەکە لە شیعری لیریکی و داستانی، ئاوێتەی خود و بابەتە)). (مەولودونازم،٢٠١٨:ل٥٠) شیلینگ جیاوازی نێوان سێ جۆر لە شیعرمان بۆ دەردەخات. ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرینگە ئاماژەی پێ بکەین (لیریک)ە، ئەمیش هەر لە ڕوانگەی خوددێتییەوە تەماشای لیریک دەکات. پێی وایە بۆ ئەوەی شیعرێک لە شیعرێکی تر جیا بکەینەوە ئەوە بە باڵادەستیی خودی شاعیر لەنێو دەقەکەیدا جیای دەکەینەوە. ئەم باڵادەستییەی شاعیری لیریک لەنێودەقدا وا لە دەق دەکات شێوە پاشاییبوونێک بە شاعیر ببەخشێت، لەم ڕێگەیەشەوە شاعیر زیاتر دەتوانێت دەروونی خۆی واڵا بکات و دەقێکی ئەدەبیی باڵا بخاتەوە. هەر ئەم باڵادەستییەشە وا دەکات زۆرترین تایبەتمەندیی لەچاو ژانرەکانی دیکەدا هەبێت.

هەر لەم بارەیەوە و پێوەست بە خوددێتی بوونی لیریکەوە، د. دڵشاد عەلی دەڵێت:((ڕاستەوخۆ بەتاقیکردنەوەیەکی کەسیی دەردەبڕێ، هەر ئەمەشە لە جۆرەکانی تری دادەبڕێ، چونکە جۆرەکانی تری هۆنراوە بابەتیین و ڕاستەوخۆش باس لە موعاناتی شاعیر ناکەن)). (عەلی،١٩٩٨:ل٢٢) ئەم ئەدەبناسەی کوردیش خوددێتی بوونی خستووەتە پاڵ لیریکەوە، پێی وایە ئەم جۆرە لە شیعر ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەی کەسیی دەردەبڕێت وهەر ئەم خوددێتیی بوونەیشە جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری هۆنراوە، جۆرەکانی تری هۆنراوەی بە بابەتییبوون ناس کردووە. ئەوەی گرینگ بێت لەم پێناسەدا ئاماژەی پێ کردبێت و پێوەست بێت بە خوددێتی بوونەوە؛ ئەوەیە کە شاعیری لیریک ڕاستەوخۆ باس لە موعاناتی خۆی دەکات، بەڵام شاعیرانی دی بە چەشنی شاعیرانی لیریک ڕاستەوخۆ باسی لێوە ناکەن.

ئەوەی زیاتر لەم جۆرەدا جێی ڕەخنەی ئەدەبناسانە ئەوەیە کە،پێیان وایە ئەم خوددێتی بوونەی لیریک سنووردارکردنی دەق لێ دەکەوێتەوە و شیعرەکە بەرەو بچووکبوونەوە دەبات. هەر وەک پەروین عەبدوڵڵا لە توێژینەوەکەیدا (ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکدا) باسی لێوە کردووە و دەڵێت:((سنووردارکردنی لیریک بە کەسی یەکەم و خوددێتییەوە، بچووککردنەوەی شیعری لیریکی لێ دەکەوێتەوە)). (عەبدولا،٢٠٠٨:ل١١٧)خۆی لە خۆیدا ئەم سنووردارکردنە بچووکبوونەوەی شیعری لێ دەکەوێتەوە، هەر وەک چۆن لە شیعری کلاسیکدا کێش و سەروا دەبوونە هۆی سنووردارکردنی شاعیر بە چەند کۆتوبەندێکەوە، ئەم کۆتوبەندانەش دەبوونە هۆی سنوورداریی بۆ شیعر، سەرەنجام سنووردارییش بچووکبوونەوە یان هیچ نەبێ لە قاڵبدانی شیعری لێ دەکەوێتەوە.

٢- لە ڕوانگەی ویژدانییەوە - هەست و دەروون:

بەشێکی تر لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە هەست و نەست، دەروون و ویژدانی شاعیرەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ هەست و دەروونی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی چەند بیرمەند و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

د. سیرۆس شەمیسا دەڵێت((هەست و سۆزە کەسییەکان بنەمای سەرەکیی ئەدەبی لیریکن)).(شمیسا،١٩٩٥:ل١١٩)ئەم ئەدەبناسە پێی وایە هەست و سۆز بنەمای سەرەکیی لیریکە، بەڵام ئەوەی لەم پێناسەیەدا جێی لێنۆڕینە دەستەواژەی (کەسییەکان)ە؛ کە ئاماژەیە بۆ خوددێتیی بوونی لیریک. دەکرێت ئەم پێناسەیە بە پێناسەیەکی گرینگ دابنێین، هەم لەو ڕووەوە کە لیریک دەگەڕێنێتەوە بۆ هەست و سۆز، هەم لەو ڕووەیشەوە کە پێی وایە ئەم هەست و سۆزە کەسییە و دەگەڕێتەوە بۆ خودێتیی بوون.

هەروەها لەم بارەیەوە ئەدەبناسی ئێرانیی د. فریشتە ناسری دەڵێت:((هۆنراوەی لیریکی تایبەتە بە هەستەکان و دونیای ڕۆحی ئێمە، چوارچێوەی ئەدەبیاتی لیریک سووتان، دەرخستنی ئازاری دابڕان، شین و واوەیلای هیجرانە)).(ناصری،١٣٩١:ل١١٦)ئەم جۆرە لە پێناسکردن خۆ دانە بە لایەکدا، ئەم ئەدەبناسە پێی وایە هۆنراوەی لیریکی تایبەتە بە هەستەکانەوە، تایبەتە بە دونیای ڕۆحەوە. ناتەواویی ئەم جۆرە لە پێناسکردن هەم یەکلاکردنەوەیەتی، هەم دڵنیایی و گشتاندن، وشەی (تایبەت) لێرەدا مەجال ناهێڵێتەوە. ڕاستەوخۆ دڵنیاییەکمان پێ دەبەخشێت. ئەمە لەکاتێکدا دەیان و سەدان ئەدەبناسی دی سەرنجی جیاوازتریان هەبووە، ناکرێت کۆی سەرنجەکانی دی لەبەرچاونەگرین. لەم پێناسەیەدا ئەوەی گرینگە و جێی ئاماژەپێکردنە لەم ڕوانگەیەوە، کە لیریک دەگەڕێننەوە بۆ دنیای هەست و ڕۆح ئەو چوارچێوە ئەدەبیاتەی لیریکە کە خۆی لە سووتان، دەرخستنی ئازاری دابڕان، شین و واوەیلا دەبینێتەوە. هەست پێوەستە بەم سیفاتانەوە، ئەوە هەست و دەروونە شین دەگێڕێ، سووتانی ناخی جاڕ پێ ئەدا، ئازارەکانی دەردەبڕێت و لەنێو دەقەکەیدا بەیانی دەکات.

یەکێکی دی لەویرمەندو ئەدەبناسانە»تیۆدۆر ئادۆرنۆ»یە، ئاماژە بە جیهانیبوونی لیریک دەکات وەک دەرکەوتەیەکی ناساختەی ناخ و دەروون، دەڵێت((شیعری لیریک، کەدەتوانێت بە جیهانیی ببێت، لەبەرئەوەیە حاڵەتێک لە ناخ و زەیندا دروست دەکات کە تیایدا بە جیهانیبوونێکی ساختە دەرناکەوێت)).(Aderno,1948:P47) لە دوو ڕووگەی جیاوازەوە لەم پێناسکردنە دەنۆڕین: یەکەم- هۆکارێک بۆ ئەوەی زیاتر شاعیرانی لیریک بە جیهانیی دەبن و دەناسرێن هی ئەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ ناخ و دەروونی ڕاستەقینەی خۆیان و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی خستنە سەر ناخ و دەروونی خوێنەر. دووەم- بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک زیاتر جۆرە هۆنراوەیەکی ئاوازدارە و پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ موزیک و گۆرانییدا هەیە. لەم ڕێگەیەوە دەبێتە دڵخوازی هونەرمەندان و شیعرەکانیان دەکەن بە گۆرانیی، ئەمەش دەبێتە هۆی بە جیهانیبوونی شیعری لیریک و بگرە شاعیریش.

هەروەها ئەدەبناسی ئێرانیی (پور نامداریان) لیریکی پێوەست کردووە بە دۆخی دەروونی ورۆحی شاعیرەوە، دەڵێت: ((ژانری لیریک بە پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی شیعرەوە بابەت و ناوەڕۆک ڕۆڵی زاڵ و ئاشکرای نییە، ئەوەی زیاتر لە لیریکدا ئاشکرایە دۆخی دەروونی و ڕۆحی شاعیرە بەرانبەر بە دیاردەکان)).(پورنامداریان،١٣٨٦:ل١٦) ئەم ئەدەبناسە پێی وایە لیریک جیاوازە لە جۆرەکانی دیکەی شیعر، بە هۆکاری ئەوەی پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی شیعرە، لە لیریکدا هێندەی گرینگیی بە دۆخی دەروونی و ڕۆحی شاعیر دەدرێت، هێندە گرینگیی بە ناوەڕۆک و بابەت نادرێت. ئەمە لە کاتێکدا جۆرەکانی دیکەی شیعر زیاتر گرینگیی بە ناوەڕۆک و تێما دەدەن تا هەست و دەروونی خۆیان. ئەوەی زیاتر لەم جۆرەدا جێگەی ڕەخنە و تێبینییە ئەو گرینگییە زۆرەی شاعیرانی لیریکە کە بە هەست و دەروونی خۆیانی دەدەن و بەو ئەندازەیە گرینگیی بە لایەنەکانی تری دەق (بەتایبەت لایەنی ناوەڕۆک و بابەت) نادەن.

٣-لە ڕوانگەی شیعری گۆرانیی - ئاواز و موزیکەوە:

بەشێکی تر لە ئەدەبناس و بیرمەندان پێیان وایە ژانری لیریک پێوەستە بە مۆزیک و ئاوازەوە، پێوەستیان کردووە بە دونیای گۆرانییەوە، لیریک دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ئاوێزانبوونەی لەگەڵ مۆسیقادا هەیەتی،بۆئەم مەبەستەش سەرنجی چەند توێژەر، فەیلەسوف و ئەدەبناسێک دەخەینە ڕوو:

سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ ئەرستۆ))هەرچەندە ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر - Poetic)ەکەیدا ناوی لیریک ناهێنێت، کە ئەمەش توێژەرانی هانداوە سەبارەت بە ناو نەهێنان و باسکردنی لیریک لای ئەرستۆ بۆچوونی جیاوازیان هەبێت. هەندێک توێژەر پێیان وایە ئەرستۆ باسی لیریکی نەکردووە لەبەرئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانەو بە شیعری سەربەخۆی نەزانیوە چونکە ئەو مەبەستی بووە لێکۆڵینەوە لەو بەرهەمانە بکات کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕن)).(صورتگر،١٣٨٤:ل٧٤) ئەم توێژەرە پێی وایە ئەرستۆ بۆیە لە کتێبی پۆیەتیکادا ناوی لیریکی نەهێناوە بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێتەیە، لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ژانری لیریک پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆسیقادا هەیە تا حاڵەتی ئاوێزانبوونیان، تەنانەت وا لێکی دەداتەوە کە ئەرستۆ ژانری لیریکی بە سەربەخۆ نەزانیوە و لەگەڵ مۆسیقادا ناودێری کردووە چونکە مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوە بووە لەو بەرهەمانەی کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبڕدرێن،

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەواتە ئەرستۆ ژانری لیریکی لەو بەرهەمانەدا ناس نەکردووە کە بەهۆی زمان و وشەوە دەردەبردرێن بەڵکو هەروەک مۆسیقالێی نواڕیوە.
کاتێک لەم ڕوانگەیەوە باس لە لیریک وەک جۆرە شیعرێک پێوەست بە مۆزیک و گۆرانییەوە دەکەین، جگە لە کێش وسەروا، مۆسیقای ناوەوەیشمان هەیە ، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە باس لەو پێوەندییە بکەین لەنێوان لیریک و ئەدەبی فارسییدا لەسەر بنەمای مۆسیقای وشەکاندا هەبووە. مۆسیقای وشەکانیش بەشێکە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعر. ئەدەبناسی ئێرانی ناسر بەهرامی دەڵێت:((لیریک لە ئەدەبی فارسییدا زۆرتر لە (سبک عراقی)دا لە ئاستی زمان و مۆسیقای وشەکاندا برەوی هەبووە)).(بهرامی،١٣٩٠:ل١١٢) کاتێک باسی مۆسیقا دەکەین، دەبێت دوو جۆر مۆسیقا جوودا بکەینەوە، مۆسیقا وەک ئەو دەنگە سازکراوانەی کە هەیە، مۆسیقاش وەک ئاوازی ناوەوەی شیعر، جگە لە کێش و سەروا ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی زیاتر لەنێوان لیریک و مۆسیقادا هەیە؛ ئاوازی ناوەوەی شیعریش بەشێکی گرینگە و ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. ناساندنی ئەم ئەدەبناسەش بۆ لیریک لە ئەدەبیاتی زمانەکەیدا لەو ڕووەی مۆسیقایە کە لە ناوەوەی شیعردا هەیە و وشەکان بەو ڕۆڵە هەڵدەستن. ئەم ناساندنەش دەرواتە ئەو ڕوانگەیەوە کە لیریک پێوەست دەکەنەوە بە شیعری مۆزیک و گۆرانییەوە.
هەروەها ئەدەبناس و پرۆفیسۆری کورد د. عێزەدین موستەفا ڕەسوڵ لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گۆرانیی هۆنراوەیەکی بچووک و کورتە و لەڕووی ژانرەوە بەشێکە لە لیریک)).(ڕەسوڵ،٢٠١٠:ل٦٨) ئەم جۆرە لە ناساندنی گۆرانیی و پێوەستکردنی بە لیریکەوە بۆ خۆی ئەو پێوندییەمان بۆ دەردەخات کە لە نێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە، گۆرانیی ژانرێکی لیریکە.
٤- لە ڕوانگەی هاوبەشەوە:
سەرنج و بۆچوونی توێژەر و ئەدەبناسان لەمەڕ پێناس، باس و ناساندنی لیریکەوە لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە شیمان کردەوە. ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆ باسکردن دەمێنێتەوە خستنەڕووی پێناسە و ناساندنێکی هاوسەنگە کە تیایدا هەوڵبدات بەشێوەیەکی ورد و زانستییانەتر لە کۆی هەر سێ ڕوانگەکەوە لیریکمان بۆ پێناس بکات.
«پەروین عەبدوڵڵا»لەسەر هەر سێ بنەمای (خوددێتیی، ویژدانیی و گۆرانیی)ەوە لیریکمان بۆ ناس دەکات و دەڵێت:((لە پێناسەی لیریکدا بەردەوام ڕۆڵی ئاواز و ڕیتم لەبەرچاو گیراوە چونکە ڕیتم و ئاواز ڕۆڵی پەیوەندیسازی بە دەروون و زمان و حاڵی خود و ویژدانی شاعیرەوە دەگێڕێت)).(عەبدوڵا،٢٠٠٨:ل١١٧) دەکرێت بڵێین پێناسەیەکی زانستیی و درووستە لەسەر سێ بنەمای سەرەکیی ژانری لیریک. لە سەرەتای پێناسەدا باس لەوە دەکات کە لە شیعری لیریکییدا بەردەوام ئاواز و ڕیتم ڕۆڵی بەردەوامییان هەبووە (ئەمە وەک بنەمای گۆرانیی)، لە پاش ئەمەیشەوە پێی وایە ئەم ڕیتم و ئاوازە ڕۆڵی پێوەندییسازیی بە دەروون و ویژدانی شاعیرەوە دەبینێت (وەک بنەمای ویژدانیی)، ئەمەش بۆ خۆی ئەو هەستە دەروونییە ئاوازدارییە لە دەقدا درووستدەکات کە جیاواز لە جۆرەکانی دیکەی شیعر خوێنەری پێ ڕادەکێشێت. هەربۆیە شیعری لیریکی لەو جۆرەی شیعرە کە بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی لە دەروونی خوێنەردا درووست دەکات بنەمای ڕیتم و ئاوازدارییە شیعرییەکەیشی وا لە خوێنەر دەکات ڕایکێشێتە ناو دەقە شیعرییەکەوە و جێژی لێ وەربگرێت. هەروەها پێی وایە هەر ئەم ڕیتم و ئاوازە ڕۆڵی پێوەندییسازیی بە حاڵی خودی شاعیرەوە دەگێڕێت (ئەمەش وەک بنەمای خوددێتیی)، بۆیە دەتوانین بڵێین هەرسێ بنەماکە پێوەندییەکی بتەویان پێکەوە هەیە.
پاری سێیەم: پێوەندی لیریک بە موزیک و گۆرانییەوە
ئەدەب هونەرە و هونەریش ئەدەبە، هەمیشە ژانرە ئەدەبییەکان پێوەندی و تێکەڵاوییان لەگەڵ هونەردا هەبووە و هونەریش بە هەمان شێوە ئەو پێوەندییەی هەبووە. هەندێک جار وا ئامێتە دەبن، پسپۆڕانی بواری ئەدەب و هونەر جودای ناکەنەوە، یان پێکەوە دەیانناسێنن و پێناسیان بۆ دەکەن.
پێوەندییەکی تەواو بتەو لەنێوان ژانری لیریک و موزیک و گۆرانییدا هەیە، ئەم پێوەندییەش هەم مێژووییە و هەم نزیکایەتیی بنەماکانیانە لە یەکەوە.
سەرەتا با بزانین موزیک و گۆرانیی چییە؟

موزیک چییە؟

((موزیک هونەرێکی جیهانییە، هەر نەتەوەیەک بەپێی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خۆیان گوزارشتی بۆ دەکەن. بۆیە موزیکی هەر نەتەوەیەک زادەی تاکەکانێتی و مۆرک و سیمای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر پێناسەیەکی پوختی ئەم هونەرە بکرێت ئەوا بە پشتبەستن بە تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە پێناسەیان بۆ موزیک کردووە؛ دەتوانرێت پوختەکەی بەم جۆرە بێت: موزیک هونەری بەیانکردنی هەستەکانی مرۆڤە لە بۆتە [Form]ی دەنگدا و وابەستەی هەستە خودییە دەروونییەکانێتی. گوزارشتی ئەم هونەرە بە (ئاواز، هارمۆنی، بەرزی و نزمی دەنگ، ڕیتم، تیمبەر، ئارتیکولەیشن) وابەستەیە)).(حەمە،٢٠١٧:ل١٩) پێش هەموو شتێک موزیک زانستە وەک هەر زانستێکی تر، بەڵام کاتێک باس لە موزیک دەکەین نابێت لایەنە هەستیی و ڕۆحییەکان لە یاد بکەین. موزیک ڕەنگدانەوەی هەست و ڕۆحی مرۆڤە؛ کاتێک گوێ لە موزیک دەگرین ئەوە هەست و ناخە پێی جۆش دەدات. موزیک وابەستەی ڕۆحە، هەر بۆیە نووسەری دیاری ئەمەریکیی جەیمس جۆن پێی وایە:((موزیک زمانی تایبەتی ڕۆحە)).(حەمە،٢٠١٩:ل١٨) وەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان هەیە، بەو چەشنەش پێویستی بە موزیک هەیە. ڕۆح وەک گەدە پێویستی بە خۆراکە، بەڵام کام خۆراک؟ خۆراکی لایەنە ڕۆحییەکان، موزیک یەکێکە لەو لایەنانە.

گۆرانیی چییە؟

لە فەرهەنگی زمانی کوردیی (فەرهەنگی ئاناهیتا)دا بەم شێوەیە پێناس/ناساندنی بۆ گۆرانیی کردووە((بە ئاهەنگێک دەگوترێت؛ نووسراوێک ئاوازی بۆ دانرابێت و گۆرانیبێژیش تێکستەکە لەسەر خشتەی مۆسیقی بخوێنێت)).(فەرهەنگی ئاناهیتا) کەواتە گۆرانیی لەسەر چوار بنەمای سەرەکیی پێکدێت، ئەوانیش: (تێکست، ئاواز، ئامێری مۆسیقی و سترانبێژ)ە.

هەروەها گۆرانیی لە سەردەمێکی زۆر کۆنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە پەیدا بووە،هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیشی هەرەوەزیی و کاری بە کۆمەڵی مرۆڤ وهەندێک جاریش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئایینیی و دەوترێت گۆرانیی ئایینیی کۆنترین جۆری گۆرانییە.

لەلایەکی دیکەوە گۆرانیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەروون و ناخی مرۆڤ هەیە، چ بە لایەنە نائومێدیی و خەماوییەکەی یان لایەنە گەشبینیی و خۆشییەکەیەوە. بە هەمان شێوەی موزیک؛ گۆرانییش وەک خۆراکی ڕۆح ناوزەند کراوە.

پێوەندیی لیریک بە موزیکەوە

وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، لیریک و موزیک پێوەندییەکی ئامێتەیی و تێکەڵاویان پێکەوە هەیە. ئەم پێوەندییەش هەم پێوەستە بە لایەنە مێژووییەکەیانەوە و هەم لایەنی بنەما هاوبەشەکانیانەوە. کەواتە ئەم پێوەندییە سەرەتاکەی بۆ ڕووە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە و زاراوەی لیریک لە ئامێرێکی مۆسیقییەوە هاتووە. کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی هەر زاراوەیەک، بنەوانیمان بۆ دەردەخات. بنەوانی لیریکیش پێوەندی بە هونەری موزیکەوە هەیە. وەک چۆن لە مۆسیقادا ئاوازێکی ڕێکخراو هەیە و ئەم ڕێکخراوییەش تا کۆتایی تەواوبوونی موزیکێکی سازکراو بە گوێگر دەبەخشێت، بە هەمان شێوە دەکرێت زۆر جاریش لیریک هەمان ئاوازی ڕێکخراوی تا کۆتایی دەق هەبێت و ڕیتمێکی ئاوازدارییانە بە گوێگر ببەخشێت.

جیاوازیی نێوان مۆسیقا و لیریک ئەوەیە کە دەنگی مۆسیقا لە زۆر جوغزی فراواندا مانایەکی بە یاسا و ڕێسا چەسپاوی هەیە. زمانی مۆسیقا بە وشە ڕوون ناکرێتەوە بەڵکو لە ئاستێکی باڵادا بە هەست و سۆز و کەشوهەوایەک دێتە پێشەوە، بە ڕیتم و میلۆدیی دینامیکی کە بە جیاوازی و بەش بەشبوونی ئاواز بنیات دەنرێت. لەلایەکی ترەوە زمانی لیریک زۆربەی کات لە وشە پێکدێت، لە زمانی ئاخاوتندا یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە. سەرباری ئەو پێوەندییەی کە هەیە، لارش زۆر بەڕوونی جیاوازیی نێوان لیریک و مۆسیقامان بۆ دەردەخات. مۆسیقا لە دەنگ پێک دێت. مۆسیقا لە ڕیتم، میلۆدیی و ئامێرە جیاوازەکانی ژەنین ساز دەکرێت، بەڵام لیریک بەوشێوەیە نییە، لیریک لە وشە پێک دێت. لیریک ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعر، وێنەی شیعریی و لایەنە بە وشە دەربڕاوەکانی دیکەی شیعر سازی دەکات. ئەوەی لەم بۆچوونانەی لارشدا جێی ڕەخنە و تێبینییە، ئەم بەشەیەتی کە پێی وایە لیریک (لە زمانی ئاخاوتندا یاسا و

ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە)، ئاسایی چ لە زمانی نووسین و چ لە زمانی ئاخاوتنیشدا لیریک یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانیی و واتایی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراوی نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی هەیەتی. ئەمەش کەموکوڕیی لیریک دەرناخات، بەپێچەوانەوە، خۆی لیریک ئەم دۆخە دەخوازێت. کەمتر ڕەچاوی ئەم یاسا و ڕێسایانە دەکات چونکە لە لیریکدا لادانی ڕێزمانیی و واتایی زۆر هەیە، هەموو ئەم لادانانەش بۆ خزمەتی ڕیتم و ئاوازی دەقە، ئیتر چ ئاوازی ناوەوەی شیعر بێت یان دەرەوە. بیرمان نەچێت لیریک بە شیعری گۆرانیی ناس کراوە، بۆیە ناتوانین بڵێین بەشێوەیەکی زۆر توندوتۆڵی ڕەچاوکراو هەیەتی، بەڵکو ئاسایی هەندێک جار ڕەچاوی دەکات و زۆر جاریش ڕەچاوی ناکات.

هەر دەربارەی پێوەندی لیریک و موزیک ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر - Poetic) ئاماژەی بە ژانری لیریک نەکردووە. لەم ڕووەوە لەلایەن ئەدەبناسانەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە. هەندێک لە ئەدەبناسان پێیان وایە ئەو پێوەندییەی نێوان لیریک و موزیک هێندە ئامێتەییە ئەرستۆ لێکی جیا نەکردوونەتەوە. ئەدەبناس و شاعیری ئێرانیی لطفعلی صورتگر دەڵێت:((ئەرستۆ لە کتێبی پۆیەتیکادا باسی لیریکی نەکردووە لەبەرئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانە)).(صورتگر،١٣٨٤:ل٧٤) ئەم توێژەرە پێی وایە ئەرستۆ بۆیە لە کتێبی پۆیەتیکادا ناوی لیریکی نەهێناوە بە هۆکاری ئەوەی شیعری لیریک لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێزانە، لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ژانری لیریک پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆسیقادا هەیە تا حاڵەتی ئاوێزانبوونیان، تەنانەت وا لێکی دەداتەوە کە ئەرستۆ ژانری لیریکی بە سەربەخۆ نەزانیوە و لەگەڵ مۆسیقادا حساباتی لەسەر خواستووە.

لەلایەکی ترەوە بەشێک لە جۆرەکانی ژانری لیریک و بەشێک لە بۆتەکانی موزیک، هێندە ئامێتەییان هەیە کە لە هەردوو جۆرەکەدا هەن ((بەشێک لە جۆرەکانی لیریک و موزیک هێندە ئاوێزانن کە لە هەردووکیاندا هەن، بۆ نموونە (باڵاد، سۆنێت، ئۆپێرا..).)). (عوسمان،٢٠١٨:ل٤٦) کەواتە هەموو ئەمانە ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ، مێژوویی، بنەمایی و ئامێتەییانە دەردەخەن کە لەنێوان لیریک و موزیکدا هەبووە و هەیە. بۆیە لە هیچ حاڵەکاتێکدا ناتوانین ناوی لیریک بهێنین و ئاماژە بە موزیک نەکەین، یان ناوی موزیک بهێنین و ئاماژە بە لیریک نەکەین.

پێوەندی لیریک بە گۆرانییەوە

پێوەندیی لیریک بە گۆرانییەوە زیاتر پێوەندییەکی تەواوکارانەیە، نە لیریک بێ گۆرانیی دەبێت، نە گۆرانییش بێ لیریک، کاتێک تێکستێکی شیعریی لیریکیی دەکرێت بە گۆرانیی ئەم هاوکێشەیەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە هەموو تێکستێکی لیریکییدا گۆرانیی هەیە و لە هەموو گۆرانییەکیشدا تێکستی لیریکیی هەیە. هەروەها لەم نێوانەشدا شاعیر هەیە، شاعیری لیریک (بەتایبەت ئەوانەی شیعر بۆ گۆرانیی دەنووسن) لەگەڵ گۆرانییدا پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە. هەر ئەم پێوەندییەیە زۆرجار وا لە شاعیرانی لیریک دەکات زیاتر لە شاعیرانی ژانرانی تر بناسرێن و ناودەنگی زیاتریان هەبێت. هەندێک جاریش ئەم ناسراوییە بەتەنها لە چوارچێوەی وڵاتی خۆیدا نامێنێتەوە و سنوورەکانیش دەبڕێت.

لەلایەکی ترەوە پێوەندی لیریک بە گۆرانییەوە مێژووییە، چوون هەر لە سەرەتاوە بە شیعری گۆرانیی ناس کراوە. تا ئێستاشی پێوە بێت بەشێک لە ئەدەبناسان و پسپۆڕانی بواری ئەدەب ئەم ژانرە هەر بە شیعری گۆرانیی ناو دەبەن. هاوکات نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە شیعری گۆرانیی ژانرێکی سەر بە لیریکە، ئەمەش بۆ خۆی گوزارشت لەو پێوەندییە دەکات کە لەنێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە.

سەبارەت بە ڕووە بنەماییەکەی، لێکچوونێکی زۆر لەنێوان لیریک و گۆرانییدا هەیە. بۆ نموونە لە لیریکدا نووسەر هەیە، لە گۆرانییشدا سترانبێژ هەیە، جیاوازییان تەنها (وشە و دەنگ)ە، دەکرێت ئەم لێکچوونە بنەماییە بە جیاوازی نێوانیشیان دابنێین! لێکچوونە لەو ڕووەوە هەردووکیان ئاوازی ڕێکخراو و سازکراو پێک دێنن، جیاوازییشە لەو ڕووەوە لیریک بە وشە دەردەبڕێت و گۆرانییش بە دەنگ. هەروەها لە لیریکدا ئاواز و مۆسیقا هەیە، بە هەمان شێوە لە گۆرانییشدا هەیە. لە لیریکدا دەق/تێکست هەیە، بە هەمان شێوە لە گۆرانییشدا هەیە.

بەشی دووەم: لیریک لە هۆنراوەکانی عەبدوڵلا گۆراندا

پاری یەکەم: وێنەی شیعریی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا:

گۆران شاعیری ئافرەت و جوانییە، شاعیری سروشتە. کاتێک باسی ئافرەت و جوانییەکانی دەکات، باسی ئافرەتێکی قژ زەرد، چاو شین و کەمەر تەنگ دەکات، وەک وێنەکێشێکی لێهاتوو وایە بەرانبەر تابلۆکەی وەستابێت و وێنە بکێشێت. یان کاتێک دێتە سەر وەسفی سرووشتی هەورامان، شاخە سەخت و گەردنکەشەکانی، درەنگ گەشتنی پرشنگی هەتاو بۆ ناو دێ بەهۆی بەربەستی شاخە سەختەکانییەوە، ڕێگای ناو باخەکانی و کانیی ژنانی، بە هەمان چەشن وەک وێنەکێشێکی بەتوانا وایە و لەسەر لەوحەکەی وێنە بکێشێت. هەموو ئەمانە وێنەی شیعریین و گۆران لە هۆنینەوەی هەڵبەستەکانیدا دەیانهۆنێتەوە. لەم بارەیەوە کاکەی فەلاح دەڵێت((سروشت بە تایبەتی سروشتی کوردستان، بە هەموو تەلیسمێکی جوانی وکەم هاوتاییەوە، ئافرەت بە هەموو پرشنگە دیار و نادیارەکانی جوانی و شۆخییەوە، وای لێکردبوو هەر شیعرێکی وتبێت لە دنیای ڕۆمانسیانەدا وێنە و تابلۆی کەم وێنەی شیعری کوردی بێت. هەر بەیت و شیعرێکی ئەو سەردەمە بەپیتەی دەگریت، دوای خوێندنەوە، دەڵێیت ڕاستەوڕاست لە بەردەمی تابلۆیەکی تەواو (مجسم) و زمان پڕاودا ڕاوەستاویت)).(حەمە ئەمین،١٩٧٨:ل٣٩) وێنە لە شیعری گۆراندا ڕێژەی ڕەهایە، بێسنوور وێنەی شیعریی لە هەڵبەستەکانیدا خوڵقاندووە. کەم هۆنراوەی هەیە تابلۆکاریی تێدا نەکرابێت.

هەروەها جگە لەم دوو ڕووە (جوانیی ئافرەت و سرووشتی کوردستان)، شاعیر بەهۆی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەیەوە کە هەیبوو، بەهۆی ئەو ئەزموونەوە کە هەیبوو، بەهۆی گەڕان و سەفەرکردن و بینیی چەندان شوێن و وڵات، بەهۆی زیندانیکردن، مردنی منداڵ، دۆخی سەختی ژیانی و نەخۆشییەکەیەوە، هۆکارگەلێکی تر بوون بۆ دروستکردنی وێنەی جوان و داهێنەرانە لە هەڵبەستەکانیدا.

گۆران بە قۆناغ و قوتابخانەی ئەدەبیی جیاوازدا تێپەڕیوە، وەک چۆن ئەم گۆڕانە کاری لەسەر کۆی ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری شیعری شاعیر کردووە. کاریگەرییشی لەسەر ڕەگەزی وێنەی شیعریی هەبووە. وێنەی شیعریی لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژیی کە زیاتر لە کلاسیکدا بایەخ وگرنگیی هەبووە هۆنیوەتەوە. لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەشدا کە بناغەی وێنەی شیعریی بوون لە قۆناغی شیعری نوێدا. هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی گشتیی لەسەر پێکهاتنی ئەو لایەنانە بوەستین کە شاعیر وێنەی شیعریی تێدا هۆنیوەتەوە:

-وێنەی شیعریی و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی:

١- لێکچواندن:

یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی لێکچواندنە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((لێکچوواندن بریتییە لە چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێ، هەیانە ڕاستەوخۆ و بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بەسوودوەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان)).(عەبدوڵا،٢٠١٣:ل١٤٦) بەکورتی: لێکچواندن بریتییە لە وێکچوونی شتێک بە شتێکی تر،کە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر لەنێوان دوو شتەکەدا هەبێت. هەروەها بنەڕەتەکانی لێکچواندنیش بریتین لە: بنەڕەتی سەرەکیی (لێچوو، لەوچوو) کە پێویستە هەبن، بە نەبوونیان لێکچواندن ڕوو نادات. بنەڕەتی ناسەرەکیی (ئەوزار، ڕووی لێکچوون) بە بوون و نەبوونیان لە لێکچواندن کەم ناکەنەوە، ناسەرەکیین و بەپێی خواستی شاعیر بەشداریی پێ دەکرێن.

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی گۆران (بەتایبەت شیعرە کلاسیکییەکانی) ئەم جۆرە لە هونەری ڕەوانبێژیی تێدا بەدی دەکرێت.

نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری

وەکوو پرچت کشاوە بێ نیهایەت! (دیوانی گۆران، ل٨١)

شاعیر لێرەدا ڕاهی دووری بە پرچی کچێک چواندووە. ئەم پرچە بێ نیهایەت وەک ئەو ڕێ دوورە کشاوە. ئەمە وێنە دروستکردنی پێ دەڵێن

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەنێو شیعردا، تابلۆکاریی پێ دەڵێن. ئەم وێنە شیعرییە، شیعریەتی بە هەڵبەستەکەی بەخشیوەو لەقسەی ئاسایی وباو دووری خستووەتەوە. ئەمە ئەرکی وێنەی شیعرییە! کەواتە (پرچ) لەوچووە، (ڕاهی دوور) لێیچووە، (وەکوو) ئەوزاری لێکچوونە، (کشاندن وبێ نیهایەت) ڕووی لێکچواندنەکەیە.

٢- خواستن:

یەکێکی تر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی خواستنە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک لە جیاتی وشەیەکی تر، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان ئەم دوووشەیەدا هەیە. قەرینەیەکیش هەیە ڕێگری دەکات لەوەی وشە هێنراوەکە بۆ واتای درووست بەکارهێنرابێ)). (عەبدولا،٢٠١٣:ل١٦٦) بەکورتی: خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک لەجیاتی وشەیەکی تر، هەردوو وشەکەش پێوەندییەکی لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت بێجگە مانای دروستیی وشەکە.

لێخواستراو (لەوچوو)، بۆخواستراو (لێیچوو)، خواستراو (گۆکراو)، نیشانە (دەرخەر) پایە و لایەنەکانی خواستنن. بەشێوەیەکی گشتیی خواستنی (ئاشکرا، درکاو)یش دوو جۆری سەرەکیی ئەم هونەرەی ڕەوانبێژیین. گۆران لەم ڕێگەیەوە وێنەی تایبەت و ڕازاوەی لە هۆنراوەکانیدا بۆ خوڵقاندوین، نموونەی بەرز و کاریگەری وێنەی شیعرییمان نیشان دەدات.

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ
ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەت و خاڵ
شەڕیانە شەماڵ، پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ (دیوانی گۆران، ل٥٧)

شەماڵ: بۆخواستراو
مرۆڤ: لێخواستراو
شەڕ: پەیوەستی مرۆڤە دراوەتە شەماڵ (گۆکراوە)
نیشانە: ئەقڵییە، شەماڵ زیندەوەر نییە تا بتوانێ شەڕ بکات.

لێرەدا خواستنی درکاو درووست بووە. لە خواستنی درکاودا لێیچوو دەمێنێت و لەوچوو نامێنێت. مرۆڤ کە لەوچوە (لێخواستراو)ە نەهاتووە، بەڵام شەماڵ هاتووە و دەبێت بە لێیچوو (بۆخواستراو)، هەروەها شەڕ هاتووە و گۆکراوە دەبێت بە (خواستراو)، هەرچی نیشانەیە ئەقڵییە، چونکە شەماڵ زیندەوەر نییە تا بتوانێ شەڕ بکات.

شاعیر لەم وێنە شعرییەدا باسی جوانیی دەکات لە لادێ، جوانییەکە دێنێتە سەر ئافرەت، کاتێک بەرەو کانیی دەڕوات هارەی کەمەرو گوارەی دێت، کە دێتەوە بەرەو ماڵ وەکو نەسیمی شەماڵ لەنجەولارئەکات، ئەگریجەی تەڕیشی پەخش بووە بەسەر کوڵم و خەت و خاڵیدا، «شەڕ» پەیوەستی مرۆڤە و دراوەتە پاڵ شەماڵ، بەمە دەوترێت وێنەی شیعریی.

٣- درکە:

هونەرێکی دیکەی ڕەوانبێژییە و لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا ڕۆڵی هەیە.((درکە ئەوەیە کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستەکە بچێ)). (گەردی،١٩٧٢:ل٨٨) بەکورتی: درکە بریتییە لە بەکارهێنانی شتێک کە بۆ واتا بنەڕەتییەکەی بەکار نەهێنرێت، بەڵکو ئەو شتە واتایەکی درکاو بگەیەنێت کە پێوەندی بە واتا بنەڕەتییەکەیەوە هەبێت.

شاعیرهەروەک چۆن لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیی(لێکچواندن و خواستن)دا وێنەی شیعریی تایبەت و ڕازاوەی لە هەڵبەستەکانیدا هۆنیوەتەوە، نموونەی کاریگەر و بەرزی بۆ خوڵقاندووین. بە هەمان چەشن لە درکەشدا ئەو ئاستە باڵایەی بەدی دەکرێت.

ئەو ئیستیعمارە خوێنمژە

کە کوردکوژە، هەژارکوژە!

ئەو ئەژدیها ژارپژێنە

پاروو لە ناودەم فڕێنە   (دیوانی گۆران، ل٣٠٧)

لە نیوە دێڕی سێیەمدا (ئەژدیها)ی بۆ ئیستیعمار بەکار هێناوە، ئەمەش درکەی پێکهێناوە. ئیستیعمار بە واتای داگیرکاریی دێت (وڵاتێک بەنێوی ئاوەدانکردنەوەوە داگیرکاریی دەخاتە سەر وڵات یان نەتەوەیەکی بێدەسەڵات). ئەم درکەیە وێنەی شیعریی خوڵقاندووە. ئیستیعمار ئەژدیها ئاسا ژار پژێنە، پاروەو نان لە ناودەمدا دەفڕێنێ، خوێنمژ، کورد کوژ و هەژار کوژە. گۆران هاتووە بە هونەرێکی ڕەوانبێژیی (درکە) وێنەیەکی شیعریی لە هەڵبەستەکەیدا خوڵقاندووە.

- هەروەها شاعیر جگە لەم سێ هونەرە سەرەکییەی ڕەوانبێژیی چەندان هونەری دیکەی لەنێو هەڵبەستەکانیدا بەکارهێناوە. هەر ئەمەشە وای لێکردووە سەراپا دیوانی شاعیر ئاوێنەیەک بێت، پارچەیەک بێت لە وێنەی شیعریی، بە شکانی ئەو ئاوێنەیە سەدان پارچەی تری لێ ببێتەوە و هەمان وێنە بدەنەوە! بەو واتایەی دیوانێک سەراپا لە وێنەی شیعریی.

وێنەی شیعریی و پرۆسە هەستییەکان:

مرۆڤ خاوەنی پێنج هەستە (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن و چەشتن) لە هەستەکانی مرۆڤن، جگە لەوکەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن: نابینا، کەمئەندام، کەڕولاڵ، هەستی بۆنکردن یان تامکردنیان لەدەست دابێت، ئەم مرۆڤانە ناتوانن یەکێک یان چەند هەستێکیان بەکاربهێنن، جیاواز تەماشا دەکرێن لەوکەسانەی کە خاوەن هەموو پرۆسە هەستییەکانن، هەڵبەت جیاواز لە ڕووی ئەم پرسەوە، ئەویش خوڵقاندنی وێنەیە لەنێو شیعردا. کەسێکی ئاسایی هیچ کێشەیەکی لە پرۆسە هەستییەکانیدا نەبێت و بتوانێت بەکاریان بهێنێت، بە هەمان شێوە شاعیرێکیش پرۆسە هەستییەکانی بەکاربهێنێت، جیاواز دەبێت، هەر ئەم جیاوازییەیە وێنەی شیعریی درووست دەکات. لەڕووی بەکارهێنانی پرۆسە هەستییەکانەوە ئەوەی شاعیرێکی داهێنەر و بەتوانا لە کەسێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، وێنەی شیعرییە. کەسی ئاسایی تەنها ئەم هەستانەی بەکاردەهێنێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا، سوودیان لێوەردەگرێت و هیچی تر، بەڵام شاعیرێک جگە لەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا سوودیان لێوەردەگرێت، ئەوە لەهەمانکاتیشدا دەتوانێت وێنەی شیعریی بەرز و داهێنەرانە بخوڵقێنێت.ئەم هەستانەی شاعیر بەرکەوتەی لەگەڵ دەرووبەروسرووشتدا دەبێت، ئەم بەرکەوتەیە تێکەڵ بە (ئەندێشە)ی دەکات و وێنەی شیعریی بەرز و تابلۆکاریی لە هەڵبەستەکانیدا دەخوڵقێنێت.

گۆران بە هەمان چەشنی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی لە هۆنراوەکانیدا، بەکارهێنانی پرۆسە هەستییەکانیشی لە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییدا بەکارهێناوە. بەجۆرێک ئەندێشەی داهێنەرانەی شاعیر لە هەڵبەستەکانیدا ترۆپکە و لە ڕێگەی پرۆسە هەستییەکانییەوە وێنەی شیعریی بەرز و تابلۆکاریی جوانی بۆ نەخشاندووین، بەتایبەت لەهەردوو شیعریی(گەشت لە هەورامان، گەشت لە قەرداغ). لەم بارەیەوە لەسەر نموونەی شیعریی کۆی هەر پێنج هەستەوەرەکە دەوەستین:

١- هەستی بینین:

ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی

پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی؛

گڵۆپەکانی سەرجادە و کۆڵان؛

زەرد هەڵگەڕابوون، کز کز ئەسووتان   .(دیوانی گۆران، ل١٢١)

ئەم دووهۆنراوەیەی شاعیرپرۆینەی جوان ورەنگاوڕەنگن، سەراپا کۆی پرۆسە هەستییەکان کارا بوونە بۆ وێنەگرتن، لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتا دێڕ چەشنی کامێرامانێک وایە و گرتەی کۆی دیمەنەکانی گرتبێت. سەرەتای گەشتە و هێشتا لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ دەرنەچوونە، خەڵکی شار نووستوون و ئەمیش هەستاوە بۆگەشتەکەی، ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی سەر شار چاوەڕێی بەری بەیانین و بۆی پێدەکەنن،

گڵۆپەکانی سەر جادە و کۆڵانەکانیش کز کز دەسووتێن و زەرد هەڵگەڕاون. کز دەسووتێن چونکە وردە وردە دنیا ڕۆشن دادێت! شاعیر لەم ڕێگەیەوە بەهۆی هەستی بینینەوە وێنەیەکی شیعریی بەرز و جوانی بۆ خوڵقاندوین. بەهەمانشێوەی ئەو وردەکارییە وێنەییەی کە بە وشەکان گرتویەتی، دەتوانرێت وەک بەکارهێنانێکی هونەری جوانکاریی ڕەوانبێژییانە، دەقەکە بخرێتەڕوو، بەوەی، کە چۆن شاعیر خودی ئەستێرەکانیش دڵخۆشن بە دووبارە ڕۆژبوونەوە(هەرچەندە خۆیشیان لەناوبچن). هەروەها کزکز سوتانی گڵۆپەکانیش، بەهەمانشێوە بەهۆی ڕووناک بوونەوەی دونیا و وردە وردە هەڵهاتنی خۆرەوەیە.

٢- هەستی بیستن:

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری!

لە چاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبری؟

کوڕی خۆم! کۆرپەڵەم! میوانی دنیای تازە خوڵقاوم!

ئەدا گریەت بە زەربەی چز، لە ڕۆحی پڕ گلاراوم!

چییە ئەم گریە بێغایە، کڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟ (دیوانی گۆران، ل١٥٩)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وێنەیەکی شیعریی بەرز دەخوڵقێنێت. گریان کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەم وێنەیە. نیوەشەوە و بەهۆی گریانەوە، منداڵەکەی وەنەوزی لە چاوەکانی بڕیوە. گریان بێزاری کردووە و وەک زەربەی چزی هەنگ ئەدا بە ڕۆحی پڕ گلاراوییەوە. پرسیاری لێدەکات،هۆکاری ئەم گریە نیوەشەو خورپێنەت چییە؟ کۆی سەراپای هۆنراوەکە بە ئەندێشەیەکی بەرز و داهێنەرانە هۆنراوەتەوە. وێنەی جیاوازی تێدا خوڵقاندووە کە نموونەی لە شاعیرانی پێش خۆیدا نەبووە. گریانی منداڵەکەی کە بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بووە بە هۆکاری هۆنینەوەی، ئەمەش چ لە هەڵبژاردنی بابەت و چ لە خوڵقاندنی وێنە شیعرییە جیاوازەکانی هەڵبەستەکەدا، شتێکی نوێ و ناباو بوو.

٣- هەستی چەشتن:

ئەوسا کە تۆم نەدیبوو،

ژینم تاڵی و ترشی بوو

بێ شادی و ئارام،

بێ هیوا و ناکام،

ئەژیام: ژینی سەرسەری (دیوانی گۆران، ل٥٥)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی چەشتن/تامکردنەوە وێنەیەکی شیعریی جوانی خوڵقاندوە. (تاڵی و ترشی) بەر هەستی تامکردن دەکەون. شاعیر ئەم هەستەی تێکەڵ بە بابەتی دڵداریی کردووە. بە (یار)ی دەڵێت تا تۆم نەناسیبوو ژینم تاڵیی و ترشیی بوو، بێ هیوا و ناکام بووم، بێ شادی و ئارام بووم، بەڵام کە تۆم ناسی ژینم گۆڕا، چەشتنی تاڵیی و ترشییم بوو بە هیوا و شادی، لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە وێنەیەکی شیعریی بەرزی خوڵقاندووە.

٤- هەستی بۆنکردن:

لە دوورەوە چ نمایانە پێچ و سەرپۆشت!

چ زوو ئەگاتە دەماخم شەپۆلی بۆی خۆشت! (دیوانی گۆران، ل٧٤)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە وێنەیەکی شیعریی داهێنەرانەی خوڵقاندوە، چونکە لە دەربڕینی (باو) خۆی دەرباز کردووە. لەجیات

ئەوەی بڵێ: چ زوو دەگاتە بەر «کەپوو»م شەپۆلی بۆنی خۆشت، لادانی واتایی کردووە و دەڵێت: چ زوو دەگاتە «دەماخ»م شەپۆلی بۆنی خۆشت، واتە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەستەکەی قووڵ کردووەتەوە. خۆی لە ڕاستیدا بۆن بەر هەستی بۆنکردن (لوت) دەکەوێت، بەڵام هەمیشە ئەرکی شاعیر ئەوەیە لادان بکات و وێنەی شیعریی بەرز بخوڵقێنێت، گۆرانیش ئەمەی کردووە.

٥- هەستی بەرکەوتن:

لەبەر ئەوە، ئەی قژزەردی بێگانە،

جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە،

بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،

ئەو کتێبی شیعریە داتە دەستم! (دیوانی گۆران، ل٦٦)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکی شیعریی ئێجگار جوانی خوڵقاندوە. پێش ئەم چوار نیوە دێڕە، شاعیر باس لەوە دەکات، هەر نازدارێک ناسیبێتم، بە ڕواڵەت چەند پرشنگدار و شیک بووبێت، پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بووە. کۆشی گەرم بووە، لەگەڵ ئەوەدا دەروونی ساردوسڕ، بۆیە لەبەرئەوە ئەی قژ زەردی بێگانە جیلوە (درەوشانەوە، دەرکەوتن)ی جوانیت لەبیرم چێت ئاسانە، بەڵام ئەوەی کە هەستمی ورووژاند ئەو کتێبە شیعرییە بوو داتە دەستم. واتە شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە ورووژاوە. ئەم هەست ورووژاندنەش بووە بە هۆکاری خوڵقاندنی وێنەیەکی شیعریی بەرز و جوان لە هەڵبەستەکەیدا.

- هەروەها جگە لە (تاکهەست) شاعیر لە چەندان نموونەی شیعرییدا (هەستگۆڕکێ)یشی ئەنجام داوە:

لەبەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئاگر،

دای بە تاریکیی شەوی ناو دێ دڕ (هەستی بینین)

شمشاڵ بە ناڵەی لەرە و لەرزەدار

دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار (هەستی بیستن) (دیوانی گۆران، ل١٢٦)

شاعیر لێرەدا هەستگۆڕکێ لەنێوان هەردوو هەستی بینین و بیستندا دەکات و وێنەیەکی شیعریی جوان دەخوڵقێنێت.

- ئەوەی زیاتر لەنێو پرۆسە هەستییەکاندا پێوەست بە خوڵقاندنی وێنەی شیعرییەوە، جێگەی داهێنەرییەکی ئێجگار بەرز و هونەرمەندانەی شاعیرە، هۆنراوەی (ئاواتی دووری، ل٤٥)ە، کە تیایدا شاعیر لە تەنها شیعرێکی دوو پەڕەییدا توانیویەتی هەریەک لە هەستەکانی (بینین، بیستن، بەرکەوتن و بۆنکردن) بەکار بهێنێت و تیایدا وێنەیەکی داهێنەرانە بە هەڵبەستەکەی ببەخشێت.

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەرت،

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ (هەستی بینین)

ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم!

دەنگێ لە یاری دوورەوە، چی بکەم لە زیل و بەم؟(هەستی بیستن)

ئەی حیسسی شاممە! لە چاو و لە گوێچکە مەئیوسم،

بۆنێ لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسووسم (هەستی بۆنکردن)

ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو دەنگ و ڕەنگ و بۆ،

وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!(هەستی بەرکەوتن)

پاری دووەم:لادانی دەنگیی،واتایی وڕێزمانیی لەهۆنراوە لیریکییەکانی شاعیردا

زۆربەی ئەوکاریگەریی وچێژەئیستێتیکیانەی شاعیربەرجەستەیان دەکات بۆ شیعرەکەی و بەدوایاندا دەگەڕێت بەڕێگەی لادان و دەرچوون لە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

یاسا و دەستووره باوەکان بەدی دێت. لادان: کردارێکە، کە لەکاری ئاسایی و پەسەندکراو دووربێت، جیاواز لەوەی کە چاوەڕوان و پەسەند دەکرێت،لادانە لە نەریتە پەسەندکراوەکانی پێشوو.

لادان بەکارهێنانێکی زمانە لە لایەن شاعیرەوە، بەشێوەیەکی جیاوازلە هەموو ئەو شتانەی کە باو و ئاسایین، تاکو سیمای داهێنەرانە بە بەرهەمەکە ببەخشێت لە تایبەتمەندێتی و هێزی سەرنجڕاکێشان. کەواتە لادان دەبێتە بنەمایەك بۆ بنیاتنانی پرۆسەی ئەفراندن و دەرکەوتنی کەسایەتییەکی داهێنەرانە. لێرەوە چەند لادانێك دەخەینە ڕوو :

- لادانی دەنگیی:

پێوەری لادان لە تێکستی شیعریدا ئاڵۆزە، چونکە ئەوەی لادانە لە گۆڕانی بەردەوامدایە.((لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە ڕەخنەگران بە بنەمای شعریيەتی دەزانن)).(سەعید،٢٠١٣:ل١٧) لە ئاستی دەنگدا، شاعیر چەندین شێوازی کورتکردنەوەو قرتاندنی دەنگی بەمەبەست بەکارهێناوە. ئەم دیاردەیە، گۆڕانێکە بەسەر وشەو مۆرفیمەکاندا دێت یان دەکرێت، کە لەهەندێ دۆخدا شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن. ئەم حاڵەتە لە زمانی ئاساییدا بەهەمان ئەرکی واتاییەوە دەبێت، بەڵام لە شیعردا بۆ مەبەستی جیاواز دادەهێنرێت. ((توانەوەی دەنگی یان نەگونجان لە زمانی ئاساییدا ڕوودەدات، کە دەنگێک بە کاریگەری دەنگەکانی دراوسێی بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت)).(فەتاح،٢٠١١:ل١١٥)

به هەچ دەردێک بوو نان و چا خورا

دیسان بۆ ڕێگا ناوی خوا برا. (دیوانی گۆران، ل١٢٣)

گۆران لێرەدا (هەرچ) کردووە بە (هەچ) وە دەنگی (ر)ی قرتاندووە. ئەمە خۆی بە پلەی یەکەم (هەچ) لە ڕووی کێشەوە سووکترە تا (هەرچ).

- لادانی ڕێزمانیی:

زۆرکات لادان لە زمانی ئاساییدا هەڵە بەرهەم دێنێت، بەڵام لە شیعردا هونەر و ناسکبێژی، لۆتمان دەڵێ((زانست لەوێوە دەستپێدەکات کاتێ لەو شتە ئاسایی و بەرچاوو مەفهوومانەدا لەپڕ شتێکی نامۆی نامەفهووم دێتە پێشەوە)).(Yury,1975:p34)، ئەم جۆرەلادانە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ڕستە. بۆ سازکردنی پەیوەندی نوێ، کە وەك تەواوکاری جۆرەکانی تر هەوڵە بۆ جیاکردنەوەی زمانی شیعریی لە زمانی ئاسایی، چونکە لادان لە شیعردا مەبەستدارە.

لادانی ڕێزمانیی نەنگیی وکەموکورتیی ناگەیەنێ بەڵکو دەرواتە باری جوانیی دەقەوە لە شیعرە لیریکییەکانیشدا هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی ئاواز. لەبەر ئەوەی هەر زمانێک یاسا و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆڕیزبوونی کەرەستەکانی لە ڕستەدا.بۆیە شوێنی هەروشەیەک لەزماندا، وەک چوارچێوەیەکی گشتی تارادەیەک چەسپاوە، بەڵام لە کاتی قسەکردن و دواندندا بەپێی هەڵوێستی کەسەکە، دەشێ ئەرك و شوێنی وشەکان گۆڕانییان بەسەردا بێت، جا یان بەرەو پێش دەچن، یان بەرەو پاش. ((کاتێکیش شاعیر شیعرێك دەهۆنێتەوە، دارشتنەکەی سینتاکسی ئاسایی نییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری کێش و سەرواوە، بۆیە ناچارە ڕیزی ئاسایی وشەکانی لەژێر کاریگەری ئاواز وکێش و سەروادا تێك بدات، جگە لەمەش زۆرجار مانا وجەخت کردنیش جێگای وشەکان دەگۆڕن)).(گەردی،١٩٩٩:ل١٥٢).

بەخۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە!

بەچی مەعلووم کەچی لەو تەختی نەوچاوانەت نوسراوە (دیوانی گۆران، ل١٦٠)

لێرەدا گۆران بکەری لاداوە، هەروەها کرداری (مەگری) پێش(ئێستا)ی دواخستووە.

-لادانی واتایی:

ئەم جۆرەی لادانیش یەکێکە لە لایەنە هونەرییەکانی شیعر.چونکە لادانی شیعریی هەوڵە بۆ تێکشکاندنی فۆرمی زمانی ئاسایی و بونیادنانی زمانی شیعریی. بەڵام ((لادانی واتایی، کە تایبەتمەندیی زمانی شیعرە، دەسکاریی پەیوەندیی ناو و ناولێنراو دەکات)).(یەعقوبی،٢٠٠٥:ل٣٤).

ئەمە خاڵێکی گرنگە لە لادانی واتاییدا.

لەسەر دەریایی خوێن بوو کەشتیی عومری بەرەو مردن

ئەچوو، ئەیوت: خوا حافیز، ئەوا ئەمرم وەتەن! هەیهات (دیوانی گۆران، ل ٢٠٠)

لێرەدا لادانی واتایی هەیە، ئەمەش گۆران لادانی لە (خوێن، عومری) کردووە، بەمەش (دەریا و خوێن) و (کەشتیی و عومر) جۆرێکە لە لادان و شیعرییەتی خوڵقاندووە.

ئەنجام:

١- ژانری لیریک ئەو جۆرەیە لە شیعری سازکراو کە دەربڕی دەروونی ناوەوەی شاعیرە و واڵا دەبێ بۆ گشت، ئەمەش هەم خوددێتی شاعیر بەیان دەکات و هەم ڕەنگدانەوەشی لە دەروونی خوێنەردا دەبێت.

٢- لە بنەوانی ئەم ژانرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەندیی و پێوەستیی بە موزیکەوە هەیە، بۆیە لەنێو ئەدەبیاتی کوردییدا زیاتر ناساندنی بە (شیعری گۆرانیی) هاتووە. (شیعری خودیی) و (شیعری ویژدانیی)شی پێ دەگوترێت

٣- شاعیر بە وێنەگەرایی جیاواز ئیستاتیکای خوڵقاندووە. وێنەی شیعریی لەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژیی (لێکچواندن، خواستن، درکە و ...هتد) کە زیاتر لە شیعری کلاسیکدا بایەخ و گرنگیی هەبووە هۆنیوەتەوە. لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ئەو لایەنانەشدا کە بناغەی وێنەی شیعریی بوون لە قۆناغی شیعری نوێدا، کە ئێمە لەسەر وێنەی شیعریی پێوەست بە پرۆسە هەستییەکانی مرۆڤەوە (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن و چەشتن) وەستاوین، شیعری هۆنیوەتەوە. سەراپا دیوانی شاعیر، وێنەی شیعرییە، ئەمەش بۆخۆی توانا و سەلیقە و جوانیناسیی شاعیرمان بۆ دەردەخات.

٤- لە هۆنراوەکانی شاعیردا چەندین لادانی شیعریی بەدی دەکرێت. هەریەکە لەوانیش (لادانی دەنگیی، لادانی واتایی و لادانی ڕێزمانیی) لە سەرەکیترین ئەو لادانانەن کە شاعیر لە هۆنراوەکانیدا ئەنجامی داوە. ئەمەش توانا و شارەزایی شاعیر لەمەڕ لایەنە جیاوازەکانی هونەری شیعر و ئیستاتیکای دەق دەردەخات.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لیستی سەرچاوەکان:

کتێب بە زمانی کوردیی:

١- ئەمین، حەمە حەمە(کاکەی فەلاح)(١٩٧٨)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.

٢- ئەبوبەکر، هەڤاڵ(٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان ورەنگدانەوەیان لە «ژیان و ژین»دا (١٩٣٢ - ١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٣- حەمە، توانا(٢٠١٧)، موزیک و سیاسەت، سلێمانی،عێراق، چاپ و پەخشی سەردەم.

٤- حەمە، توانا (٢٠١٩)، موزیک چییە؟ سلێمانی،عێراق، چاپخانەی کارۆ.

٥- ڕەسوڵ، شوکریە(١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، عێراق،چاپخانەی خوێندنی باڵا.

٦- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،هەولێر،عێراق،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس.

٧- سەعید، ناز ئەحمەد(٢٠١٧)،لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا،سلێمانی،عێراق،بەڕێوبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.

٨- عەبدوڵلا، ئیدریس(٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، هەولێر، عێراق، چاپخانەی منارە.

٩- عەبدوڵلا، پەروین(٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا-کرمانجی خوارووو (١٩٨٠ - ڕاپەڕین)، سلێمانی، عێراق، دەزگای سەردەم.

١٠- عەلی، دڵشاد(١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، عێراق،چاپخانەی ڕەنج.

١١- عوسمان، هەرێم(٢٠١٨)، لیریکی گۆران، سلێمانی، عێراق، چاپخانەی حەمدی.

١٢- فەتاح، محەممەد مەعروف(٢٠١١)،زمانەوانی، هەولێر، عێراق، چاپخانەی حاجی هاشم.

١٣- کەریم، محەمەدی مەلا(٢٠١٤) ، دیوانی گۆران ، تاران، بلاوگەی پانیز.

١٤- گەردی، عەزیز(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی، بەغداد، چاپخانەی جاحظ .

١٥- گەردی، عەزیز(١٩٩٩)، سەروا، هەولێر، عێراق، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.

١٦- مەولود، ڕێزان سالّەح ، نازم،سەنگەر(٢٠١٨) ، ژانرە ئەدەبییەکان، هەولێر، عێراق، ناوەندی ئاوێر.

١٧- هاڵبێرگ، پیتەر(٢٠١٠) تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، سلێمانی، عێراق، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٨- یەعقووبی، عەبدولخالق(٢٠٠٥)، دەنگی بلووریی دەق- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە،سلێمانی، عێراق، چاپخانەی ڕاز.

کتێب بە زمانی فارسی:

١٩- انوشە، حسن(١٣٨٠)، دانشنامە ادب فارسی، تهران، انتشارات وزارت ارشاد.

٢٠- بهرامی، ناصر(١٣٩٠)، فارسی عمومی، ادبیات کاربردی و ادبیات محض، تهران، نشر بانو.

٢١- شمیسا، سیروس(١٣٩٣)، انواع ادبی، تهران، نشر میترا.

٢٢- صورتگر، لطفعلی(١٣٨٤)، منظومە های غنایی ایران، تهران، دانشگاه تهران.

٢٣- ناصری، فرشتە(١٣٩١)، مروری بر تاریخچە ادبیات غنایی در ایران، تهران.

کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

24- Aderno, Theodor(1948), Notes sur la litterature, paris.

25- Yury, Lotman(1975), Analaysis of the Poetic Text, USA.

گۆڤار: **بە زمانی فارسی:**

٢٦- پورنامداریان، تقی(١٣٨٦)، انواع ادبی در شیعر فارسی، مجلە دانشکدە ادبیات و علم انسانی، دانشگاه قم، سال اول، شمارە سوم.

٢٧- ماڵپەڕی فەرمیی فەرهەنگی ئاناهیتا.

نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی

شێرکۆ حەمەئەمین قادر [١]
[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە ، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: sherkohamaamin@gmail.com

پوختە

ڕاگەیاندنی نیشتمانی بابەتێکی گرنگ و نوێیە، پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە زمانی کوردی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی زمان و زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو، بۆ یەکەم جارە بەم جۆرەی لەم توێژینەوەدا کاری لەسەر کراوە، دەخرێتەڕوو بەناونیشانی (نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی)

توێژینەوەکە، لە دوو بەش و پێشەکی و ئەنجام پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە، هێڵە گشتییەکانی توێژینەوەکە و ئەو بابەتانەی، خزمەتی توێژینەوەکە و بەشی دوەم دەکەن، لە خۆدەگرێت.

بەشی دوەم: بەپێی ئاستەکانی زمان و زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو، کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی بە نمونەی میدیا کوردییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان شیکراونەتەوە و لادانە ڕێزمانی و زمانییەکان خراونەتەڕوو.

لە کۆتایشدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەی پێگەشتوە ، لەوانە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمان بەگشتی و ڕێنوس و ڕیزمان دەبێت و هەنگاوەکانی دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی زیاتر دوادەخات، پاشان لیستی ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە، نوسراون.

کلیلی وشەکان: ڕاگەیاندنی نیشتمانی، لادانی زمانی، زمانی ستاندارد

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢٦ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٩ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	sherkohamaamin@gmail.com
مافی چاپ و بڵاو کردنەوە	©٢٠٢١پ. ی. د شێرکۆ حەمەئەمین قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

ملخص البحث

الاعلام الوطني و ارتباطاته باللغة وتاثيراته في اللغة الرسمية موضوع جديد و مهم بالنسبة القليم كردستان.

يتم عرض الموضوع اعلاه لاول مرة في بحثنا هذا و الموصوف (انعدام الاعلام الوطني و تاثيراته السلبية على اللغة الكردية)

في هذا البحث تم اعتماد المنهج الوصفي، يتكون البحث من فصلين و قائمة المصادر والمراجع.

الفصل الاول: يتكون من الجانب النظري للبحث و الاعلام الوطني و انواع الاعلام، ثم يتكلم عن العلاقة بين اللغة و الاعلام.

الفصل الثاني: في البداية عرضنا معلومات و تعريف اللغة و مستوياتها ثم وضحنا تاثير انعدام الاعلام الوطني على مستويات اللغة بنماذج المؤسسات الاعلامية. في النهاية عرضنا اهم النتائج التي توصل إليها البحث،كنموذج انعدام الاعلام الوطني له تاثير ملحوظ و واضح على مستوى الكتابةو الصرف و النحوى وفي نفس الوقت تاثير سلبي في بناء اللغة الرسمية في اقليم كردستان،مع قائمة المصادر و المراجع.

Abstract

National media is a modern phenomenon in KRI and it has a linkage with Kurdish language and its impact on it, mainly, unification and standardization process. This article is the first one to research it and it is entitled (Lack of national media and its effects on the Kurdish language).

In this research, a descriptive approach was adopted. It consists of two chapters and a list of sources and references.

The first chapter: It consists of the theoretical aspect of research, national media and types of media, and then it talks about the relationship between language and media.

Chapter Two: In the beginning we presented information and definition of the language and its levels, and then we explained the effect of the lack of national media on language levels with the models of media institutions. The lack of the national media would have a negative impact on language in general, orthography and grammar. It also would affect standardization process negatively. In the end, we presented the most important findings of the research.

Keywords: National Media, Linguistic Deviation, Standard Language

پێشەکی

پەیوەندیی زمان و ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بابەتێکی گرنگ و هاوچەرخە. بە تایبەتی، ڕاگەیاندن دەکرێت کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمان دروستبکات، لەم ڕوانگەیەوە و بە پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەی، کە لە کورتەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بە شێوەیەکی زانستی هەوڵماندا وە بابەتەکە ڕونبکەینەوە و شیکردنەوە بۆ ئەم بابەتە بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنە کوردییەکانی ئەم سەردەمە بکەین. توێژینەوەکە لە بەشی یەکەمدا پشتی بە بنەماکانی زانستی کۆزمانەوانی بەستوە و لە شیکردنەوەی نمونە سینتاکسییەکان و پابەندنەبون بە یاساکانی ڕێزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی کردوەتە بنەما و کاری پێکردوە.

بەشی یەکەم

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، هێڵە گشتییەکانی کارەکە، دەخاتەڕو، بە جۆرێک، کە لەخزمەتی کارەکە و دانانی بناغەی تیۆریدا بێت، کە لە خوارەوە تیشکیان دەخەینەسەر.

١_١: جۆرەکانی ڕاگەیاندن

ژیانی کۆمەڵ و بەرەوپێشچون و خواستی مرۆڤ بۆ دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاری و گوزارشت لە خود و کێشەکانی کۆمەڵگا، هەوێنی کاری دەزگا و جۆرەکانی ڕاگەیاندنن، لە چێوەی گشتیدا و لە کۆمەڵە پێشکەوتوو و خاوەن کلتوری دیموکراسییەکاندا، ڕاگەیاندن لە تەک دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت.

بایەخ و گرنگیی ڕاگەیاندن ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت، بۆیە بەردەوامیش لە خۆ نوێکردنەوە و فراوانبووندایە و جۆری جیاوازی تێدا پەیدابوون، کە ئەمانەن:

(بیستراو، بینراو، نوسراو، ئەلکترۆنی)

ئەم جۆرانەی ڕاگەیاندن، لە ڕوی خاوەندارییەوە، کە لە تەک ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا دەگونجێت، دابەشی ئەم جۆرانە دەبن:

١_١_١: ڕاگەیاندنی حیزبی

ئەم جۆرە پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەندارییەکات و بە گشتی زمانحاڵی ئەو پارت و ڕێکخراوەیە و هەڵوێست و ڕای فەرمی لەسەر کۆی بوار و ڕوداوەکان دەگوازێتەوە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێک، لە ڕێی دەربڕین و دەستەواژەکانەوە ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییە دەناسرێتەوە، کە خاوەنداری ڕاگەیاندنەکە دەکات.

هەرێمی کوردستان، لەم جۆرە ڕاگەیاندنەی زۆرە و ژمارەیان هێندەی ژمارەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بگرە زیاتریش لە ژمارەی پارتەکانە و بە جیاوازیی ئایدۆلۆجیا و تێڕوانینی سیاسییانەوە، لە نمونەکانی:

تەلەفزیۆنی:

کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان

گەلی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پەیام، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

ئازادی، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان

....

ڕۆژنامەی (نوسراو)

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خەبات، پارتی دیموکراتی کوردستان

کوردستانی نوێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕێگای کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان

....

١_١_٢: ڕاگەیاندنی ئەهلی

ئەم جۆرەیان کۆمپانیایەک یان کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ژمارەیەک کەس خاوەندارێدەکەن و لە ڕوی دارایی و کارکردنەوە سەربەخۆیە و بە گشتی لە کوردستان، بە ئاستی جیاواز و بەپێی قۆناغ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، لە نمونەکانی:

ئاوێنە، هاوڵاتی، سپی میدیا، ئێن ئار تی، دوارۆژ ......

١_١_٣: ڕاگەیاندنی بازرگانی

ئەم جۆرەیان لە کوردستاندا، لەم ساڵانەی دواییدا، بەهۆی زۆربونی کۆمپانیای میدیایی و تەلەفزیۆنەوە، پەیدابون و ژمارەیان زۆربوە، کە زیاتر کار لەسەر ریکلامی بازرگانی دەکەن.

بابەتی سیاسی، لە ئاستی نەبوندایە، لەکاروبەرنامەکانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەدا. زیاتر تەلەفزیۆنن، ئاسمانی یان لۆکاڵی، لە نمونەکانی:

کۆڕەک، نێت تی ڤی، کوردماکس، فامیلی، کەناڵی وەرزشی .....

١_١_٤: ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان حکومی یان خزمەتگوزاریی گشتی

مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەی ئێمەیە، کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بونی نییە، هەروەک ناونیشانی توێژینەوەکەشمان، کە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی چییە؟ دیارە، لە ماوەیەکی کورتی حکومەتی هەرێمدا هەبوە، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی و وەک خزمەتگوزارییەک بۆ هەموان ئێستا نییە، تەنیا لە هەندێک ئاستی لۆکاڵی و فەرمانگەیەکدا هەیە، وەک بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی سلێمانی، کە (ڕادیۆترافیک)ی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هاتوچۆ و کاروچالاکیی فەرمانگەکەیان. ئەمە بونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی ناگەیەنێت.

ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە، کە بە ڕاگەیاندنی (خزمەتگوزاریی گشتی)یش دادەنرێت، بۆ دو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت:

یەکەم: وەک نمونەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی ئەوروپا، کە خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن، بەتایبەتی دامەزارەوەی بی بی سی، لە وڵاتی بەریتانیا. (بڕوانە: Tunstall, ٢٠١٠, ١٤٥)

دوەم: نمونەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە جیا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، چەند ئەرکێکی نیشتمانی بەجێ بگەیەنێت، وەک (ناساندن و بوژاندنەوەی کەلتور، کارکردن لەسەر بیر و هەستی نەتەوەیی، کارکردن لەسەر ئارامیی کۆمەڵایەتی، پێشخستنی هونەری سینەما و ئەدەبی کوردی و پاراستنی لە هەژمونی ئەدەب و هونەری دەرەوە، کە بەهۆی جیهانگیری و کرانەوەی سنورەکانەوە هەڕەشەیان زۆربوە، ڕێکخستن و یەکخستنی زمانی کوردی) (ڕەسوڵ و عەلی، ٢٠١٩، ٣٥)

لەبەرئەوەی میدیای نیشتمانی، دەوڵەت خاوەنییەتی و دەوڵەتیش پێویستە لەسەری پلان و سیاسەتی زمانی هەبێت، چونکە سیاسەتی زمانەوانی بە دەولەتەوە بەندە (بڕوانە: کاڵفی، ٢٠١٢، ٥٢). لەم ڕێگەیەوە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی میدیا و ڕاگەیاندن، دەتوانرێت خودی پلانە زمانییەکە لەسەر کۆمەڵی قسەپێکەرانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا جێبەجێبکرێت. ئەمە بە یەکێك لە ڕێگا کاریگەرەکانی پاراستن و خزمەتکردنی زمان و زمانی ستاندارد دادەنرێت.

ئەرکی کۆتایی میدیای نیشتمانی تایبەت بەزمانی کوردی، وەک نمونە ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنیت.

١_٢: پێناسەی ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان فەرمی

وەک، لە سەرەوە خستمانەڕو، یەکێک لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوی گەیاندنی پەیام و پاڵشتی داراییەوە، ڕاگەیاندنی نیشتمانی یان خزمەتگوزاریی گشتی یان فەرمییە، کە هەریەک لەم زاراوانە، بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵ و قۆناغی گەشە و کاری ڕاگەیاندنەکە و وەک هەر بابەتێکی تری زانستە مرۆییەکان پێناسە و زاراوەی جیاوازی بۆ بەکاردێت، بۆ نمونە، لە ئێستادا، لە وڵاتی بەریتانیا زیاتر زاراوەی ڕاگەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی بەکاردێت، چونکە قۆناغی پێشکەوتنی بڕیوە. بەریتانیا یەکەم وڵات بوە، لە ساڵی ١٩٢٢ ڕاگەیاندنی نیشتمانی تیدا دروستبوە، کە دامەزراوەی (بی بی سی)یە.

بەپێی قۆناغ و وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ڕوانگەی ئەو دو بۆچونەی لەسەرەوە لە ١_١_٤ خستمانەڕو، ئێمە زاراوەی ڕاگەیاندنی نیشتمانی پەسەنددەکەین، وەک لە ناونیشانی توێژینەوەکەشماندا هەر وامانکردوە.

ڕێکخراوی یونسکۆ UNESCO پێناسەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەی، بەم جۆرە کردوە:

بریتییە لەو پەخشەی، کە بۆ خەڵک دەکرێت و لەلایەن سیستمی گشتییەوە کۆنترۆڵدەکرێت و پشتیوانیی دارایی دەکرێت. ئەم جۆرە پەخشە نە بازرگانییە و نە بەتەواویش لەلایەن دەوڵەتەوە مولکداری دەکرێت. ئازادە و بەدورە لە دەستێوەردانی سیاسی و گوشاری هێزە بازرگانییەکان. لە ڕێگەی ئەم پەخشەوە هاوڵاتییان پەروەردەدەکرێن، فێردەکرێن، زانیارییان پێدەدەرێت. سەربەخۆیی گوتار و بابەتەکانی و سەربەخۆیی دارایی و (ڕونی) شەفافییەتی، بۆ دەستەبەربکرێت، دەتوانێت ببێتە بەردی بناغەی دیموکراسی. (ڕەسوڵ و عەلی، ٢٠١٩، ٢٣-٢٤)

بەوردبونەوە، لە ناوەرۆکی پێناسەکە، دەتوانین، ئەم خاڵانە هەلبهێنجین:

١_ ڕاگەیاندنی نیشتمانی، خەڵک بە ئامانج دەگرێت و بۆئەوانە.

٢_ سیستمی گشتی یان دەوڵەت کۆنترۆڵی دەکات و پاڵپشتی دارایی دەکات، بەمەش دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان برەخسێنێت.

٣_ ئامانج لێی پەروەردە و فێرکردن و بەخشینی زانیارییە.

سەرنجدان لەم خاڵانە و بە گەڕانەوەش بۆ خاڵی دوەم ١_١_٤ لەسەرەوە، کە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی دیاریکردوە، لەوانە یەکخستن و پێشخستنی زمان، بەم پێیە بون و نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی، لەسەر ڕەوشی زمان و بەرەوپیشچون و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی دادەنێت، کە لە بەشەکانی دواتردا ڕونیان دەکەینەوە.

١_٣: زمان وڕاگەیاندن

پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی توندوتۆڵە. وەک ئاماژەمان بۆ کرد، دەتوانێت بە هەردوباری ئەرێنی و نەرێنیدا کاریگەری لەسەر زمان هەبێت، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە و پاش سەرهەڵدانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنەوەی زمان بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، زمانی ڕاگەیاندن بایەخ و گرنگیی زیاتری پەیداکردوە و توێژینەوەی جۆراوجۆری، لە بارەوەکراوە.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١_٤: جۆرەکانی زمان

دابەشکردنی جۆراوجۆر بۆ زمان هەیە، ئێمە بەپێی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردنێکیان دەخەینەڕو، بەم جۆرە:

یەکەم: زمانی ئاخاوتن

ئەو زمانەیە، مرۆڤ لە ئاستی تاک وکۆمەڵدا بەکاریدێنێت و خاوەنی کومەلێک تایبەتییە، کە لە جۆرەکانی تری زمان جیایدەکاتەوە. بە گشتی پابەندی یاساکانی رێزمان نابێت، بەو مانایە نا، کە رێگە بە هەڵەی رێزمانی دەدرێت، بە پێچەوانەوە لە هیچ بارێکدا هەڵەی رێزمانی ناتوانێت کردەی تێگەیشتن بەرهەمبێنێت، بەڵام بۆ نمونە یاسای سەرەکیی ریزبوونی کەرەستە و دروستکردنی ڕستە لە زمانی کوردیدا، بەم جۆرەیە:

بکەر + بەرکار + کردار

دیاکۆ نامە دەنوسێت.

١_ لە زمانی قسەکردندا دەتوانرێت کورتبکریتەوە و کرتاندن و فڕێدانی کەرەستەی تێدابکریت، وەک:

(نوسی) لێرەدا بکەر و بەرکار بەشێوەی کەرەستەی سەربەخۆ لابراون و لە بری ئەوە، بە جێناوی لکاوگەیەنراون، بەم کردەیەش دەوترێت مۆرفۆسینتاکس.

زۆرجار و بە گشتی بەشێکی جێناوە لکاوەکان یان ناوی تایبەتی و ناوی شوێن دەکرتێنرێت، وەک:

تۆ هاتیت؟ هاتی؟

قادر قایەر

٢_ زمانی قسەکردن پەیڕەوی خاڵبەندی و دروستنوسی تێدا دەرناکەوێت، لەبری ئەوە هێز و ئاوازە زاڵدەبێت و وەک فۆنیمیش واتا دەگۆڕن، کە کاریگەرتر و بەهێزتریشن.

٣_ پێچەوانەی زمانی نوسین، زمانی ئاخاوتن، زمانی جەستە وەک جوڵەی دەست و برۆ و ڕوخساری مرۆڤ بەکاردێن و ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتا و ڕونکردنەوەی مەبەستدا هاوکاری کردەی ئاخاوتن دەبن.

٤_ لە ڕوی مێژوییەوە، وەک چۆن قسەکردن پێش نوسین پەیدابوە، زمانی قسەکردنیش پێش زمانی نوسین سەریهەڵداوە.

دووەم: زمانی نوسین

زمانی نوسین هەمان زمانی قسەکردنە، کە ئاخێوەرانی زمانیک بەکاریدێنن، بەڵام خۆبەستنەوە و وابەستەیی بە ڕێزمانی زمانەکەوە تێدایە، بە تایبەتی زمانی کوردی زمانی قسەکردن و نوسین جوت و وەک یەکن، لە هەندێ کرتاندن و بابەتی تردا نەبێت، کە لە خاڵی یەکەم خستمانەڕو، بەم پێیە دەتوانین تایبەتییەکانی زمانی نوسین بەم جۆرە دیاریبکەین:

١_ بە تەواوی یاساکانی ڕیزمان و ڕیزبونی کەرەستەی تێدا پەیڕەودەکرێت.

وەک: دەریا بەیانی بۆ زانکۆ دەچێت.

لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی ڕیزبونی کەرەستە، لە کاتی بونی زیاتر لە ئاوەڵکردارێکدا، ئاوەڵکرداری کات پێش ئاوەڵکرداری شوێن دەکەوێت، وەک لە نمونەکەدا پەیڕەوکراوە. لەم بارەوە بڕوانە: (حسێن، ٢٠٠١، ٦٨-٦٩)

٢_ خاڵبەندی و دروستنوسی و یاساکانی ڕێنوسی زمانەکەی تیدا پەیڕەودەکرێت، بۆ نمونە پێویستە وشەی لێکدراو تا ئەو جێیەی بوار هەیە، بەسەریەکەوە بنوسرێت، وەک:

هەولێ زۆریدا، بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێ.

لەم نمونەیەدا، یاساکانی ڕێنوس و خاڵبەندی هەردوکیان جێبەجێکراون، بەپێی خاڵبەندیی زمانی کوردی، پێویستە لە نوسیندا پێش هەمو

ئامرازێکی پەیوەندی، کە دو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وێرگول/فاریزە هەبێت، وەک لە پێش (بۆ) دانراوە. (بڕوانە: ئەکادیمیای کوردی، ۲۰۱۰، ٤٤)

٣_ پێچەوانەی زمانی قسەکردن، زمانی جەستە لە زمانی نوسیندا بەکارنایەت، واتە جوڵەکانی دەم و دەست و چاو و ڕوخسار نابینرێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکرێت.

٤_ بەڵام، لە کاتی خوێندنەوەدا هێز و ئاوازە و وەستان بەکاردێت و ڕۆڵیش لە واتا گۆڕیندا دەبینێت.

نوسین بریتییە لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ پاراستنی قسە و ئەرشیفی تۆماری خۆی داویەتی، لەگەڵ قسەکردندا دو شێوەی یەک زمانن. (فتاح، ۲۰۰۸، لاپەڕە ۲۲۱)

ئەم ڕاستییە، ڕێگرنابێت لەوەی، کە زمانی نوسین بەپێی کۆمەڵ و بابەت و لایەنی کارگێری دەتوانرێت جارێکی تر دابەشبکرێتەوە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی، وەک:



خشتەی ژمارە (١): دابەشکردن و جۆرەکانی زمانی نوسین.

١_٥: زمانی ڕاگەیاندن:

توێژەران لە پێناسەی زمانی ڕاگەیاندن و تایبەتییەکانیدا، جیاوازییان هەیە. (Media linguistics) هاوکات زاراوەی جۆراوجۆریان بۆ بەکارهێناوە، وەک زمانی سێیەم، کە مەبەست لێی نێوان (زمانی قسەکردن و زمانی نوسین)ە، یان زمانی نوسینی سەردەم، کە وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و پێداویستیی سەردەمە.

هەندێکیش بۆچونیان وایە، زمانی دواندنی ڕۆژانەیە لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، یان جۆرێکە لە پەخشان لە نێوان پەخشانی زانستی و پەخشانی ئەدەبیدا، کە شێوازی زمانەکەی دیاریدەکات.

ڕاگەیاندنکاران زۆرباش درک بەو ڕاستییە دەکەن، کە دەبێت ڕاگەیاندن زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت، چونکە زمانی ڕاگەیاندن لە هەمو جۆرەکانی دیکەی زمان زیاتر تێکەڵی ژیانی گشتی دەبێت. (جراد، ۲۰۱۳، ۲۷)

گرنگترین تایبەتی، کە پێیدەناسرێتەوە، سادەیی و ئاسانییە، چونکە زمانی ڕاگەیاندن بۆ هەمو خەڵکە و پێویستە هەمو خەڵک پەیامەکە وەربگرێت، چونکە ئامانجی هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەڵگر و گەیەنەری پەیامە.

١_٦: تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن

زمانی ڕاگەیاندن، وەک هەر بابەتێکی تر خاوەنی ژمارەیەک تایبەتێتی خۆیەتی، کە لە جۆر و شێوازەکانی تری زمان جیایدەکاتەوە، بەم جۆرە:

ا_ سادەیی و ئاشکرایی، کە هەموکەس تێیبگات، ئەمە دیارترین تایبەتی زمانی ڕاگەیاندنە، چونکە ڕاگەیاندن بۆ هەمو خەڵکە و دەچێتە هەموماڵێکەوە و هەمو ئاست و تەمەنێکی جیاواز دەیبینێت و دەیبیستێت، ئەمەش پێویست بەوە دەکات ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە لایەنی

کەمی لێڵی و نارونی لە پەیامەکەدا نەبێت، چونکە وەرگرتنەکە ناڕاستەوخۆیە و نێرەر و وەرگر لەبەرانبەر یەکدیدا نین.

ب_ سەردەمیانە بێت و بۆ کاتی خۆی گونجاوبێت و لەگەڵ گیانی سەردەم بێتەوە.

پ_ بە جۆرێک بێت، هێزی کێشکردنی زۆرترین وەرگری تێدابێت، لەبەرئەوەی ئامانجی هەمو دەزگایەکی ڕاگەیاندن گەیاندنی پەیامەکەیەتی، بە زۆرترین وەرگر، کە زمان بەشێکی ئەم کارەیە.

ت_ کورتبڕی و دورکەوتنەوە لە درێژدادڕی و کەرەستەی زیادە.

س_ نەرمونیانی و دورکەوتنەوە لە توندوتیژی و توانای دەربڕینی بابەتە جیاوازەکانی هەبێت و لە هەمان کاتدا زۆرترین وەرگر کەڵکی لێوەرگرن و کێشەکانیان چارەسەربێت.

ج_ شیاوی پیشکەوتن بێت و توانای گۆڕانکاری و نوێبونەوەی لەگەڵ سەردەمدا تێدابێت، بۆئەوەی لەگەڵ سەردەم بڕوات و وەرگر لەدەستنەدات.

چ_ توانای گونجاندنی لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکان و جۆری دەزگای ڕاگەیاندنەکە تێدابێت، بۆ نمونە زمانی ڕادیۆ پێویستە کار لەسەر هەستی بیستن بکات، بە پێچەوانەوە تەلەفزیۆن کار لەسەر هەستی بینین دەکات.

ح_ بتوانێت کۆی بوارەکان بگریتەوە، بە جۆرێک فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند بێت، کە ڕۆژانە لەگەڵ جیهان و ڕۆشنبیری و کلتورە جیاوازەکان مامەڵەدەکات، گرفتی بۆ دروستنەبێت (Luginbühl، ٢٠١٥، pp. ٩-٢٠)

١_٧: زمان و ڕاگەیاندنی نیشتمانی

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، بریتییە لە یەکخستن و ڕێکخستنی زمان، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و زیاتر دەبینێت. ئێستا قسەکردن بە هەمو جۆرە دیالێکت و زارەکانی کوردی لە ماڵەکاندا دەبیسترێت، لە ڕێگەی ئامێری سەتەلایت. ئەم گۆڕانکارییانە کاردەکەنە سەر زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵی کورد، لە هەردو بواری فەرمی و نافەرمی. ئێستا ئاستی تێگەیشتنی هاوبەش لە رابوردو چاکترە و زیاترە. (خورشید، ٢٠١١، ١٩٠)

بەم پێیە، لە ئێستادا بەهۆی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بەردەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، ئەگەر بەشێوەیەکی باش و لە ژێرچاودێریدا بەکارنەیەت، ئەوا کاریگەریی خراپ لەسەر زمان دادەنێت، بەتایبەتی لە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانیدا، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، لە بەشی دوەمدا کاریگەریی خراپی نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی لەسەر زمانی کوردی لە کۆی ئاستەکانی زماندا دەخاتەڕو.

بەشی دوەم

نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی

٢_١: سەرەتا

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، تەرخانبو بۆ لایەنی تیۆری و هێڵە گشتییەکانی پەیوەست بە بنەمای کارەکە، لەم بەشەدا، کاریگەریی نەبونی میدیای نیشتمانی لەسەر ئاستەکانی زمانی کوردی و زمانی ستاندارد یان فەرمی، بە نمونەی کەناڵە میدیاییەکانەوە دەخەینەڕو.

٢_٢: کاریگەری نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، لەسەر ئاستەکانی زمانی کوردی

زمان وەک بونێکی یەکگرتو، بەپێی بیری ڕۆنانکارەکان دەتوانرێت بۆ چەند ئاستێک دابەشبکرێت، کە هەر ئاستە یاسا و پەیڕەوی تایبەتیی خۆی هەیە، بەم جۆرە:



خشتەی (٢): ئاستەکانی زمان.

نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و دەزگای چاودێری لەسەر بەکارهێنانی زمان، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی، کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت، وەک ئەوەی ئێستا هەیە.

٢_١: ئاستی ڕێنوس:

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، نوسین هەوڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی قسە و ئەرشیفکردنی سامانی خۆی، کە بە قۆناغێکی پێشکەوتوی مرۆڤ و سەرەتای شارستانیەت دادەنرێت، کە قۆناغی جیاوازی بینیوە، داهێنان و پەیدابونی نوسین بە دو قۆناغدا ڕۆشتوە:

یەکەم: قۆناغی واتایی: لەم قۆناغەدا، واتا بەهۆی وێنەوە گەیەنراوە، واتاکە ڕاستەوخۆ بەهۆی وێنەیەکەوە گەیەنراوە، کە بە دوقۆناغدا تێپەڕیوە:

ا: نوسینی وێنەیی

کۆنترین جۆری نوسینە و مەرجیش نییە لە بنەڕەتدا، بۆ گەیاندنی واتا بوبێت، دەگونجیت بۆ دەربڕینی هونەری و هەستی ئاینی بوبێت. ئەم جۆرە نوسینە ڕوداوێکی ئاڵۆز بەهۆی وێنەیەکەوە دەنوێنرێت. بڕوانە: (مارف، ١٩٨٦، ١٣)

ب: نوسینی بیری

لەم قۆناغەدا، وێنەکە، لە بری ئەوەی شتێکی ئاڵۆز لێکبداتەوە، بەڵکو تەنیا تاقە بیرێک دەردەبڕێت، کە بۆ یەک شت دەگەڕێتەوە.

پ: نوسینی وشەیی یان مۆرفیمی

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانە، بۆ هەمو مۆرفیمەکان یان وشەکان دادەنرێت. خاڵێکی گرنگی ئەم جۆرە نوسینە، لەوەدایە، جیاوازیی نێوان دیالێکتەکان گرنگی پێنادرێت، قسەکەر سەر بە هەر دیالێکتێک بێت، دەتوانێت لە نوسینەکە بگات.

نوسینی وشەیش دیسانەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەزمانەوە نییە، لەبەرئەوە دەتوانین، بۆ نمونە سیستەمی نوسین و دەنگی زمانی چینی لە یەکتری جیابکەینەوە هەر فێری یەکێکیان ببین.

دوەم: نوسینی دەنگی یان فۆنەتیکی

قۆناغی پێشکەوتوی نوسینە، بەوەی نیشانەکان ڕاستەوخۆ واتا دەرنابڕن، بەڵکو دەگۆڕدرێنەوە بۆ دەنگ و دەنگەکان واتایان دەدرێتێ، ئەمەش دو شێوەی سەرەکی هەیە:

ا: نوسینی بڕگەیی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەم جۆرە نوسینەدا، ڕەمز یان هێما بۆ هەمو برگەیەک دادەنرێت، گرفتی سەرەکیی ئەم جۆرە نوسینە زۆریی ژمارەی برگەکانە، کە دەبێتەهۆی زۆریی ژمارەی وێنەکان و بارگرانی بۆ فێربون. بەڵام ئەم جۆرە نوسینە بۆ ئەو زمانانەی برگەیان کەمە دەستدەدات، وەک زمانی یابانی.

ب: نوسینی فۆنێمی یان ئەلف_ بێ

ئەم جۆرە نوسینە، لە ئێستادا و لە جیهاندا بڵاوترین جۆری نوسینە، کە هەمو فۆنیمەکانی زمان نیشانە یان هێمایان بۆ دادەنرێت. خالێکی زۆر باشی جیاکەرەوەی بەراورد بە نوسینی برگەیی یان جۆرەکانی تری نوسین ئەوەیە، کە ژمارەی هێماکانی زۆر کەمترە، لەبەرئەوە بۆ فێربون ئاسانترە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (فتاح، ٢٠١١، ٢٢١-٢٢٦)

ئەم جۆرە نوسینەش، لە هەمو زمانێکدا وەک یەک نییە و بەپێی زمانەکان ژمارەی هێماکان و نوسین و گۆکردنی فۆنیمەکان دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لە هەمو زمانێکدا هێما و شێوەی نوسینەکە جوت بن، وەک زمانی ئینگلیزی، کە تارادەیەک نەگونجاون.

بەڵام زمانی کوردی تارادەیەکی زۆر گونجان لە نێوان هێما و نوسینەکەیدا هەیە و جوتن، واتا زمانی کوردی لەسەر بنەمای فۆنێمییە.

نوسینیس، وەک هەمو ئاستەکانی تری زمان خاوەنی چەند دانەیەکی خۆیەتی، کە بچوکترین دانەی نوسینن و ئەرکیان هەیە، کە (گرافیم_ پیت)ن، کە بەپێی شوێن لەوانەیە شێوەکەی بگۆڕێت.

٢_٣:کاریگەری لەسەر ڕێنوس

دەکرێت بەچەند بەشێکەوە، بەمجۆرە:

٢_٣_١: گرفتی نوسینی فۆنێم (پیت)

لەبەشی پێشوودا نوسین و جۆرەکانیمان خستەڕو، کەنوسینی ئەلف_بێی ئێستا بەردەستە وهەمو زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی ژمارەیەک پیتی هەیە، زمانی کوردی ٣٦ پیتی هەیە وژمارەیە یاساوپەیرەوی نوسینی خۆی هەیە، کەپێویستە پەیرەوبکرێن، تاکردەی دروستنوسی (ئۆرسۆگرافی) ڕوبدات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێوەی پابەندبن.

زمانی کوردی پەیرەوی نوسینی فۆنێمی دەکات، تارادەیەکی زۆر قسەکردن ونوسین، لەزمانی کوردیدا جوتن وکێشەی تێدانییە، بۆیە گرنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکاری بەرەوپێشبردنی ڕێنوسی کوردی بن، نەک وەک ئەوەی ئێستاپێچەوانەکەی ئەنجامبدەن.

با، لەم نمونانە وردبینەوە:

قەدەخەی هاتوچۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان درێژکرایەوە.

تەلەفزیۆنی ڕوداو

ئەگەری سەیری، ئەوڕستەیەی سەرەوەبکەین، کەڕستەیەکی هەواڵییە، ئەم سەرنجانەی لەسەر تۆماردەکرێت، کە دەبو، پەیرەوبکرانایە، بەڵام نەکراون و لادانن لە یاساکانی ڕێنوسی زمانی کوردی بەم جۆرە:

١_ لەبری وشەی (قەدەغە) وشەی (قەدەخە) بەکارهاتوە، کە لە زمانی کوردیدا بەکارنایەت، زمانی نوسینی کوردی (قەدەغە) بەکاردێنێت و فۆنێمی (غ) لە وشەکەدایە، نەک (خ) دەق و ئاخاوتنی کوردی پڕن، لەم جۆرە وشانە، کە پەیوەندییان بە دروستەی قوڵی زمانی کوردییەوە هەیە و بە (غ) دەردەبڕدرێت.

٢_ لە زمانی کوردیدا، فۆنێمی (ڕ) تەنیا لە سەرەتای وشەوە حەوتی لەژێردا دانانرێت، چونکە هەمو (ر)یەکی سەرەتا، بە (ڕ)ی قەڵەو گۆدەکرێت، بەڵام بۆ ناوەڕاستی وشە، پێویستە (ڕ) بنوسرێت، چونکە (ر و ڕ) دو فۆنێمی جیاوازن و بە گواستنەوەیان لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر واتا دەگۆڕن.

وەک: کەر

کەڕ

٣_ لە زمانی کوردیدا، ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە سێ جۆرە، دانانی نیشانە لە کۆتاییدا، بەشێکە لە ناسینەوە و دیاریکردنی جۆری ڕستەکە، لەو نمونەیەدا، کە ڕستەکە هەواڵییە، پێویستبو لە کۆتاییدا خاڵ دابنرایە.

واتە ڕستەکە، بەم جۆرە، بەدروستی دەنوسرێت:

قەدەغەی هاتووچۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان درێژکرایەوە.

بۆ دەرخستنی چۆنیەتیی کارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە ڕوی مامەڵەیان لە تەک زمان، ئەو ڕێنوسە لە دەزگایەکی تر، وەک کوردسات و NRT بە (قەدەغە) دەنوسرێت، لە بری (خ)، (غ) بەکاردێت، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، کە نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و هاوکات دەزگایەکی نیشتمانیش، بۆ چاودێریی دۆخی زمان، چەند بە زیانی زمانەکە کۆتایی دێت و کاریگەریی خراپ لەسەر زمانی کوردی دادەنێت.

نمونەی نوسینی NRT:

پارێزگاری سلێمانی: دەنگۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم .....

تەلەفزیۆنی NRT، لە ٢٠٢٠/٦/١٠

نمونەی نوسینی کوردسات:

بەردەوامیی قەدەغەی هاتووچۆ نیگەرانیی هاووڵاتیانی کەرکوکی لێکەوتەوە

تەلەفزیۆنی کوردسات نیوز، لە٢٠٢٠/٦/١١

با، لەم نمونەیەش وردبینەوە:

نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣، ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی سلێمانی

کوردستانی نوێ، ژمارە:٨١٢٨، لە٩ /٢٠٢٠/٦

سەرنج لە هەردو وشەی (ڕۆژ)، (ڕەشبگیری) هەردوکیان بەشێوەی فۆنیمی (ر) نوسراون، لە کاتێکدا دەبو وشەی (رەشبگیری) لە بری (ر)، (ڕ) بنوسرایە (ڕەشبگیری) چونکە ئەو دوانە فۆنیمن و واتا دەگۆڕن، پێویستە پەیڕەوی ڕێنوسی زمانەکە بکرێت، کە دو پیتی جیاوازن.

هەر پەیوەست، بەو نوسینە و وەک تێکەڵکردنێکی نوسین ساڵەکە بە ڕێنوسی ئینگلیزی نوسراوە، کە دەبو بەڕێنوسی کوردی بێت، بەم جۆرە (١٩٦٣).

نمونەیەکی تر:

.....، ئازیزان بە جوانی شێواز و هەڵبژاردنی جوانی

و وشەکان دەنوسی بەواتایەکی تر پەنایان بۆ دەستەواژە ئەدەبییە

لاتینی گریکییەکان دەبرد،

............، واتا

ووشک بو تەنها فێرکردن بوو. کوردستانی نوێ، هەمان ژمارە

وردبونەوە لەو نمونەیە ئەوە دەسەلمێنێت، کە خۆبەستنەوە بە ڕێنوسی کوردی نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا، هیچ کات پیتی بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت، بەڵام هەردو وشەی (ووشە) (ووشک) لەبری بەشێوەی یەک واو، بەدوو /وو/ نوسراون، کە دوو واو بزوێنە و لەزمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەوە نایەت. واتە دەبو بەم جۆرە بنوسرانایە:

(وشە) (وشک)

دیسان لە نوسینەکەدا و لە کۆتایی (لاتینی) مۆرفیمی بەستنەوەی (- ە -) نەنوسراوە، کە دەبو هەبێت بەم جۆرە، کە گرێ ناوییەکە دروست دەبێت:

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لاتینییە گریکییەکان

هەر لە چێوەی پەیڕەونەکردنی یاساکانی ڕێنوس و خاڵبەندیی زمانی کوردی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، با سەرنجی ئەم نمونەیە بدەین:

سەرۆکایەتی پەرلەمان راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە

پەرلەمان کارەکانی بۆماوەی دووهەفتە رادەگرێت

کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

لە ٢٠٢/٦/١٠

لەم نمونەیەشدا (سەرۆکایەتی) پێویستی بە دو (ی) هەیە، (سەرۆکایەتیی پەرلەمان ....)

لەبارەی یاسای ڕێنوسی دیسان ئەمیش جیاوازی لە نێوان فۆنێمی (ر) و (ڕ) نەکردوە و هەردوکیان وەک یەک نوسیوە، لە کاتێکدا دو فۆنێمی جیاوازن و دەبو لە بری (راگەیەنراو) (رادەگرێت) بەم جۆرە، بنوسرانایە (ڕاگەیەنراو) (ڕادەگرێت).

لەڕوی یاساکانی خاڵبەندی و پەیڕەونەکردنیان پێویستە لە دوای وشەی (پەرلەمان) کۆما دابنرێت، چونکە کەرەستەکانی دواوەی دەبنە هەواڵ بۆی، جگە لەوەش، لە دوای ئامرازی پەیوەندیی (بۆ) دەبێت کۆما دابنرێت، بەم شێوەیە:

پەرلەمان، کارەکانی بۆماوەی دوو هەفتە ڕادەگرێت.

پەیوەست بە ڕێنوس و ئەو جیاوازییەی لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەیە، با لەم نمونەی تر وردبینەوە:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیشوازی لە شاندێکی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات

ڕۆژنامەی خەبات: ژمارە: ٥٩٥٠، ٢٠٢٠/٦/١٠

نوسینی وشەی (حکوومەت) بە دوو واو پێچەوانەی یاساکانی ڕێنوسی کوردی و نوسراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان، با لەم نوسراوەی حکومەتی هەرێم وردبینەوە، کە ئارمی فەرمی حکومەتی هەرێمە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم گرێ ناوییە، نوسینی فەرمیی نوسراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە سەرجەم دامودەزگاکانی پەیڕەویدەکەن و ڕۆژانە بەکاریدێنن، بەڵام ڕۆژنامەی خەبات پێچەوانەی نوسراوی فەرمیی حکومەت، کە زمانی ستاندارد دەنوسێت، بەمەش دو ڕێنوسی پەیڕەودەکات، کە بە زیانی زمانی کوردی کۆتاییدێت.

٢_٣_٢: گرفتی نوسینی وشەی ناسادە:

یەکەم: وشەی داڕێژراو:

نوسینی وشەی داڕێژراو یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ڕێنوسی دەزگا میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، با سەرنجی ئەم نمونانە بدەین:

....

لەگەڵ یەکتریدا بەراورد پێدەکەین دەردەکەوێت کە جیاوازی زۆرە

....

.... لەڕێگەی میدیاوە هاوولاتیان بێدەنگ دەکات

..............پێ بدرێت .... خەبات: ژمارە: ٥٩٥٠، ٢٠٢٠/٦/١٠

لەم نوسینەی سەرەوەدا، کە بەشێکە لە نوسینێکی درێژی هەواڵێکی ڕۆژنامەی خەبات، سەرنجبدەن دو وشەی داڕێژراوی (پێ دەکەین، پێ بدرێت)، کە بەم جۆرە نوسراون، پێویستبو بەسەریەکەوە بنوسرێن، چونکە دوای پێشگرەکە هەردو پیتی (د، ب) هاتون، کە دەتوانرێت

پێشگرەکەیان پێوە بلکێنرێت، بەم جۆرە:

پێدەکەین، پێبدرێت

ئەوەی جێگای سەرنجیشە، هەر لەو نوسینەدا وشەی لێکدراوی (بێدەنگ دەکات) کە بە یاسای:

وشەی دارێژراو + کرداری (دەکات) دروستبوە، لە وشەدا کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، وشەی دارێژراوە، بە یاسای: پێشگر + وشەی سادە بێ + دەنگ

کەچی هەواڵنوس بەسەریەکەوە نوسیویەتی (بێدەنگ)، بەڵام لە هەمان نوسیندا، کردارە دارێژراوەکانی (پێ دەکەین، پێ بدرێت)ی بە جیا نوسیوە، کە بە هەمان یاسا دروستبون، ئەمەش پەیوەندی بە نەبونی میدیای نیشتمانی و دەزگای چاودێری نیشتمانییەوە هەیە.

هەر لە چێوەی گرفتی ڕینوسی وشەی دارێژراودا، بڕوانە ئەم نمونەیەش:

ئێمە نامانەوێ، تێ بکەون .... تێدەگەن

تەلەفزیۆنی کوردسات: ٢٠٢٠/٦/١١

بە وردبونەوە لەو نوسینەی سەرەوەی کەناڵی کوردسات، ڕادەی پەیوەستبون بە یاساکانی ڕینوسی کوردی و کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، لە یەک پارچە نوسین و دو ڕستەی دوای یەکدا، دو کرداری دارێژراوی (تێ بکەون، تێدەگەن)، کە هەردوکیان بە یاسای (پێشگر+بناغە) دروستبون، چۆن دەبێت بە دو ڕێنوسی جیاواز بنوسرێن؟

وردبونەوە لەو نوسیەنەی کەناڵی کوردسات، کە دو ڕستەی چێوەی یەک نوسینە، ئاستی پابەندنەبون بە یاساکانی ڕێنوسی زمانی کوردی دەردەخات، کە بە تێپەڕبونی کات، کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت، دەبو هەردو کردارەکە بە یەک ڕێنوس بنوسرانایە، کە نوسینی دوەمیان (تێدەگەن) پەسەندترە، بەم جۆرە:

ئێمە، نامانەوێ، تێبکەون.............. تێدەگەن

دوەم: وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو، لە لێکدانی دو بناغە، یان زیاتر، بەهۆی بەستەر، یان بێ مۆرفێمی بەستەر دروستدەبێت، وەک:

بەردەباز

بەهۆی مۆرفێمی بەستەری (- ە -)

دڵخۆش

بە بێ مۆرفێمی بەستەر

یەکێکی تر لە گرفتەکانی میدیای کوردی، لە تەک ئەوانەی پێشودا چۆنیەتیی نوسینی وشەی لیکدراوە، کە بە شیوازی جیاواز دەنوسرێت، با لەم نمونانە وردبینەوە:

گەنجێک چوارهەزار دەمامک و دەستکیش بەسەر دووکانداران دابەش دەکات

تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

دوای وردبونەوە، لەو نمونەیە، ئەم سەرنجانە دەخەینەڕو:

١ _ دو وشەی لێکدراو لەو ڕستەیدا هاتون (دەستکێش، دابەش دەکات)، یەکەمیان ناوی لیکدراو، دوەمیان کرداری لێکدراوە، هەردوکیان هەمان یاسای دروستبونیان هەیە:

بناغە + بناغە

دەست + کێش

دابەش + دەكات

تەنیا جیاوازییان (دەستكێش) ناوە، بەڵام (دابەش دەكات) كرداری لێكدراوە، بەڵام بە دو ڕێنوسی جیاواز نوسراون، یەكەمیان بەسەریەكەوە (دەستكێش) دوەمیان بناغەكان، بە جیا نوسراون (دابەش دەكات)، لە كاتێكدا، كۆتایی هەردو بناغەی یەكەمی وشەكان پیتی نەبزوێن (ت، ش)، كە هەردوكیان، لەو پیتانەن، كە دەتوانرێت، بە وشەكەی دوای خۆیەوە بلكێت، واتە پێویستبو، هەردو وشەكە، بەسەریەكەوە بنوسرێن (دەستكێش، دابەشدەكات).

هەندێک وشە لە زمانی كوردیدا لە بنەڕەتدا فرێزن، و لە دو بەش پێكدێن، بەڵام پاش لێكدانیان دەبن بە یەک وشە/لێكسیمی سەربەخۆ، بەشەكانی ئەم لێكسیمانە جێگۆڕكێ ناكەن و لە یەكدی دورناكەونەوە و فراوان ناكرێن و بەهەردو بەشەكە یەک هێز وەردەگرن، كە دەكەوێتە سەر دوا بڕگەی دروستەكە. (بڕوانە: سەعید، ٢٠١٥، ٩٤)

٢_ كەرتی دوەمی ئامرازی پەیوەندی (بە_دا) لە دوای گرێی ناوی (بەسەر دووكانداران) نەنوسراوە، كە پێویستبو بنوسرێت، بەم جۆرە (بەسەر دووكانداراندا).

نۆ توشبووی كۆرۆنا لە دهۆک چاكبوونەوە

تەلەفزیۆنی كوردستان ٢٤، لە ٢٠٢٠/٦/١٦

سەرنجی ئەم نمونەیە بدەن، كە لە هەمان كەناڵی تەلەفزیۆنی وەرگیراوە، كوردستان ٢٤، لە نمونەی پێشوودا، كرداری لێكدراوی (دابەش دەكات) بە جیا نوسراوە و هەردو بناغەكە بەیەكەوە نەلكێنراون، بەڵام لەم نمونەیەدا كرداری لێكدراوی (چاكبونەوە)، كە بەهەمان یاسای: بناغە + بناغە دروستبوە، كەچی بەسەریەكەوە نوسراوە و هەردوو بناغەكە لە یەكدراون (چاكبوونەوە)، لەوانەیە لە هەواڵسازەكە بپرسیت، بۆ بەو جۆرە ئەو دوو كردارە لێكدراوەت نوسیوە، وەڵامێكی زانستیت ناداتەوە، ئێمە لەو بڕوایەداین بەبێ سەلیقەیی و بێ زانیاریی ئەم كارە دەكرێت، كە بە زیانی زمانی ستانداردی كوردی كۆتاییدێت.

سەرۆكی پەرلەمان كارێكی خراپی كردوە

تەلەفزیۆنی كوردستان ٢٤، لە٢٠٢٠/٦/١٦

بەراوردكردنی ئەم نمونەیەش، بە نمونەی پێشوو، دیسان بە ڕونی گرفتی ڕێنوس و بێ پلانی و نەبونی چاودێری، لەسەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەسەلمێنێت، لەم نمونەیەشدا كرداری لێكداروی (خراپی كردوە)، بە هەمان یاسای (چاكبوونەتەوە) دروستبوە و هەردوكیان كەرتی یەكەمیان ئاوەڵناوی چۆنیەتییە (خراپ، چاک) كە دژواتای یەكترن، بەڵام بە دوو ڕێنووسی جیاواز نوسراون:

چاكبوونەتەوە

خراپی كردوە

بۆ زیاتر خستنەڕوی گرفتی ڕێنوسی وشەی لێكدراو و خستنەڕوی جیاوازیی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و نەبونی ڕێنوسێكی یەكگرتو، با لە نمونەیەكی كەناڵی NRT وردبینەوە:

فەرید ئەسەسەرد: ناكرێ سێ حیزب بەشداربن لە حكومەت كەچی ناكۆک بن لەگەڵ یەک

كەناڵی NRT، لە٢٠٢٠/٦/١٦

ئەو نمونەیەی لە سەرەوە خراوەتەڕو، ئەم سەرنجانەی لەبارەوە دەنوسین:

١_ كرداری لێكدراوی (ناكۆک بن)، بەسەریەكەوە دەنوسرێت، (ناكۆكبن) نەک بەو جۆرەی لە نمونەكەدا هاتوە، (ناكۆكن بن).

٢_گرێی ئاوەڵكرادی (لەگەڵ یەک)، كە ئاخنراوەتە ناو كردارە لێكدراوەكەوە، پێشدەكەوێت.

لەگەڵ یەک ناکۆکبن

٣_بەشێک لە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، لە کرداری سەرەتای ڕستەکەدا (ناکرێ) کرتێنراوە، کە پێویستبو بنوسرێت (ناکرێت) واتە دەبو فۆنێمی (ت) بنوسرایە.

٤_ڕستەکە لە روی یاساکانی رێزمان و ریزبونی کەرەستەوە، لە زمانی کوردیدا بەم جۆرە پەسەندە:

ناکرێت سێ حیزب لە حکومەت بەشداربن، کەچی لەگەڵ یەک ناکۆکبن.

٢_٣_٣: گرفتی خاڵبەندی:

نوسین، ئەو قسانەیە، کە لە بری بەوتن دەربڕدرێت، دەنوسرێتەوە، مرۆڤ چۆن لە کاتی قسەکردندا پێویستی بە دەربڕینی هەست و جوڵەی دەست و دەموچاو هەیە بۆ گەیاندنی باشتری پەیام و رودانی باشتری کردەی لە یەکترگەیشتن، بەو جۆرەش، لە کاتی نوسیندا بۆئەوەی واتاکانمان بە هەموو جوانی و هەستێکەوە دەربخەین، پێویستمان بەوە دەبێت، هەندێک نیشانە و هێما دابنێین بە دانانی ئەو هێمایانە دەوترێت (خاڵبەندی) (ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠، ٤٠)

خاڵبەندی، دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١_ بۆ (پێکبەستن) پێکەوەبەستن:

کۆمای خاڵدار

جوتە کۆما

تاکە تەقەڵ

٢_ بۆ لێکجیاکردنەوە

خاڵی راوەستان

نیشانەی پرس

نیشانەی سەرسوڕمان

کۆمای جیاکردنەوە

٣_ بۆ خستنە نێوان

جوتە کۆما

جوتە تەقەڵ

تاکە کەوان

جوتە کەوانی سەرکوور

کۆمای ئاوەژو

بەڵام، بەپێی گرنگی و زۆر بەکارهێنانی تاکە کۆما_ بۆر، یان فاریزە، زۆرترین، بەکارهێنانی هەیە، کە بۆ جیاکردنەوەی دو وشە یان دوبەشی ڕستە لەیەکتری بەکاردێت، وەک:

٢٢ نیسانی، ١٨٩٨ یەکەم، ڕۆژنامەی کوردی دەرچو.

با، لە نمونەکانی میدیا کوردییەکان وردبینەوە، بزانیین، ئاخۆ چەند پابەندی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی بون، وەک بەشێکی گرنگی رێنوس و دروستنوسین.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پەرلەمانی کوردستان: پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ١٩٧، ئەندام و فەرمانبەر کراوە

تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤

دوای ژمارەکە ١٩٧ دەبو کۆما دابنرایە، ئەو (و) بەیەکبەستنەوەی دوای ژمارەکە زیادە و لە کۆتایی ڕستەکەشدا وەک تەواوبونی ڕستەیەکی هەواڵی دەبێت نیشانەی ڕستەی هەواڵی خاڵ دابنرێت، بەم جۆرە بە دروستی دەنوسرێت:

پەرلەمانی کوردستان: پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ١٩٧ ئەندام و فەرمانبەر کراوە.

لە عێراق ٦٧ توشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا

تەلەفزیۆنی ڕوداو

لەم نمونەی تەلەفزیۆنی ڕوداودا، پێوستبو دوای وشەی (توشبووی) کۆما_ فاریزە و لە کۆتایی ڕستەکەشدا وەک ڕستەیەکی هەواڵیٚ نیشانەی خاڵ هەبوایە، بەم جۆرە:

لە عێراق ٦٧ توشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.

با لە نمونەیەکی تریش وردبینەوە:

١٠٠ لیرەی تورکی بە ١٠ هەزار دینارە

تەلەفزیۆنی ڕوداو

وردبونەوە لەم نمونەیەش هەمان سەرنجەکانی پیشومان لا دروستدەکات، کە:

_ کۆتایی ڕستەکە، کە ڕستەیەکی هەواڵییە، دەبێت نیشانەی کۆتایی ڕستەکە خاڵ دابنرێت. بەم جۆرە:

١٠٠ لیرەی تورکی، بە ١٠ هەزار دینارە.

بە مریشکی مەژین لە کاتێکدا کە دەتوانن ببنە هەلۆ.

تەلەفزیۆنی NRT

بەکارهێنانێکی تری کۆما، پێویستە لە پێش ئامرازی گەیەنەر وەک (کە، ئەگەر، تا....) و کۆتایی ڕستۆکە یان لاڕستە (Clause)، بەڵام لەو نمونەیەدا بەکارنەهاتوە، کە پێویستبو بەم جۆرە بێت:

بە مریشکی مەژین، لەکاتێکدا، کە دەتوانن ببنە هەلۆ.

لە کۆتایشدا، وەک ڕستەیەکی ئاڵۆزی هەواڵی، دەبێت نیشانەی کۆتایی ڕستەکە خاڵ دابنرێت.

٢_٤: جوت ڕێنوسی

دیاردەیەکی بڵاوی میدیای بینراوی کوردی، دیاردەی جوت ڕێنوسییە، (ڕێنوسی باو_ ڕێنوسی لاتینی). ئەم دیاردەیە، سەرلێشێوان و نامۆیی، بە ڕێنوسی باوی بەکارهاتو، دروستدەکات.

بەکارهێنانی جوت ڕێنوسی، جگە لە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر ڕێنوسی باو، کە مێژویەکی کۆنی هەیە و بەکارهێنانی لای هەموان ئاشکرایە و سامانێکی زۆری ئەدەبی، فەلسەفی، زانستی .. هتد، پێنوسراوە، ئەوەیە کە ڕێنوسی لاتینی، لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا کۆدەنگی لەسەر نییە و سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یەک جۆر ڕێنوسی لاتینی بەکارناهێنن.

کاریگەرییەکی خراپی تری بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینی، لەسەر منداڵان و نەوجەوانانە، کە زیاتر لە ڕێگەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە دەنوسن،

دواکەوتنی فێربونی نوسینی ئاسایی و باوە، کە بەرێژەیەکی زۆر ڕێنوسی لاتینی بەکاردێنن.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووت ڕێنوسی وەک لەسەرەوە خستمانەڕوو، کاریگەرینەرێنی بۆ سەر ڕێنوسی باو دەبێت، دەتوانرێت کاتێکی دیاریکراو بۆ ڕێنوسی لاتینی وەک پەروەردەیی و فێرکاری دیاریبکرێت، چونکە ئەمەش ئاشنایی و تێکەڵبونی نەتەوەیی زیاتر لەگەڵ باکور و ڕۆژئاوای نیشتمان دروستدەکات.

٢_٥: فەرهەنگ

فەرهەنگ یان وشەنامە، گەنجی وشەکانی زمانێکە، کە دەوڵەمەندی و هەژاری پەیوەستە بە سیاسەتی زمانی و پلانی زمانییەوە. حکومەت دەتوانێت بایەخ بە زمان و بوارەکانی تریش بدات، بە پێچەوانەشەوە.

فەرهەنگ، بەگشتی ژمارەیەک زانیاری، لەبارەی ئەو وشانەوە دەدات، کە تێیدا نوسراون، وەک واتای وشەکان (سیمانتیکی، پراگماتیکی)، پۆلی وشەکان، یاسای دروستبونییان. بڕوانە: فەتاح، ٢٠١١، ٣٦٩)، لە بارەی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی و ڕاگەیاندن و پاراستنی زمانەوە، بڕوانە: کالفی، ٢٠١٢، ١٥٤) بۆنمونە:

ڕەق

دۆخی پێچەوانەی شل

ئاوەڵناوە

سادەیە

ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بەپێی بەکارهێنانی، واتاکەی دەگۆڕێت لە واتایەکی ئاسایی بۆ واتایەکی تابۆ لە زمانی کوردیدا بۆ زیاتر ڕونکردنەوە، با لەم ڕێکلامە وردبینەوە، کە لە میدیا کوردییەکانەوە بۆ دۆشەکی تورکی دەکریت، بەم جۆرە:

پیاو: ژنەکە، بە ڕەق بۆت بێنمەوە، یان بە نەرمی؟

دیارە، مەبەستی قسەکەر لە دۆشەکە، ئایا جۆری ڕەق یان جۆری نەرم، بەڵام ئەم بەکارهێنانە، بەبێ بەکارهێنانی وشەی دۆشەک واتایەکی تابۆی بە ئاوەڵناوی ڕەق و نەرم داوە، کە بەپێی کۆمەڵگای کوردی لە ئاخاوتنی ژن و پیاودا، بەو جۆرە زەقە بەکارنایەت.

ئەم بەکارهێنانە لە میدیاوە، واتای نەرێنیی وشەکە لای وەرگر زاڵدەکات.

بۆ، ڕونکردنەوەی زیاتر و خستنەڕوی واتای نەرێنی، لە بەکارهێنانی کەرەستەی زمانی لە میدیای کوردیدا، با سەرنجی ئەم نمونەیەش بدەین:

پیاو: کەسێکمان، بۆ شایەتی پێویستە

ژن: من

پیاو: تۆ، مێچکەیت، دوانتان بەیەک نێرینە دەبێت.

بەشێک، لە درامایەک، لە کەناڵی زێد، لە ٢٠٢٠/٦/٣٠

کاتێک سەرنجی ئەم گفتوگۆیە لە نێوان ژن و پیاوەکەدا دەدەین، دەردەکەوێت وێنەیەکی وای کۆمەڵی کوردی پیشاندەدات، کە زۆر دواکەوتوە و پیاوسالارییە و پێگەی ژن زۆر لاوازە، هاوکات جۆرێک لە سوکایەتی بە ژن تێدایە، کە وشەی (مێچکە) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک بۆ مرۆڤ.

واتا خاوەنی سیمای واتایی (+ ئاژەڵ)، کە دەکاتە (-مرۆڤ)، بەڵام لێرەدا ئەو سیمایەی بەزاندوە و بۆ مرۆڤ بەکارهێنراوە.

کۆمەڵی کوردی ئەو وشەیەی بۆ مرۆڤ بەکارنەهێناوە و لە زمانی نوسین و ستانداردی کوردیدا هیچ کات بۆ ژنان بەکارنەهاتوە، بەڵکو بۆ

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئاژەڵ بەکاردێت.

بەم جۆرە، ئەم کەناڵە میدیاییە، کە تەلەفزیۆنە و خەڵک دەیبینێت، واتای نەرێنی و سوکایەتی بۆ ژنان بەرهەمدێنێت، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵ دروستدەکات.

نەبونی میدیای نیشتمانی و فرەیی میدیای حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا، کارێکی کردوە، زۆر وشەی فەرهەنگی زمانی کوردی، کە لە بنەڕەتدا، لە دۆخێکی بێلایەندان، کەچی واتای نەرێنی وەربگرن، بۆ نمونە وشەکانی قوتابی و خوێندکار، ژن و ئافرەت، ڕەنگەکانی زەرد، سەوز، نیلی ....، هەر یەکێک لەم وشانە، کە دانەی فەرهەنگی زمانی کوردین، بەڵام بەهۆی نەبونی میدیای نیشتمانی و کاریگەریی میدیای حیزبی، وشەکانی قوتابی، ئافرەت لە زیاتر و بەگشتی، لە شارەکانی هەولێر و دهۆک بەکاردێن و وشەکانی ژن، خوێندکار، لە میدیای ئەو حیزبانە بەکاردێت، کە پێگەیان زیاتر لە شاری سلێمانییە، بەگشتیش، لە میدیای حیزبی بەرانبەردا، بونەتە هەڵگری واتای نەرێنی و بەکارهێنانیان نیشانەی ناسینەوەی باوەڕی سیاسیی بەکارهێنەرە، کە لە هەندێ باردا، ئەم وشانە لە هەندێ ناوچەدا بەکارهێنانیان تابۆیە.

٢_٦: وشەسازی

وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) لە تەک سینتاکس_ڕستەسازیدا، دو وەچە ئاستی ڕێزمانن، کە مامەلە لەگەڵ مۆرفیم و چۆنیەتیی چونەپاڵیەکی مۆرفیمەکان دەکات.

زمانی کوردیی، کۆمەڵێک یاسای تایبەتیی خۆی هەیە، کە لە ڕۆنانی وشەدا بەکاردێن و کەرەستەی نوێ بۆ زمان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ زمان بەرهەمدێنن.

بۆ نمونە، لە زمانی کوردیدا یەکێک لەو یاسایانەی، کە بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ بەکاردێت و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، بریتیە لە :

ناو + ڕەگی کار کۆ + ڕەو کۆڕەو

ناو + بڕ ناوبڕ

بەڵام میدیای کوردی، بە هەردو جۆری (بینراو، بیستراو)، هەڵەیەکی باو پەیڕەودەکەن، کە بریتییە لە ڕۆنانی وشە لە ڕێگەی یاسایەکی شاز، کە لە زمانی کوردیدا پەیڕەوناکرێت و وشەی تری پێ ڕۆنانرێت، ئەویش یاسای:

ناو + قەد وشەی لێکدراو

گوێ + بیست گوێبیست

ئەم هەڵە باوە ڕۆژانە لە میدیای بینراو و بیستراوەوە بەکاردێت، کە لە ڕاستیدا هیچ وشەیەکی تر نادۆزیتەوە لە زمانی کوردیدا، بەو یاسایە دروستبوبێت، چونکە لە بنەڕەتەوە، یاساکە بەشێک نییە لە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، ئەمە دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی کۆڕی زانیاریی کوردە، کە وشەی (زانکۆ)ی پێ دروستکراوە، بریتییە لە یاسای:

ڕەگی کار + ناو وشەی لێکدراو

زان + کۆ زانکۆ

تەنیا ئەم وشەیە دەبینین لە زمانی کوردیدا بەو یاسایە دروستبوبێت، چونکە ئەم یاسایەش بەشێک نییە لە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، هیچ وشەیەکی تر بەو یاسایە ڕۆنەنراوە.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەمان، سەیری وشەی (کۆڕەو)بکە، کە خەڵکی خۆیان وشەکەیان دروستکرد بەپێی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و لەخۆوە، بەڵام لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا، کە لە مێشکی هەموکوردی زمانێکدا هەیە دێتەوە، بۆیە لە زماندا دەڕوات و ناچێتە خانەی هەڵەی باوەوە، وەک وشەکانی (زانکۆ، گوێبیست ...)

وشەکانی (ئەنجامدان، سازدان، پێهەڵسان ....) بەشێکی ترن لەو نمونانەی، کە لەگەڵ یاساکانی زمانی کوردی و ڕاستیی ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا نایەنەوە و میدیای کوردی دایتاشیون و بە فراوانی ڕۆژانە بەکاریاندێنێت، وەک:

کۆبونەوەیەکیان سازدا.

ئەنجامدانی ریفراندۆم

هەستان بە کردنەوەی خولێک

٢-٧: ڕستەسازی

ئاستی ڕێزمان، بۆ دو وەچەئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دابەشدەبێت، لە ٢-٦ دا، کاریگەریی نەبونی میدیای نیشتمانیمان لەسەر وشەسازی باسکرد، لێرەدا کاریگەری لەسەر ڕستەسازی دەخەینەڕو.

شێروان شەمێرانی: سەرجەم هێزە نێودەوڵەتییەکان هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت لە چوارچیوەی عێراقدا

تەلەفزیۆنی NRT ٢٠٢٠/٧/١

ئەم نمونەیەی سەرەوە، کە بەراورد دەکەین بە یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی و ڕیزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنی بەرکار و ئاوەڵکرداری شوێن ئاڵوگۆڕکراون، چونکە یاساکانی سینتاکسی کوردی (سەرەوریزبوونی وشە و فرێزەکان لە ڕێی پێدانی ڕۆڵی بابەتانە لە ئاستی قوڵ و بەخشینی دۆخی ڕێزمانی لە ئاستی ڕوکەشدا، بە جێکەوتەکانی ڕستە بەپێی ڕێسای SOV، ڕیزبوونی بکەر- بەرکار- کرداری ڕستەکان هاتۆتەئاراوە) (مەحوی، ٢٠١١، ٤) لە نمونەکەدا جگە لەوەی کە شوێنی کردار کۆتایی ڕستەیە، پێویستە بەم جۆرە بێت:

بکەر+ ئاوەڵکرداری شوێن + بەرکار + کردار

شێروان شەمێرانی: سەرجەم هێزە نیودەوڵەتییەکان، لە چوارچێوەی عێراقدا هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت.

بۆ دەرخستنی زیاتری پەیڕەونەکردنی یاسا ڕیزمانییەکان و بەکارهێنانی ڕستەی ناپەسەندی ڕێزمانی، با لەم نمونەیەش وردبینەوە:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/١٥ کابینەکانی چاڤی لاند دەکرێتەوە بە ڕووی گەشتیاراندا

تەلەفزیۆنی NRT لە ٢٠٢٠/٧/١٣

(بڕوانە: بەگیخانی، ١٩٩٦، ٣٧)

ئەم ڕستە هەواڵییە بکەرنادیارە، جگە لە پەیڕەونەکردنی خاڵبەندی، کە دەبوو، لە پێش (بە) کۆما هەبێت، لە ڕووی ڕێزمانیشەوە دوو هەڵەی زەق تێدایە:

١_ گرێی ناوی کابینەکانی چاڤی لاند، کە لە بنەڕەتدا بەرکار ولەم ڕستە نادیارەدا، ئەرکی جێگری بکەر دەبینێت، لەبەرئەوەی کۆیە، بەپێی یاسای ڕێککەوتن، لە نێوان بکەر و کار لەزمانی کوردیدا، پێویستە کارە نادیارەکە جێناوی کەسی سێیەمی (ن) لە بری (ێت) تاک وەربگرێت.

٢_ گرێی ئاوەڵکرداریی ئامانج بەڕووی گەشتیاراندا، بەپێی ڕیزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، دەبوو لە پێش کاری ڕستەکەوە بوایە و کاری ڕستەکە لە کۆتاییدا بوایە، چونکە ڕستەی زمانی کوردی، بە کردار کۆتایی دێت.

ڕستەکە لە ڕووی ڕیزمانییەوە، بەم جۆرە پەسەندترە:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٠/٧/١٥ کابینەکانی چاڤی لاند، بە ڕووی گەشتیاراندا دەکرێنەوە.

٢_٨: زمانی ستاندارد

بەپێی تێڕوانینی زانایانی کۆزمانەوانی، کە ڕۆژانە بەکاریدێنن، زمان چەند جۆرێکی هەیە، کە یەکێکیان زمانی ستاندارد یان فەرمییە.

وەک هەر بابەتێکی تری زانستی، زمان و زانستە مرۆییەکان، بەگشتی پێناسەی جیاوازیان بۆ کراوە، بەم جۆرە:

جۆرێکی تایبەتی زمانە و بە کۆمەڵێک هەنگاوی فەرمیدا تێپەڕیوە و مۆرکی تایبەتی هیچ زارێکی زمانەکەی پێوە نییە ونمونەیەکی باڵای ئەدەبییە و لە بوارەکانی خوێندن وکارگێڕی و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت. (بڕوانە: بشر، ١٩٩٤، ١٨٤)

محمد معروف فتاح: ئەو شێوەیەیە، کە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوە و خاوەنی دەستور و فەرهەنگە و لە کارگێڕیدا بەکاردێت، بەڵام لەسەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندیی خەڵکی وەرنەگرتوە.

ئەم پێناسەیە، زیاتر، لە ڕوانگەی زمانی نوسین یان زمانێکی باڵاوە کراوە، وەک چۆن لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت زمانی (فصحی_ عامی) بەبڕوای کۆزمانەوانەکان، زمانی ستاندەرد لەکۆمەڵی پێشکەوتوودا سەرهەڵدەدات و بە چەند قۆناغێک دروستدەبێت، وەک قۆناغەکانی (هەڵبژاردن، تۆمارکردن، بوار فراوانکردن و جێبەجێکردن)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Hudson, ١٩٩٦, ٣٣)، هاوکات زمانی ستاندەرد، خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە:

١. زارێکی سەپاوە. ٢. دەسەڵات بۆ کارگێڕی بەکاریدێنیت. ٣. لە میدیا و قوتابخانە و زانکۆ بەکاردێت. ٤. تاکە زمانە، کە پێی دەنوسرێت. ٥. تارادەیەک نەگۆڕە. ٦. لە زارەکانی تر زیاتر بەرهەڵستیی گۆڕان دەکات ٧. بۆ بەراورد لەگەڵ زارەکانی تردا، وەک پێوەر بەکاردێت.

٨. لە ڕوی زمانەوە، تەنیا زارێکە وەک زارەکانی تر، بەڵام لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، بە بەرزتر دادەنرێت و ناوبانگی هەیە. ٩. بە سومبلی نەتەوەیەک دادەنرێت.

ئەم تایەبەتییانە و چەند تایبەتییەکی تریش، لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا هەن، بۆیە لە ڕوی زانستی و زمانەوانییەوە شیاوی ئەوەیە ببێتە زمانی یەکگرتو، لەمەشدا میدیا بە هەردو باری ئەرێنی و نەرێنیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، کە ئێمە لەم بەشەدا باسیدەکەین.

زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتوو

محەمەد مەعروف فتاح، جیاوازی لە نیوان زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتودا دەکات، بەوەی زمانی یەکگرتوو، قۆناغی پێشکەوتوی ستانداردە، بەم جۆرە:

زمانی یەکگرتوو، ئەو زمانەیە، کە بە هاوردەکردن یان تێکەڵکردنی چەند زارێک یان بە سەپاندنی زمانێکی ستاندارد، لە ناوچەیەکی جوگرافیدا بە دەستتێوەردان یان بە نەخشەدانان بۆ زمان دێتەکایەوە.

واتە لە ئێستادا، زمانی کوردی دوو ستانداردی هەیە، کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوروو، ئەوەی نییەتی زمانی یەکگرتوە، کە لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا، ڕەزامەندی وەرگرتبێت و بەکاربێت.

ستاندەردی کرمانجی ناوەڕاست، بەهۆی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمانکردن، تا ڕادەیەکی زۆر چووەتە قۆناغی زمانی یەکگرتووەوە، بۆیە ئەرکی میدیایە ئەمە بچەسپێنێت، نەک هەڵیوەشێنێتەوە و ئاستەنگی بۆ دروستبکات.

هەر چۆن سەیریبکەین، زمانی یەکگرتوو یان فەرمی، زمانێکی باڵایە وخاوەنی چەند تایەبەتییەکە، تا زو بڵاوبێتەوە و خەڵکی هەوڵبدەن زو فێرببن، بەمجۆرە:

١. لە ڕوی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازییەوە، بۆ فێربون ئاسانبێت.

٢. ڕێگە بە دروستبونی (شاز) لە شێوەکەیدا نەدات.

٣. هێندە دەوڵەمەندبێت لە واژەدا، کە بتوانرێت هەموو زانستەکانی پێبنوسرێتەوە، وەک بیرکاری، ئەندازیاری، لۆجیک، ئەدەب، فەلسەفە،

پزیشکی، بازرگانی و کارگێری و ......

٤. ئەو سیمایانە بەکاربێنێت، کە جیهانیین، واتە لە زمانە سروشتییەکانی جیهاندا هەن، نەک ئەو سیمایانەی تایبەتیین.

٥. تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەن بێت و هەمو بە زمانی دایکی خۆیانی بزانن.

٦. هەموو زارە کوردییەکان بەبێ جیاوازی لە دروستکردنیدا، شوێن پەنجەیەکی دیاریان هەبێت.

وردبونەوە لەو تایەبەتییانە و بەراوردکردنیان بە ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست_ شێوەزاری سۆرانی، ئەوا بەگشتی ئەو تایبەتییانەی تێدایە.

هەرچەندە، لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی دهۆک زاری کرمانجی ژوروو وەک ستاندارد بەکاردێت و بوەتە زمانی خوێندن و میدیا و کارگێری، بە بۆچونی ئێمە ململانێی سیاسی، ئەو دۆخەی دروستکردوە، هەرچەندە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤ و دیموکراسیشەوە، منداڵ مافی خۆیەتی لانی کەم سێ ساڵی سەرەتای خوێندنی بە زمانی دایک بێت، بەڵام کرمانجی ناوەڕاست جیا لەو تایەبەتییانەی سەرەوە، لە باشوری کوردستان یان هەرێمی کوردستاندا خاوەنی ئەم تایەبەتییانەشە:

١. سەدەیەکە ڕێنوس و ڕێزمانی هەیە و بەردەوام خزمەتدەکرێت و لە هەموو بوارەکاندا، کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی پێدەردەچێت. (بڕوانە: مەحوی، ٢٠١٦، ٩٦)

٢. دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی زمانی، بە زارەکە خۆی یان زمانی بێگانە لە بارەیەوە کراوە.

٣. لە بواری پەروەردە و خوێندندا، هەنگاوی گەورەی ناوە، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بەدواوە، لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، زمانی خوێندن بوە، ساڵانی ١٩٧٥ وەک زمانی خوێندن لە هەموو ناوچەکانی هەرێمدا بەکارهاتوە، لە دوای ١٩٧٥ یش، لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی زمانی پەروەردە و فێرکردن بووە و هەوڵی سەرکەوتوانەش دراوە بۆ ئەوەی وەک زمانی زانست لە زانکۆی سلێمانی (١٩٦٨_١٩٧٢) و زانکۆی سەلاحەدین، بەکاربهێنرێت.

دیسان لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئەم دواییە، بەردەوام وەک زمانی خوێندن بەکارهاتوە، هیچ زارێکی تر ئەم دەرفەتەی، بۆ نەڕەخساوە.

٤. لە سەدەی بیستەمدا، زمانی شۆڕش و ڕامیاری کوردبوە، بەیاننامەی دامەزراندنی هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستانی پێنوسراوە، زمانی هەرە زۆری چاپەمەنی، گۆڤار، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە سیاسییەکان بوە، کە بە ئاشکرا یان نهێنی دەرچون، زمانی نزیکبونەوە بوە لە جەماوەر.

٥. ڕەمزی بەرخۆدان و بەرهەڵستی بەرەنگاربوونەوەی هەموو حکومەتە ناوەندییە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بووە، هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەداوە، هەموو ئەو هەوڵانەی پوچەڵکردووەتەوە، کە ئەم حکومەتانە بۆ تێکدان و قەدەغەکردن و ڕوبەڕووبونەوەی داویانە، زمانەکە خۆی لە هەوڵەکانی تواندنەوە پاراستوە، لە هەر لایەکەوە هاتبێت.

٦. تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرخۆ گەشەیکردوە، خۆی لە زمانە بەهێزەکانی دەوروبەری جیا کردووەتەوە، ئەگەر وشەیەکی زۆریشی لێوەرگرتبن، نە فۆنەتیکی زارەکە و نە ڕێزمانەکەی نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی فارسی یان عەرەبی یان تورکییەوە.

٧. زمانی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانە و لە ناوچەکەدا بەگشتی زمانی لە یەکتر گەیشتنە، واتە زارەکانی تر، زیاتر لەم زارە دەگەن و بەکاریدێنن، وەک لە زارەکانی تر.

هەرچەندە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، بە فەرمی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەک زمانی یەکگرتوو لە تەواوی ناوچەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، نەناسێنراوە، کە بە بۆچوونی ئێمە پەیوەندی بە ململانێی سیاسییەوە هەیە و بنەمایەکی زانستی نییە، بەڵام ئەم تایەبەتییانەی زارەکە، دەیکەنە زمانی یەکگرتوو، لە ڕاستیشدا، بەشی هەرە زۆری کەناڵە میدیاییەکان، زمانی سەرەکییان ئەم زارەیە.

لە ڕوی یاساییشەوە، ڕۆژنامەی وەقایعی فەرمی، بەهەر زمانێک دەرچوو، ئەو زمانە یەکگرتوو، یان فەرمییە، لەو وڵاتە یان هەرێمە. لە هەرێمی کوردستانیش وەقایعی فەرمی بەزاری کرمانجی ناوەڕاست دەردەچێت، زمانی کارگێری و نامەی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێم و یاسادانان و زمانی کارگێڕیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانیش زاری کرمانجی ناوەڕاستە، هاوکات، لەسەر پاسپۆرتیش هەر بەم زارە نوسراوە. (ڤینوگرادووڤ، ١٩٩١، ٨٩)

ئەم ڕاستییانە و ئەو تایبەتییانەش، کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، نەک لەبەرئەوەی جیاوازیی زمانی لەگەڵ زارەکانی تردا هەبێت، ئەو ناوبانگ و مێژووە پڕ سەوەرییەی پێدەدەن، کە زمانەوانەکان، بە مەرجی سەرەکی و سیمای تایبەتیی زمانی ستاندارد یان یەکگرتوو یان فەرمی دادەنێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەسەڵاتی سیاسیی، لە هەرێمی کوردستاندا بە فەرمی زارەکەی بە ستاندارد یان زمانی فەرمی دانەناوە، بەڵام ئەو پێگەیەی وەرگرتوە، بۆیە ئەرکی میدیاکانە، کە کار لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم ستانداردە و نزیککردنەوەی لە زارەکانی تر، بەتایبەتی کرمانجی ژورووی بکەن، نەک بە پێچەوانەوە، بەهۆی نەبونی میدیای نیشتمانییەوە، کاریگەریی نەرێنی و دورکەوتنەوەی زیاتر دروستبکەن، کە بەگشتی ئەمەیان کردوە.

واتە، لەبری ئەوەی بە نەخشە و پلان زمانی ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست گەشەپێبدەن و بە واژەی زارەکانی تر موتوربەی بکەن، لە زۆر بار و ئاستدا بەبێ نەخشە و پلان و بە هەرەمەکی دورکەوتنەوەی زیاتر لە نێوان کرمانجی ناوەراست و کرمانجی ژوردا دروستدەکەن، سەرئەنجام بە زیانی ستانداردەکە کۆتایی دێت.

لێرەدا، بە کورتی ئەو خاڵانانە دەخەینەڕوو، کە کاریگەریی نەرێنی، لەسەر ستانداردی کرمانجی ناوەراست دادەنێن و ڕێگردەبن، لەوەی زارەکە بە قۆناغی زمانی یەکگرتوو بگات، کە هەرێمی کوردستان نییەتی و لە قۆناغی دروستبوندایە:

١. لادان، لە یاسا و ڕێساکانی زمان لە هەموو ئاستەکاندا، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، وشەسازی، ڕستەسازی ...، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ستانداردی کرمانجی ناوەڕاست دەبێت.

٢. جوت ڕێنوس و جوت زار بەکارهێنان، کاریگەریی نەرێنی و دورکەوتنەوەی زیاتر دروستدەکات.

٣. نەبونی نەخشە و پلان و شارەزای زمانەوانی و هەرەمەکی لە مامەڵەکردن لەتەک زمان، لە زۆربەی میدیاکاندا هەیە و کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر زمانی ستاندارد دروستکردوە.

ئەنجام

توێژینەوەکە، بەم ئەنجامانەی گەیاندین:

نەبونی میدیای نیشتمانی، کاری لە ئاستە جیاوازەکانی زمان کردوە، بەم جۆرە:

١. ڕێنوسی جیاواز و جوت ڕێنوسی، کە سەرلێشێوان و پەرتەوازەیی ئەم ڕێنوسەی ئێستا بەرهەمدێنێت و سەرەتاکەی دەرکەوتووە.

٢. داتاشینی وشە بە ئارەزوی کەناڵ و دەزگای ڕاگەیاندن، لە هەندێک باردا بەبێ ئەوەی لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا بێتەوە و یاساکان پەیڕەونەکراون.

٣. تێکدانی یاساکانی ڕستەسازی و ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەی کوردیدا، کە پەیرەوی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان و یاسای ڕستەسازیی کوردی ناکرێت.

٤. بەرهەمهێنانی هەندێ واتای ناباو، کە لەگەڵ کەناڵی میدیایدا ناگونجێن.

٥. لەگەڵ ئەوەی لە هەندێ باردا دیالێکتەکان لە یەکتری نزیکدەکاتەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی پلان و زاڵبونی ئارەزو و تێگەیشتنی کەناڵەکە بەگشتی، درزی نێوان دیالێکتەکان زیاتر دەبێت، کە دروستبونی زمانی یەکگرتوو _ ستاندارد هێندەی تر دوردەخاتەوە و کۆسپی زیاتری، بۆ دروستدەکات.

پێشنیاز

یەکەم_ هەرێمی کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانییە، کە ئەرکی دروستکردنی هاوئاهەنگی نێوان دیالێکت و کلتوری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بێت.

دووەم_ حکومەت سیاسەتی زمانی هەبێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیای کوردی، چاودێریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن، کە چۆن جێبەجێیدەکەن.

سێیەم_ پەیڕەوکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسی یەکگرتووی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٨ بەسەر سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە فەرمییەکاندا، کە پەیڕەویبکەن، لەبەرئەوەی حکومەت بەسەر دامەزراوە فەرمییەکانی خوێدا گشتاندویەتی و تا ئەندازەیەک ڕێککەوتنی لەسەرە.

سەرچاوەکان

١. ئەکادیمیای کوردی (٢٠١٠) کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسی یەکگرتووی کوردی، هەولێر.

٢. بشر، ک. (١٩٩٤)، علم اللغة الاجتماعي، مدخل، قاهرة.

٣. بەگیخانی، ئ. ح (١٩٩٦) ڕیزبوونی کەرەستەتە، لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٤. جراد، چ. ئ. (٢٠١٣) زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر: زانکۆی سلێمانی.

٥. حسێن، ئ. ئ. (٢٠٠١) ئەرکی ئەدڤێربل لە فراوانکردنی فریزی کاریدا، نامەی ماستەر، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

٦. حسێن، ئ. ئ. (٢٠٠١) ئەرکی ئەدڤێربل لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

٧. خورشید، غ. ع. (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردستان. سلێمانی.

٨. ڕەسوڵ، ه. & عەلی, ک. (٢٠١٩) ڕاگەیاندنی نیشتمانی و بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی، سلێمانی.

٩. سەعید، م. ل. (٢٠١٥) فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسێمبوون، نامەی ماستەر: زانکۆی سلیمانی.

١٠. فتاح، م. م. (٢٠٠٨) بابەتەکانی زمانی ستاندارد، هەولێر: بڵاونەکراوە.

١١. فەتاح، م.م. (٢٠١١) زمانەوانی، هەولێر.

١٢. ڤینوگرادووڤ، ف. ف. (١٩٩١) مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی عەزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بغداد.

١٣. کالفی، ل. ج. (٢٠١٢) شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٤. مارف، ئ. ح. (١٩٨٦) نووسینی کوردی بە ئەلفوێی عەرەبی.

١٥. مەحوی، م. (٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

١٦. مەحوی، م. (٢٠١٦) مەنامە بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی دروستنوسیین، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

17. Luginbüh, M. (2015). What is Media Linguistics? Living linguistics.

18. Hudson, R.A. (1996) Sociolinguistics, second edition, Cambridge University press.

19. Tunstall, J., 2010. The BBC and UK public service broadcasting. In Reinventing Public Service Communication. Palgrave Macmillan, London.

ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانەی، کەرەستەو داتای توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە، ئەمانەن:

تەلەفزیۆنەکانی (NRT، کوردسات نیوز، کوردستان ٢٤، کوردسات، ڕوداو، کەناڵی زێد)

ئەو ڕۆژنامانەی، کەرەستەو داتای توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە، ئەمانەن:

ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، ژمارە (٨١٢٨)، خەبات، ژمارە (٥٩٥٠))

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ژن و شوێن لە دیدی کوردناسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

کامەران محمد قادر [١]، بەهرۆز بەکر عثمان [٢]

[١،٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: kamaran.qadir@univsul.edu.iq

پوختە

پرسی ژن یەکێکە لە پرسە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و کوردناسەکان بایەخێکی بەرچاویان پێداوە. ئەمە لەکاتێکدا ئەم بابەتە تا ئەندازەیەک لە مێژوونووسیی کوردییدا فەرامۆشکراوە! بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە دێت کە لەسەربەنی کاری کوردناسەکانەوە کایەیەکی فەرامۆشکراوی ناو بواری مێژوونووسی کردووەتە بابەتی توێژینەوە، کە (مێژووی ژن)ە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکییەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە (مرۆڤ و شوێن، کورد و شوێن، ژن و شوێن)، دواتر لە دووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی (شیکارییە). شیکارییە بەو واتایەی بەوردی لە کاریگەرییە جیاوازەکانی شوێن لەسەر ژن ڕاماوین و شیمانکردووەتەوە. کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵی لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بینیوە، کە ئەوانیش سەرچاوەی یەکەمن سەبارەت بە توێژینەوەکە، واتە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە خودی نووسینی کورناسەکان خۆیانەوە وەرگیراون، لەو سەرچاوانەش: (ی. ئی، ڤاسیلەیڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە) و (مەیجەرسۆن: گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، .... ، .....) و...تاد. ڕەنگە گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە کەمی کات بووبێت، چونکە توێژەر پەیوەست بوو بە تەواوکردنی توێژینەوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا. لە ئەنجامدا بەوە گەیشتین کە شوێن وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی دروستبوونی مێژوو، کاریگەرییەکی بنەڕەتیی و ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی مێژووی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەکەی جێهێشتووە و ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە شوێن کاریگەرێتییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر (ناو، زمان، هونەر، جەستە، کار، خشڵ و خۆڕازاندنەوە)ی ژنی کورد جێهێشتووە.

ووشە کلیلییەکان: ژن، شوێن، مێژوو.

ملخص البحث

مسألة المرأة إحدى المسائل الحيوية في المجتمع الكوردي واهتم به الكوردولوجيين اهتماما ملموسا. في حين أن هذا الموضوع همش إلى حدما في الكتابة التأريخية الكوردية! ولهذا فإن أهمية هذه الدراسة تأتي من جعل منطلق عمل الكوردولوجيين الذين جعلوا من هذا الموضوع المهمش (تأريخ المرأة) داخل الكتابة التأريخية موضوعا للدراسة والبحث. محتوى هذه الدراسة يتكون من مقدمة وثلاثة محاور رئيسية وهي: (الانسان والمكان، الكورد والمكان، المرأة والمكان). والمنهج المتبع في هذه الدراسة منهج (تحليلي)، تحليلي بمعنى أن الباحثان تأملا بدقة المؤثرات المختلفة للمكان على المرأة وحلل ذلك. مجموعة من المصادر الأساسية لها تأثيراتها في تبلور هذه الدراسة

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٣ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١٢/١٤ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	kamaran.qadir@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢١ پ. ی. د. کامەران محمد قادر ، بەهرۆز بەکر عثمان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

وتشكلها، التي تعد مصادر أولية عن هذه الدراسة، يعني أن المعلومات أخذ مباشرة من كتابات الكوردولوجيين أنفسهم، من تلك المصادر:(ى. ئى، ڤاسيليهڤا: كوردستان الجنوب الشرقي من القرن السابع عشر إلى بداية القرن التاسع) و ميجرسون(ميرزا غلام حسين شيرازى): رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت.فؤاد جميل...) و... الخ. والمشكلة الأساسية أمام الدراسة كانت قلة الوقت، لأن الباحثان كان ملزما بأن يكمل البحث في وقت محدد. في النهاية توصل الباحثان إلى أن المكان كعنصر أساسي لبناء التأريخ ترك تأثيراً كبيراً ومباشراً على بناء تأريخ الانسان وتوجيه حركته. ولذلك ترك المكان أثرا مباشراًعلى (الاسم، الزمان، الفن، الجسد، العمل، الحلية والزينة) للمرأة الكوردية.

الكلمات المفتاحية: المرأة، المكان، التاريخ.

Abstract

the Status of women is one of the most important cases in Kurdish society and it has been enormously considered by Kurdologists. Nevertheless, this issue is grossly neglected by most of the Kurdish historians. the significance of the research has come from the point at the beginning of the work of the kurdologists it has shown an ignored matter of history writing as a research subject on one side which is women history. The content of this study includes the introduction and three major subjects such as, (human beings and places, Kurds and places, women and place). The approach adopted in this study is an analytical approach, in the sense that the researchers contemplated the determinants of the different influences of the place on women and analyzed that. Some significant and basic sources have played important roles here, so the first one is associated with(related to) the research, which means that The information has been derived directly from the research itself. The sources such as (Vaseline, the east of Kurdistan, from the ١٧th Century till ١٩th century), (Mecharson : a visit to Mesopotamia and Kurdish unknown date) as so on...Lack of enough time may be the main obstacle for the research as the researcher sticked to finish the research in a certain time. As a result, they have reached the conclusion that place has a fundamental component primary sources making history, and it has left a direct impact on creating the movement of human history. Therefore, the effect of place on woman's name, language, body, art, work, war, ornament, self-decoration, place of living... etc. has been shown.

Keywords: Woman, Place, History

پێشەکی

گرنگی توێژینەوەکە

زانستی کوردناسی زانستێکی نوێ و دەوڵەمەندە، بناغە و پێکهێنەری ئەم زانستە کارو بەرهەمە هەمەچەشنەکانی کوردناسەکانن، ئەم زانستە لە پێناوی ناسینی زمان و خاک و کەلتوورو داب ونەریتی کوردیدا بۆ چەندین مەبەستی جیاوازی دیکە هاتۆتە ئاراوە. لە درێژەی کاری کوردناسەکاندا رەوشی ژنی کورد و جۆری ژیان و پێگەی لە خێزاندا و جل وبەرگ و لایەنەکانی تری پەیوەست بە ژیانی ژنی کورد وەک مێژووی ژیانی رۆژانەوکارکردن و ئاکار و ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە ژن ئەنجام دراون بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کاری کوردناسەکان و لێی دواون. هەڵبەت بۆ ئێمەی کورد ئەم بەرهەمانە بەکەڵک و بەسودن لەبەرئەوەی لە نوسینەوەی مێژووی کورد دا بەگوێرەی پێویست دەربارەی ژنی کورد بەرهەم تۆمار نەکراوە و مێژووی ژنی کورد وەک کایەیەکی فەرامۆشکراو پەراوێزخراو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها باسمان لە کاریگەریی رەگەزی شوێن کردووە لەسەر ژنی کورد، بەشێوەیەکی وردو زانستیانە رێژەو مەودای ئەو کاریگەرییانەمان خستۆتە بەرباس. کاریگەرییە سەرەکی و لاوەکییەکانی شوێنمان لەسەر ژیانی تایبەتی ژنی کورد نیشان داوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکییەك و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە (مرۆڤ و شوێن، کورد و شوێن، ژن و شوێن) دواتر لە دووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی (شیکارییە). شیکارییە بەو واتایەی بەوردی لە کاریگەرییە جیاوازەکانی شوێن لەسەر ژن راماوین و شیمانکردووەتەوە.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

کۆمەڵە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵی لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بینیوە، کە ئەوانیش سەرچاوەی یەکەمن سەبارەت بە توێژینەوەکە، واتە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لە خودی نووسینی کورناسەکان خۆیانەوە وەرگیراون، لەو سەرچاوانەش: (ی. ئی، ڤاسیلەیڤا: کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە) و (مەیجەرسۆن: گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا) و (تۆمابوا: ژیانی کوردەواری) و...تاد.

گرفتی توێژینەوەکە:

ڕەنگە گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە کەمی کات بووبێت، چونکە توێژەر پەیوەست بوو بە تەواوکردنی توێژینەوەکە لە کاتێکی دیاریکراودا. لە کۆتایدا هیوادارین توانیبێتمان بەم پشکدارییە خزمەتێکی زانستییمان کردبێت، هەروەك ئومێدەوارین ئەم توێژینەوەیە ببێتە دەسپێك و ڕێخۆشکەرێك بۆئەوەی لە ئاییندەدا لە ناوەندە زانستییەکانی کوردستاندا توێژینەوەی زیاتری بەدوادا بێت.

تەوەری یەکەم/ مرۆڤ و شوێن:

کاتێک باس لە کاریگەریی شوێن لەسەر مرۆڤ دەکەین، تەنها زەوی وەک ڕووبەرێکی جوگرافی وەرناگرین، بەڵکو مەبەستمان لە (ئاووهەوا، پلەی گەرمی، خاک)ە. هەریەک لەم ڕەگەزانەش لە هەموو شوێنێکدا ئامادەن. مرۆڤ لەهەر شوێنێکدا بژی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئەو ژینگەیەدا هەیە. کەواتە شوێن یان ژینگە ناوەندی پرۆسەی مێژووە.(زریق،١٩٨٥،٥٠) شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی درووستبوونی مێژوو و لە ئاراستەکانی ڕووداوەکانی مێژوودا بە تەنها سەکۆیەکی بێ چرپە و بێ کاریگەرێتی نییە، هەربۆیە کاتێک ئێمە لەسەر کاریگەریی (شوێن) لەسەر مرۆڤ دەدوێین، ئەوا ناتوانین بەشێوەیەکی ئەبستراکت یاخود تەقلیدی (شوێن) وەربگرین و لەوێوە بەتەنها کاریگەریی شوێن بەسەر مرۆڤەوە بخەینەڕوو، بەڵکو دەبێت شوێن وەک خاک و ئاو و تەنانەت کەشوهەواش وەربگرین(قادر،٢٠١٥، ٥٥ - ٥٦)

هۆی دانانی ئاووهەوا وەک ڕەگەزێکی کاریگەر، نە شتێکی نوێیە، نە بۆچوونێکی تاکە کەسیشە، بەڵکو کاریگەریی قوڵی ئاووهەوا لەسەر دیاردە مرۆییەکان وای لە هەندێ لە فەیلەسوف و بیرمەندەکان کردووە، باوەڕێکی پتەویان بە سەنگ و قورسایی شوێن هەبێ، (هیبوکرات) کە خاوەنی کۆنترین نووسینە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، پێیوایە:» لە زۆربەی باردا جەستە و ئاکاری مرۆڤەکانیش بەگوێرەی سروشتی وڵاتەکان دەگۆڕێن»(الملاح، ٢٠١١، ٢٠٨)

(جان بۆدین-١٥٣٠- ١٥٩٦) وایدەبینێت هەر شوێنێک خاوەن کەشوهەوایەکی تایبەت بە خۆیەتی، لەسەر ئەو بنەمایەش کاتێ باس لە کاریگەریی جوگرافیا دەکات، ئەو سێ جۆر لە کەشوهەوا جیادەکاتەوە، کەسێ جۆر لە ئادەمیزاد دروست دەکەن، بەلای (بۆدین)ەوە پیاوی ناوچەکانی ژوورو تورە و توندوتیژ و گورج و گۆڵ و بە ئارام و کەم دوون، بەڵام مرۆڤی ناوچەکانی خواروو تۆڵەسێنەر و فێڵبازن، هەمیشە خەریکی زانستی شاراوە و سۆفیگەریی و ئاڵۆزییەکانی ئایینن، مرۆڤی کەشوهەوای مامناوەندیش زیاتر بیردەکاتەوە، لە پیاوی خوارو لۆژیکیتر و بەهێزترە، بەڵام لە مرۆڤی ژوور و لاوازترە(عیسا،٢٠٠٢، ١٧٦-١٧٧). بەبڕوای (مۆنتیسکۆ ١٦٨٩-١٧٥٥) بەهۆی کاریگەریی ئاوهەوای جیاوازەوە سیفاتی ڕۆحی و هەست و سۆزی مرۆڤەکان، دەگۆڕێت» (مۆنتیسکۆ،٣٣،٢٠٠٣)

(تۆماس باکل-١٨٢-١٨٦١) لێکۆڵیار و مێژوونووسی بەریتانی دەڵێت:» ئاووهەوا، خاک، خۆراک و دیمەنە سروشتییەکان لە مێژووی ژیانی هەرگەلێکدا کاریگەریی دادەنێن، ئەو دیمەنە سرووشتییانەی کە مرۆڤ تەماشایان دەکات لە بیر و جیهانی ئەندێشەیدا جێگە دەگرن، (باکل) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەوە دیمەنە جوان و ڕازاوە سروشتییەکان بوون هزری هندییەکانی بەرەو خورافات و پەرستنی ئەو دیمەنانە برد(شکوئی،١٠٨،٢٠١٢) (فێرنان برۆدێل١٩٠٢-١٩٨٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەر دیاردەیەکی جوگرافی کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان دادەنێت، بۆ نموونە چیا بەلای برۆدێلەوە کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە پێکدەهێنێت، چونکە سروشتی چیا ژیانی داخراو دەسەپێنێت و وادەکات دانیشتوانەکەی ناچاربن خۆیان پێداویستییەکانی خۆیان بەرهەم بهێنن(ئەحمد، ٢٠٠٩، ٦٣٢-٦٣٣).

بەشێوەیەکی گشتی شوێن ڕەنگدانەوەیەکی فرە ڕەهەندی لەسەر ژیانی تایبەتی مرۆڤ و چالاکییەکانی بواری (کشتوکاڵی، ئاژەڵداریی، بازرگانیی) هەیە. جگە لەوەش کاریگەریی لە سەر جۆری دەوڵەت و ڕێژەی خۆشگوزەرانیی و دەوڵەمەندیی دانیشتوان و داب و نەریت و کەلتوورو ....تاد، هەیە. لێرەوە بۆئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی شوێن لەسەر ڕەوش و ژیانی ژنی کورد دەربخەین دەبێت لە تایبەتمەندییەکانی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شوێنی کوردستان بدوێین.

تەوەری دووەم/ کورد و شوێن:

تۆپۆگرافیای کوردستان ناوچەیەکی سەخت و ئاڵۆزە، ئەم تۆپۆگرافیایە لە (چیای سەخت، گرد، بان، دۆڵ، دەشت،...تاد) پێکهاتووە، ئاووهەواکەشی سەخت و نالەبارە، زستانی سەخت و هاوینی گەرم و وشک، زستان و هاوینی تەمەن درێژ، بەهار و پایزی تەمەن کورت، ئەم بارە سروشتییە ئاڵۆزەی خاکی کوردستان بەشێوەیەک هەڵکەوتووە، کە بەسەربردنی ژیان تێیدا ئاسان نییە، تەنانەت ئەم شوێنە هێندە سەختی و نالەباری تێدایە، کە داهێنانەکانی زانستیش وەک پێویست لەم جوگرافیایەدا نەیانتوانیوە دەوری کۆنترۆڵکردنی سروشت ببینن، بۆیە ئەم ڕەوشە کاریگەریی لەسەر باری سایکۆلۆژیی و میزاجی مرۆڤی کورد داناوە، لە ئاستێکی قوڵیشدا کاری لە چۆنێتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیش کردووە(قەرەداخی،١٨،٢٠١١-١٩).

هاوکات بە بڕوای بەشێک لە کوردناسەکان سروشتی ژینگەی کوردستان کاریگەریی قوڵ و هەمەچەشنی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد داناوە، کوردناسی ڕووسی (ڤاسیلیەڤا) پێیوایە لە نێوان مرۆڤی کورد و سروشتی کوردستاندا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، نزیکی مرۆڤی کورد لە سروشت و پێدانی سیفەتی مرۆڤانە بە دیاردەکانی سروشت مرۆڤی کوردی والێکردووە، کە باوەڕی بە کردەوەی بەدەر ئاسا (سیحر و جادوگەری) هەبێت، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە بۆ ئەمانە بکەین (پەنابردنە بەر هەندێ سەرمۆنیا بۆ باران بارین لەلایەن دەروێشانەوە، سیحر و نوشتە) (ڤاسیلیڤا،٢٠٠٩، ٢٤٥).

(مینۆرسکی) باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە مرۆڤی کورد سروشتی کوردستانی زۆر خۆشدەوێت، زیندوێتی بیری کوردەکان لە خۆشەویستییاندا بۆ کوردستان دەرئەکەوێت، بەشێوەیەک لە خاکی کوردستاندا بەردێک، دۆڵێک، درەختێکی جیا جیا نییە کە ناوێکی نەبێت، ئیترهەر ناوێک بێت، یان نەبەسترابێت بە ئەفسانەیەکەوە (مینۆرسکی، ١٩٨٤، ١٤٨).

کوردناسی فەرەنسی (ژاک دمۆرگان- ١٨٥٧-١٩٢٤) کە لە ساڵی ١٨٨٩ گەشتی بۆ ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، باس لەوە دەکات تاکی کورد لە زۆر ڕووەوە لەژێر کاریگەریی سروشتی کوردستاندایە، بەتایبەتی سەختی وەرزی زستان و و بارینی بەفرێکی زۆر دەبێتە هۆی ڕاگرتنی چالاکییەکان و پەیوەندی گوندەکان دەپچڕێنێت، درێژەکێشانی وەرزی سەرما بۆ کورد شتێکی تاقەت پڕوکێنە، ئەوەش کارێکی وادەکات کە تاکێکی کورد بە تامەزرۆییەوە بۆ گۆڕینی ئاووهەوا بڕوانێ، حەز بە نوێبوونەوەی سروشت و ڕەنگاو ڕەنگ بوونی سروشت و دیمەنی نوێ دەکات. لە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی زستان کاتێک توانەوەی بەفرەکان بەرەو کۆتایی دەچێت و وەرزی بەهار دەستپێدەکات، سروشت ڕەنگ و ڕوویەکی تەواو نوێ نیشان دەدات، ئەم دیمەن و گۆڕانانە تاکی کوردی بەختەوەر دەکەن (دمۆرگان، ٢٠١٢، ٢٧)

(کریس کۆچێرا) لە بارەی سروشتی کوردستانەوە دەڵێت:» ناتوانین ئەوە ڕەتبکەینەوە ئەو جوگرافیایەی کە کورد تێیدا نیشتەجێیە ڕۆحیەتی ئەوانی پەروەردە و ڕەوتی مێژووی ئەوانی دیاریکردووە، چونکە ئەو چیا سەخت و و ئەو هەوا ئەستەمانە نەبوونایە کوردەکان زۆر لەمەوبەر بەهۆی خێڵە بەربەرەکان کە لە ڕەوتی سەدەکاندا، ئاسیای گچکەیان وێران کرد لەسەر گۆی زەوی دەسڕانەوە»(کۆچێرا،٢٠١٣، ٢٨).

سروشتی سەختی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە دژی ئەو هێزانەی کە نیازی داگیرکردنی کوردستانیان هەبووە، تا ئەو هێزانە بەئاسانی لە پرۆژەی داگیرکردنی کوردستاندا سەرنەکەون، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێت بۆ هەمیشەیی نەیان توانییوە حوکمڕانی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن، ئەوەش هۆکارێک بووە تا دەسەڵاتە نێوخۆییەکانی نێو کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ بمێننەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو سروشتە هۆکارێک بووە تا تاکی کورد هەست بە ئازادی و سەربەخۆی بکات و ژێردەستەیی ڕەتکاتەوە.

بەبڕوای (لازاریف) دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری زەمینەی زیاتری ڕەخساندووە تا سروشتی کوردستان جێدەستی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد زیاتر بنەخشێنێت، لەهەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکان پەرە نەسێنێت و لەڕووی پەیوەندییە کلتووریی و ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوپێشەوە نەچێت، ئەوەندەش زیاتر فاکتەری جوگرافی گرنگایەتی دەردەکەوێت، ڕادەی کاردانەوەی ئەم تیۆرە

له نموونەی کوردانده زۆربەجوانی دەردەکەوێت (لازاریف، ٢٠١٦، ١٧).

شایەنی باسە لەنێو شوێنەکانی کوردستاندا هەندێک لەو شوێنانە لەچاو شوێنێکی تردا کاریگەرییان زیاترە، یەکێک لەو شوێنانەی بەهۆی دیمەنە قەشنگ و ناوازە و ئاوهەوا فێنکەکەیەوە لە شوێنێکی واقیعییەوە بۆتە شوێنێکی خەیاڵی، بریتییە لە ناوچە کوێستانییەکان. مرۆڤی کورد حەز بە گەشتکردن بۆ ناوچە کوێستانییەکان دەکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە جێگایەکدا دەژین، کە لە وەرزی هاویندا پلەی گەرمای بەرزە. بۆ نموونە کوردناسی ئینگلیزی (مەیجەرسۆن) باس لەوە دەکات، ئەو گۆڕانەی لە ئاووهەوای هەڵەبجەدا روویدەدا بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە وەرزی هاویندا کاریگەریی لەسەر (عادیلەخان) دروست کردبوو، بۆ حەوانەوەی خۆی و دەربازبوون لە پلە بەرزەکانی گەرمای هاوین، هەڵەبجەی جێدەهێلا و روویدەکردە ناوچە کوێستانییەکان، شوێنی حەوانەوەی خۆی و دەست و پێوەندەکەی لە گوندێکی بچووکدا لە بەرزاییەکاندا رێک دەخستەوە (مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٢٦). ئەو شوێنەی کە عادیلەخانم بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای هاوینەوە سەردانی دەکرد بریتی بووە لە (تەوێڵە). لە راستیدا گۆڕانی کەشو هەوای کوردستان تەنها گۆڕانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم ژنە کوردەدا دروست نەکردووە، بەڵکو روکردنە هەواری ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان دەستووریی بەشێکی تری ژنانی کوردستان بووە و بەتایبەتی کۆچەرییەکان.

(مارتن ڤان برۆنسن) بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە، کە دەڵێت کوردەکان تەنها لەبەر بوونی لەوەڕگا سەردانی ناوچە کوێستانییەکان دەکەن، بەڵکو بوونی ئاووهەوا فێنک و سەرنجراکێش و کەمەندکێشەکەی مرۆڤی کورد پەلکێشی ئەو هاوینە هەوارانە دەکات، فێنکی و پاکی ئاووهەوای ئەو ناوچانە تەنانەت خەڵکانێکیش کە مەڕ و بزن و ئاژەڵیان نیە بۆ چێژوەرگرتن هاوینان دەچنە ئەو هەوارانە، ئەمەش زیاتر لەنێو دانیشتوانی ئەو گوندانەدا باوە کە کەوتونەتە نێو دۆڵەکان یان ناوچە شاخاوییەکان، ژیانی نیمچە کۆچەری لەنێو گوندی ناوچە دەشتاییەکاندا باو نییە(برونەسن، ٢٠١١،٤٥-٤٦).

لەنێو کورددا زۆربەی گوندییەکان هەواریان هەبووە، هەندێك جار ئەو هەوارە شوێنێکی دیاریکراو بووە و زۆر لە گوندەکەی خۆیانەوە دوور نەبووە، بەڵام زۆرجاریش وارێکەوتووە کە روویان لە کوێستانەکان کردووە و ماوەیەکی زۆر لە گوندەکەیان دوورکەوتوونەتەوە، واتە رووبەری ناوچە کوێستانییەکە کە بۆی رۆیشتوون زۆر بووە و جاری واش هەبووە سنووری بەزاندنی تێکەوتووە، کە لە بەهاراندا بۆی رۆیشتوون و لە سەرەتای پایزدا گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانی خۆیان.

بە بۆچوونی هەوانێری ئەمەریکایی (جاناتان رەندڵ) ناوچە چیاییەکانی کوردستان بەرێژەیەکی زیاتر کاریگەرییان لەسەر مرۆڤی کورد دروست کردووە، لەبەرئەوەی کوردەکان بروایان وایە چیاکان تەنها شوێنێکن، کە دەتوانرێت لەکاتی هێرشی داگیرکەراندا خۆتی تێدا بپارێزیت، هەروەها لەمپەر و بەربەستێکی بەهێزیشن لەبەردەم داگیرکەردا کە ناتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی بکات، ئەوەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی داگیرکەران، هەرئەوەش وای لە کوردەکان کردووە کە وەک رەمزێک لە چیاکان بڕوانن، تەنانەت پێیان وایە تەنیا چیا دۆستییانە (رەندڵ، ٢٠٠٣، ٦).

کوردناسی فەرەنسییش (تۆمابوا١٩٠٠-١٩٧٥) پێیوایە دیمەنە دەگمەن و رەنگین و قەشەنگەکانی کوردستان لە زۆر رووەوە کاری لەسەر مرۆڤی کورد کردووە، بەتایبەتی لە بواری گۆرانی و فۆلکلۆری کوردیدا ئەم کاریگەرییە دەردەکەوێت (تۆمابوا،١٧،١٩٨٠). جگە لەوەش رەنگاو رەنگی دیمەنەکانی ئەو سروشتە کاریگەریی لەسەر جۆری جل و بەرگ و رەنگاورەنگی و پارچە جیاوازەکانی جل وبەرگی ژنانی کورد داناوە، بینینی ئەو دیمەن و وێنە رەنگاو رەنگانە رەنگدانەوەی لەسەر ئەندێشەو بیری ژنی کورد بەجێهێشتووە.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تەوەری سێیەم/ ژن و شوێن:

کوردناسەکان پێیانوایە سروشت و ژینگەی کوردستان لە ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆرەوە کاریگەریی لەسەر مرۆڤی کورد داناوە، دەکرێت لە ڕوانگەی ئەوانەوە جۆری کاریگەرییە سروشتییەکان لەسەر ژنی کورد بەم شێوەیە بخەینە بەرباس.

١- ژن و ناو:

ناو ئامرازێکی سەرەکی ناسینەوەی مرۆڤە، مرۆڤ لەهەر شوێن و ناوەند و خێزانێکدا بێت ناوێکی لێدەنرێت، ئەو ناوە دەبێتە شوناسێک بۆ ئەو کەسە، سێ هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ناودا لەنێو کورددا کاریگەرییان داناوە، ئەو سێ هۆکارەش بریتین لە (سروشت- ئاین، نەتەوە)، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە دەرخستنی کاریگەریی سروشتە لەسەر هەڵبژاردنی ئەو ناوانەی لە ژنی کورد نراون، بەشێکی ناوی کورد لە ناوی سروشتی کوردستانەوە وەرگیراون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەشدا ڕەچاوکردنی سروشتی هەریەکە لەو دوو ڕەگەزە و جیاکاریی ڕەگەزیی لەسەر هەڵبژاردنی (ناو)یش ڕەنگی داوەتەوە، دەبینی ئەو ناوانەی کە نموونەی بلیمەتیی و سەرکەشیی و بڵندی و بوێریین وەک (قەندیل، کۆسرەت، سورێن، بەمۆ، زاگرۆس...تاد) بوونەتە بەشێک لەناو بۆ ڕەگەزی نێر، بەپێچەوانەوە ئەو ناوە کوردەوارییانەی کە لە دیمەنە سروشتییەکانی کوردستانەوە بۆ ژن هەڵبژێردراون، زیاتر نەرم و نیان و ناسکترن (پرشنگ، ڕەعنا، گوڵاڵە، هەڵاڵە، کوێستان، بەفرین، بەفراو، هێشوو، بەهار، کاڵێ، گەلاوێژ، چیمەن، ڕووبار، مەهاباد..تاد)، بەوردبوونەوە لەسەر هەریەک لەم ناوانە تێدەگەین کە سروشتی کوردستان بە داروددرەخت و میوەکانی و گوڵ و وەرز و مانگەکانی ساڵ و گۆڕانی کەشوهەوا و ئەو دیمەنانەی کە لەو گۆڕانکارییانەوە پەیدادەبن، هەرچەندە گۆڕانێکی سروشتین، بەڵام لە جەستەی هەریەکە لەواندا ڕوودەدات، بۆیە مرۆڤی کورد کەوتۆتە ژێر هەژموون وکاریگەریی ئەو سروشتەوە و نەیتوانیوە خۆی لێ دوورەپەرێز بگرێت(فاید،٥٠،٢٠١٠). لە بواری هەڵبژاردنی ناودا کاریگەریی لە نێوان ژن و شوێندا دوو لایەنەیە، وەک چۆن شوێن بۆتە سەرچاوەیەک بۆ ناوی ژنانی کورد، بەهەمان شێوە ناوی ژنیش بۆتە ناوی شوێنێکی کوردستان و ئەو شوێنەی پێناسراوەتەوە، ئەمەش شتێکی دوولایەنەیە وەک چۆن دیمەنی سروشت و شوێنە واقیعییەکان ناوی ژنی بۆ داتاشراوە، بەهەمان شێوە ناوی شوێن و ڕەگەزەکانی سروشتی کوردستانیش بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ ناوانی ژنان، (مینۆرسکی١٨٧٧-١٩٦٦) لەمبارەوە نووسیویەتی» لە ناوچەی موکریان لوتکەیەک لە لوتکەکانی قەندیل بەناوی (خان بوداغ کەیغان)ەوە کراوە کە ژنی (فەقێ ئەحمدی دارەشمانە)بوو(مینۆرسکی، ٢٠١٨، ٧٦).

(مینۆرسکی) نموونەیەکی ترمان بۆ دەهێنێتەوە کە چۆن جوانی و قەشەنگی دیمەنی ژن لەکاتی بوکێنیدا بۆتە ناوی یەکێک لە شارەکانی کوردستان، ئەویش بریتییە لە ناوی شاری (بۆکان)، ئەم کوردناسە دەڵێت:» هەرچەندە لەسەر ئەم ناوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام من پێموایە ئەم ناوە لەناوی بووکەوە هاتبێت، شۆخ و شەنگی بووک لەگەڵ شوێنی جوانی سروشتی شارەکە لێک نزیکن، ژنیش لەکاتی ڕازاندنەوەی ڕۆژی بوکێنیدا لای پیاوی کورد دیمەن و وێنەیەکی قەشەنگی هەیە، بۆیە لە وشەی (بوکان)ەوە هاتووە، واتە کۆی بوک (مینۆرسکی، ٢٠١٨، ٣٥)

بەبۆچوونی (ریچ ١٧٨٧-١٨٢١) ژیانی کورد تێکەڵ بەسروشت و کەشوهەوای ئەو شوێنانە بووە کە لە دەروپشتیدا گۆڕان بەسەریاندا دێ، مرۆڤی کورد ناوی ژنی لەو گۆڕانانەش ناوە، بۆ نموونە لە کۆتایی شەوەکانی مانگی (ئاب)دا، کاتێک لەو شەوانەدا هەوا فێنکتر دەبێت، شەو لەدوای شەو کزەی هەوا کەمێک فێنکتر دەبێت، کوردەکان بەم دیاردەیە دەڵێن (گەلاوێژ کەوت)، واتا ئیتر هێدی هێدی تینی گەرمی بەتایبەتی لەشەودا ڕوو لە کزی دەکات، (ریچ،٢٠١٢، ١٩٤). پەیوەندی ژن و شوێن لە بواری هەڵبژاردنی ناودا پەیوەندییەکی تاکلایەنە نییە، بەڵکو وەک چۆن شۆخی و دڵگیربوونی سیما و ڕوخساری ژن بۆتە سەرچاوەیەک بۆ هەڵبژاردنی ناوی شوێن، لەهەمانکاتیشدا دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دیاردکردنی ناوی ژنانی کورد.

٢.شوێن و جەستە:

دیارە شوێنی نیشتەجێ بوون کاریگەریی لەسەر رەنگی پێست و جوانی رووخسار و جۆر و شێوەی جەستەش دادەنێت، مرۆڤ لە هەر ئاووهەوایەکدا بژیی بونیاد و پەیکەر و شێوەی لەژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەوا و ژینگەدایە کە تێیدا نەشونما دەکات و پێدەگات. بە بڕوای (ریچ) نالەباریی کەشوهەواوی کوردستان نەبۆتە هۆی ئەوەی لەڕووی جەستەییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر مرۆڤی کورد دابنێت، سەرباری نالەباریی کەشوهەواکەشیان بەشێوەیەکی گشتی ژنانی کورد لەش ساغ و بەهێزن(ریچ، ٢٠١٢،٣٢٢). بەبڕوای لێکۆڵەری فەرەنسی (د.جویس بلو) ئەو جوگرافیا فراوانەی کە کوردەکانی تێیدا دەژین، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی جەستییەوە ژنانی کورد جیاوازبن(بلۆ، ٢٠٠٤، ١٧)، بەڵام (ریچ) بۆچونێکی جیاوازتری هەیە و دەڵێت:» ژنانی کۆچەریی بە بەراورد بە ژنانی گوند و شار خاوەن جەستەیەکی بەهێزترن، ئەوەش بەهۆی کۆچی بەردەوامی ئەوانەوەیە، کە بەردەوام لە جوڵە و بزاوتنان، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خاوەنی جەستەیەکی تۆکمەبن، پڕن لە جوانی و شیرینی» (ریچ، ٢٠١٢، ١٩٢).

جەستەی ژنانی کۆچەریی لەڕووی شکڵ وبونیادەوە لە جەستەی ژنانی نیشتەجێ بەهێزترو پتەوتر بووە، بەهۆی ئەوەی ئەوان بەردەوام لە هاتوچۆو گەشتکردندا بوون، بەڵام لەرووی ناسکی و جوانی روخسارەوە وەک ژنانی نیشتەجێ نەبوون، لەبەرئەوەی ئەوان لە ئاوهەواوی جیاوازدا دەژیان ئەوەش هۆکارێک بووە تا گۆڕان بەسەر جوانی روخساریاندا بێت، جگە لەوەش گەشتە بەردەوامەکان ماندو و هیلاکی دەکردن.

شایانی باسە جگە لەو کاریگەرییانەی کە سروشت لەسەر جەستەی ژنی کوردی داناوە، لێکچواندن لە نێوان جوانییەکانی جەستەی ژن بە جوانی دیمەنەکانی سروشتی کوردستان کراوە، وێنەی جوانی ژن و سروشت پێکەوە گرێدراون، (تۆمابوا) ئاماژە بەوە دەکات، دیمەنی جوانی ژن دراوەتە پاڵ دیمەنی جوانی سروشت و شوێنەکانی کوردستان. وەک ئەم گۆرانییەی گۆرانیبێژ نیگا و دیمەنی ناوازەی خۆشەویستەکەی دەچوێنێت بە هەندێک لە دیمەنە سروشتیەکانی کوردستان.

ئامۆزا چاوەکانت تیشک و ئاگرن

لەسەر چاوەکانی ئەخماخان ئەچن

ئەڵێی ئاسکیت، لە نێوان گوڵەکانی ئەخماخاندا

تۆ ئەو گوڵە شاخاویە جوانەیت کە خاوەنی گوڵاوی بێ پایانی

لەژێر تیشکی قژە ئاڵتوونییەکەتدا خۆت شاردۆتەوە

پەلکەکانی قژت ئەچێت بەم لاولادا، هەروەکو شنە فێنکەکەی ئەخماخان (تۆمابوا،١٩٨٠، ١٧).

ئەم هۆنراوەیە نیشانمان دەدات، جوانی سیما و رواڵەت و جەستەی ژنێک بە جوانی دیمەنە ناوەزەکانی سروشتی کوردستان چوێنراوە، وێنەی جوانی ئەو ژنە دراوەتە پاڵ سەرچاوە ئاوییەکانی ئەخماخان. لێرەدا جوانیی و ڕازاوەیی کە تایبەتمەندی ژن و سروشتن لێکدراون و بەیەکدی چوێنراون، جگە لەمەش (مسیۆ چریکۆڤ) لە ماوەی ١٨٤٨- ١٨٥٢ سەرۆکایەتی وەفدی رووسی بوو بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و لەو ماوەیەدا سەردانی زۆرێک لە ناوچە کوردییەکانی کردووە، بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێک چۆتە نێو شاری سنە، کوردەکانی ئەو شارە جوانیی و ڕازاوەیی ئەو شارەیان بە جوانی سنگ و مەمکی ژن دەچوواند(چریکۆڤ، ٢٠١٣، ١٧٠). ئەم زانیارییەی کە (چریکۆڤ) تۆماریکردووە، دەرخەری بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان جوانیی ژن و سروشتی جوانی شاری سنەدا، هەردوولایان بەهۆی سیما و سیفەتی جوانییەوە لێکچواندنیان لە نێواندا کراوە.

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣. ژن و زمان:

شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەریی لەسەر زمانی قسەکردن و ئەو ووشانەش دادەنێت کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ژنانی لادێ بەکاری دەهێنن، پەتی تر و کوردەواریی و ڕەسەن ترن. وەک ئەو قسەیەی کە دەگوترێت، پاراوترینی زمانی هەر نەتەوەیەک ئەو زمانەیە کە کۆمەڵانی ئاسایی خەڵکی قسەی پێدەکەن، بەتایبەت ژنە بەساڵاچووەکان (بروینسێن،٢٠١٢، ١٢٢). خاتوون (جانیت کلاین) کە پرۆفیسۆری بەشی مێژووی زانکۆی «ئاکرۆنە» لە ئەمەریکا نووسیوویەتی:» نووسەرە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست ژنانی مەڵبەندی لادێکانیان وەک یەکێک لە سەرچاوە پڕ بایەخ و سروشتییەکانی نەتەوە سەیر دەکرد، بڕوایان وابوو دەکرێت وەک سەرچاوەی (کوردییەکی پاراو) سەیری ژنان و کۆمەڵانی خەڵکی لادێ بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە ژنانی گوند پەیوەندییەکی کەمیان لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد هەبوو، ناسیۆنالیستەکان وابیریان دەکردەوە، کە ئەو زمانەی ژنی لادێ پێی دەدوێ ڕەسەن و پاراوە و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی خراپی زمانەکانی دیکە، لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی کە چاکسازییان لە زماندا دەکرد لە پرۆژەی ستاندارکردنی زمانی کوردیدا وەک گەنجینەیەکی نەتەوەیی سەیری ژنیان دەکرد، بەتایبەتی ژنە بەساڵاچووەکان، چونکە بە بڕوای ئەوان ژنانی گوندەکان بەپێچەوانەی ژنانی شارەوە بەهۆی ئەوەی لە شوێنێکی دوورە دەست و داخراودان نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کلتووری بێگانە»(بروینسێن،١٢٢،٢٠١٢). زمانی هەر گرووپ و کۆمەڵێکی دیاریکراو ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا دەژی، ئەمە نەك بۆ کورد بۆ هەموو گەلانی دنیا دروستە، لەڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە و زۆربەی دێهاتەکانیشی لەبەر زۆر هۆکار لە شوێنی چەپەك و لارێ و ناو چیاکاندابوون، کۆچەریی و گوندییەکانیش کەمتر تیکەڵی شارەکان بوون، بۆیە زمانەکەیان بە پاکی ماوویەوە. ژینگەی گوند بەهۆی ئەوەی ژینگەیەکی داخراوترە و کراوەتر نییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو زمانەی پێی دەدوێن زیاتر میللی تر و کوردەوارایانەتر بێت. کەواتە شوێنی نیشەجێبوون ڕەنگدانەوەیەکی سەرەکی لەسەر زمان و شێوەی دەربڕین و ئاست و ڕێژەی دەنگ و دەربڕین و بەکارهێنانی وشەکان هەیە، سەختی ژینگەی کوردستان بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین زاراوەی جیاواز.

٤.ژن و کار

شوێن و سروشتی کوردستان لە بواری جۆری کارکردن و کاتی کارکردنی ژنی کورددا کاریگەریی داناوە، هەربۆیە ناکرێ لە خوێندنەوەی مێژووی ژیانی ژنی کورددا ئەم کاریگەرییە فەرامۆش بکرێ، کوردناسەکان لە ڕێژەی ئەم کاریگەرییە بێئاگانەبوون، ئەوان لەوە تێگەیشتبوون کە پەرتەوازەیی جوگرافیا و بەرزونزمی رووی زەوی کوردستان لە زۆر رووەوە شێوەی کار و چالاکییەکانی ژنی کوردیان دیاری کردووە(بەیگی، ٢٠١٤، ١٩٢-١٩٣). شایانی باسە (ژاک دمۆرگان) پێیوایە کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ئاڵوگۆڕی وەرزەکان کاری لەسەر کاتی ئەو کارانە داناوە، کە ژنانی کورد ئەنجامیان داوە، ئەم کوردناسە نموونە بە ژنانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی سنە و دەوروبەری دەهێنێتەوە کە لە وەرزی پایز و زستاندا کاری ڕستن و چنینیان کردووە، لەبەرئەوەی لەو دوو وەرزەدا بەهۆی سەرما و سۆڵە و بارینی بەفرێکی زۆرەوە ژنەکان نەیان دەتوانی زۆرتر بچنە دەرەوەی ماڵ و کارەکانی دەرەوە بکەن، بۆیە لەو کاتە سەختەدا زیاتر لەنێو ماڵەکانیاندا دەمانەوە و ڕاخەر و قوماشیان دەچنی (دمۆرگان، ٧٨،٢٠١٢). لەلایەکی ترەوە شوێن کاریگەریی لەسەر جۆری ئەو کارانەش داناوە کە ژنی کورد ئەنجامی داون، بۆ نموونە (مەیجەرسۆن) بۆمان باس دەکات کە ژنانی کۆچەریی وەک پیاوەکانیان خەریکی کشتوکاڵ نەبوون، چونکە بەلای کۆچەریی تەواوەوە سەرقاڵبوون بە کشتوکاڵەوە کارێکی نەشیاوە، هەربۆیە بەردەوام جگە لە ئەرکە خێزانییەکان کاتەکانی تریان بە ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاژەڵدارییەوە بەسەردەبرد، بەڵام ژنانی لادێ لە پاڵ کارەکانی ماڵەوەدا کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریشیان کردووە، یارمەتی پیاوەکانیان داوە، ژنانی مەڵبەندی شار بە بەراورد بە ژنانی لادێ و ژنانی هۆزە کۆچەرەکان کەمتر بە کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، هەندێ پیشەی تریان کردووە « (مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٧٧).

لێرەوە دەتوانین بڵێین شوێن مرۆڤ بەرەو کارگەلێکی دیاریکراو ئاڕاستە دەکات، یان ناچاری دەکات کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات. ئاوهەوای

خاکی کوردستان زەمینەیەکی ڕەخساندبوو تا دانیشتوانی کورد خەریکی چالاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بن، هەریەک لەم دوو جۆرە چالاکییەش بەتەنها بە پیاو بەڕێنەدەکران، ژنانیش بەشێک لەو کارە گرانانەیان ئەنجام دەدا. ئەو کارو چالاکییە هەمەجۆرانەی کە ژنی کورد لەناوماڵ و دەرەوەی ماڵدا ئەنجامی داوە هۆکارێک بوو تا پێگەی ژن لە کۆمەڵی کوردەوارییدا بەرزبکاتەوە.

٥. ژن و کوشتار:

تایبەتمەندی جوگرافی کوردستان لە مێژەوە تا ئێستا گرنگییەکی سیاسی لە ناوچەکەدا پەیداکردووە، بەدرێژایی سەدان ساڵ یەکێک لە ناوچە قەیراناوییەکانی جیهانی پێکهێناوە، بەجۆرێک بۆتە سەرچاوەی تێکهەڵچوونە بێکۆتاییە سیاسیی و دیپلۆماسیی و سەربازییەکان، ئەم شوێنە بۆتە گۆڕەپانێک بۆ تێکهەڵچوونی بەرژەوەندییە ناتەبا و فرە قەیراناوییەکانی گەلێک لە گەلان و وڵاتان. سەرەکیترین لایەنەکانی ململانێ بۆ پاوانکردنی خاکی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بریتی بوون لە ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی و قاجاری) لە ماوەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا (واباشترە بڵێی جەنگی یەکەمی جیهانیدا یان یەکەمین جەنگی جیهانیدا) دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا)ش هاتنە گۆڕەپانەکەوە و دەستیان خستە نێو کوردستانەوە و هەریەکەیان بەشێکی کوردستانی داگیر کرد (لازاریف، ٢٠١٦، ١٨-١٩).

(لازاریف) باس لەوە دەکات هەریەک لەو دەوڵەتانە لە پەلهاویشتن و دەستوەردان و داگیرکاریی بۆ سەر خاکی کوردستان درێغیان نەکردووە، لە ئەنجامی سیاسەتی چاوچنۆکی ئەوانیشدا کوردستان بۆتە لانکە و گۆڕەپانی شڵەژانە توندوتیژ و بەردەوامەکان، ئەوەش ژینگەیەکی نائارام و ڕەوشێکی ئاڵۆزی بۆ ژنی کورد دروست کردووە، لە نموونەی هەرە بەربڵاوی ئەو زەبروزەنگانەی کە ژنی کورد لەژێر کاریگەریی کاردانەوەی ئەو داگیرکارییانەدا گیرۆدەی بوون، بریتین لە (ڕاگواستنی زۆرەملێ، ئەتکردن، کوشتن) (لازاریف، ٢٠١٦، ٤٦-٦٣). (دەیڤید ئەندروس) بڕوای وایە هێزە داگیرکەرەکانی (تورکیا، ئێران، عێراق) هەر شوێنێکی کوردستانیان داگیرکردبێت ژنی ئەو شوێنە دووچاری مەینەتی و کوشتن و برین بۆتەوە، جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی لە دوای پرۆسەی داگیرکارییەکە ئەو مەڵبەندەی کە هێزە داگیرکەرەکە دەستی بەسەردا گرتبوو، فەرامۆش کرابوو، بەوەش ژنانی ئەو شوێنە دووچاری هەژاریی بوونەتەوە (ئەندروس، ٢٠٠٩، ٤٤-٤٥).

(لازاریف) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە سیاسەتی هەریەک لەو دەوڵەتانە لە ئاست دانیشتوانی خۆجێی نێوچە کوردیەکانیشدا بریتییە بووە لە شێوازە جۆر بەجۆرەکانی سەرکوتکاریی و کۆمەڵکوژیی و گوشاری سیاسیی و بێبەریکردنی لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان(لازاریف، ٢٠١٦، ١٩).

لەمێژووی کورد چەندین جار ژنانی کورد بوونەتە قوربانی دەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بۆ نموونە (شا ئیسماعیلی سەفەوی) لە سەرەتای سەدەی شانزەدا هێرش دەکاتە سەر میر (شەرەف) ی پاشای جەزیرە و میری بەزاندو تەواوی وڵاتەکەی تالانکرد، ژمارەیەکی زۆری لە ژن منداڵ و پیر و پەککەوتەیشی کوشت و خەڵکێکی زۆریشی سەربڕی، ژمارەیەک ژنی کوردی یەخسیر کرد، میر شەرەفی ناچار کرد کە گەڵیدا ڕێک بکەوێت و کچێکی بنەماڵەکەی خۆشی دایە. ئەو ڕێککەوتنە درێژەی نەکێشا و پاش ساڵێک شا (ئیسماعیل)سوپایەکی تری ناردە سەر شارەکە و شاریان تاڵان کرد و خەڵکیان ئەنجن ئەنجن کرد، سەرەتا دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانی پیاوان، پاشان ٢٠ ژن وکچیان ئەتکرد، پاشان ڕەشە کوژیەکە دەستی پێ کرد، سوپای تازە هاتوو دەست درێژی سێکسیان لە دژی ژنانی کورد ئەنجامدا(برونەسن،٢٠١١، ل ٢٢٥-٢٢٦).

هەروەها لەسەردەمی شاعباسی یەکەم لە ماوەی ساڵانی ١٦١٠-١٦١٢ کاتێک سوپای ئێرانی هەڵمەتی هێنایە سەر کوردانی ناوچەکانی موکریان و برادۆست و قەسابخانەی خوێناوی قەڵای (دمدم)ی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا بەشێک لە ژنانی عەشیرەتی موکریانی بوونە قوربانی و بەشێکیشیان بەدیل گیران(لازاریف،٢٠١٠،ل ١٥١).

لەسەدەی نۆزدەهەم بەدواوە ڕێژەی قوربانیەکان و کۆمەڵکوژی و ئازاردانی ژنانی کورد ڕوو لەهەڵکشان دەکات. لەبەرئەوەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگ و ململانێکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی، ئێرانی، ڕووسی، ئەمە کوردەکانی ناچارکردبوو کە ببنە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لایەنی سێیەمی ئەو شەڕە یەک لەدوای یەکانە، لە ئەنجامی ئەو جەنگانەشدا بەشێکی زۆری پیاوی کورد بەهۆی بەشداربوونیان لەو شەڕانەدا کۆتایی بە ژیانییان هات، ئەوەش ئازارێکی دەروونی بۆ ژنەکانیان جێ دەهێشت و خەمی جودای و لێکدابڕانی پیاو و کوڕەکانیان بەرۆکی زۆر ژنی کوردی گرت، چەندان کچی بێ باوک و چەندانی ژنییشی بێوەژن و بێ سەرپەرشت خست(گارنێت، ١٩٩١، ل٩).

لەماوەی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشێک لە ژنانی کورد لەسەر دەستی رووسەکان دووچاری ئازاردان بوونەوە، (میرزا ئەحمەدی رەئیس) کاتێک باسی رووداوەکانی ئەو رۆژگارە دەکات دەڵێت:» بەدەستەکانی خۆم لە سابڵاخ کەلاکی شەش هەزار ژن و پیاو منالی کوردم شاردەوە، ئەمە جگە لە لاشە و کەلاکی ئەو کەسانەی کە لەژێر بەفردا بوون یان نەدۆزرانەوە یان سەگ و گوورگ و ئاژەلی درندە خواردبوونی (ئۆسکارمان، ٢٠١١، ل١٢). لەسەدەی بیستەمیشدا چەندنین نموونەی ترمان هەیە، بۆ نموونە توندوتیژی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد لەساڵی ١٩٣٧دا گەشتە درندانەترین شێوەی توندوتیژی، کونسوڵی بەریتانیا لە ترابزۆن باسی زەبروزەنگی درندانەی تورکەکان دەکات، کە بەرامبەر ژن و منالی کورد ئەنجامیان دا، تورکەکان تەنها بە کوشتن و دەستگیرکردنی کوردەکانەوە نەوەستان، بەڵکو دەستیان بەسەر سەرچاوە ئابوریەکانیاندا گرت، سەروەت و سامانی کوردەکانیان بۆ خۆیان زەوت کرد و بەهەزاران ژن و منال کوژران، بەشێکیشیان خرانە نێو چەمی فوراتەوە(براونێسن، ٢٠١٢، ل١٦).

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەرکاتێک کوردستان لەلایەنی دەوڵەتانی ترەوە داگیرکرابێت ژنانی نیشتەجێی ئەو شوێنە کوردییە دووچاری کوشتن وبرسێتی و دەستدرێژی سێکسی و ئاوارەیی و قڕکردن و ...تاد بوونەتەوە..

٦. ژن و هونەر:

هونەر دەربڕینی دۆخێکی رۆحیی و هەستەکییە، پەیوەندییەکی دوور و درێژ لە نێوان مرۆڤ و هونەردا هەیە، مرۆڤ ئەو هەست و وزە و توانایەی کە لە ناخیدایە لەرێگەی یەکێك لە جۆرەکانی هونەرەوە دەردەبڕێت، بەشێک لە هونەرەکان پەیوەستن بەهێزی دیتنەوە، وەک وێنەکێشان، بیناکاری، سەما و هەڵپەرکێ، هەڵکۆڵین، سینەما، شانۆ، بەشەکەی تریان پەیوەستن بە بیستنەوە و لە خۆگری شیعر و مۆسیقا و ئەدەبیاتن (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٠، ٤٢)

شوێن رۆڵێکی سەرەکی لە جیاکردنەوە و دروستبوونی جۆرە جیاوازەکانی هونەر هەیە، هەر میللەتێک خاوەنی جۆری هەڵپەرکێ و گۆرانی و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیەتی، لە کوردستانیشدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هونەری شایی و هەڵپەرکێ گۆڕانی بەسەردا دێت، تا بە قوڵایی نێوچە کوردییەکاندا بچین و لە ناوچە سنوورییەکان دوورتر بکەوینەوە، گۆرانی و جلوبەرگ و رێورەسمی شایی و ژنهێنان و پەتیتر و رەسەنترن، بە پێچەوانەوە ئەم نەریتانە لە ناوچە سنورییەکاندا بەهۆی کاریگەریی و بەریەککەوتنی کلتووریی و دەسەڵاتی سیاسی و گۆران لەم نەریتانەدا هەیە، لە لادێکاندا نەریتە رەسەنەکانی کوردەواری زیاتر باڵادەستن، لە شارەکاندا کەمتر پێوەی پابەندن، نەریتی شایی و ژنهێنان لەنێو شار و لادێکاندا جیاوازە (سندی، ١٠٥،٢٠٠٨). (ئیدمۆندس) باس لەوە دەکات کە هونەری هەڵپەرکێ لە نێوچەکانی کوردستاندا چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، ئەو هەڵپەرینانەی کە لەکات و شوێنی جیاوازی کوردستاندا بینیونی بریتی بوون لە (سێ پێیی، میلانە) کە بەشدارانی شان لەشانی یەکتر دەخەن، (شێخانی) کە هەڵپەرینێکی توند و هێندێک بە جوڵە و جارجارە بەجوڵەی توند تەواو دەبێت، (ئایشۆک) کە لەودا بەشدارانی ئالقەیەکی تەواو پێکدەهێنن بەهەوا و هۆنراوەی عاشقانە لە وەسفی (ئاشێ بچکۆل) هەڵدەپەرن. ئەم کوردناسە دەربارەی ژنی کورد لەم هەڵپەرکێیانەدا دەڵێت:» لە گوندەکانی کوردستاندا ژنان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە شایی و هەڵپەرکێدا هەیە، ژنان و پیاوان وەک یەک خێزان بەشداری بۆنەکانی یەکتری دەکەن، هەرکاتێکیش ژنان تێکەڵ بە هەڵپەرکێ دەبوون، بوونەتە هۆی جۆشدان بە هەڵپەرکێکە، تەنانەت ناوی هەڵپەرکێکەش گۆڕاوە بۆ (ڕەشبەڵەک) کە واتای ڕەش و سپی یان ڕەنگاوڕەنگ دێت (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١١٩). گۆرانی کەشوهەوا و وەرزەکان کاریگەریی لەسەر کاتی ڕێوڕەسم و بۆنە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکانیش داناوە، بەتایبەتی لەسەر ژن و ژنخوازی، (جیرارلد دۆهەر) باس لە خێڵەکانی وەڵەدبەگی و شەرەفبەیانی کورد دەکات، کە خەڵکی هەردوو ئێلەکە لە دوو مانگی وەرزی

هاویندا ژن و ژنخوازی دەکەن، بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی و بانگهێشتی خزم و کەسوکار و ئێلەکە بۆ ناوچە کوێستانییەکان دەکەن (دۆهەر، ٢٠١٩، ٣٢٨). لەلایەکی تریشەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنهێنان پەیوەندی بە بەسەری واریداتەوە هەبووە، واتە ئەوکاتەی کە دەغڵ و دان دروێنە کراوە یاخود بەروبوومی مەڕو ماڵات پێگەیشتووە، کە کاتەکەی دەکەوێتە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزەوە(زیاتریش هاوینەوە)، ئەگەر داهاتی دەغڵ و دان و مەڕوماڵاتەکە زۆر بوو بێت ئەوکاتە هاوسەرگیری ئەنجام دراوە. خۆ ئەگەر ساڵەکەی نەهات بووبێت (جا لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت) ئەوە ژنهێنانی کوڕەکەش دواکەوتووە بۆ ساڵی داهاتوو یاخود کاتێکی تر. بۆیە ئاهەنگەکانیش بەشێکی زۆریان کەوتوونەتە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای هاوینەوە.

٧. ژن و خشڵ:

یەکێک لەو بابەتانەی کە (تۆمابوا) باسی لێوە دەکات کاریگەریی شوێنی نیشتەجێبوونی ژنە لەسەر ڕێژە و بڕی ئەو خشڵ و زێڕەی کە لەکاتی مارەییدا بۆ ژن دەکرێت، بە بڕوای (تۆمابوا) ڕێژەی ئەو خشڵ و زێڕەی کە لەکاتی شوکردنی کچدا بۆی دیاری دەکرا، گۆڕانی بەسەردا دەهات، کەم و زۆری بڕی ئەو مارەییە بەگوێرەی ناوچەکان و باری ئابووری کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دەهات، ژن لە مەڵبەندی لادێدا ڕێژەیەکی کەم خشڵ و زێڕیان بۆ دەکرێت، بە بەراورد بە ژنان لە مەڵبەندی شارە بچوکە تازە گەشەکردووەکاندا (تۆمابوا،١٠٩، ١٩٨٠-١١١).

جگە لەم کاریگەرییانەی کە لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە، کوردناسەکان پێیانوایە لەنێو شوێنەکانی کوردستاندا (شوێنە پیرۆزەکان-و کانی وسەرچاوە ئاوییەکان) پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەرییەکی سەر سەسوڕهێنەریان لەسەر ژنی کورد هەیە. ئەوان سەرنجی ئەم بوارەشیان داوە و ڕەنگدانەوەی ئەم دوو شوێنەشیان لەسەر ژنی کورد شرۆڤەکردووە.

شوێنە پیرۆزەکان: شوێنێکی کراوە وگشتین، بریتین لە گۆڕستان و نزرگەی شێخ و سەید و پیاوچاکێکی لەبیرکراو یان تەواو خەیاڵی، لە زۆر جێگەی کوردستاندا بەرچاوەدەکەون، خۆشەویستییان لە دڵ و دەروونی تاکی کوردا داکوتاوە، ژنانی کورد بۆ بەدیهێنانی ڕاز و نیازەکانیان سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن، (فرەیزەر) کە لە ساڵی١٨٣٤دا گەشتی بۆ کوردستان کردووە، دەربارەی کاریگەریی شوێنە پیرۆزەکان لەسەر ژنی کورد، دەڵێت: « ئەو ژنانەی کە نەخۆشن بە مەبەستی چاکبوونەوە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، هەندێ قوماشی ڕەنگاوڕەنگ بە دارەکانی دەوروپشتی گۆڕەکەوە دەبەستن و لە خۆیانی دەپێچن» (فرەیزەر، ٢٠٢٠، ١١٤).

بە بڕوای کوردناسی ڕووسی (ڕۆدینکۆ)خۆشەویستی شوێنە پیرۆزەکان و پیرۆزکردن و پیرۆزڕاگرتنی (ئاگر، بەرد، درەخت، کانی...تاد) پەیوەندی بە باوەڕ و نەریتی کۆنی پێش مسوڵمانییانەوە هەیە، شوێنەواری باوەڕی کۆنیان تێکەڵ بە ژیانی مسوڵمانیشیان بووە و خوویان پێوەگرتووە (ڕۆدینکۆ، ٢١٣، ٢٠٢٠). (فرەیزەر) دەڵێت: ژنانی کورد لە دوای مردنی کەسە نزیکەکانیان سەردانی گۆڕستان دەکەن و باس لە ژنێکی شاری سلێمانی دەکات، کە لەسەر گۆڕێکی نوێ دانیشتبوو زۆر بە پەرۆش بوو، بە کوڵ دەگریا، هەستی بە خەمێکی قوڵ دەکرد، خەریکی ڕازاندنەوەی گۆڕەکەبوو، بەردی سپی لەسەر گۆڕەکە دادەنا، ناوبەناو یەکێک لە بەردەکانی بە خۆیدا دەکێشا، هاواری دەکرد، ئەو لاواندنەوە و گریانەی هێمای ئەوەبوو کە مردووەکەی زۆر خۆشدەویست (فرەیزەر، ٢٠٢٠، ١٠٦).

ئەو مەزار و گۆڕانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا بوونەتە جێگەی ئومێد و جێ نیازی ژنانی کورد، کوردناسی ئەڵمانی (ئۆسکارمان) کە لە ماوەی (١٩٠١- ١٩٠٣) سەردانی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە، باس لە مەزار و گۆڕی شێخ (فەرخ) لە گوندی داودێ لە ناوچەی پشدەر لە بەشی خواروی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ دەکات. گوندی داودێ بەهۆی مەزاری شێخ فەرخەوە بۆتە ناوچەیەکی سەیرانگا و کۆڕی شایی بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا خەڵکی دەچنە داودێ، دوای سەیرانکردنیش پۆل پۆل ژن و کچ بۆ زیارەتی گۆڕەکە ڕێچکە دەبەستن، هەریەکە داواکاری خۆی بە بێدەنگی دەدرکێنێ، هەندێکیش بەرد دەنێن بە کێلی ژوور سەریەوە، هەندێک پەڕۆ لە ئاڵاکان دادەڕنن، لەولاشەوە کوڕ و کچ ڕەشبەڵەک دەکەن (ئۆسکارمان ، ٢٠١١، ١١٢- ١١٣).

یەکێکی دیکە لە شوێنە پیرۆزەکانی نێو کوردستان بریتییە لە مزگەوت، هەر مزگەوتێک گۆڕی زانا و پیاوانی ئاینی تێدا بێت زیاتر کاریگەریی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەسەر ژنی کورد داناوە، ژنانی کورد سەردانی ئەو مزگەوتانەیان کردووە، هەر لەمبارەوە (ئیدمۆندس) بۆمان دەگێڕێتەوە کە ژنانی ناوچەی بەرزنجە بۆ بینینی ئەو بەردە ڕەشەی کە بەگوێرەی گێڕانەوەکان (شێخ موسا و شێخ عیسا) لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان سەردانی ئەو مزگەوتەیان دەکرد، ئەو بەردە نزیکەی (١٢-١٥) ئینجێک دەبوو، لەلای ژووری مزگەوتەکە لە تەنیشتی دەرگاکە لە دیواریان نابوو، ژنان و پیاوان بەڕادەیەک ئەو بەردەیان ماچکردبوو کە ساف و لوس دەدرەوشایەوە(ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٤٥).

- کانی و سەرچاوە ئاوییەکان (ژن و کانی): کانی و سەرچاوە ئاوییەکان بریتین لە شوێنێکی ئاشنا و گشتی و کراوە، ئەگەر دیوەخان و چایخانە بۆ پیاوان شوێنی کۆبوونەوە و بینینی یەکتر و گۆڕینەوەی بیروڕابێ، بۆ ژنانیش شوینێکی داخراو بێت، ئەوا کانییەکان ئەو شوێنە کراوە و گشتییە بوون کە جێگەی دیوەخانی بۆ ژنان گرتۆتەوە. (ئیدمۆندس) دەڵێت:» کانی گووندەکان جوانترین دیمەنی لادێکانن، دار و درەختی زۆری لێیە، لە نزیک شوێنی هەڵتۆقینی ئاوەکەدا (سەکۆیەک) دروست دەکەن، یاخود دەوری کانییەکە بە بەرد هەڵدەچنن، گوندییەکان دەست نوێژی لێ هەڵدەگرن، نوێژی تێدا دەکەن، کەمێک لەولاتری کانییەکەشەوە حەوز یان جۆگەلە ئاوێکی لێیە کە دەوریان بەجوانی تەنیوە، ژنەکان دەچن خۆیانی لێ دەشۆن و قسەوباسی تێدا دەگۆڕنەوە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤،١٤٠). (ڕیچ) وێنە و دیمەنی هەندێ لە ژنانی ئێزیدیمان بۆ تۆماردەکات لە گوندی (شەرابی) کە جۆگە ئاوێکی بچوک لە گوندەکەدا هەڵدەقولا و بەناو گردۆڵکەکاندا دەڕۆیی، ئەو ژنانە خۆیان تێدا دەشۆرد و یەکێکیان بەشێوەیەکی ناجۆر خۆی داماڵی بوو بۆئەوەی دەست بە ئاو بگەیەنێت (ڕیچ،٢٠١٢ ، ١٠٠).

ژنی کورد بۆ (ئاوهێنان، جلشۆرین، قاپشۆرین، خۆشۆردن) سەردانی کانی و سەرچاوە ئاوییەکانی کردووە. لەمبارەوە (ولیەم هیود) دەڵێت:» بەهۆی ئەوەی لە گوند و ژیانی کۆچەریدا حەمام نەبووە، بۆیە ژنی لادێ و کۆچەرەکان بۆ خۆشۆردن ڕوویان کردۆتە نێو چەم و ڕووبارەکان، بۆیە ژنەکان خۆیان تێدا دەشۆرد، مەلەیان تێدا دەکرد»(هیود، ٢٠١٢، ٤٨).

شوێنی کوردستان ڕۆڵێکی بنچینەیی لە دیاریکردنی جۆر و شێوەی بەسەربردنی ژیان بینیوە، (ڕۆدینکۆ) ئاماژە بەوە دەدات، ژینگەی کوردستان خاوەنی چیای بەرز و لەوەڕگای لەبارە بۆ ئاژەڵداریی، ئاووهەوای یەک جۆر نییە، کەش هەوای جۆراوجۆر بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شێوە ژیانی جیاوازی کۆچەری و نیشتەجێ، ژن لەم دوو شێوە ژیانەدا شوێنی ژیانی ژن جیاوازە (ڕۆدینکۆ،٢٠٢٠،٢٠٨). ڕەوش و ژیانی ژنانی کورد لە ژیانی کۆچەریی و نیشتەجێییدا جیاواز بووە، ژنی کۆچەریی شوێنی مانەوە و خەو و کار و خۆراکیان بریتی بووە لە ڕەشماڵ، شوێنی ژنی نیشتەجێش بریتی بووە لە خانوو.

٨. ژن و ڕەشماڵ:

ڕەشماڵ شوێنی ژیان و تێکۆشانی ژنانی کۆچەریی کوردە، کۆچەریی ئەوانەن کە نیشتەجێ نابن و گوندیان نییە، ئاژەڵ و ڕانی گەورەیان هەیە، خەریکی کاری کشتوکاڵی نابن، مەگەر ناچار بکرێن، باری ئابووریشیان وادەخوازێ کە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ ڕابگرن (برونەسن، ٢٠٠٣، ٤٦-٤٧). کۆچەریی کورد تەنها لەوەدا لە کوردە نیشتەجێکان جیاوازە کە دوو ڕەشماڵ ماڵ یان دوو جێگەیان هەیە، یەکێکیان لە دەشت یان دۆڵە نزمەکاندایە، ئەوەکەی دیکەیان لە داوێنی شاخە بەرزەکاندایە، بەتایبەتی گردە بەرزەکان، کە ژیانی هاوینی تێدا بەسەر دەبەن. کۆچەریی کورد گۆڕان بەسەر ئەو شوێنانەدا نایەت کە بۆی دەچێت، هەموو ساڵێک بەهەمان ڕێگەدا بۆ هەمان شوێن دەگەڕێتەوە. ئەوەش وایکردووە کە کۆچەریی کورد شارەزاییەکی تەواو لەسەر ئەو شوێنانە پەیدا بکات، هەروەها بەهۆی سەختی ئەو ڕێگایەی کە لەکاتی کۆچیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت کارێکی وایکردووە کە نەتوانێت شتومەک زۆر لەگەڵ خۆیدا بگوازێتەوە(ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان،٢٠١٢، ١٣٥-١٤٠).

لەنێو ژیانی کۆچەرییدا شوێنی نیشتەجێبوونی ژنان بریتییە لە نێو ڕەشماڵەکان. هەرچەندە ڕەشماڵەکان قەبارەیان بچووکە و بۆ حەوانە و پشودان و خەوتن بەکاردێن و شوێنێکی ئاشنا و داخراون، بەڵام ژنانی کۆچەریی ڕەشماڵەکانیان لە خانووی خۆشی شار پێ باشترە، ژنان لەنێو ئەم شوێنە ئاشنا و داخراوەدا شوێنی تایبەتیان بۆ جیاکراوەتەوە، بەشێک لە چالاکییەکانیان لەنێو خودی ئەم شوێنە ئاشنا و داخراوەدا ئەنجام

دەدەن. لەنێو ئەو ڕەشماڵانەدا ئاگردان هەیە، کە بریتییە لە چاڵێکی چەند پێ قووڵ کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە، لەکاتی بوونی بادا ڕەشماڵەکە پڕ لە دووکەڵ دەکات، بەڵام ژنان و ئەندامەکانی تری خێزان بەوجۆرە ژینە سەختە ڕاهاتوون (عومەر،١٩٩٣، ١١٣). (ئیدمۆندس) کاتێک باسی شوێنی ژیانی ژنانی هۆزە کۆچەرەکانی کورد دەکات دەڵێت:» لەناو جەماوەری خێڵەکی دەوارنشیندا بەشێکی ڕەشماڵەکە تەرخانکرابوو بۆ ژنان، کە دەتوانن بە سەربەستی کاری نێوماڵیان تێدا ئەنجام بدەن (بێخەف، لانکی مناڵ، گەنمی زستان، برنج، ڕۆن، لە بەشی تایبەت بە ژنان دادەنێن، ژنان و پیاوان لەنێو ڕەشماڵەکەدا لێک جیانابنەوە، بەڵام ژنان ناچنە ژووری پیاوان، لە هۆدەی ئەوان دانانیشن، بەڵام لە ژووری خۆیاندا زۆر ئازاد و بەدڵی فراوان و پاکەوە خزمەت بە دۆست و ناسیاوانیان دەکەن»(ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢٠٥).

(تۆمابوا) دەڵێت:» ژنانی کۆچەریی کورد لەنێو دەوار و ڕەشماڵەکاندا شوێنی تایبەتیان بۆ جیادەکرێتەوە، هۆکاری جیاکردنەوەی ئەو شوێنەش بۆئەوەیە کە ژنەکان تێکەڵی پیاوان نەبن (تۆمابوا،١٩٨٠،٥٣-٥٧).کۆچەریبوون و ئەم شێوە ژیانەی لەنێو هۆزە ڕەوەندەکاندا باو بووە کاری لەسەر ژیانی ژن لەم مەڵبەندەدا کردووە، بەوەی کەمتر گۆشەگیربن و سەربەستی جوڵانەوەیان زیاتر بێ. هەروەها سرووشتی ژیانی کۆچەرییش کە خۆیان نابەستنەوە بە یەک شوێنەوە و خەریکی گەرمیان و کوێستانن، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگایەکی دوور و درێژ دەبڕن، ئەوەش وایکردووە کە ژنانی کۆچەر لە پاڵ بڕینی زەحمەتی ئەو ڕێگە دور و درێژانەدا بەشێک لە کاری سەختیش بکەوێتە ئەستۆیان.(ریچ) وێنەی ژیانی بەشێک لە ژنە کۆچەرییەکانی هۆزی جافمان بۆ دەگوازێتەوە، کە لە ناوچەی پێنجوێندا هەواریان هەڵدابوو، دەڵێت:» جافە کۆچەرییەکان ڕەشماڵ و باروبنەیان زۆر بەرێک و پێکی پێچابووەوە، بەشێوەیەکی ڕێک لەسەر پشتی گا و مانگا باریان کردبوون، ژنانی ئەم هۆزە وەک پیاوان بە پێ دەڕۆیشتن(ریچ، ١٩٢، ٢٠١٢)

(لووسی گارنێت) باس لە ڕەوشی ژنانی هۆزە ڕەوەندەکانی باکوری کوردستان دەکات و دەڵێت:» هەندێک کات لانکە (بێشکە) یەک دوو سێ منداڵی تێدایە لە پشتی خۆیان شەتەکی دەدەن، هەندێک کاتیش بەشێک لە ژنەکان وەک پیاوەکان بە پێ دەڕۆن، سەرپەرشتی کۆچ و ڕەوەکە دەکەن، ژنانی کۆچەر جگەلە لەوەڕاندنی مەڕ و شوانیدا کە کاری پیاوانە، سەرجەم کارەکانی دیکە دەکەوێتە ئەستۆی ژنان»(گارنێت، ١٩٩١، ١٢). (ئیدمۆندس) یەکێک لە دیمەنەکانی کۆچ و ڕەوی کۆچەرییەکانمان بۆ دەگوازێتەوە و دەڵێت:» ئەو عەشیرەتانەی کە تەواوی ژیانی خۆیان لە ڕەشماڵەکاندا بەسەر دەبەن، بەپێی وەرزەکانی ساڵ لەگەڵ مەڕوماڵاتیان لە دەشتەکانی عێراق و چیاکانی ئێران و تورکیا لە هاتوچۆدان، بینینی ئەو خەڵکە لە کاتی کۆچکردن کە هەزاران سەر مەڕ و بزنیان پێش خۆیان داوە و باوڵ و ڕەشماڵ و قابلەمە و قاچاخی ناوماڵیان لە پشتی گاو گوێدرێژ و ژنان شەتەک داوە، زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە»(ئیدمۆندس، ٢٣، ٢٠٠٤).

(تۆمابوا)ش باس لە یەکێک لە دیمەنەکانی ژنانی کۆچەریی کورد دەکات، کە لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە هاوینە هەوارەکان بەدەم تەشی ڕستن و گوێزانەوەی ڕاخەرە ڕەنگا و ڕەنگەکانیانەوە و ڕۆیشتنی ئاژەڵەوە گۆرانی خۆشەویستی دەڵێن، گۆرانییەکان لێوانلێوە لە هەستێکی قوڵ بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەبێتەوە و دڵ پڕ دەکات لە خۆشەویستیی و ناوەڕۆکی گۆرانیەکانیش پڕیەتی لە وشەی توێکڵدار و بەشێوەی (تیر و توانج) باس لە شێوەکانی خۆشەویستیی دەکەن، سەرنج لە جوانی لەشولاری خۆیان دەدەن، ئەو گۆرانییانە زیاد لە جارێک دووبارە دەکەنەوە، لەنجەو لار و دیمەنی ڕۆیشتن و هەڵسوکەوتیان بە باڵندەی کێویی و کەو و لەنجەی قاز و مراوی کێویی و کەوی دەشت دەچێت و خۆیان با دەدەن (تۆمابوا، ١٩٨٠، ١٠٨-١٠٩).

(لوسی گارنێت) بەشێوەیەکی قوڵتر کاریگەریی شوێن لەسەر ژنی کۆچەریی لە باکوری کوردستان دەکات، دەڵێت:» ژنانی کۆچەری ئاکار و ڕەوشتیان تەواو پێچەوانەی ژنانی نیشتەجێیە، چوست و چالاک و زیرەک و شەڕانین»(گارنێت، ١٩٩١، ٦).

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٩. ژن و خانوو:

کاتێک باسی ژن و خانوو دەکەین، مەبەستمان لە جۆری ژیانی نیشتەجێی گوند و شارەکانە، شوێنی ئاشنا و تایبەتی مانەوەی ژنی نیشتەجێ لەبری رەشماڵی ژنی کۆچەریی، بریتییە لە شوێنێکی داخراو کە پێی دەگوترێ (ماڵ-یان خانوو)، ئەو کەرەستانەی کە لە بواری دروستکردنی خانووی گوند و شاردا بەکاردەهاتن، بریتی بوون لە بەرد و خشت و قوڕ، کوردناسەکان وەسفی ئەم شوێنەیان بە شوێنێکی بەرتەسک و تەنگ کردووە. (هێنری بێندەر) لە ساڵی ١٨٩٥دا گەشتی بۆ کوردستان کردووە، کاتێک باسی خانوو و ژووری ماڵی کوردانی رۆژهەڵات دەکات دەڵێت:» ماڵەکانیان زۆر بچووکن، لە یەک ماڵدا (پشیلە، سەگ، مریشک، ژن و پیاو، زیندەوەری جۆراوجۆر) پێکەوە دەژین»(بێندەر، ٢٠٠٦، ١٥٣). ناوبراو لە جێگەیەکی تردا کاتێک وەسفی ئەو خانووانە دەکات، کە ژنانی ناوچەی کرمانشان تێیدا دەژیان، دەڵێت:» لە یەک کاتدا ئەو خانووانە بۆ دانیشتن و بۆ راگرتنی ئاژەڵیش بەکاردێن، نموونەی ماڵێک باس دەکات کە (پیاوێک، ژنەکەی، زاوا، کیژەکەی، دوو منداڵ، جووتە گایەک، دوو وڵاخ، چوار مەڕ) لەو خانووەدا دەژیان، ئەوانە لەنێو بێزراوترینی پیسیدا ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت خۆشیان بە بەدبەخت نازانن» (بێندەر، ٢٠٠٦، ٤٤٨). یەکێکی تر لەو شوێنانەی کە لەنێو خانووەکانی مەڵبەندی نیشتەجێدا ئاشنا و تایبەتیشە بریتییە لە (دیوەخان)، کورد رەچاوی دانیشتنی نێو دیوەخانیش دەکات، لە دانیشتنی رەچاوی پلەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکرێ، (فرەیزەر) دەڵێت:» کەسانی هەژار و کەمدەست نەیان دەتوانی لە بەشی سەرەوەی دیوەخان دابنیشن، ژنانیش لە دەرەوەی دیوەخاندا دادەنیشتن، دیوەخان شوێنی پیاوانە نەک ژنان»(فرەیزەر، ٢٠٢٠، ٧٩). (هارۆلد هانسن) باسی ئەوە دەکات (ژنی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ)، دیوەخان دەماڵن و ئەگەر پیاویش لە دیوەخان نەبێ لەگەڵ میوانی ژن لە دیوەخان دادەنیشن. بەبڕوای (هانسن) لەنێو خانووی کوردیدا ژنان هەرچەندە بایەخ بە ڕازاندنەوەی نێو ماڵ نادەن هیچ بیر لەوە ناکەنەوە بەو کەرەستانە نێو ماڵ برازێننەوە، کەلوپەل و شتەکانی ژنەکان لە باوەڵێکدا بوون، باوەڵ سندوقێک بوو لە تەختە یان تەنەکە دروست کرابوو(هانسن،١٩٨٣، ٨٥، ٣٧٨-٣٧٩).

بەبڕوای (تۆمابوا) ژن لە مەڵبەندی لادێ و گوندە دوورە دەستەکان رەوشی ژیانیان قورسترە، سرووشتی سەختی گوندەکان و پەیوەستبوونی خێزانی کوردی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی وادەکات کە ژنان بەشێک لە کاری پیاوان ئەنجامبدەن (تۆمابوا،١٢٣،١٩٨٠).

(جانیت کلاین) بڕوای وایە هەندێك تایبەتمەندی لەنێو ژنانی گوندا بەدی دەکرێت کە لەنێو ژنانی شاردا بەدی ناکرێت، یاخود کەمبوونەتەوە وەک (جیدیبوون، بەهێزبوون، چالاکبوون، ئازادبوون). جگە لەوەش تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان زیاتر لای ژنانی لادێ دەبینرێ، ئەوان بۆ پاراستنی ئاکار و رەوشتیان بە پەرۆشترن، زیاتر پارێزگاریان لێ کردووە، خەسڵەتە رەگەزیی و راستەقینەکانی خۆیان پاراستووە. بەڵام ژنانی شار یاخود ئەوانەی کە کۆچیان بەرەو شارەکان کردووە تایبەتمەندییە رەگەزیی و راستەقینەکانی خۆیان لەدەست داوە (بروینسێن،١٢٣،٢٠١٢).

(لووسی گارنێت) کاتێک وەسفی ژنانی نیشتەجێی باکووری کوردستان دەکات، دەڵێت:» ژنانی نیشتەجێ بەپێچەوانەی ژنانی کۆچەرییەوە تەپ و سستن، هێندەی کۆچەرییەکانیش زیرەک نین، رەفتاریشیان لە هی خێڵەکییەکان نەرم و ڕێکترە(گارنێت، ١٩٩١، ٦). (تۆمابوا) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شوێنەی ژنی کوردی تێدا دەژی کاریگەریی لەسەر سەربەستی جوڵەی ئەو ژنە دروست دەکات، ژنانی نێو لادێکان بەرێژەیەکی زیاتر لە ژنانی نێو شارەکان جوڵەیان زیاترە، هەروەها ئەو ژنانەی کە لەنێو لادێکاندا دەژین بەشێکی زۆری کارە قورسەکانیش ئەنجام دەدەن(تۆمابوا،١٢٣،١٩٨٠). (هارۆلد هانسن) لەژێر کاریگەریی شوێن لەسەر رەوشی ژنان و رادەی گۆشەگیری و جوڵانەوە و کار و رۆڵیان، ژنانی لادێ دابەشی دوو مەڵبەند دەکات، ئەوانیش بریتیین لە: (مەڵبەندی ساکاری دێ-و مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ). هانسن لە شیکاری رەوشی ژنانی ساکاری دێدا دەڵێت:» لە مەڵبەندی ساکاری دێدا ئەم چالاکییانە (ئاوهێنان، بەشداریکردنی جووت و درووێنە، گزرەکردن، کۆکردنەوەی دار و چیلکە، هەندێ کاتیش دروستکردنی خانوو...تاد) لە ئەستۆی ژنانە. ئەم کارانە ژن ناچار دەکەن لە ماڵ بچنە دەرەوە، هەر لەبەرئەوەیە گۆشەگیریی ژن لەم مەڵبەندەدا سەرناگرێ. بەهۆی کارەوە لەم مەڵبەندەدا ژن ناتوانێ لە ماڵەوە بمێنێتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ژنی ساکاری دێ (ژنی جوتیار، ڕەنجبەرەکان) زیاتر لە ژنە دەرەبەگەکان سەربەستی جوڵانەوەیان هەبێت. هەروەها ژن لەم مەڵبەندەدا ژنی دیکەی بەسەردا دێت، دیاردەی ژنی دووەم دیاردەیەکی نامۆ نییە(هانسن،١٩٨٣، ٣٨٢-٣٨٣).

جۆری دووەم بەگوێرەی پۆلێنەکەی (هانسن) بریتییە لە (ژنی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ) دەربارەی ژنانی ئەم مەڵبەندەش نووسیویەتی:« رادەی جوڵانەوە و کارکردن و چوونەدەرەوەی ژن لەم مەڵبەندەدا کەمترە، ژنان لەماڵەوە دەردەچن، بەڵام زۆر کەم، کەمتر بەشداری بۆنەی زەماوەندیش دەکەن، کاتێکیش دەچنە دەرەوە دیارن و هەر لەگەڵ ژنانن و تێکەڵی پیاوان نابن، لەنێو گونددا کەس هاوشانی خۆیان نییە تا سەردانی بکەن، ژنانی دەرەبەگایەتی دێ لەم ڕووەوە وەک خانمی بنەماڵەی پاشاکانن، مەیدانی کارکردنیان حەوشە و ژوورەکان و سەربانە، مەیدانی ئیشکردنیان دەگاتە ناو رەز، باخچەی تەنیشت ماڵ، دیوەخان دەماڵن و ئەگەر پیاویش لە دیوەخان نەبێ لەگەڵ میوانی ژن لە دیوەخان دادەنیشن، ژن لەم مەڵبەندەدا ژنی دووەمی بەسەردا دێت و هەموو منداڵەکانیش پێکەوە دەژین(هانسن، ١٩٨٣، ٣٧٨-٣٧٩).

شایانی باسە ژیانی ناو شار جیاوازە لە ژیانی نێو گوند و کۆچەری، مرۆڤ لە شاردا زەمینەی زیاتری بۆ دەڕەخسێت تا گەشە بەلایەنی رۆشنبیری سیاسی خۆی بدات، کوردناسەکان لە نوسینەوەی مێژووی ژنانی کوردا، باسیان لە قەبارە و زیندوێتی ژیانی ناو شار و کاریگەرییەکانی کردووە.

١٠. ژن و شار:

شار ئەو ناوەند و مەڵبەندەیە کە خەڵکێکی زۆری تیدا کۆدەبێتەوە، ئەو خانووانەی کە لە شاردا دروست دەکرێن لە خانووی نێو گوندەکان رێکوپێکترن، ئەوەش وادەکات ئەو ماڵەی کە ژن تێیدا دەژی لەو خانووەی کە ژنی نێو گوندەکان تێیدا دەژین جیاوازتربێت، (تۆمابوا) باس لەوە دەکات، کە خانووی شارە کوردییەکان فراوانتربوون، لەنێو خانووەکاندا بە هەیوانێک جێگەی ژنان لە پیاوان جیاکرابۆوە(تۆمابوا،١٩٨٠،٥٣-٥٧).

لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی ژینگەی شار ژینگەیەکی کراوەتر و رۆشنبیر ترە و زیاتر گرنگی بە خوێندن و فێرکاریی دەدرێت، ئەوەش وادەکات هەلی فێربوونی زانست و زانیاری زیاتر بۆ ئەو ژنانە برەخسێت کە لەنێو شاردا نیشتەجێن، (لووسی گارنێت) باس لە رەوشی ژنانی سلێمانی دەکات کە لەلایەن مەلاکانەوە فێری خوێندنەوە و نووسینی فارسی دەکران، ئەوەش وادەکات چەندین ژنی بەهرەدار دەربکەون، کە توانای رێکخستنی هۆنراوە و گووتنی گۆرانیان هەبوو، شیعر و گۆرانیان لەبارەی ڕووداوی کۆمەڵایەتی و خێڵایەتییەوە دادەنا (گارنێت، ١٩٩١، ٢٤).

مرۆڤ کاتێک لە شاردا نیشتەجێ دەبێت، ئاوەدانی و جۆری بینا و لایەنی شارستانێتی زۆرتر دەبینێت، هەریەک لەو شتانەی کە بەرچاوی دەکەوێت، لە بیرو ئەندێشەیدا جێگە دەگرێت و کاریگەریی دادەنێت، ئەم کاریگەرییە لە ژنێکی وەک (عادیلە خانم ١٨٥٩-١٩٢٤) بەڕوونی دەبینرێت، ئەم ژنە کوردە پێش ئەوەی شوو بکات، لە شاری سنەدا ژیاوە. بەچاوی خۆی کۆشک و بینا و تەلارسازی ئەو شارەی بینیوە و تێیدا ژیاوە، لەدوای ئەوەی شوو دەکات و دێتە هەڵەبجە، کە گوندێکی بچووک بووە، لەژێر کاریگەریی شاری سنەدا بیر لە گۆڕینی هەڵەبجە دەکاتەوە و بڕیار دەدات کۆشک و بینا و بازاڕ و زیندانی تێدا دروست بکات کاریگەریی شوێنی شار لە سەر (عادیلەخانم) تەنها لە بواری بنیاتنانی کۆشکدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لەسەر شێوازی هاوچەرخی ئێرانی باخچەکانی دەرەوە و ناوەوەی هەڵەبجەی رازاندۆتەوە، (مەیجەرسۆن) لەمبارەوە نووسیویەتی:» باخچەکانی هەڵەبجە هێندە چڕ و ناسکن و هێندەش دارو درەختی لێیە، تەنها دیمەنی لەو شێوەیە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا بینراوە، ئەمەش بەهۆی ژنێکی کورد کە گەیشتۆتە ئەو ئاستە، لە شوێنێکی دوورە دەستی ئیمپراتۆریەتی تورکیادا لەژێر دەسەڵاتی ژنێکی کورددا ناوچەیەکی گەشەی کردووە، لە گوندێکەوە بووە بەشارۆچکە و سەردەمانێک وشک، بەڵام ئێستا پڕ باخ و باخاتە»(مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٢٥- ٢٢٦).

ژینگە و سرووشتی شار یەکێکە لەو ناوەند و پاڵپشتانەی کە زەمینە بۆ دەرخستنی توانا و لێهاتنە خودییەکان دەڕەخسێنێ، بەوەش توانا و لێهاتنەکان کە هێزێکی شاراوەی نێو ناخی مرۆڤن دەخرێنە گەڕ و زیاتر پەرەیان پێدەدرێ. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەهەمدا شاری سنە یەکێک بووە لە مەڵبەندە بەهێزەکانی کۆبوونەوە و دەسەڵاتداریتی بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان، بەشێوەیەکی نەبینراو شیعر و مێژوونووسی لەو شارەدا گەشەی سەندبوو، قوتابخانەیەکی تایبەتی مێژوونووسان سەریهەڵدابوو، چەندەها مێژوونووس لەو شارەدا هەڵکەوتبوون، لە ئەنتۆلۆگیای شیعریدا ناوی گەلێک شاعیر بەرچاودەکەون کە لەو سەردەمەدا ژیاون و بەرهەمیان بەخشیوە، بوونی ئەو کەلەپوور و پاشخانە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ژیاریيە دەوڵەمەندەی شاری سنە رۆڵی بەرچاوی لەسەر ژنێکی کورد بەناوی (ماە شەرەفخانمی کوردستانی ناسراو بە مەستوورە١٨٠٥-١٨٤٨) دادەنێت، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا دەربکەوێت و دەستبداتە نووسینەوەی مێژوو و بواری ئەدەبی و چەند بەرهەمێک بنووسێت (کۆمەڵێک نووسەری رووسی،٢٠٠٤، ٤٠). هەرچەندە ناکرێ بەتوانایی و لێهاتنی خودی مەستوورە و ئەو خێزانەی کە تێیدا ژیاوە لەم بوارەدا بخرێتە لاوە و بەهەند وەرنەگیرێ، بەڵام ناشکرێ کاریگەریی ئەو شوێنە دەرنەخرێت، لەکاتێکدا ئەگەر مەستورە کۆچەریی یان لە گوندێکدا بووایە بەوشێوەیەی ئێستا ناسراوە دەرنەدەکەوت.

کلتووری ژیانی نێو شار کۆپییەکی دەقاودەق ژیانی نێو گوند و شێوە ژیانی کۆچەری نییە، بەسەربردنی ژیان لەنێو شاردا مرۆڤ پەیوەست بە کۆمەڵێک پرەنسیب و بنەماوە دەکات، سەبارەت بەم بابەتە (مەیجەرسۆن) نووسیویەتی:» ژن لە مەڵبەندی شاری (سلێمانی)دا بەدرێژایی رۆژ کاتەکانیان لە ماڵەوەدا بەسەر دەبەن و کەمتر دەچنە دەرەوە، چوونە دەرەوە تەنها نەریتێکی پیاوانە و بەپێچەوانەی ژنانەوە هەر لە سەرەتای رۆژەوە دەچنە دەرەوەی ماڵ تا ئێوارانێکی درەنگ»(مەیجەرسۆن، ٢٠١٨، ٢٩٥). (کاپتن لاین) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە (١٩١٩-١٩٢٩) دەربارەی شوێنی ژیانی ژنە کوردەکانی هەولێر دەڵێت:» ژنانی نیشتەجێی ئەم شارە ژیانێکی داخراویان بەسەر دەبرد، کاتێک کیژێکیان شووی دەکرد، ئیتر لە چوار دیواری ماڵە مێردیدا زیندانی دەبوو، هەرگیز رێگەی هاتنەدەرەوەی پێ نەدەدرا، هەربۆیە ئەو کیژانەش مناڵی ناتەندرووستیان دەخستەوە و زۆربەی کات بە نەخۆشی سیل دەمردن (لاین، ٢٠٠٧،٧٥). (هارۆلد هاڵسن) ژنانی نێو شار بۆ دوو دەستە پۆلێن دەکات (ژنی خوێندەواری مەڵبەندی شار) و (ژنی نەخوێندەواری مەڵبەندی شار)، ژنی خوێندەواری مەڵبەندی شار بەپێچەوانەی ژنانی ساکار و دەرەبەگی مەڵبەندی دێ دەرفەتی خوێندن و چوونە قوتابخانەیان هەیە، وەک ژنی ساکاری دێ سەربەستی جوڵانەوەیان هەیە، لەرووی جوگرافییەوە هیچ جۆرە گۆشەگیرییەک لە مەڵبەندی خوێندەواری ژناندا نییە، لەکاتی چوونە دەرەوەدا تێکەڵ بە پیاوان دەبن، ژنی خوێندەوار و شار تەنها بۆ کاتی ئیشکردن دەچوونە دەرەوە، کاتەکانی تریان لە ماڵەوەدا بەسەر دەبرد، ژنی مەڵبەندی خوێندەواری شار وەک ژنی مەڵبەندی ساکاری لادێ سەربەستی جوڵانەوە و چوونەدەرەوەی هەیە، بەڵام جوڵانەوەکەی لە مەودای کاری خۆی تێناپەرێت، هەروەها لەم مەڵبەندەدا فرەژنی دیاردەیەکی باوە(هانسن،٣٨٤،١٩٨٣-٣٨٦).

جۆری دووەمی ژنانی شار لە پۆلێنکارییەکەی (هانسن)دا بریتین لە (ژنی نەخوێندەواری مەڵبەندی شار)، ژنانی نێو ئەم مەڵبەندە زیاتر گۆشەگیرترن، لە ژیانی رۆژانەدا تێکەڵ بە پیاوان نەدەبوون، ئەو گۆشەگیرییەی ژنانی ئەم مەڵبەندە بەمانای ئەوە نایەت کە لە ماڵ نەدەچوونە دەرەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی میوانی بەلێشاو سەردانی یەکتریان دەکرد، ژنانی نێو ئەم مەڵبەندە دابڕانێک لە نێوان دونیای ژنان و پیاواندا هەبوو، هەرشتێک پەیوەندی بە پێداویستییەکانی ماڵەوە هەبووایە لەلایەن پیاوەوە دەکڕدرا، یان خۆی یان بە منداڵێکدا بۆ ماڵەوەی دەناردەوە، ژنی ئەم مەڵبەندە بەریەککەوتنی کەمیان لەگەڵ پیاوی بێگانەدا دەبێت، ژنی نەخوێندەواری شار ژیانیان داخراو و لاتەریکە، ئەم جۆرە ژیانە لە جیهانی خۆرئاوادا پێی دەگوترێ بەندایەتی، لەم مەڵبەندەدا فرەژنی دیاردەیەکی نامۆ نییە و روودەدات، بەڵام لە دوو ژن تێنارێت(هانسن،٣٨٧،١٩٨٣-٣٨٩).

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین کوردناسەکان بە زەقی باسیان لەوە کردووە کە ژینگە و تۆپۆگرافیای کوردستان کاریگەرییەکی هەمەجۆرەی لەسەر ژنی کورد داناوە، ئەوان پێیانوایە سنوور و مەودای ئەو کاریگەرییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و کلتووریدا رەگی داکوتاوە، هەروەها لە بواری جەستە و شێوە و ناو و ئاکاردا بە روونی دەبینرێت.

ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێکمان لا گەڵاڵە بوو، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

١. شوێن وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی دروستبوونی مێژوو، کاریگەرییەکی بنەڕەتیی و ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی مێژووی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەکەی جێهێشتووە.

٢. کوردناسەکان بە وردی کایەیەکی نوێی مێژوویان بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە، کە لە مێژووی نووسراوی کوردیدا لەلایەن مێژوونووسانی کورد جێگەی بایەخپیدان نەبووە، لەکاتێکدا گرنگییەکی بنەڕەتیی بۆ بواری مێژوونووسیی کوردیی هەبووە، کە ئەویش کاریگەرێتییە ژیانییەکانی ڕەگەزی شوێنە لەسەر بزووتنەوەی ژنی کورد لە مێژوودا.

٣. شوێن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر (ناو، زمان، هونەر، جەستە، کار، خشڵ و خۆڕازاندنەوە)ی ژنی کورد جێهێشتووە.

٤. کوردستان بەوپێیەی لە ڕوانگەی ئاینیی و مەزهەبییەوە کۆمەڵگەیەکی فرەییە، ئەوا شوێنە ئاینییەکان کاری جۆراوجۆریان لەسەر ژنی کورد کردووە.

٥. دەرخستنی ڕۆڵی (کانی) لە ژیانی ژنی کورددا، ژن لەنێو ڕەشماڵ و خانوو، هاوکات ژن لە لادێ و شاردا و دەرخستنی جیاوازییەکانیان، بەوردی لەلایەن کوردناسەکانەوە هەڵوێستەی لەسەر کراوە.

سەرچاوەکان

یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١. ئەندروس. ف- دەیڤید، (٢٠٠٩)، گەلە بەشخوراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢. ئۆسکارمان، (٢٠١١)، توحفەی موزەفەریە، و. هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣. ئیدمۆندس. سیسیل جۆن(٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و. حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤. المەلاح. هاشم یەحیا، (٢٠١١)، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە فەلسەفەی مێژوو)، و. دەوەن حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥. برونەسن. مارتین فان، (٢٠٠٣)، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. د.کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٦. برونەسن. مارتین فان، (٢٠١١)، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و. د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٧. بروینسێن. مارتین ڤان (ئەوانی تر)، (٢٠١٢)، ناسیونالیزمی کوردی و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، و. وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. بێندەر. هێنری،(٢٠٠٦)، سەفەرنامەی هێنری بێندەر(کوردستان، میزۆپۆتامیا و ئێران) و. ئەبوبەکر خۆشناو،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٩. بەیگی. فەرامەرز ئاغا، (٢٠١٤)، کورد لە سەفەرنامەکاندا، کوردەکانی ئێران، لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٠. تۆمابوا، (١٩٨٠)، ژیانی کوردەواری، و. حەمەسەعید حەمەکریم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

١١. جویس بلۆ. پ، د، (٢٠٠٤)، دۆزی کورد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. کارزان محمد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢. چریکۆف. مسیۆ، (٢٠١٣)، سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف، و. سەلاح نیساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٣. دمۆرگان. ژاک، (٢٠١٣)، کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی ژاک دمۆرگاندا، و. ئاسۆ عەبدولڕەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٤. دۆهەر. جیراڵد، (٢٠١٩)، کۆماری کوردستان و فیرقەی دیموکرات لە دۆکیۆمێنتەکانی ئەمەریکادا، و. د. کارزان محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٥. ڕاپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، (٢٠١٢)، ویلایەتی موسڵ، و. محەمەد ئەمین حسەین عەلی (مینە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٦. ڕۆدینکۆ. م. ب.،(٢٠٢٠)، وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک، و. ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

١٧. ریچ. کلاودیوس جەیمس، (٢٠١٢)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد حەمە باقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٨. ڕیچ. کلاودیوس جەیمس، (٢٠١٢)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و. محەمەد ئەمین حسین عەلی(مینە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٩. ڕەندڵ. جاناتان، (٢٠٠٣)، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی، و. سەلاحەددین ئاشتی، چاپی یەکەم، مەهاباد.

٢٠. سندی. بەدرخان، (٢٠٠٨)، کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و. أسماعیل أبراهیم سعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢١. شکوئی. حوسێن،(٢٠١٢)، جوگرافیاو فەلسەفەی جوگرافیا، و، ئاسۆ عبدالرحمن، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٢. عیسا. ئەلبێرت، (٢٠٠٢)، تیرەگەری و تیۆری دەوڵەت لە بیری ئیبن خەلدوندا،(لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و سۆسیۆلۆژییە)، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٢٣. فاید. ڕەجائی، (٢٠١٠)، کوردەکانی عێراق هیوا و ئاوات لە نێوان بەدیهاتن و بەدینەهاتن، و. عەلی میرزا عارف هەورامی،چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٤. فرەیزەر. جیمس بیلی، (٢٠٢٠)، گەشتەکەی فرەیزەر بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا، و. د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٢٥. ڤاسیلیەڤا. ی. ئی،(٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و. د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٦. قادر. کامەران محەمەد، (٢٠١٥)، لە نێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا(دیمانەیەک بۆ تێگەیشتن لە مێژوو) چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٢٧. قەرەداخی. عەتا، (٢٠١١)، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٢٨. کۆچێرا. کریس، (٢٠١٣)، بزوتنەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حەسەن ڕەستگار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٩. کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٠)، هونەر و ئاین، و. هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی(خانی) دهۆک.

٣٠. کۆمەڵێک نووسەری رووسی، (٢٠٠٤)، چەند وتارێکی کوردناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و چەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣١. گارنێت. لووسی،(١٩٩١)، ئافرەتی کورد لە تورکیا (باری ژیان و پیشەیان- داب و دەستوری ماڵەوەیان- بیروباوەڕیان داستان و چیرۆک و فۆلکلۆریان) بەشێکە لە کتێبی ئافرەتی تورکیا و فۆلکلۆریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد.

٣٢. لازاریف. میخاییل سیمۆنویچ، (٢٠١٦)، چەمکەکانی مێژووی کورد، و. مەنسوور سدق.

٣٣. لازاریف. میخاییل سیمۆنویچ، (٢٠١٦)، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و. مەنسسور سدق.

٣٤- لازاریف، م . س.(٢٠١٠) ، مێژووی کوردستان، و. وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٣٥. لاین کاپتن، (٢٠٠٧)، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ رووداوەکانی باشووری کوردستان١٩١٩- ١٩٢٩، و. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٣٦. مۆنتیسکۆ، (٢٠٠٣)، رۆحی یاساکان، و. ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٧. مینۆرسکی. ڤلادیمێر، (٢٠١٨)، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٣٨. مینۆرسکی. ڤلادیمێر، (٢٠١٨)، مینۆرسکی و کورد، و. ئەنوەر سوڵتانی چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٣٩. مینۆرسکی، (١٩٨٤)، کورد تێبینی و وردبوونەوە، و. حەمە سەعید حەمە کریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٤٠. مەیجەرسۆن، (٢٠١٨)، گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، و. مینە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

٤١. هانسن. هێنی هارۆلد، (١٩٨٣)، ژیانی ئافرەتی کورد، و. عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٤٢. هیود. ولیەم، (٢٠١٢)، سەفەرنامەی ولیەم هیود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧، و. نەجاتی (عەبدوڵلا)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

دووەم: گۆڤارەکان

٤٣- ئەحمد. سامان حسین، (٢٠٠٩)، رۆڵی تۆبۆگرافیا لە ئاراستەکردنی رەوتی مێژوو لای فەرنان پرۆدیل، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (١١-١٢) ، هەولێر.

٤٤- عومەر. موحسین ئەحمەد، (١٩٩٣)، وێنەی کورد لای فەرەنسییەکان، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە (٦).

دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

٤٥. قسطنطين زريق،(١٩٨٥)، نحن والتاريخ، ط٦، بيروت.

ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای دەستەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

ئاراس عوسمان محمد [١]، میهرەبان حسێن ساڵح [٢]

[١] بەشی پەروەردەو دەروونناسی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار ، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژیپەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە ،هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: aras.osman@garmian.edu.krd

پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، لەپێناو هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەران مێتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٣١٠) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بووە لەفۆرمی ڕاپرسی کەلە (٢٧) برگە پێکهاتووە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاماری داتاو زانیارییە کۆکراوەکان، توێژەران کەرەستە ئامارییەکانی(ناوەندە ژمێرەیی،تاقیکردنەوەی (T)بۆ یەک سامپڵ و دوسامپڵ،(One way Anova یان بەکارهێناوە، لەگرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بریتی بوو لەوەی کەئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لەئاستێکی بەرزدایە، هەروەها ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزو کۆلێژ(زانست، پەروەردەی بنەڕەت، زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان)، قۆناغی خوێندن(یەکەم- دووەم- سێیەم-چوارەم)، ،جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکاراندا لەڕووی ئاستی نامۆبوونی دەروونییەوە، لەکۆتایدا توێژەران لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێکیان پێشکەش کرد.

وشە کلیلەکان: نامۆبوون، نامۆبوونی دەروونی، خوێندکاری زانکۆ.

ملخص:

الهدف من هذه الدراسة هو معرفة مستوى الاغتراب النفسي لدى طلبة جامعة گرميان، ومن أجل تحقيق أهداف الدراسة، استخدم الباحثان المنهج الوصفي، وتتكون عينة الدراسة من ٣١٠ طالبة جامعة من كل الجنسين الذكور والإناث. واستخدم الاستبيان متكون من ٢٧ فقرة، من أجل حل إحصاءات البيانات وجمع المعلومات، استخدم الباحثان المعادلات الإحصائية اختبار)ت (لعينة واحدة (One Sample Test) و اختبار (ت) لمجموعتين مستقلتين (Independent T-Test) اختبار تحليل التباين الأحادي (One-Way ANOVA) ، ومن خلال النتائج اتضح ان مستوى الاغتراب النفسي لدى طلاب جامعة گرميان في مستوى عال، ولا توجد فروق ذات الدلالة الاحصائية حسب المتغير (الجنسين، وكلية، و المرحلة الدراسية) بين الطلاب من حيث الاغتراب النفسية، وفي النهاية قدم الباحثان بعض التوصيات والمقترحات بناء على نتائج الدراسة.

الكلمات الرئيسية: الاغتراب، الاغتراب النفسي، طلبة الجامعة.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
بەرگ	٦ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢١)
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٣ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٥ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/١٢/٣٠
ئیمەیلی توێژەر	aras.osman@garmian.edu.krd
مافی چاپ و بڵاو کردنەوە	©٢٠٢١م. ی. ئاراس عوسمان محمد ، م. ی. میهرەبان حسێن ساڵح ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

Abstract:

The aim of this paper is to identify the level of psychological alienation among students at university of Garmian and to achieve this aim; a descriptive approach has been adopted. The paper sample consists of 310 students of both genders and a questionnaire, made of 27 points, was used for this purpose. To fix the gathered statistic data and information, the researchers used statistic tools like (T tests for one sample, and one-way ANOVA for two samples). The most important outcomes of the study showed that the Psychological Alienation level among students at Garmian University was high. Moreover, the results didn't vary according to the gender and the colleges like (Science, Basic Education, Language and Humanities), or academic stages (first, second, third or fourth stage) in terms of the level of psychological alienation. Conclusively, the researchers made some recommendations and suggestions based on the results of the study.

Keywords: Alienation, Psychological alienation, University student.

پێشەکی :

مرۆڤ بە ڕەگەزێکی گرنگی سروشت و ژینگە دادەنرێت و فاکتەرێکی گرنگە بۆ داهێنان و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دنیا. لەڕووی سیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژیا و کۆمەڵایەتییەوە. بەجۆرێک تاک وەک بوونەوەرێکی عەقڵانی دەستێکی باڵای هەیە لە داڕشتنی سیستمی کولتوری و مەعریفی ئەو قۆناغە مێژوویەی تێیدا دەژی لە ژینگەکەیدا، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی تاک دایدەهێنێت لەڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە جارێکی تر، لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە کار دەکاتە سەر تاک و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژیان، لەم ساڵانەی دوواییدا و بەهۆی گۆڕانکاریە ژینگەیی و ئابوری و شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیا و ئەو قەیرانە یەک لەدوای یەکانەی دنیای گرتۆتەوە، مرۆڤایەتی بە گشتی ڕووبەڕڕوی چەندین شۆک و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بووەتەوە، کەبوون بەسەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و گرفتی کۆمەڵایەتی چونکە تاک هەست دەکات لە ژیانێکی دووبارە و پڕ لە ڕۆتیندا دەژی و ئاسۆکانی لێڵن و توانای خۆگونجاندنی خێرای نییە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە یەک لەدواییەکانەی جیهانی گرتۆتەوە، هەربۆیە توشی جۆرێک لە بێهێوایی و بێ ئومێدی دەبێت کەبەرەو نامۆبوونی دەروونی دەبات، کاتێکیش تاک هەستی کرد لەنێو سیستمی دەزگا کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان پەراوێز دەخرێت و بەردەوام هەوڵدەدات و خۆی ماندوو دەکات تا مانایەک بەخۆی بدات و شکست دەهێنێت ئەوا توشی نامۆیی دەروونی دەبێت، نامۆبوونی دەروونیش خۆی لەگۆشەگیری و تەنیایی و دورکەوتنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نیگەرانیدا دەبینێتەوە، کە دۆخێکە تاک بەهۆی ئەو پەستانە زۆرەی لەسەریەتی لەژیانی ڕۆژانەیدا بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو خواستەکانی هەوڵی بۆ دەدات و پێی ناگات. توێژەرانیش بەهۆی گرنگی چینی خوێندکار کە گەنجانن و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، توێژەرانیش هەستاون بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی دەروونی مەیدانی لەسەر ئەم توێژە، چونکە بەهۆی گۆڕانکارییە فسیۆلۆجییەکان و هەڵچوونە جۆراجۆرەکانەوە لەهەر توێژێکی تری کۆمەڵگە زیاتر ڕووبەڕووی نامۆیی دەروونی دەبنەوە، بەتایبەت خوێندکاری زانکۆ، بەهۆی ئەوەی لەبەردەم تەمەنێکی گرنگ و هەوڵدان و خوگونجاندان تا بگەن بەخواست و داوەکارییەکانیان و ئەو ئامانجانەی نەخشەیان بۆ کێشاوە، هەر بۆیە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی وەک ترس و دڵەڕاوکێ و کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵی داوە هۆکارەکانی پشتەوەی نامۆبوونی دەروونی ئەو قۆناغە گرنگەی ژیانی گەنج تاوتوێ بکات، تا لەڕێگەیەوە چەندین پێشنیار و ڕاسپارە بخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەستی بەدواداچوونی ئەو گرفتانەی دەبنەهۆی نامۆیی دەروونی لای خوێندکاران و چارەسەرکردنیان..

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کێشەی توێژینەوە:

نامۆبوون چەمکێکە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بوونی هەبووە، لە هەموو قۆناغە یەک لەدوای یەکی شارستانییەتەکاندا بە درێژایی مێژوو ئەزموون کراوەو درکی پێکراوە لە فۆرمی جیاجیادا(Avci 2012: pp. 23-40) هەستکردن بە نامۆیی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بووەتە کێشەیەکی گەورە و هەنووکەیی، ئەو گۆڕانکاریانەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن دروستی کردوون، بوون بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، دیاریترینیان هەستکردن بە نامۆبوونە لای تاک (Rintala,1998: 366-378)

نامۆبوون، بونیادێکی فرە ڕەهەندە خۆی لەچوار لایەندا دەبینێتەوە، وەک بێدەسەڵاتی و بێ مانایی و بێ نۆرمبوون و گۆشەگیری، ئەمانەش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دەروونی تاکن(Brown, Higgins, Pierce, Hong, & Thoma, 2003:3-9)، هەروەها(Er-,2014 bas، Caglar، 2012) لە دوو توێژینەوەی جیاوازدا ئاماژەیان بە کاریگەری نامۆبوون کردووە لەسەر دەزگا پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان، لەڕووی تێبینیکردنی هەڵسو کەوت و ڕەفتارەکانی فێرخوازان لە بارودۆخە جیاوازەکانی فێربووندا، لەگەڵ ئەوەشدا)سیمن(پێیوایە وایە گەنجیی قۆناغێکی ڕاگوزەرە لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریەوە بەرەو پێگەشتن و گەورەبوون، بۆیە گەنجان لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کەسی دەبنەوە(Ball,2005)، خوێندکارانی زانکۆش چینێکی گەنجی کۆمەڵگەن و دەکەونە نێوان منداڵی و هەرزەکاری و گەورەبوون و پێگەیشتنەوە. هەر بۆیە (Yadav & Nagli:2012) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا پێیانوایە نامۆبوون دەبێتەهۆی سوتانی دەروونی و بێ هیوایی. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە بەهۆی گۆڕانکارییە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکانەوە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ڕوو لە زیاد بوونە، یەکێک لە بەربڵاوترین کێشەکانیش نامۆیی دەروونی یە(Öksüz & Öztürk، 2017 :1182)ئەم دیاردەیە لەنێو خوێندکاراندا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن زیادی کردووە.(العتيري والاحرش، 2020: 255) ئەو ڕێگایانەی خوێندکارانی زانکۆ گرتویانەتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانج و دەستەکەوتە ئەکادیمیەکانیان لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕانەی لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوە ڕوودەدەن، بەرەو پوکانەوە و کاڵبوونەوە دەچن، ئەمەش بەهای نارێك و نەگونجاوی لێدەکەوێتەوە کە زەحمەتە خوێندکار بتوانێت خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت، لە ئەنجامدا هەستێکی شپرز و پڕ لە فشاری ناوەکی خوێندکار لەگەڵ خۆی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکات، دواتر پەلدەکێشێت بۆ گۆشەگیری و هەستکردن بە نامۆیی(حەمدانی،2011: 12)، (El-Deeb ,2012: 547-63)، هۆکارێکی تری نامۆبوونی خوێندکار پەیوەندی هەیە بە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەک پرۆگرامی خوێندن و ژینگەی دامەزراوە پەروەردەیەکان و پەیوەندییە سۆسیۆکولتورییەکان (Brown et al., 2003; Huffman, 2001; Redden, 2002; Rokach, Bauer, & Oreck, 2003; Taylor, 2001).)

لەبەرئەوەی ئێمەی توێژەر بەشێکین لە پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەزموون و بەرکەوتنمان بە خوێندکاران و تێبینیکردنی ڕەفتارو هەڵس وکەوتیان درکمان بەوەکردووە کە خوێندکار بەدەست هەستکردن بە نامۆبوونی دەروونیەوە دەناڵێنێت. هەربۆیە توێژەرانیش بەباشیان زانی لەڕیگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە گەنگەشەیەکی زانستی دیاردەی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بکەن بۆیە دەپرسن، ئایا نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ هەیە؟ وە هەروەها دەپرسن ئایا نامۆبوونی دەروونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە یاخود مێ؟ لەهەمانکاتدا دەپرسن ئایا نامۆبوونی دەروونی لای چ قۆناغێک زیاترە یاخود کەمترە؟ لەکۆتایدا دەپرسن ئایا جیاوازی پسپۆڕی کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی نامۆبوونی دەروونی خوێندکاران؟ چونکە لەئەگەری بوونی وەها کێشەیەک پێویست بەوە دەکات توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و زانستیانە ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێت کەلە پشتی ئەو هەستکردن بە نامۆبوونەوە وەستاوە.

گرنگی توێژینەوە:

قۆناغی زانکۆ گرنگە بۆ گەنجان لەڕووی قەیرانی ناسنامە و تێڕوانینەکانیەوە بۆ داهاتوو لەسەر خۆیان و جیهان و ئامانج و لایەنی پیشەیی و خواستەکانیان، لەسەردەمێکدا گۆڕانکارییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەوە لەوپەڕی خێرایدان، بەخێراییش دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە مۆدیلی ژیان و یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتاییەکانی ئەم چەرخەدا، پەراوێزخستنی ڕۆڵی گەنجان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدوو لایەندا دەردەکەوێت، گەڕانەوە بۆ خودسەنتەری و دورکەوتنەوە لەوانی تر، یاخود یان تاوانکردن و دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی ئەوانی تر بەهۆی بێزاری و سیستی لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا(العنزی، ٢٠١٦: ٧١)، ئەمەش دەبێتەهۆی دەرکەوتنی گرفت و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەک نامۆبوون، ئەم توێژینەوەی ئێمەش گرنگی تیۆری و پراکتیکی هەیە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو:

١- چینێکی گرنگی کۆمەڵگەمان دیاریکردووە، کەگەنجان و خوێندکارانن، چونکە ئەم چینە لە هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگە زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئالەنگارییە نوێکاندا هەیە.

٢- خوێندکارانی زانکۆ بەدەست کێشەی جۆراوجۆری پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی یەوە دەناڵێنن، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکی زانستیانەیە بەمەبەستی بەدواداچوون و گرنگیدان بە خوێندکاران و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

٣- گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە ئەبێت، تا ئێستا توێژینەوەیەکی وەها ورد و زانستی لەسەر نامۆیی دەروونی لای خوێندکاران نەکراوە، ئومێد دەکەین ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک لەوبوارەدا پڕ بکاتەوە، ببێت بەسەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ توێژینەوەکانی دواتر لەسەر ئەو بابەتە.

٤- ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دەزگا پەیوەندیدارەکان دەدات، ڕێوشوێنی گونجاوتر بگرنە بەر بۆ بەرزکردنەوە هەستی بڕوا بەخۆبوون لای خوێندکاران، لەگەڵ کەمکردنەوەی هەستی نامۆیی دەروونی و کۆمەڵایەتیان و چێژ وەرگرتن لەژیانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕێگەی سیمینارو وۆرک شۆپ و کۆنفرانس و بەرنامە پەروەردەیی و دەروونییەکانەوە.

ئامانجی توێژینەوە:

١-زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

٢-زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکاران بەپێی هەریەک لەگۆڕاوەکانی (ڕەگەز، کۆلێژ، قۆناغەکانی خوێندن)

پێناسەی چەمک و زاراوەکان:

چەمکی نامۆبوون چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە لەلایەن هەریەک لە توێژەران و پسپۆڕانی بواری دەروونزانیەوە، لەگرنگترین ئەو پێناسانەش (Fromm:1960)ە کە پێیوایە نامۆبوون جۆرە ئەزموونێکە کە تاک تێیدا هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات، هەست ناکات بەشێکە لەناوەندی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی و چالاکییەکانی تێدا ئەنجام دەدات،وا هەست دەکات چالاکی و ئەنجامەکانی کۆنترۆڵی ئازادییەکانی دەکەن.((Fromm,1960:22

پێناسەی(Horny:1975) نامۆبوون: گوزارشتێکە تاک لەڕێگەی دابڕانی لەخودی خۆی و هەستەکانی و باوەڕو بۆچوون و تایبەتمەندیەکانی یەوە دەریدەبڕێت، کە تێیدا هەست بە لەدەستدانی تواناو چالاکییەکانی دەکات لەگەڵ خۆی و دەوروبەری.(Horny:1975)

-پێناسەی(Harre at all, 1985)نامۆبوون:بارودۆخێکە کە تیادا تاک هەست بە وونبوونی خۆی و ئەو خواستانەی دەکات کە پێشتر خاوەنداری دەکرد» (Harre & Lamb, 1983).یان نامۆبوون: بریتی یە لەپەیوەندییەکی نێگەتیڤی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی و

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەڵسوكەوتەكانی دژی نۆرمەكانی كۆمەڵگە و لێكترازانی لەگەڵیاندا. (Wynne, 1978; Young, 1985)

كەواتە نامۆبوون بارودۆخێكی دەروونی و كۆمەڵایەتییە كە تاك تێیدا هەست بە دابڕان و لێكترازانی پەیوەندییەكانی دەكات لەگەڵ خودی خۆیی و كەتواری كۆمەڵایەتی، بەهۆی جیاوازی لەنێوان ئامانج و پرۆژەكانی و داواكاری و خواستەكانی كۆمەڵگەكەی، تا ئێرەپێناسەی چەمكی نامۆبوونمان كرد، هەربۆیە لێرەوە ئاماژە بەپیناسەی چەمكی نامۆبوونی دەروونی دەكەین كەمەبەستی سەرەكی توێژینەوەكەمانە: (زهران، ٢٠٠٢) پێیوایە نامۆبوونی دەروونی بریتی یە لە هەستكردنی تاك بە لەدەستدانی ئینتیما و متمانە، و ڕەتكردنەوەی داب و نەریت و پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان و ئازار و فشارە دەروونییەكان، لە ڕێگەی هەستكردن بەلاوازی و لەدەستدانی یەكگرتووی كەسێتی لەژێر فشاری چالاكییە فەرهەنگی و كۆمەڵایەتییەكان لەناو كۆمەڵگەدا.(زهران، ٢٠٠٢: ٦)

هەروەها (العقلي، ٢٠٠٤)پیناسەی نامۆبوونی دەروونی كردووە بەوەی كە بریتیە لەهەستی دابڕانی تاك لەكۆمەڵگە یاخود خۆی، یان هەردووكیان، بەهۆی لەدەستدانی هەستی بڕوا بەخۆبوون و بەها و مانای ژیان و ئامانجەكانی، پەیوەستنەبوون بە پێوانەكان و لەدەستدانی ئینتیما. (عنید، ٢٠١٨: ٤)

پێناسەی (Seema,2017) نامۆبوونی دەروونی: بریتی یە لە دۆخێكی دابڕان و گۆشەگیری و بێ متمانەیی و بێ شوناسی تاك لەڕووی دەروونیەوە لەخۆی و كۆمەڵگەی، كە تێیدا تاك هەست بە بێ مانایی و بەهایی ژیانی دەكات(Seema,2017,3).

لەڕوانگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین نامۆبوونی دەروونی بریتی یە لە» هەستكردنی تاك بە لێكترازانی پەیوەندییەكانی بە دەروونی خۆی جیهانی دەرەوەی و بێ مانایی و بێ بەهایی و بێ ناسنامەیی لە چوارچێوەی ژینگە كۆمەڵایەتییەكەیدا.

پێناسەی ڕێكاری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو نمرانەی خوێندكاران لەكاتی وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەكەدا بەدەستی دەهێنن.

خوێندكاری زانكۆ:

ئەو كەسەیە كەبەهۆی توانا زانستییەكانیەوە دوای تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی ڕێگەی پێدەدرێت لەزانكۆدا درێژە بەخوێندن بدات، بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی لیهاتوویە پیشەیی و زانستییەكانی لەچوارچێوەی پسپۆڕییەكی دیاریكراودا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس، و بەلایەنێكی بنەڕتی پرۆسەی پەروەردەیی دادەنرێت لەزانكۆدا بۆتەواوكردنی پێداویستییە زانستییەكانی بەشێوەیەكی سەركەوتوانە. (صدام،٢٠١٥: ١١)

تیۆرەكانی نامۆبوون:

١-تیۆری سیمەن بۆ نامۆبوون:

ماركس نامۆبوونی مرۆڤی دەگەڕاندەوە بۆ ئۆبجێكتەكانی دەوروبەری مرۆڤ، بەڵام سیمەن بە جۆرێكیتر چەمكی نامۆبوونی بردەوە نێو بواری دەروونناسی كۆمەڵایەتی، هەروەها تیورەكەی درێژە پێدەری بیروبۆچوونەكانی ماركس بوو، بەتێگەشتنێكی تر سیمەن نامۆبوونی لەنێو پێنج ڕەهەندی پێوانەی دەروونناسی كۆمەڵایەتیدا شرۆڤەكرد، پێیوایە لەڕێگەی ئەم پێنج ڕەهەندەوە، دەتوانین باشتر لە دیاردەی نامۆبوون تێ بگەین، ئەوانیش: بێدەسەڵاتی، كە تاك تێیدا هەست دەكات هیچ توانا و هێز و كاریگەرییەكی نییە لەو ژینگە كۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی، و بێ مانایی بەواتای ئەوەی تاك توانای هیچ بڕیاردانێكی نییە و شارەزایی نییە لەوەی چۆن چالاكییەكانی ئەنجامبدات، یاخود هەست بەوە دەكات هیچ توانایەكی نییە و ئاڕاستە دەكرێت، و بێ نۆرمی، واتە تاك ڕێگە و شێوازی لادەرانە و ناپەسەند بەكاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی، و گۆشەگیری، تاك تێیدا هەست بە تەنهایی دەكات و وا بیردەكاتەوە دابڕاوە و جیاكراوەتەوە لە كۆمەڵگە و هیچ پەیوەندییەكی بە كەتوار و فەرهەنگی كۆمەڵگەوە نەماوە و بەشێك نییە لێی، كۆتا ڕەهەند بەپێی بۆچوونی سیمەن

لەخۆنامۆبوونە، ئەویش هەستێکی توندە کە تاک تێیدا وا بیردەکاتەوە تەنانەت بەخۆشی نامۆیەو خۆی ناناسێت(غیث، ١٩٩٥: ٢٢).

پاشان سیمەن چەمکی ئەنۆمی لە رۆبێرت میرتۆن (١٩٤٩) وەردەگرێت کە پێی وایە ئەنۆمی بریتییە لە دژیەکیەک لەنێوان بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئامانج و هەڵسوکەوتەکانی تاکدا. رەهەندی چوارەمی تیۆرەکەی سیمەن گۆشەگیری یە، کە تاک تێیدا بڕیاردەدات لە پێوەرە ستاندارده کۆمەڵایەتییەکان دوربکەوێتەوە و بەتەنها بژی، نرخێکی کەمیش بەو ئامانج و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیانە دەدات کە بونیادی کۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە، وە گۆشەگیریش بەمانای کشانەوە و دابڕانی تاک دێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان(Israel,١٩٧١: ٢١٢). رەهەندی کۆتایی لە تیۆرەکەی سیمەن دا لەخۆنامۆبوونە، ئەویش جۆرێکە لە نامۆبوون بەهۆی ئەو چالاکیانەوە دروست دەبێت کە تاک ئەنجامی دەدات و ویستەکانی خۆی تێدا بەدینایەت Seeman, ١٩٥٩: ٧٩٠)) ، لەکاتێکدا بارودۆخێک دروست دەبێت کە تاک کاری داهێنەرانەش ئەنجام بدات هەستی پێ ناکات و توشی لەخۆنامۆبوون دەبێت، لێرەدا تاک پێی وایە ئەو توانا پۆتێشناڵەی هەیەتی ناتوانێ هیچ بەرهەم بهێنێت و تەنها کات بەفیڕۆدەدات. سیمەن بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەری مەرجە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، یەکێک لەو رەخنانەی لە سیمەن دەگیرا پشت بەستنی توندی بوو بە بابەتە دەروونناسییەکان لە تێڕوانینی بۆ چەمکی نامۆبوون،بەڵام سیمەن بەشێوەیەکی بابەتیانە بەرگری لە بیروبۆچونەکانی خۆی کرد دژ بە نەیارەکانی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە تیۆرەکەی لەسەر بنەمایەکی ئەزموونی تایبەتی دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوەلە چەمکی نامۆبوون (Israel,١٩٧١: ٢١٣)

٢- تیۆری دەروونشیکاری:

فرۆید پێی وایە نامۆبوون بەرهەمی ئەو شارستانیەتیەیە کە تاک خۆی دروستی کردووە و کاریگەری لەسەری داناوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئارەزوو و ئاڕاستەکانی خۆیەوە دەجوڵێتەوە، واتە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە نامۆبوون لەئەنجامی ململانێ و کۆنترۆڵکردنی شارستانیەتەوە سەرهەڵدەدات، کە لای تاک هەستی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و دڵتەنگی دروست دەکات(کاتێک تاک لەژێر فشاری یاسا کۆمەڵایەتی و شارستانیەتە ئاڵۆزەکاندا ڕووبەڕووی ئازار و نارەحەتی دەبێتەوە و توانای فێربوون و خێرا وەرگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی نییە کە ڕوودەدەن، لەئەنجامدا تاک توشی ململانێ دەبێت لەنێوان خواستەکانی خۆی و داواکارییەکانی کۆمەڵگەکەی، ناچار دەبێت لەژێر ئەو فشارە جۆراوجۆرانەدا پەنا ببات بۆ میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی لەگەڵ ئیگۆی(من)خۆیدا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرژی و ناکۆکیەی لە نێوان ئارەزوو و خەونەکانی و داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگەدا دروست بووە، بۆیە شتێکی سروشتییە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرژییەکانی پەنا بۆ پێکهاتەی (من) ببات کە کەسایەتی خۆی لەسەر بونیاد ناوە، بەو هۆیەیش تاک توشی دڵەڕاوکێ و نامۆبوونی دەروونی زیاتر بکات، بۆیە فرۆید لەو باوەڕەدایە شارستانییەت لەسەرحسابی بنەمای چێژ (لیبیدۆ)دروست بووە و تەنیا گرژی و فشار و نامۆبوونی پێشکەش بە مرۆڤ کردووە(زعتر، ١٩٨٩: ٢٠).هەروەها فرۆید لە دوولایەنەوە سەیری دیاردەی نامۆبوون دەکات، یەکەمیان، شکستهێنانی پەیوەندیەکانی تاک بەو شارستانیەتەی دروستی کردووە توشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەکات، دووەمیان ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری نامۆبوون پەیوەندی بە ئازادی خود و نەناسینی پێکهاتەکانی (من و منی باڵا) وە هەیە لای تاک بەهۆی پشتبەستنی زۆری منداڵ بەدایک و باوکی لە ڕابردوودا(شتا، ١٩٨٤: ٤٥)، لەلایەکی ترەوە فرۆید گریمانەیی ئەوە دەکات نامۆبوون، نامۆبوونی هەستە لە نەست. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی شارستانیەت ئەو فشارانەی دروستی دەکات ناکۆکە بە جەوهەری خود، ئەمەش وا لە تاک دەکات لەخۆی و کۆمەڵگەکەی نامۆ بێت(الموسوي، ١٩٩٧: ٧٨)، هەروەها کارل هۆرنی پێی وایە نامۆبوون کاتێک ڕوودەدات، ئەو وێنە ئایدیالییەی تاک دروستی کردووە بۆخۆی زۆر جیاواز لەوێنە کەتواریەکەی، ئەمەش بۆشاییەکی قوڵ لە خوددا دروست دەکات، کاتێکیش مرۆڤ خو بەو بوونە ئایدیالیەوە دەگرێ ئیتر بەئەستەم قبوڵی بوونە کەتواریەکەی خۆی دەکات و نایەوێ بگەڕێتەوە نێو کەتواری ژینگەکەی، هەربۆیە تاک تێڕوانینی نێگەتیڤی بۆ دروست ئەبێت و توشی شڵەژان و نارێکی دەبێت، و هەستی نامۆبوون تیایدا زیاد دەکات.(قبقوب و سعیدي، ٢٠١٥: ٢١٦- ٢٣٧)

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣- تیۆری نامۆبوونی گەنجان لای کینستۆن:

کینستۆن لە تیۆرەکەیدا سەبارەت بە نامۆبوونی گەنجان، بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەهەند وەردەگرێت، لە کتێبەکەیدا کە لەساڵی ١٩٦٥ بەناوی (نامۆبوونی گەنجان لە کۆمەڵگەی ئەمریکی)دا، ئاماژە بەوە دەکات، نامۆبوون دیاردەیەکی حەتمیە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدات، بەپێی جیاوازی کولتوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە، کە هەندێجار گۆڕانکارییە کتوپڕ و خێراکان دۆخێکی بێهیوایی و ناجێگیر دروست دەکەن، کە دەبنەهۆی نامۆبوون(Keniston,١٩٦٥: ٦٥)، دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی کینستۆندا بڵێین هەر بارودۆخ و ئاڵەنگاریەکی نوێ ڕوویدات ئەوا بەرێژەییەکی زیاتر بەر گەنجان دەکەوێت، چونکە گەنجان لەو قۆناغەدا لەڕووی دەروونی و فسیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی یەوە لەبەردەم گۆڕانکاری و هەڵچوونێکی بەرزدان، بۆیە لەچینە مرۆییەکانی تر زیاتر کاریگەرییەکانی لەسەر دەردەکەوێت و توشی بێهیوایی و بێ مانایی و نامۆبوون دەبێت.

٤- تیۆری قەیرانی شوناس لای ئەریکسۆن:

ئەریکسۆن یەکێکی ترە لەو زانایانەی لە تیۆرەکەیدا لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، سەیری نامۆبوون دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە هەرزەکاری قۆناغێکی گرنگی بونیادنان و دروستکردنی شوناسی (خود)ە لای تاک، پێی وایە کاتێک تاک ئامانجێکی باڵای هەیە و لەگەڵ پێداویستییەکانی خودی خۆیدا تەبایە، ئەوا هەست بە یەکگرتویی شوناسی دەکات و بڕواو متمانەی بەخۆی زیاد دەکات، بەڵام کاتێک تاک هەست بکات شوناس و خواستەکانی ناتەبان و ناگونجێن، ئەوا توشی گرفتی شوناس دەبێت، نەبوونی یەکگرتووی شوناس و خود لای هەرزەکار و تاک، دەبێتەهۆی هەستکردن بە بێ مانایی و نامۆبوون(Erikson,١٩٦٨; ٦٤).

٥- تیۆری ڕەفتاری:

ئەو زانایانەی خاوەنی تیۆری ڕەفتارین، تیشکیان خستۆتە سەر بابەتی فێربوون بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەروونییەکان، لایەنگرانی ئەم تیۆرە باس لەوە دەکەن کە بوونی پاداشت و سزا هۆکاری سەرەکی لادان و نامۆبوونی تاکن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاکن و دیاردەی نامۆبوون ، چونکە تاک وا هەست دەکات ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەتانە ئەنجامی دەدات بەشێک نییە لە کەسایەتی، لە میانەی تێگەشتنی ئەم تێورەوە کەموکورتی و کێشە ڕەفتارییەکان، هۆکاری ئەنجامدانی ڕەفتارە لادەرەکانن کە تاک فێریان ئەبێت لە وروژێنەر و سەرچاوە جۆراجۆرەکانی ئەو ژینگەی تێیدا دەژی، بۆیە تاکیش بەرگری لەخۆی دەکات لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی بەدڵی خۆی نییە و دڵخۆشی ناکات خۆی دەپارێزێت، و ئەم تیۆرە پێی وایە تاک بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەکەوێتە نێوان خۆی و دەوروبەریەوە لەکاتی تێرکردن و وەڵامدانەوەی ورژێنەرەکانی توشی نامۆبوون دەبێت، و لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر و لەگەڵ خۆی دووردەکەوێتەوە.(عبداللە، ٢٠٠٧: ٣٦)

٦- تیۆری هۆکار و خاسیەتە جۆراوجۆرەکانی نامۆبوون:

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای چەند فاکتەرێکی دیاریکراو هەڵسوکەوتی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو فاکتەرانەی توانای سنووردارکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی مرۆڤیان هەیە. لەو توێژینەوانەی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەنجامیانداوە لەسەر ئەو کەسانەی نامۆبوونیان هەیە، گەشتون بەوەی فاکتەرەکانی: خۆپەرستی و ڕەشبینی بێ متمانەیی و بۆشایی و تەنگەژەی ڕۆژانە و بێ مانایی و گۆشەگیری و بێکاری و لەدەستدانی توانای بەرپرسیاریەتی و پەشێوی لە ناسنامە و شوناس و بڕوانەبوون بەدەوروبەر و لەدەستدانی بەهاکان و گرفتە خێزانییەکانی نێوان منداڵ و دایک و باوک، شکست و نەگونجان لە پێکەوەبەستن و دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی تاک بەڕابردوو و ئێستاوە، نەگونجانی نێوان نەوەکانی ڕابردووە ئێستا، فاکتەری سەرەکین بۆ نامۆبوونی تاک.(زهران: ٢٠٠٤: ١١٣)

٧- تیۆری ئیرادەی مانا لای فرانکل:

فرانک لە تیورەکەیدا پێی وایە ئیرادەی مانا گەورەترین گرفتی مرۆڤی ئێستایە، چونکە لە ڕاستیدا گرفتی هەست بەکەمی کردن و نەبوونی ئامانج لەژیاندا بنەمایەکی گرنگن بۆ ماناداركردنی ژیانی مرۆڤ، ئیرادەی مانا لای فرانکل بە واتای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و تایبەتمەندێتی، هەموو مرۆڤێک ئەرک و پەیامی تایبەتی هەیە لەژیانیدا، لەهەموو بارودۆخێکدا بەرگری لێ دەکات و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەموو ئەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەیانگرێتە بەر بۆ ماناداركردنی بوونیەتی و چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر ئەو بوونەدا. (فرانکل: ١٩٩٨: ١٨)

هەروەها فرانکل ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسانەی لە ژیاندا هەست بەبێ مانای ئەکەن، بەدەست بۆشاییەکی قوڵی بوونەوە دەناڵێنن، کە دەبێتەهۆی بێهیوایی لە بوونیان، ژیانیان لا بێ مانا ئەبێت، و توشی نامۆبوون دەبن، بۆیە فرانکل پێی وایە ئەو بۆشاییە وجودیە لە دوولایەنەوە دروست ئەبێت:

١- لەدەستتدانی ئاسایش و ئارامی، لەو کاتەوەی مرۆڤ لەبەهەشت بۆ هەتا هەتایی دەرکرا، مرۆڤ ئەرک بوو لەسەری هەڵبژاردن بکات لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیانە نوێکەیدا.

٢- پێشکەوتنی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن و هاودژیەکی گەورە لەگەڵ ڕەفتارەکانیدا دروست بووە، بەهۆی پشت بەستنی بەو نەریتانەی کە بووە هۆی تێکدانی ڕەفتارەکانی، هیچ پاڵنەرێک نییە بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکات بۆ ئەوەی چی بکات و بەو هۆیەوە شێوازی ژیانی تێک چووە، خۆی لەبەردەم بێ مانایی و هەستی نامۆبوون دەبینێتەوە

لەوەها توێژینەوەیەکدا بەتەواوی ناتوانرێت هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی تیۆرەکان ڕوونبکرێتەوە، بۆیە تیشکمان خستۆتە سەر بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی تیۆرەکان، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، دەتوانین بڵێین ئەم توێژینەوە هاوڕایە لەگەڵ تێڕوانینە جیاوازەکانی زانایان بۆ چەمکی نامۆبوون، چونکە هەر تیۆرە و لەگۆشەیەکەوە سەیری بارودۆخی مرۆڤ و تاک دەکات، و قۆناغی گەنجیش کە هاوتایە بە تەمەنی خوێندکاری زانکۆ، ئەوا دەتوانین بڵێین دەکەونە ژێر شرۆڤە و تێڕوانین و هۆکارەکانی ئەم تیۆرانەوە.

توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر نامۆبوونی دەروونی:

١- توێژینەوەی(Godwin, 1972):

بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان نامۆبوون و هەندێک لە گۆڕاوەکان- توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە) ئامانجی توێژینەوەکە بریتی یە لە زانینی ئاستی نامۆبوون و هەندێک لە گۆڕاوەکانی وەک(ئاین، ئاستی خوێندن، ڕەگەز، ئاستی هیوا، تەمەن و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی)، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٣٩٢) خوێندکار لە پەیمانگا جیاوازەکان لە باشوری ئەمریکا، و (٢٢٦) خوێندکار لەزانکۆکانی ناوەڕاستی ئەمریکا، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە و توێژەر خۆی پێوەری نامۆبوونی دروستکردووە، لەکۆتایدا گەشتووە بە ئەنجامی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی نامۆبوون و تەمەندا، لای تەمەن کەمەکان نامۆبوون زیاترە، هەروەها پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی هیواو و نامۆبوون لە بەرژەوەندی پەیمانگاکانی باشوری ئەمریکا، وە جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ و ئاستی نامۆبوون لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، بەڵام هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان ئاستی نامۆبوون و گۆڕاوەکانی ئایین و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی.(Godwin, ١٩٧٢:٢٢)

٢-توێژینەوەی(Mahoney and Quick, 2001):

بەناونیشانی (کەسایەتی و پەیوەندی بە نامۆبوون لە زانکۆ نموونەیەکان)،ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی ئاستی نامۆبوون لای خوێندکارانی زانکۆ لە ئەمریکا، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ڕۆڵی زانکۆ لەبەرزکردنەوەی هەستی نامۆبوون لای خوێندکاران، نموونەی توێژینەوەکە

پێکهاتبوو لە (٢٢١) خوێندکار کە (١٣٦) کچ بوو (٨٥) یان کوڕبوو، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە، وە پێوەری(Could)ی بۆ نامۆبوون بەکارهێناوە کە لە (٤٤) برگە پێکهاتووە، دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە نامۆبوون لای (٧٧) خوێندکار لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نییە لەنێوانیان بۆ هەستکردن بە نامۆیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژینەوەکە دەری خستووە کە نامۆبوون لای خوێندکاران هەیە و هۆکارەکەشی بۆ بارودۆخی ژینگەی زانکۆ دەگەڕێتەوە.

٣-توێژینەوەی موسی(٢٠٠٢):

بە ناونیشانی(نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی پێداویستییە دەروونییەکانەوە)، ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی دیاردەی نامۆبوون بوو لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق و پەیوەندی بە هەندێک لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانەوە(تەمەن، ڕەگەز، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی)، و هەروەها زانینی پەیوەندی هەستکردن بە نامۆیی و پێداویستییە دەروونییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی(تەمەن، ڕەگەز، قۆناغی خوێندن، پسپۆڕی))، توێژینەوەیەکی وەسفی(پەسنی) شیکارییە، کۆمەڵگەکەی پێکهاتبوو لە (٥٦٨) خوێندکاری کوڕو کچ لە کۆلێجە جیاوازەکانی(پزیشکی، ئەندازیاری مەدەنی، ئاداب، و ڕاگەیاندن)، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ هەردوو گۆڕاوی(نامۆیی دەروونی)و (بەدەستهێنانی پێداویستیە دەروونییەکان)، لەئەنجامدا توێژەر بۆی دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لەڕووی هەستکردن بە نامۆبوون لای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوەکانی(تەمەن) و (پسپۆڕی) و نامۆیی لای خوێندکارە گەورەکان و کۆلێژە زانستییەکان کەمترە لە خوێندکارە تەمەن بچوک و کۆلێژە ئەدەبییەکان.

٤-توێژینەوەی(کتلو٢٠٠٧):

بەناونیشانی(نامۆیی دەروونی لای گەنجانی زانکۆ و پەیوەندی بە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانەوە)،ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی نامۆیی دەروونیی بوو لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و زانکۆ و تەمەن، میتۆدی پەسنی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٤٠١) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز، ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە وپێوەری توێژینەوەکە توێژەر خۆی ئامادەی کردووە، لەئەنجامدا گەشتووە بەوەی کە بەشێوەیەکی مام ناوەند گەنجانی زانکۆکانی فەلەستین نامۆیی دەروونیان هەیە، توشی بێ مانایی دەبن، هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندکاران بۆ نامۆیی دەروونی بەپێی گۆڕاوی تەمەن لەبەرژەوەندی گەنجانی(١٩) ساڵ، هەروەها کە نامۆیی دەروونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ.(کتلو، ٢٠٠٧؛ ٣٢٢-٣٦٢)

٥-توێژینەوەی(علوان، ٢٠١٤):

بەناونیشانی(نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی یە لە، زانینی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی زانکۆی بابل، سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە کە خوێندکارانی بەشەکانی(زمانی عەرەبی، بیرکاری، جوگرافیا و مێژوو و دەروونناسی و زمانی ئینگلیزی بوون) کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکار بوون, پێکهاتبوو لە (٥٠) خوێندکاری کوڕ و (٥٠) خوێندکاری کچ، پشتی بەستووە بە ڕاپرسی وەک ئامرازی توێژینەوەکە و پێوەری (الکبیسی) بەکارهێناوە بۆ پێوانە نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکاران کە لە (٢٦) برگە پێکهاتووە، لە کۆتاییدا گەشتووە بەو ئەنجامەی کە نامۆبوونی لای ڕەگەزی نێر زیاترە لەمێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی نێر زیاتر ئازار دەچێژێ بەدەست داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەوە چونکە ڕەگەزی نێر کەمتر پابەند دەبن بەو یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەوە و زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕووداوە کت و پڕەکانیشدا هەیە.

ڕێبازی توێژینەوە: توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وسفییان بەکارهێناوە.

کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەخوێندکارانی سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆی گەرمیان، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی،سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی هەڕەمەکی سادەیە لەخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، بەپێی ئاماری ساڵی خوێندنی (٢٠٢١).

ئامرازی توێژینەوە: توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بۆکۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە، ئامرازی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، بۆئەم مەبەستەش فۆرمی ڕاپرسی (علیان،٢٠١٣) یان وەک ئامرازێکی زانستی بەکارهێناوە.

ڕاستی و جێگیری پیوەری نامۆبوونی دەروونی:

ڕاستی و جێگیری تویژینەوەکەمان لەتویژینەوەی (ابو عمرە،٢٠١٣)وەرگرتووە.بەم شێوەیەی خوارەوە.

ڕاستی پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

توێژەر بەمەبەستی سەلماندنی ڕاستی و دروستی برگەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی، ڕپرسیەکەی دابەشکردووە بەسەر کۆمەڵێک لەپسپۆڕانیبواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا، دوای سەرنج و تێبینی پسپۆڕان، ڕادەی سەلماندنی گونجاوی و نەگونجاوی ڕاستکردنەوەو لابردنی هەندێک لەبرگەکانی ڕاپرسیەکە ، ژمارەی برگەکانی توێژینەوەکە(٢٨)برگەی لێ جێگیرکرا، لەبەرامبەر هەر ڕگەیەکدا،سێ ئاست دانراوە(بەدەگمەن ، هەندێکجار، بەردەوام)بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئاستی هەربڕگەیەک نرخێکی پێدراوە بەژمارە(١,٢,٣)، بەمەبەستی جێبەجیکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا.

جێگیری پێوەری نامۆبوونی دەروونی:

بۆ دەرهێنانی جێگیری پیوەری توێژینەوەکە، تویژەر ئەلفاکرۆنباخی بەکارهێناوە،جێگیری توێژینەوەکە بەپێی ئەلفاکرۆنباخ دەکاتە (٨٦٪)، کەئەمەش بەپێی سەرچاوە ئامارییەکانی توێژینەوەی زانستە مرۆییەکان، ڕێژەیەکی گونجاوە، بۆ جێبەجێکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەماندا.

کەرەستەی ئاماری ئەم توێژینەوەیە:

بریتییە لە(لادانی پێوەری و ناوەندە ژمێرەیی و تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک سامپڵ و دوو سامپڵی سەربەخۆ One way Anova)کە بۆشیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە پشتمان بەستووە بەبەرنامەی(SPSS) بۆ شیکاری ئامارێی لەتوێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

ئەنجامەکانی تویژینەوەو لێکدانەوەکانیان:

لەم بەشەدا ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی ئامانجەکانی تویژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی بەتوێژینەوە هاوشێوەکان لەوشوێنەی پەیوەندی بەئەنجامەکانی ئەوتوێژینەوانەوە هەیە.

یەکەم- ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لەخستنەڕووی ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو و لادانی پێوەری بۆهەریەک لەبرگەکان و، پاشان نمرەی گشتی بۆهەریەک لەوبوارانە

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەرهێنراوە.

خشتەی (١): خستنەڕوی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

ژمارەی سامپڵی توێژینەوە	ناوەندە ژمیرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی	نمرەی ئازادی	بەهای (T)		ئاستی بەڵگەداری
					هەژمارکراو	خشتەیی	
311	44.054	7.097	54	310	24.71	1,96	0.05

بەپێی ئەنجامی بەدەستهاتووی ناو خشتەکەی سەرەوەوە بۆئاستی نامۆیی دەروونی ، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو (٤٤,٠٥٤) بەلادانی پێوەری (٧,٠٩٧)، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T) بۆیەک سامپڵ، دەردەکەوێت کەناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی(٥٤)،و بەبەهای (T)هەژمارکراو (٢٤,٧١)، ئەمەش لەئاستی بەڵگەداریدایە، چونکە گەورەترە لەبەهای (T)خشتەیی(١,٩٦)، بەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠)، کەبچوکترە لەنمرەی هەڵەیی (٠,٠٥)و نمرەی ئازادی (٣١٠)، لەکاتی بەراوردکردنی ناواندە ژمیرەیی و ناوەندی گریمانەییدا، تێبینی دەکرێت کەناوەندە ژمیرەیی هەژمارکراو بچوکترە بەجیاوازی ١٠ نمرە ، هەروەها ئاستی بەڵگەداریش بچوکترە لەئاستی هەڵەیی. ئەوەش دەریدەخات کە جیاوازی ئاماری هەیەو بەڵگەدارەو ،ئەنجامەکان دەریدەخەن کە خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ئاستی نامۆیی دەروونیان هەیە، بەپێی ئەزموونی توێژەران لەنێو ناواندی زانکۆدا کەبەشێکن لە پرۆسەی خوێندن بەسەرنجدان لە هەڵسوکەوتی خوێندکاران و درککردن بەوەی خوێندکاران بەدەست هەستکردن بەنامۆیی دەروونییەوە دەناڵێنن، ئەوەش بەهۆی ئەو دڵەڕاوکێو ترس و گرفتانەی کەلەژیانی زانکۆدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەبەرئەوە توێژەران پێیان وایە خوێندکاران ڕوبەڕووی گۆڕانکارییە سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کەسییەکان دەبنەوە لەکاتێکدا ئەوان لەنێو خێزان و کۆمەڵگەی جیاجیاوە هاتوون و هەر کۆمەڵگەیەکیش خاوەن کەلچەری تایبەت بەخۆیانە و تاکەکانیان لەسەری ڕاهێناوە. کە خوێندکارانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگایانە، هۆکارێکی تری نامۆبوونی خوێندکاران پەیوەستە بە پرۆگرامی خوێندن و ئەو کۆششانەی دەیکەن بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان و بەوەش تووشی بێهیوایی و نائومێدی دەبنەوە لەڕووبەڕووبونەوەی ئاڵەنگارییەکان و لەداهاتوویان، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەک لە((Mahoney and Quick, 2001 ، (موسى،2002)، (كتلو،2007)، (علوان، 2014)، (1972 (Godwin, .)کە لەئەنجامەکانیاندا ئەوە بەدەرکەوتبو ئاستی نامۆیی دەروونی لای سامپڵی هەڵبژێردراو لەئاستێکی بەرزدایە .هەریەکەیان هۆکارەکانیان بەستوەتەوە بە چەند فاکتەرێکی جیاوازەوە..

دووەم:زانینی ڕۆڵی هەریەکە لە (ڕەگەز، کۆلێژ ، قۆناغی خوێندن) لەسەر نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهێنراوە(Independent samples Test).

١-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر،مێ)، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهێنراوە(Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

ڕەگەز	ژمارە	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری	بەهای(T) هەژمارکراو	ئاستی بەڵگەداری
نێر	114	42.96	7.11	0.39	0.873
مێ	197	44.85	7.02		

بەهای (T) خشتەیی بەئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) نمرەی ئازادی (٣١٠)= ١,٩٦

بەوشێوەیەی کەلە نێو خشتەی(٢) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، ناوەندە ژمێرەیی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی نێر بریتییە لە(٤٢,٩٦) و بەلادانی پێوەری (٧,١١)، لەگەڵ ئەوەشدا نمرەی ناوەندە ژمێرەیی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی مێ بریتییە لە(٤٤,٨٥) بەلادانی پێوەری (٧,٠٢)لەکاتی بەراوردکردنی هەردوو ناوەندەکە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە ڕەگەزی نێر،بۆ جیاوازی نێوان دوو ناوەندەکە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دوو سامپڵی توێژینەوەکە دەرکەوت کەئاستی بەڵگەداری (٠,٨٧٣)گەورەترە لە(٠,٠٥)، ئەوەش نیشانی دەدات کە جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکاران لەهەردوو ڕگەز بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی، بەڕای توێژەران، خوێندکاران لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەناوەندی زانکۆدا وەک یەک ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار دەبنەوە لەچارەنووسی خوێندنیان و بەهەمان شێوەی یەکدی. بیرکردنەوەیان ڕەشبینانەیە بەرامبەر بەداهاتوویان ،سەرەڕای ئەوەش خوێندکاران بێ جیاوازی لەهەمان دۆخی ئابووری خراپدا ژیان دەگوزەرێنن، سەرەڕای ئەو هۆکارانەش دۆخی ئێستای جیهان بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەم دۆخەدا تاکەکان ڕوبەڕووی چەندین حاڵەتی دەروونی قورس بونەتەوە لەمەترسیان بەتووشبوونیان بەم پەتا جیهانییە، هەروەها بەوهۆیەشەوە پرۆسەی خوێندن و تەواوی ڕێچکەی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو وەستێنراوە و جیهان ڕوبەڕوی کەرەنتینە بوەتەوە بەوەش چەندین جۆرو و حاڵەتی نەخۆشی سایکۆسۆماتی لەسەر تاکەکان دەرکەوتووە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (Mahoney and Quick, 2001)،بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لەنێوانیاندا نییە، بەڵام بەپێچەوانەی هەریەک لە توێژینەوەکانی ((کتلو ،٢٠٠٧)، (علوان، ٢٠١٤)، (Godwin,) ١٩٧٢) کە جیاوازی هەیە لەنێوان سامپڵی هەڵبژێردراو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی نێردایە.

٢-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی کۆلێژ(زانست، پەروەردەی بنەرت، زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان)، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ بەکارهێنراوە(Independent samples Test)، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٣) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٣): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی کۆلێژ.

هاوکۆلکەی پەیوەندی	نمرەی ئازادی	کۆی چوارینەکان	ناوەندی چوارینەکان	بەهای (T)هەژمارکراو	ئاستی بەڵگەداری
نێوان چوارینەکان	38.979	2	19.490	0.385	0.681
ناوەندی چوارینەکان	15577.092	308	50.575		
کۆی گشتی	15616	310			

لەخشتەی (٣) دا دەردەکەوێت کەوا ئاستی بەڵگەداری ئاماری (٠,٦٨١) گەورەترە لە(٠,٠٥) ، ئەوەش ڕوونیدەکاتەوە کە جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی، توێژەران پییان وایە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕەشبیین و نائومێدن لە ئایندەیان و پێیان وایە کەچانسی دامەزراندن وبەدەست خستنی کاریان نابێت و ناتوانن لەئایندەیاندا سود لەپسپۆڕی و بڕوانامەکانیان ببینن بەهۆی ئەو دۆخە ناهەموارە سیاسی و ئابوریەی کەباڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی وەدەستهاتووی توێژینەوەی (موسی،٢٠٠٢)،بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی ئەوە بەدەرکەوتبوو کە ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی کۆلێژە زانستییەکان کەمترە.

٣-جیاوازی نێوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی دا بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن، لەبەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا هەریەک لە تاقیکردنەوەی (T)بۆ دوو سامپڵ (One Way Anova ،(Independent samples Test)) بەکارهێنراوە، کەئەنجامەکەش لەخشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤): خستنەڕوی ئاستی نامۆبوونی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن.

هاوکۆلکەی پەیوەندی	نمرەی ئازادی	کۆی چوارینەکان	ناوەندی چوارینەکان	بەهای هەژمارکراو(T)	ئاستی بەڵگەداری
نێوان چوارینەکان	251.503	3	83.834	1.675	0.172
ناوەندی چوارینەکان	15364.568	307	50.047		
کۆی گشتی	15616.071	310			

بەپێی ئەنجامی نێو خشتەی (٤) تێبینی ئەوە دەکرێت کە لەئاستی بەڵگەداری ئاماری دا نییە، چونکە بەرزترە لە (٠,٠٥) بۆ ئاستی نامۆیی دەروونی لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ، بەپێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن(یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)، بەبۆچوونی توێژەران نەبوونی جیاوازی نیوان خوێندکاران لە ئاستی نامۆیی دەروونی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕیەوە کەخوێندکاران بەهەمان دۆخی ناهەمواری وەک لاوازی پرۆگرامدا تێپەڕ دەبن کە خوێندکاران وای دەبینن سودی ئەوتۆی نابێت لە دروستکردنی ئایندەیانداو پەیوەست نییە بەبازاڕی کارەوە، هەروەها بەهۆی ئەو پەروەردە پۆلیس ئاسایەی خێزانی کورد پێشکەش بە تەمەنی مداڵیان کردووە.کاریگەرییەکی نەرێنی دەرکەوتنی نیشانەکانی نامۆیی دەروونی لێدەکەوێتەوە لەلای خوێندکاران ئەمەش لەکاتێکدا دروستکردنی من(ego) پێچەوانەی پەیوەندییە سوزداری و کۆمەلایەتیەکانی خوێندکارانە لەتەمەنی زانکۆییاندا، هەربۆیە زۆربەی جار ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی دەبنەوە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی هەریەک لە)(موسی، ٢٠٠٢)، (Godwin,) ١٩٧٢)کە جیاوازی ئاماریی نییەلەنێوان خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا لە بواری نامۆیی دەروونی لای خویندکاران.

دەرئەنجامی توێژینەوە:

پاش شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و، بەراوردکردنیان بە تویژینەوەکانی پێشتر ، توێژەران گەشتوون بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

